# وەرچەرخاندنی
# پارادیپلۆماسی بۆ پرۆتۆدیپلۆماسی

# لەپێناو

# بیناکردنی  قەوارەیەکی سیاسی کوردستانیدا

Veguherînin proto diplomasî ji bo para dîplomasiyê berdewleta Kurdistanê ava bikin

کاوە نادر قادر

کوردستان _ هەولێر

٢٠٢٣

پێشکەشە بە گیانی:

باوکی شەهیدم (مام **نادر قادر حەسەن)** ودایکی جەرگ سوتاوم( **شیرین تەها حەمەد)**

هاوڕێ وسەرکردەی نەمر وبیرمەندی لێهاتووم

**(رەئوف کامیل ئاکرەیی)**

**بابەت: وەرچەخاندنی پارادیپلۆماسی بۆ پرۆتۆدیپلۆماسی لەپێناو بیناکردنی قەوارەیەکی سیاسی کوردستانیدا**

**ناوی نووسەر: کاوە نادر قادر**

**دیزاینی بەرگ: هیوا پشتیوان**

**نۆبەی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠٢٣**

**تیراژ: ......دانە**

**نرخ: .....هەزار دینار**

**چاپخانەی ........ / هەولێر**

**ژمارەی سپاردەی (......) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکانی هەرێمی کوردستانی پێدراوە.**

# ناوەڕۆک

بەشی یەکەم

_بنەچەی وشەی دیپلۆماسیەت.

_ پێناسەی دیپلۆماسیەت.

_مێژووی پەیدابوونی دیپلۆماسیەت.

_قۆناخەکانی گەشەکردنی دیپلۆماسیەت.

_ سەرچاوەکانی یاسایی دیپلۆماسیەت.

_ گرنگی دیپلۆماسیەت لە سیاسەتدا.

_کێشەکاری دیپلۆماسیەت.

بەشی دووەم

_دیپلۆماسی وسیستەمی نێودەوڵەتی لەسەردەمی جیهانگیری دا.

_ گۆڕانكارییەكان لەژینگەی نێودەوڵەتیدا.

_ دیپلۆماسیەت لە نێوان بەردەوامیبوون وگۆڕانكاریدا.

_دیپلۆماسییەتی تازە وفراوانكردنی ئاسۆكانی.

_ پوختەی باس.

بەشی سێیەم

_مێژووی دیپلۆماسیەت لە سەردەمی كۆندا.

_ سەرەتای مێژووی دیپلۆماسیەت لەكوردستاندا.

بەشی چوارەم

دیپلۆماسییەتی دوای هاتنی ئیسلام.

دیپلۆماسییەتی دەسەڵاتە كوردییەكانی دوای سەدەی دە تا هەژدەی زایینی.

**دیپلۆماسییەتی کوردستانی لەدوای ڕووخانی میرنشینەکانەوە / سەدەی نۆزدە تا سەدەی بیست.**

**بەشی پێنجەم**

**_دیپلۆماسییەتی کوردستانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.**

**_ هەبوونی جولانەوەی نیشتیمانی یانی هەوڵ بۆ بیناکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی.**

**_ دیپلۆماسییەتی سەردەمی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا.**

**_دیپلۆماسییەتی دەورانی دووەمین جەنگی گەورەی دونیا.**

**_ دیپلۆماسییەتی دەورانی دوای دووەمین جەنگی گەورەی دونیا لەتە ڕاوگەدا.**

**_دیپلۆماسییەت لە شۆڕشی ئەیلولدا.**

**_لەدوای هەرەسی شۆڕشدا:**

**-لە شۆڕشی نوێدا.**

**-لەدوای نەمانی شەڕی سارد وتاک جەمسەریدا.**

**-دیپلۆماسی دڕووستکردنی قەوارەیی یان دیپلۆماسی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە.**

**-دیپلۆماسی تازە پێگەیشتوو لە کەناری توندوتیژی شۆڕشگێڕانەدا.**

**بەشی شەشەم**

**پارادیپلۆماسی وپرۆتۆدیپلۆماسی لەهەرێمی کوردستان وخۆ سەری دیموکراسیدا.**

# پێشەکی

دیپلۆماسیەت یەکێکە لەدیاردە گرنگەکانی سەردەم بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان وئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە کە پەیوەندی سەرەکی نێوان دەوڵەت وجیهانی دەرەوە رێکدەخا. دیاردەی دیپلۆماسی دیاردەیەکی دێرینە ورەگ وریشەی قووڵی لەمێژوودا هەیە. لەرابردوودا بە فۆرمێکی سەرەتایی بەرێوە چوو. وەک هەر رێچکەیەکی مەعریفی دیکە دیپلۆماسیەت لەگەشەکردن وپێشکەوتنی بەردەوام دابووەو بە پێی ژینگەی نێودەوڵەتی میکانیزم وکەرەستەکان وجۆر وئامانج وماهیەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەگەڵ گەشەسەندنی جیهانی خێرا وتێکەڵبوونی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان وبێتوانایی وڵاتان بەدابڕان لەوڵاتانی دیکەی جیهان، لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانیان وگەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان، تا وڵاتان لەیەکتر نزیکتر بن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەک زیاتر تێکەڵ ببن، پێویستی بە هاوکاری بەپەلەی نێوانیان لەبواری ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسیدا زیاتر دەبێت. ڕوونە کە ئەو گۆڕانکارییە گشتییانەی کە کۆمەڵگە وەزیفەی دەوڵەت وپەیوەندی وجۆری زانیاری پێیدا تێپەڕیووە لەگەڵیدا پەرەسەندنێک لەچەمک وبەڕێوەبردنی دیپلۆماسی بەشێوەیەکی بەرفراوان وهەمە جۆرتر خۆی دەخەملێنێتەوە. لەبواری فەرمی وەزیفەیی دیپلۆماسیدا هەندێ لایەن ویەکەی نافەرمی بەشێوەی راستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بڕیاری سیاسی وڵاتان دڕووست کردووە. بەڵام لەکۆی قۆناخە دێرین وناوەڕاست وتازەکانیدا، مەبەست لەرێگەی ئاشتی وگفتووگۆ ولێکتر حاڵی بووندا بووە لەپێناو بەدەستهینان وپاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی وگشتیدا، دیپلۆماسی مۆدێرن لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ دەستپێکردنی پەرەسەندنی سیستەمی نێودەوڵەتی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستی بەسەرهەڵدان کرد. بەتایبەت لەدوای کۆنفرانسی ڤیەننا لەساڵی ١٨١٤-١٨١٥ چونکە پەیماننامەی ڤیەنا ڕوانگەیەکی ڕوون و بەرنامەیی بۆ دیپلۆماسی لەخۆگرتبوو، لەو کاتەوە پراکتیکی

دیپلۆماسی شایەتی پێشکەوتنێکی بەردەوامی نێوان وڵاتان بوو تا ئەو کاتەی بە هەوڵی یەکگرتوو فۆڕمی مۆدێرن و هاوچەرخی خۆی وەرگرت ئەو گەلانەی کە لەم بوارەدا وەریگرت، کە بووە هۆی راگەیاندنی "پەیماننامەی ڤیەننا بۆ دیپلۆماسی پەیوەندییەکان" لە نیسانی ١٩٦١ و دواتر لەبڕگەکانیدا: پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان وڵاتاندا دادەمەزرێت، نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەمیشەیی لەسەر بنەمای ئەو بڕگانە دامەزراوە. وە ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان واژۆ کرد ودامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە وپەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری وکەلتووری وزانستی نێوان دەوڵەتە باوەڕپێکراوەکان ودەوڵەتی باوەڕپێکراوی خۆی، لە رێگەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ویلایەتە باوەڕپێکراوەکەی. لەسەردەمی کلاسیکیدا زیاتر لەرێگەی دیپلۆماسیەتی وەزیفی ودەوڵەتداریدا بەڕێوە چووە. بەڵام لەدوای بڕانەوەی شەڕی دووەمی گەورەی دونیاو سەرهەڵدانی سەدان جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی لەسەرتانسەری دونیادا، ئەو جولانەوەش هاتنە نێو گۆڕەپانی دیپلۆماسیەت وهەوڵیان دا بەپێی یاسا نێو دەوڵەتییەکان ومافی چارەی خۆنووسین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ جودایی وبە فەرمی دانی پیا ناوە، رەوتی دیپلۆماسی کشتتر (بەهێزتر) کردوو بایەخی زیاتری پێ درا. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ تەنیا ئەو راو بۆچونانە وەربگرین کە دەڵێ دیپلۆماسیەت زانست وهونەرە، بەڵام رای زۆر هەیە تەنیا بە هونەری دەناسێنێ. دیپلۆماسیەت، وەک زۆر لەپیشە کۆنەکانی دیکە، بای خۆی لەقوڵایی مێژوو رەگی خۆی دەبینێتەوەو خۆی تیادا هەڵدەکشێنێ. مێژوو نووسی بەریتانی (دەیڤید رینۆڵدز) لانیکەم سەرەتای دەرکەوتنی بۆ چاخی برۆنزی دەگەڕێنێتەوە وبەڵگەنامەکانی مێژوویش ئاشکرای دەکەن کە لەمێزۆپۆتامیا لەلایەن گەلانی زاگرۆس وئەخناتۆنی میسر سەدەکانی پێش زایین، ئەو کارە ئەنجام دراوە، دوای چوار سەدە، دەربارەی جیهانێک لەنێردەی گەشتیاری کە بە پرسەکانی شەڕ و ئاشتی پەیوەستدار بوو، هەرچەندە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ، جیهانێکی سەرەتایی بوو، بەڵام تەنیا چەند یاساو رێسایەک هەبووە گوزارشتی لەو

دیپلۆماسیەتە سەرەتاییانە دەکرەوە، بەڵام جۆرێک لەفۆڕمی دیاری دیپلۆماسیەت بوو. ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتە پەرەی سەندووەو تا ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە، بۆ ئەوەی مانای جیاوازی هەبێت کە بەپێی جیاوازییەکە بەڕێوەبردنی مرۆڤ وسەردەم، لەپێناسە- دیپلۆماتیکی بەریتانی"هارۆڵد نیکۆڵسن"بریتیە لەپەیوەندی نێوان وڵاتانی سەربەخۆ بەڕێگەی دانوستانەوە"، بەڵام هەرچییەک بێت."وایین کاتلین دەڵێ دیپلۆماسیەت "هونەری هەڵبژاردنی قسەی شیرینە تا ئەو کاتەی بەردێک بۆهاوێشتنی دەدۆزیتەوە"، گومان لەوە ناکرێ کە ڕەوتی ڕووداوە گەورەکانی دونیا لەدیپلۆماسی نێودەوڵەتیدا مۆدێرێنتە و دەرئەنجامەکانی ئەو دونیایە گۆڕانکارییە کە ئێمەی تێیدا دەژین. دیپلۆماسیەتیش وەک هەموو بوارەکانی دیکەی مەعریفی بەچەندین قۆناخ وگۆڕاکاری گەورەدا تێپەڕیووە، تا گەیشۆتە ئەوڕۆ.

جولانەوەی نیشتیمانیش، لەوانە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانیش بە چەندین قۆناخ و وێستگەی جودادا رەت بووە کە تا گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی ئەوڕۆ، لەگۆڕانکاری گەشەکردن وپێشکەوتنی خودی جولانەوەی نیشتیمانی وگۆڕانکارییەکان لە سیستەمی نێو دەوڵەتی لە دەورانێکدا دیپلۆماسیەتی کوردستانی تەنیا ئامانجی سەرەکی لەخۆناساندن سوڕی خواردۆتەوە، لەهەندێ قۆناخدا، گەیشتۆتە ئەوەی بپرژێنە سەر ئەوەی کە داخوازییەکانی گەلی کوردستان ومەدای ئەو مافەیەی ئەو گەلە ونیشتیمانە دابەشکراوە هەیەتی لەسایەی یاسا نێودەوڵەتییەکان . هەر وەها دیپلۆماسیەتیش وەک کەناڵە مەعریفییەکانی دیکەدا گۆڕانکاری لەگەڵ مێژوودا بەسەردا هاتووە، ئەوەتا لە سەرەتای سەرهەڵدانی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانیدا، تەنیا دیپلۆماسیەتی کلاسیکی باو بووە لەنێوان دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان بەڕێوەچووە، ئەو کاتیش ئەو مافە بۆ ئەو جولانەوە بەرەوا نەبینراوە، ئەو زەرفە درێژەی کێشاوە تاوەکوو کۆتایهاتنی دووەم شەڕی گەورەی دونیا وزیاد بوونی ئەو گەلانەی ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی جیهانی وکاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی وپاشان جیهانگەرایی وشۆڕشی زانیاری

وتەكنۆلۆژیا، ئەو جولانەوە نیشتیمانییەو نیمچە دەوڵەتانەی هێنایە نێو کاری دیپلۆماسی و رێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی لەهەوڵی دڕووستکردنی قەوارەی سیاسی و ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بدەن لە رێگەی دیپلۆماسیەت (پڕۆتۆدیپلۆماسی) ، کە هەندێ وڵاتی گەیاندە ئامانجی خۆیان وەک ئەریتریا و خواروی سودان و کۆسۆڤۆ و ....... ، هەندێکی دیکە هەر لە هەوڵ دان بۆ ئەو ئامانجە . ئەو هەوڵە خاکە رایيەی ئێمەش بۆ خستنە رووی گرنگی ئەو شێوازە خەباتەیە کە چەندین گەل لەو رێگەیەوە سەربەخۆ بوون وچەندینی دیکەش قۆناخی باشیان بڕیووە بۆ ئەو مەبەستە، قوڵبوونەوەو لێکدانەوە بەو شێوازە خەباتە لەپێناو ئامانجی سەرجەم گەلی کوردستان، پێویستە لەو کاتانەدا کەشێوازی خەباتی دیپلۆماسیەتی، بۆتە شارێگەی خەبات وجێگەی هیوایە کە لەداهاتوودا دەرئەنجامی هەبێت. رۆژگار ئەوەی سەلماندوە، ئازادی هەر بەتەنیا لەلولەی تفەنگەوە نایەتەدی وسەربەخۆیی وراماڵینی داگیرکەر بەس لەرێگای هێزی چەک ئەنجام نادرێ، بەڵکوو هەموو شێوەکانی خەبات پێویستە بەڕێوەببرێ بۆ ئەو مەبەستە، لەخەباتی چەکداریی و سیاسی و جەماوەری و دیپلۆماسیدا ، سەرکردەی دانا دەزانێ کەی کامەیان زیاتر برەو پێ دەداو گرەوی لەسەر دەکا یاخۆد بڵانسی نێوان ئەو خەباتانە بەچ جۆرێک رادەگرێ، بەداخەوە وەک لە کێشەکاری (ئیشكالية) باسمان کرد نە زهنیەتی داگیر دەرفەت دەدا ونەزهنیەتی سیاسی فیودالیستی هومای بۆ دیپلۆماسیەتی سەربەخۆ دەچێ، بۆیە وروژاندنی ئەو جۆرە خەباتەیە (دیپلۆماسیەت) ئەگەر نەڵێن بەکۆلەواری و دواکەوتووی لەکوردستاندا بەڕێوە چووە، ئەوا هەر نەکراوەو بیریشی لێ ناکەنەوە، دیپلۆماسەتییەکی نیشتیمانی سەربەخۆ بەڕێوە ببەن لەپاڵ جۆرەکانی دیکەی خەبات. لەکاتێکدا ئەو جۆرە خەباتە لەسایەی رۆژگاری ئەوڕۆدا نەک هەرباوە بەڵکوو خەریکە دەستبستێنی لەهەموو شێوازەکانی دیکەی خەباتداو رزگاری نیشتیمانی لەرێگەی دانوستان ومێزی گفتوگۆو لێکتر حاڵیبوون و رێزگرتن لەویستی یەکتر ببێتە سیمای سەردەم و خەباتی چەکداری وتوندوتیژی و کوشتار

قێزەوەن ببێ دوای ئەوەی دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاوی تازەی هەڵهێناوەو جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی لەرووی چەندایەتی وچۆنایەتی لەسایەی گۆڕانکاریەکانی کەبەسەر دونیاو هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە، پێداویستی ئەوەی بۆ هاتۆتە پێش کە لە"دیپلۆماسیەتی تەریبی" (Paradiplomaciy) لەنێو چوارچێوەی سنووری سیاسی سەپێنراوەکان، هەوڵی خۆ راتەکاندنی بکەن بۆ بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەتی سەربەخۆخوازی ( protodiplomacy ). کەچی عەقڵی سیاسی باوی ناو ئەو جولانەوەیە بەهۆی دواکەوتنی لەڕووی بواری خوێندنەوەو لێکدانەوەی بۆ ئەو ئەجیندایانەی کە لە ناوچەکە دەگوزەرێن و رووداوەکانی کە لەکوردستان بەڕێوە دەچن، بەهۆی هەژموونگەرایی سیاسی باوەڕبوونی بە هزری فیودالیستی وسیستەمی حزبایەتی تەسک وەک فێرژنێکی بەرهەمهێنراوی خێڵەکی موتربەکراو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەندێ لەوڵاتانی دەستڕۆیشتووی دونیا، لەو بارە هەستیارە وپێویستەی رۆژگار، ئەو جولانەوەیە رزگاریخوازییە دواکەوتووە، ئەوەندەی دیپلۆماسیەتیش بەڕێوە دەبا، بە کۆلەواری ونەزانی ئەنجامی داوە، لەئاست وبارستایی پێویست خۆی نییە، کە زۆر جار نەک خراپ بەسەر خۆدی حزبایەتی ،بەڵکوو بەسەر تەواوی دۆزەکە شکاوەتەوەو نەیارانی سەربەخۆخوازی کوردستانی ئەو مومارەساتە دواکەوتووە نەگونجاوە لەگەڵ جولانەوەی مێژووکردی بابەتیانەی کە بە جۆری خۆی هێشتێتەوە ، قۆستۆتەوەو بۆتە بارگرانی بەسەر دۆزەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخە نێودەوڵەتییەکەو ئامادەیی دیپلۆماسیەتی Substate نیمچە دەوڵەتییەکانی دیکەی دونیا( Micro_Rgionalism )، گرنگیدان بەو دۆزانەی کە رەهەندی ناوخۆیی هەیە لە دونیادا( Intermestic Issues )و زیادبوونی ئاڕاستەی لامەرکەزیەت(Decentralization)بە هەستی نەتەوەیی لەنێو جولانەوەی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی کە بارستایی و ئەکتیڤی خۆی هەیە لەدونیادا، دەرگای بە سەر پشت واڵا کردوە بۆ ئەوانەی

دەخوازن دیپلۆماسیەتی سەربەخۆخوازی کوردستانی بەڕێوەبەرن (Proto diplomacy)بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کەدەرفەتیان پێ دەدەن ئەنجامی بدەن. هێندەی پرۆسەی دیپلۆماسیەتی کوردستانی بەڕێوەچووە لەچوارچێوەی دیپلۆماسیەتی تەریبی Para diplomacy نێو ئەو قەوارە سیاسیانەی کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ئەنجامدراوە، وەک کەمە نەتەوەییەکی نێو ئەو چوارچێوە سیاسیانەدا بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی تەسک وماڵباتیدا بەکار دەهێنرێن، بێ ئەوەی درک بە پێداویستی بەڕێوەبردنی بکەن. لەهەمان کاتدا بۆ دیپلۆماسیەتی نیشتیمانی کوردستانی، بۆ ناساندنی دۆزەکە وەک نیشتیمانێکی داگیرودابەشکراوی خاوەن پرۆژەیەکی رزگاریخوازی نیشتیمانی ودیموکراسی وئاشتیخوازیدا. مەبەست وئامانجی سەرەکی لەو لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە ئەو جۆرە خەباتە نەک لەنێو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی فەرامۆش بکرێ، بەڵکوو پێگەی شیاوی خۆی لەنێو گۆڕەپانی رزگاریدا بگرێ وکاتێ دەبێتە بەشێک لەخەباتی سەرەکی، پێویستە بە شێوازی ئاکادیمی وزانستی بەپێی واقیع ئەو خەباتە بەڕێوە بچێ کە بۆ ئەو رۆژگارە یەکجار گرنگە. گۆڕان لەخەباتی دیپلۆماسی لە پێناو خۆناساندنی بە نیشتیمانی کوردستان لەرێگەی دامودەزگاکانی نیمچە دەوڵەت، (Sub_state Entities) ، (حکومەتی هەرێمی کوردستان وئیدارەی زاتی رۆژئاوای کوردستان) بۆ داننان بەنیشتیمانی رەسەنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یاخۆد "مومارەسەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو قەوارە سیاسییە لەسیاسەتی دەرەوەی نیودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندی نیشتیمانی رەسەنیدا بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ناوەندی، کەهەماهەنگە یاخۆد تەواوکەرە."{د،ایمن دسوقي(٢٠٢١)/ الدیپلوماسیة التأسیسیة لأقالیم الساعیة لانفصال ......./ السیاسة الدولیة العدد ٢٢٣-ینایر ٢٠٢١ _ المجلد ٥٦/ ص٣٨}، بۆ دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی سەربەخۆ (Independent state) کە "پەیامی سەربەخۆی هەرێمە Sub state دەدەنە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی کە

سەربەخۆی خۆیان دەخوازن"{ د.ايمن الدسوقي٢٠٢١)/هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ص٣٩}. یانی هەوڵی دیپلۆماسیەتی حکومەتە نامەرکەزییەکانە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی تەواو، ئەم جۆرە دیپلۆماسیەتە (Sovereign par diplomatic)، کە دەخوازێ کارلێکتر (تفاعل) بکا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ودونیا، نابینرێ. بەڵکوو ئەوەی هەستی پێ دەکرێ رازیکردنە (Appeasement) نەک پەیامی رێزگرتن لەئیرادەی سەربەخۆی خود Independent) (will، هەڵسان بەو جۆرە گۆڕانکارییە پێداویستییەکی گرنگەو ئامانجی ئێستای گەلی کوردستانە. دۆزی کوردستان تەمەنی خۆی لەقەرەی سەد ساڵ دەدا وداگیرکەرانی کوردستان بەهۆی ئیستبدایەتی و شۆڤێنیەت دەرفەتی بۆ هیچ جۆرە خەباتێکی دیکە نەهێشتەوە بۆ ئازادی ورزگاری کوردستان تەنیا خەباتی چەکداری بووەو تا پەیرەو بکرێ، ئەو خەباتەش بۆ کورد دەسکەوتی گەورەو ئامانجە سەرەکییەکانی بەدەست نەهێناوە لەپرۆژە نیشتیمانیەکەیدا، نەداگیرکەرانی کوردستانیش توانیویانە دۆزی کوردستان دیزە بەدەرخۆنە کەن، بۆیە بۆ هەردوولا ململانێکە لایەنی عەقلانی و بابەتیانە بگرنە بەر بۆ چارەسەری برینەوەی ئەو کوشتاریە و بەشداریکردن لە ئاشتەوایی جیهانی و هەرێمیدا. هەر بۆیە ئەو مژارە پێویستییەکی هەنوکەییە کە پێداچوونەوەیەک بە رابردوودا بکەن، ئەوەی بەلای ئێمەدا گرنگە داهاتووی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان وعەقلانیەت بەکار هێنان بۆ درێژەدان بەخەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەشداریکردنی خەباتی سیاسی وجەماوەری و گرنگیدان بە دیپلۆماسیەتی سەربەخۆیی بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار ویستەو ناکرێ لەمەزیاتر لێی پاش کەوێ وبەڕێوە نەچێ بەتایبەت لەبۆ ئەو گۆڕانکاری وبەشدارییانەی کە دونیای کردۆتە گوندێکی بچووک وئاشتەوایی بۆ هەموو لایەک پێداویستەو خەمی هەموو لایەکە، پرسیارەکە لەوەدایە کە چۆن کوردستانیان بتوانن خۆیان لەگەڵ شێوازی عەقلانیەتی ململانێکە جێبەجێ بکرێ و بابەتیانە لەگەڵی هەڵسوڕین و لە جەوهەری دۆزەکەش دوورنەکەوێتەوە .ئەو گۆڕانکارییە وبەرجەستەکردنی دیپلۆماسیەتی

سەربەخۆیی کوردستانی زەمینەسازی زۆری هەیەو ئەوەی لێی دوورە خودی جولانەوەیەکە و تا ئێستا بە کلاسیکی ئەو خەباتەی بەڕێوە دەبەن کە بە"دیپلۆماسیەتی پەنا" ناوزەد دەکرێ. لە کاتێکدا کۆسۆفی وئیرلەندی وکیوبیکی وتەیمووریەکان .... وەک پێویست بەڕێوەی دەبەن وبەبەراورد لەگەڵ کوردستانیان قوربانیان نەداوە بۆ بە ئامانج گەیشتن یاخۆد بەهەنگاوی کراوە بۆ پێش دەڕۆن.

## بەشی یەکەم

_ بنەچەی وشەی دیپلۆماسیەت.

_ پێناسەی دیپلۆماسیەت.

-دیپلۆماسیەت لە نێوان زانست وهونەردا.

_کێشەکارییەکانی دیپلۆماسیەت.

_ مێژووی پەیدابوونی دیپلۆماسیەت.

_گرنگییەکانی دیپلۆماسیەت.

_قۆناخەکانی گەشەکردنی دیپلۆماسیەت

_سەرچاوەکانی یاسایی دیپلۆماسیەت

# بنەچەی وشەی دیپلۆماسیەت

وشەیەکە بۆ دەورانی گریکییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە،"کە لەوشەی دیپلۆما یان دوبلۆنی گریکی وەرگیراوە، بە واتای پلێت، تاو، یان تاوی لولدراو، بەکارهاتووە بۆ مۆرکردنی هەموو پاسپۆرت ومۆڵەتی هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکانی ئیمپراتۆریەتی رۆم"{صباح طلعت قُدرت(٢٠١٣) /الوجيز في الدبلوماسية والبروتوكولات، ص١١} لەلاتینی دیپلۆما، بە واتای بەڵگەنامەی فەرمی، کە لەبەرامبەردا لەوشەی یۆنانی δίπλωμα وەرگیراوە، بە واتای کاغەزی لولدراو /بەڵگەنامەی سیستەم و ئامرازەکانی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتییە، هەروەها لەلاتینی کۆندا بە واتای ، ئەو بڕوانامە یان بەڵگەنامەی فەرمی دێت کە پێگەی نێردراو و ئەو ئەرکەی کە پێیان ڕاسپێردراوە لەخۆدەگرێت و ئەو ڕاسپاردانەی کە لەم بارەیەوە لەلایەن فەرمانڕەوا دەرچووە بە مەبەستی پێشکەشکردنی ئەو وپێشوازییە باشەکەی یان ئاسانکاری بۆ جوولەی لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا بووە هاتووە. ئەم بڕوانامە یان بەڵگەنامانە کاغەز بوون کە بە پارچە ئاسن (پێیان دەوترێت دیپلۆما). سەبارەت بە مانای دووەم: کە ڕۆمەکان بۆ وشەی دیپلۆماسی بەکاریان دەهێنا، کە " ئاماژەیە بۆ سروشتی نێردراو یان باڵیۆز، هاتووە". هەروەها لیستی گەشتیاران وکەلوپەلەکان لەسەر

پەڕەی کانزا بە دوو لاوە ئەم بلیتانەی هاتوچۆ بە شێوەیەکی تایبەت پێیان دەگوترا (دیپلۆم) وفراوانتر کراو وشەی بڕوانامە تەنانەت بەڵگەنامە فەرمییە ناکانزایەکانیشی لەخۆگرتبوو کە سوود دەبەخشن یان ڕێککەوتنیان لەگەڵ گروپ یان هۆزە بیانییەکاندا هەیە. سیسێرۆ سەبارەت بە دیپلۆماسی لە ساڵی (١٠٦-٤٣ پێش زایین) "{ **د. حنان ا خميس/تاريخ الديبلوماسية _ دراسات /** http://www.asharqalarabi.org.uk}، وشەی دیپلۆمای بەکارهێناوە بەو مانایەی ئەو راسپاردە فەرمیەی کە دەدرێت بەو تاکانەی دێنە ولاتانی رۆم و لەگەڵ خۆیان هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدەن تێپەڕن و بۆیان بابەتی چاودێری تایبەت بێت،{ **د. حنان ا خميس/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە}**، "یەکەم شوێنەواری چالاکییە دیپلۆماسییەکان کە لەژیاندا ماوە، نامەیەک کە لەسەر تابلۆیەکی بەرد نووسراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین، لەناوچەکانی ئێستای باکووری ئێران دۆزرایەوە"{ جوزيف إم سيراكوسا(٢٠١٤) الدبلوماسية ، ص١٤}، پێدەچێت لەلایەن نێردراوێکەوە هەڵگیراوە کە ١٢٠٠ میل لەنێوان دوو شانشینی جیاوازدا مۆڵەتی ڕۆیشتن وگەڕانەوەی پێدراوە، "نەریت بوو فەرمانڕەواکان بە چەند هۆکارێک نێردراو بۆ لای یەکتر بنێرن. وەک

ڕێگریکردن لەشەڕ، ڕاگرتنی دوژمنایەتی وبەستنی پەیماننامە، یان تەنیا دەستپێکردنەوەی پەیوەندیی ئاشتیانە وبەرەوپێشبردنی بازرگانی نێوانیان"{جوزيف إم سيراكوسا (٢٠١٤) /هەمان سەرچاوەی سەرەوە.......ص١٤}. زاراوەی دیپلۆماسی لەسەدەی ١٨دا لەدیپلۆماتکاری فەڕەنسی (دیپلۆمات) وەرگیراوە، کە لەسەر بنەمای وشەی یۆنانی کۆن دیپلۆمایە، کە بە نزیکەیی بە واتای "شتێک کە لە دوولادا چەمابێتەوە". ئەمەش ڕەنگدانەوەی پراکتیکی فەرمانڕەواکانە کە بەڵگەنامەیەکی تاودراو پێشکەش دەکەن بۆ پێدانی جۆرێک لە ئیمتیازاتی فەرمی؛ پێش داهێنانی زەرف، تاودانی بەڵگەنامەیەک خزمەت بە پاراستنی نهێنی ناوەڕۆکەکەی دەکرد. دواتر ئەم زاراوەیە بۆ هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکارهێنرا، وەک ئەوانەی کە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتەکانیان تێدایە وبەم شێوەیە پەیوەندی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەبوو.

# پێناسەکردنی چەمکی دیپلۆماسیەت

پێناسەکردنی دیپلۆماسیەت وەک چەمک، دەتوانرێ لەرێگەی ئەو رۆڵ وئەرک وئەداو وەزیفەی کە لە درێژەی گەشەکردنیدا بە درێژایی مێژوو ئەنجامی داوە وئەو پێناسە وناساندنانەی کە لە لایەن زاناو کەسانی شارەزای دیپلۆماتکار وفەرهەنگی جودا، بۆی کراوە، لەپێناسەکەی نزیک بینەوە. ڕۆڵ دیتنی بە درێژاییی مێژوو، شاهیدی ئەوەیە کە دیپلۆماسیەت وەک زانای بەریتانی (سیر هارولْد نیکلسون) گۆتەنی ‘‘داهێنان وکۆمیدکاری سیستەمێکی سیاسی دیاریکراو نییە"{الدکتور علی حسين الشامي (٢٠٠٧) / الدبلوماسية – نشأتها وتطورها وقواعدها ..... / ص٢٠}، بەڵکوو توخمێک وپرۆسەیەکی پێویستە لە پەیوەندییە لۆژیکەکانی نێوان تاک وتاک ونەتەوەو نەتەوە، هەر پەیوەندییە سیاسییەکان خۆش ناکا بەڵکوو مەترسی شەڕ وتوندوتیژیش دوور دەخاتەوە. ئەرنست ساتو"دیپلۆماسیەت یانی زیرەکی وشیاویی لەئیدارەکردنی پەیوەندییە فەرمییەکانی لەنێوان حکومەت ودەوڵەتە سەربەخۆکانە" وشارڵ دی مارتینیس" ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوە وزانست وهونەرە لەدانوستان ولەلای ئەما فودیریە"هونەری نوێنەرایەتی بەژەوەندییەکانی وڵاتە لەلای دەوڵەتێکی دیکەدا"ولای ریفییەی دیپلۆماسیەتی فەرەنسی" زانست وهونەرە بۆ دانوستاندندا"{محمد عبد علي/ (٢٠١١) / دور الدبلوماسية الفلسطينية في بناء الكيان السياسي، ص٧}. ئەو پیاسانەی کە نوسەرو فوقەهایەکان باسیان لێوە کردوە ئەگەر چی لە ناوەڕۆکیشدا ڕەنگە دوبارەیی تێدا بێ، بەڵام بە جۆرێک لەجۆرەکان، جودایی تیادا هەیە، لەوانە، پێناسەی موێکی معاویە و ئەرنستو ساتۆ لە بەکارهێنانی زیرەکی لەپەیوەندی نێوان وڵاتان بە فەرمی وشارل کالفۆ بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان وڵاتان بەپێی بیروباوەڕە نێودەوڵەتییەکان، داوە ، ریڤیە ١٨٦٦ ، زانست و هونەرە لە کاتی دانوستان وفۆدریە ١٩٠٠ هونەری بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتێکە لەلای وڵاتانی دیکە ، هارولد نیکلسون١٩٤٩

، ئەو کارەیە کە لەدانوستان بەڕێوە دەچێ ،ئەو کارەیە کە کەسێکی دیپلۆماسکار بە ئاشتیانە کاروباری دەرەوە بەڕێوەدەبا، {محمود خلف (٢٠١٣) النظرية والممارس.، ص٤٨ }، لەلای شارل دو مارتنز "زانستی پەیوەندی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێو وڵاتانەو هونەری بەیەک گەیاندن ڕێککەوتنی بەرژەوەندییەکانی گەلانە لەدانوستان وگفتوگۆکان.{تعريف/ويكبيديا}، هنری کیسنجر "رایکردنی جودایەکانە لە دانوستانەکاندا" { محمود خلف (٢٠١٣)/ النظرية والممارسة ، ص ٤٩}. هەر بۆیە دەگوترێ توخمەکانی دیپلۆماسیەت لە زانست وهونەرو ئیدارەو سیاسەت و.... پێک هاتووە. سەرهەڵدانی دیپلۆماسیەت، هەر پەیوەست بە ئۆرپاوە نییە وهەر لەسەر ئەوانیش نەوەستاوە، ئەو کاتانەش سەریهەڵداو خۆی پێشخست، کاتێ یەکەم تێکەڵبوون وپەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بوو. لەناوچەی زاگرۆس و کۆمەڵگەکانی ئاسیا ودەریای سپیدا، دیپلۆماسیەت بەدرێژای بەڕێوەبردنی لەپەرەسەندن وگەشکردندایە،کاریگەری لەسەر پەیوەندی وڵاتان دایەو کاریگەریان لەسەری هەیە ، لە دیپلۆماسیەتی بەرایی بە دیپلۆماسیەتی کاتی و نابەردەوام و گەڕۆک و بۆ دیپلۆماسیەتی بەردەوام لە پاشایەتی رەهاو و پاشایەتی دەستووری و دیپلۆماسیەتی دەستووری و پەرلەمانی  دیموکراتی ، بە نهێنی و ئاشکراو  دوو لایەنی و چەند لایەنی ، کە لەلایەن کەسایەتی یاسایی دەسوڕێ یاخۆد ڕێکخراو وبزووتنەوەی نیشتیمانی ئازادیخواز و  کەسانی دیار بە جۆری ڕێکخراو و ناڕێکخراو و بە پێی یاساو رێسا ونەریت، بەشدار دەبن. بە ڕێگەی دانوستان ولێکتر حاڵیبوون. هەر بۆیە چەند مانایەک دەبەخشێ، دەکرێ هاوواتای دانوستان لەڕێوڕەسم وخۆشدوان وشێوازەکانی ئەدەب پەروەری. هەروەها دەکرێ وەک سیاسەتی دەرەوەش سەیر بکرێ لەبەجێگەیاندن و ئامادەکردندا کە هاواتای ئەو جیهازەی بەڕێوەبردن وهەڵسوڕاندنی  سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان  سەیر دەکرێ، هەروەها وەک زیرەکی بەتوانایی وشارەزایی لەبەڕێوەبردنی کۆبونەوەو دیالۆگ ودانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا، کە هەندێک جار بەلایەنە

پرشنگدارییەکەی سەیر دەکرێ کەزیرەکی و بە توانایی و باش تێگەیشتن لەدونیاو هەندێ جاریش بەلایەنە نەرێنیەکانی لە فرتوفێڵبازی و یاریی وگەمەکردن بە میللەتان و دووڕویی و بە شراوەیی و نهێنی ئیشکردن دەناسرێ، بۆ گەیشتن بە ئامانج وخواستەکان. بەلام ئەوانەی باسمانکرد هەمووی وەک "وەسفکردنی دیپلۆماسیەت دێت نەک مانا وپێناسەکردنی زانستیانەی راستودرووستی کە دەستنیشانی بنەما ویاساو شێوازەکانی لە رێکخستنی ئەو پرۆسەیە لە نێوان میللەتان وولاتانی دونیا نادات"{الدكتور علی حسين الشامي (٢٠٠٧) / الدبلوماسية – نشأتها وتطورها وقواعدها، ص٢٨}. لەراستیدا پێناسەکردنی دیپلۆماسیەت چەندین ماناو چەمکی لەخۆ دەگرێ وهەر لەیەک پێناسەو دەستەواژەو چوارچێوەی دیاریکراودا دەستنیشان ناکرێ. بەڵکوو "بەزانست وهونەر وزەوق دەناسرێ، کە پەیوەستە بەو رەفتارانەی مرۆڤ کە کارلێک(تفاعڵ) دەکا لەگەڵ بیروڕا سیاسییەکانیان"{صباح طلعت قدرت (٢٠١٣) / الوجيز في الدبلوماسية والبروتوكولات/الطبعة الثالثة- لبنان، ص١١}. هونەرە لەو شتانەدا شارەزایی و وردبینی وبیرکردنەوەی واقعیانە لەخۆ دەگرێ وزەوقیشە کە خۆشدوانی ونەرمونیانی ولێبوردەیی ولەسەرخۆیی ورەفتاری درووست وپاراستنی ئاداب ولەخواردن وجل لەبەرکردن ولە خۆ دەگرێ، لەرێگەی شێوازی ئاشتیانەو دیالۆگ ودانوستان بۆ ڕێگریکردن لەتوندوتیژی وشەڕدا. تەنانەت دەکرێ بڵێین هەموو پێناسەکان کە بە شێوازی جوداو لەلایەن خەڵکی فکر جودا پێناسەکراوە، ناوەڕۆکەکەی هەر یەکەو گوزارشتە لەماهیەتی دیپلۆماسی لەئامانجە بەرزەکانیدا. لەلای دیکە هەر جۆرە پێناسەیەکی بۆ بکرێ هەر لە چغزی زانست هونەرو زەوق ویاسادا سوڕدەخواتەوە. لەوەندەی زانستە بینای لەسەر مەعریفەی یاسایی وسیاسەتی ولاتانی جودا بۆ بەرژەوەندییە هاوبەش وترادسیونە(نەریت)ە مێژوویيەکانیان ومەرجەکانی ناو هەرێنامەو پەیماننامەکاندایە. ئامانجی هونەرە کاتێ گرنگی بە ئیدارەکردنی کاروباری نێودەوڵەتی لە سەرکردایەتی درووست وپێداچوونەوەی هۆکارەکانی دانوستان وئەهلیەتی هاریکاری وهاوکاریکردندا نیشان دەدات.

# دیپلۆماسیەت لەنێوان زانست وهونەردا

بە پێی زۆربەی پێناسە کلاسیکییەکان کەدبلۆماتکارو شارەزایانی ئەو بوارانەو نوسەران بۆی چوون، "دیپلۆماسیەت پرۆسەیەکی سیاسییە، پەیوەستە بەشێوەی راستەوخۆ بەئیدارەدا وئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ومیللەتان کە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێ وبیناى لەسەر چەندین بنەماو ئەریتەکانی نێودەوڵەتی هەیە کە ئامانجی رێکخستنی پەیوەندییەکانە لەنێوان کەسایەتییە یاساییە نێودەوڵەتییەکان"{تعریف الدیبلوماسیة، ص٣٦}، بەو پێیەی بیناى لەسەر زانست دەکرێ وبنەچەو بنکەو تایبەتمەندێتی دیاریکراوی هەیە، هەتا وای لێ هاتووە بکرێ بگوترێ زانستێکە تایبەت بە خۆی یاخۆد زانستێکە پریەتی لەنهێنی وشراوەیی کە دەبێ بە وردی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئامانج وبنەماکانی. هەرچەندە زانایان، بە زانست وهونەری دادەنین لەپێناسەکردنی دیپلۆماسیدا ولێکتری جودا ناکەنەوەو بەبێ یەکتر گوزەر ناکەن ومانای زانستییەکەی نابەخشێ ئەگەر "دپلۆماتکار هونەرو بەهرەمەندی ولێهاتوویی خۆی تیادا بەکار نەهێنی"{تعریف الدبلوماسیة، ص ٣٨}. چەندەش پێناسەو سیفەت وتایبەتمەندیتی پێ بدرێ، لەگەڵ ئەوەش مەیدانێکی فراوانی هەیە لەمەعریفەت ومێژوویەکی پەرەسەندوی تایبەتی بەخۆیهەیە، زانستە کاتێ لەرێساکانی دەگەی بۆ بەرژەوەندی گشتی وهونەریشە کاتێ نهێنیەکان دەدۆزییەوەو پەیرەوی دەکەی"{تعریف الدبلوماسیة، ص٣٩}، هونەرێک کە فێری دەبێ لەمومارەسەکردندا وزانستێکە کە دەیخوێنێ ولێی دەکۆڵیەوەو پەیوەستبوونێکە بە یاسا وماف، لەو دوو بوارە ناکۆکی ودژایەتی لە نێوانیان نییە. لەگەڵ ئەوەش هەندێک لە پسپۆران بە تەنها بە هونەری دەزان، لەوانە (ئەلکسیندەر سولجنستین) ی ڕووسی لەرەخنەگرتنی لەسیاسەتەکانی کە (هینری کێسەنجەر) بەڕێوەی دەبرد لەویفاق وتەبایی لەگەڵ ڕووسیا، کاتی دەیگوت کە دیپلۆماسیەت ناکرێ لە بەینی ئاشتی وشەڕی ئەتۆمی ببینین بە تایبەتی

دیپلۆماسیەت لەنێوان دوو ئەگەر ناهێلدرێتەوە، بەڵکوو هونەرێکە لەنێوان هەزاران ئەگەر وبژاردە بەرجەستە دەکرێ ئەلکسیندەر دەیگۆت" خراوەتە خراپترین وێنە وبەرایترین شێوە" {د. محمود خلف/ النظرية والممارسة ..... ص٤٨}. بەتایبەتی هەندێک لە "دیپلۆماسکاری رۆژئاوایی هێزێکی ئەوتۆشیان لەبەر دەست نەبووە بەلام بە توانای فیکری ولێهاتوویی خۆیان توانیویانە بەرامبەرەکانیان ببەزێنن" {محمود خلف (٢٠١٣) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص٤٩}. لەراستیدا دەبێ دان بەو راستییەی کە ئێستا لەواقعی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگوزەرێ دانی پێدا بنێین وەک هەیە نەک هەبووەو یاخۆد دەمانەوێ،لە درێژەی پەرەگرتن وپەرەسەندنی ئەو شێوازە (دیپلۆماسیە)، لەمێژوویی سەرهەڵدانی و تێگەیشتن لەو رێبازەو جۆری یەکەی سیاسی لە شارەوە تاوەکوو ئەورۆ کە میکانیزمی دەوڵەتی نەتەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەجیهانگەراییدا کە زۆر پەیوەندییەکانی لەوەو پێشی گۆڕیوەو زۆری دیکەشی هێناوەتەوە پێش کە جاران لەبووندا هەر نەبووە(نێردراو لە رێگەی ئیمێل و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان)، کە خەریکە ببێتە کەناڵێکی ئەلتەرناتیڤی پەیوەندییە سیاسییەکان باڵیۆزخانەو قونسڵەکان ببەزەێنێ. هەر بۆیە دەبێ دان بەو راستییە بنێین لەسەر ڕوشنایی پێناسەکانیدا کە دیپلۆماسیەت "زانست وهونەری یەکە سیاسییەکانە "{د. محمود خلف/هەمان سەرچاوەی سەرەوە .... ص١٥١}، کە تەنیا دەوڵەت یەکەی یاسایی وسیاسی نییە کە بەو پرۆسەیە بەڕێوە ببا، بەڵکوو (دەوڵەت ونیمچە دەوڵەت وبزووتنەوە رزگاریخوازییەکان ورێکخراوە نێو دەوڵەتی وکەسانی شارەزاو لێهاتووی پسپۆری ئەو بوارە) بەو کارە هەڵدەستن.

# کێشەکارییەکانی دیپلۆماسیەت

لێکۆلینەوە لەدیپلۆماسیەت وەک هەر دیراسەتێکی دیکەی مەعریفی، مسۆگەر رووبەڕووی چەندین ئیشکالییەت دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێ لەبابەت ولق وبەشەکانی مەعریفی ئەو بوارە پەیوەستداری وتێکەڵاوی هەیە بە مەیدانەکانی دیکەی مەعریفەیی بەتایبەتی بواری یاسایی وسیاسیی، وەک پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ویاساکانی نێودەوڵەتی تایبەت وگشتی ویاساکانی دیپلۆماسی ومێژوودیپلۆماسی وزانستی سیاسی ومافەکان. بۆیە ئەو جۆرە ئیشکالیەتە دەردەکەوێت، لەکاتێکدا ئەو جۆرە ئیشکالیەتانە هەر میتۆدی نین بەڵکوو تیۆری ومێژوویی وپراکتیزەیین. زۆربەی ئەو دیراساتانەی کە خۆی لەقەرەی دیپلۆماسیەت داوە:

١_ دیراساتی دیپلۆماسی، بەشێکن نەک پوختی هەموو بوارەکە (نەکامیل ونە شامیلن)، لایەنی یاسایی بەسەر زاڵە لەوەی سیاسی وسسیۆلۆجی ومێژوویی وتیۆری بێ. بۆیە ئەو دیرساتانە پەیوەستداری پەیوەندیی ویاسا نێودەوڵەتییەکان بوون، یاخۆد لەجغزی سیاسیەتە دەرەکییەکانی سوڕیان خواردۆتەوە.

٢_ کێشەی پەیوەستداریەتی مێژوویی وهەنووکەی وداهاتووی ئەو بوارە، یاخۆد لە لێک بەستنەوەو پەیوەندی نێوان لایەنی تیۆری وپراکتیکیدا، لەڕووی یاسایی وسیاسی وکۆمەڵاتی ویاخۆد لایەنی فقهی وبە ئیجتهادکردن.

٣- ئەگەر چی مێژوو سەلماندویەتی کە ئەو بوارە تەنیا زادەی تایبەت بە ئەورپییەکان نەبووە وهەر لەسەردەمی پەرەسەندنی شارستانیەتی رۆژئاوا لەلای ئەوان سەریهەڵنەداوە، بەڵکوو لەقوڵایی مرۆڤایەتی ئەو بوارە ماکی وزادەی خۆی هەیە، کەچی زۆر لەئەورپییەکان ئەو لایەنە لەبەرچاو ناگرن وبەسەر هەندێ شارستانییەت باز دەدەن، یاخۆد خۆی

تیادا ماندوو ناکەن وەک شارستانیەتی زاگرۆسییەکان ووردەکاری تیادا ناکەن.

٤ _ جودایی تێڕوانیین لەوەی دیپلۆماسییەت زانستە یاخۆد هونەرە وەک لەسەرەوە باسمان کردوە، کە زۆربەیان بەیەکەوەی دەبەستنەوەو پێکڕا مانای ئەو بوارە دەگەیەنێ، بەڵام هەندێک بەیەک لایەنی تێیدا دەڕوانن هەر یەکە هەنجەتی خۆی لەدەستە. هەر بۆیە ئەو لێکۆڵێنەوانەو وایان لەو بوارە کردوە بە پاشکۆیەتی یاخۆد بە تێکەڵ وبەشێك لەو بوارانەدا بخوێندرێتەوە وسەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات، بەمەش مێژووی وگرنگی ورۆڵی بوارەکە دەشێوێندرێی.

## مێژووی پەیدابوونی دیپلۆماسیەت

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەکۆنەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان پراکتیزەی دیپلۆماسیەت کردوە، یانی لەکۆمەڵگەی بەراییەکاندا ئەو دیپلۆماسییەتە ئەگەر بەجۆرێکی سەرەتایش بێ، ئەوا مومارەسە کراو، دیپلۆماسی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا سەریهەڵداوە ، "نیومان" دەڵی" مێژوو باس لەوە دەکات کە هۆزە سەرەتاییەکان و یەکەمین گروپە مرۆییەکان شەڕ و ئاشتی و ئاشتەوایی وڕێوڕەسمی ئایینی و سیاسی و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان ئەنجام داوە وئەم گروپانەش لەکاتی کۆچی دوایی سەرۆکەکانیان ویاخۆد کاتێک سەرۆکێکی نوێ دەسەڵاتی گرتە دەست مەراسیمی تایبەتیان بۆ کردوە" {د.سعید محمد أبو عباه (٢٠٠٩)/ الدبلوماسية تاريخا مؤسساتها أنواعها قوانينها ،ص ١٨}، ڕۆڵی جیاوازی لەڕووی شێواز وسروشت وشێوازی جێبەجێکردنیانەوە بینیەوە، و بە تێپەڕبوونی کات پەرەیان سەندووە. لەلایەن خێڵ وگەلانی سەرەتایی وکۆن بۆ پەیوەندی پراکتیزە دەکرا بە تایبەتی لەئەنجامدانی دانوستان لەنێوان تیمە جیاوازە ناکۆکەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن وچارەسەر. هارۆلد نیکۆلسن پێی وایە، "دەبێت ساتێک هەبووبێت کە گروپێکی بەربەری ویستویانە دانوستان لەگەڵ گروپێکی

تری بەربەریدا بکەن، تەنانەت ئەگەر تەنیا بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی خۆیان بەو شتانەی کە لە شەڕەکاندا ڕوودەدەن وچاوەڕێی ئاگربەستێک دەکەن کە تێیدا بریندارەکان کۆبکەنەوە ومردووەکان بنێژن" {د سعید محمد أبو عباه / هەمان سەرچاوەی سەرەوە...... ص١٨}. دیپلۆماسی وەک بیرۆکەیەک لەجیهانی کۆن ولەنێو گەلانی سەرەتاییدا بە ناردنی نێردراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وخۆلادان لەمەترسییەکان وپاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو هۆز وگەلانەی جیاوازدا. باشترین مامەڵە وپێشوازیان لێدەکرا، وەک داب ونەریتێک، ڕێگەیان پێدەدا لەگەڵ هەندێک ڕواڵەتی ئاهەنگ گێڕان بە هاتنی ئەوان، پارێزراو بوون بۆ هەموو ئەو شتانەی کە هەڵیانگرتبوو لەدیاری ونامەی سەرۆکەکانیان. نێردەی دیپلۆماسی کۆن لە دەستبژێرو توخمەکانی زیرەک وبەتوانای ناوازەکان وبە لیاقەت وروواڵەتی باش، هەڵدەبژێردران. دیپلۆماسی بەمانایە گشتییەکەی، ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دوو کۆمەڵە مرۆڤی لێکتر دوور. لەسەردەمی پێش مێژوودا، ئەو گروپانەی کە لەبەربەریزمدا نوقم ببوون، لەگەڵ ئەوەش بەمەبەستی دەستەبەرکردنی سەلامەتی وبەرژەوەندییەکانیان، وەستاندنی شەڕەکان، ئاڵوگۆڕی دیلەکان وگەیشتن بە ڕێککەوتن، بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکان، گفتوگۆی ئاشتیانەیان ئەنجام دەدا لەگەڵ گروپ وگەلانی دراوسێی پێک ناکۆکدا. بەڵام زۆر جار بە پێچەوانەوە مامەڵە لەگەڵ نوینەرەکاندا دەکرا، بۆیە بڕیاردرا بارمەتەیی بەرامبەری بۆ دابنرایێت. ئاڵوگۆڕی نامە ونێردراو لە نێوان پاشاکانی ئیلام وبابل وئاشووری ڕوویداوە. سەبارەت بە چینی کۆن، تاڕادەیەک گۆشەگیر بوون وپەیوەندییەکانیان تایبەت بوو، ڕەنگە ئەوەش بۆ دووری خۆیان لەو گەلانە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە باشترین داب ونەریت و شێواز و ڕێساکان ئەو ڕێوڕەسمەیان دەپاراست، بە پێویستیان دەزانی پەیڕەوی لێبکرێت لەکاتی پێویستدا، لەکاتی هاتنی نێردەی گەلانی دیکە بۆ لایان دوای گەشتێکی دوور ودرێژ وماندووبوونێکی سەخت. پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەنێوان گەلانی کۆندا تا دەهات پەرەی دەسەندو گەشەی لەنێوانیان دەکرد، نامەی

پاشاکانی نێوان زاگرۆسەکان ومیسرییەکان ونۆبییەکان وفینیقییەکان وهیندۆسەکان، کە درکیان بە گرنگی دیپلۆماسی کردبوو لەدرووستکردنی ئاشتی وشەڕدا، چەندین دەقگەلێک دۆزراتەوە کە گرنگی دیپلۆماسی لەژیانی گشتی وئاڵوگۆڕی پەیام وبۆچوون ودیالۆگ وپەیوەندی نێوان ئەوان وگەلانی دیکەدا ڕوون دەکەنەوە. کاتێک ئەمین هوتەب سێیەم (ئەمێنۆفیس) فرعونێکی میسری بوو لەنێوان (١٣٥١_ ١٣٨٨ پ ز) نەخۆش کەوت، پاشای میتانی _ هورییە کوردەکان/ (تچێرات) لە نەینەوا پەیکەری خوداوەندی ئاشووری (عەشتار)ی بۆ نارد لەگەڵ ژمارەیەک پزیشک وفەلەکناسی خۆی بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی بۆچارەسەر بکەن، وەفدەکە نامەی تایبەتمەندیان هەڵگرتبوو کە پەیوەندییەکانی نێوانیان پشتڕاست دەکاتەوە بە هیوای باشی بۆ پاشای خواستبوو. پەیوەندییە سیاسی وسەربازییەکان پەیوەستدار بووە بە هاوسەنگیی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان ئەوکات هورییەکان ومیسر ئاشورییەکانەوە هەبوو، چەندین بەڵێننامەو رێککەوتنیان مۆر کرد کە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی کۆنی ئەوسای بەیەکەوە بەستەوەو ئاشنایی لەنێوانیان درووستکردن کە کاریگەری لە بواری هونەرو داب ونەریت و بۆنە بیروباوەڕ و جلوبەرگی هاوبەشی لەنێوانیان رێکخستووە. دیپلۆماسی لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکاندا گەشە و پەرەی سەند و چەندین کەسایەتی و هێمای دیپلۆماسی تێیدا دەرکەوتن، وەک"هورمز"کە بەلێهاتوویی وتوانای دیپلۆماسی ناسراو بوو، هەروەها ئەرکی دیپلۆماسی مەترسیدار وگرنگ وهەستیاری پێسپێردرا، بەو پێیەی سەرکەوتوو بوو لەناوبژیوان کردنێکی دیپلۆماسی سەرکەوتوو لەنێوان جۆرەها تیمەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان،هەروەها"دیمۆس تێیس"کە هەروەها هێمایەک بوو بۆ پەیرەوکردنی دیپلۆماسیەتی یۆنانی کۆن، وەک چۆن یۆنانیەکان باڵیۆز ودیپلۆماتی بەتوانا و لێهاتوویی بەرز و وتاردەرانی لێهاتوویان هەڵدەبژارد ،کە دەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر خەڵک وئەو بازنانە هەبێت کە بۆیان دەنێردران بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکان. کە خراپ بوون

وئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان شار-دەوڵەتەکان، روویدەدا. یونانییە کۆنەکان کۆنگرەیەکیان بەڕێوەبرد کە زۆربەی حکومەتە شارییەکان تیادا بەشدار بوون ولەوێدا چەندین وتاریان تیادا خوێندۆتەوە وچەندین رێ وشوێنیان گرتە دەست کە ئەو پەیوەندیانەیان بەهێز دەکردو هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەو ململانێیەیان دا کە کەوتبووە نێوانیان بەرێگەی گفتوگۆو ئاشتیانە. وەک ئەورۆ کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی هەڵدەستن. رۆمانییەکان کەمتر گرنگیان داوە بە دیپلۆماسیەت وزیاتر خۆیان بە لایەنی سەربازی مەژغوڵکردوەو یاساشیان لەسەر هەموو هاوڵاتییەک جێبەجێکراوە بە بێ جودایی. لەگەڵ ئەوەش کاری دیپلۆماسییەتیان کردوە بەڵام گرنگیان بە لایەنی ئەرشیفکردن وئیدارەدا، نەداوە.

## گرنگییەکانی دیپلۆماسیەت

دیپلۆماسیەت وەک شێوازو وەک دیاردە، گرنگییەکی بەرچاوی لەژیانی مرۆڤایەتی وشارستانییەتی ئێستا دیوە وتا ئیستاش هەیە، پێگەیەکی هەرە سەرەکی هەیە لەخورتکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ونێوان گەلانی دونیا لەزیادکردنی باوەڕی لە نێوان وڵاتان ومیللەتان کە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی دونیا بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەزیاد بووندایە وپانتایی زیاد دەبێ، کە دەبێتە هۆکاری تەکامولکردن وراونانی ئەو دەوڵەت ولایەنانەی کە خۆ بەگەورەو باشتر زان دەزانن. هەر بۆیە دیاردەی دیپلۆماسیەت بۆتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بەجێگەیاندن وئامادەکاری بۆ سیاسەتی دەرەوە، دەروازیەکە بۆ خۆ لادان لەتوندو تیژی وسەقامگیری دۆستایەتی وئاشتەوایی لەنێوان وڵاتانی دونیا، کەئامانج ومەبەستی یاسایە بۆ دادگەری وسەقامگیری دونیا. لەرێگەی دیالۆگ ودانوستان ولێکترحاڵیبوون بۆ رێککەوتن ومۆرکردنی هەرێنامە بۆ بڕدانی ئاشتی وسەقامگیری، بە تایبەتی لەوکاتەنەدا کە ئەو کێشەی هێز زۆر گۆڕاوەو سەرمایەداری سەربازی ددانەکانی خۆی تیژکردۆتەوە

بۆ ئەوەی کاری هوڤیانەی زیاتر بکات، هەر بۆیە دیپلۆماسیەت بۆتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ بەرزەفتکردنی رەفتارەکانی ئەو هێزانەی کە دەخوازن رەفتاری شەڕانگێزی وتوندوتیژی برەو پێ بدەن وپەیوەندییە گشتییەکان وبەرژەوەندییە هاوبەشەکان زیاتر تفاعل لەگەڵ یەکدا بکا. دیپلۆماسی لە سەردەمی ئێمەدا ڕۆڵێکی جیاواز وگرنگ دەگێڕێت لەپانتایی وپتەوکردنی پەیوەندییەکان، هەروەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی کە جێگەی نیگەرانی وڵاتانی جۆراوجۆرن. لەڕێگەیەوە دەتوانرێت بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان وڕوانگە جیاوازەکان ئاشت بکرێنەوە، کێشەکان چارەسەر بکرێن، ناکۆکییەکان یەکلایی بکرێنەوە ودۆستایەتی ولێک تێگەیشتن لەنێوان دەوڵەتەکاندا بڵاوببێتەوە، هەر لەو ڕێگەیەوە هەر دەوڵەتێک دەتوانێت پێگەی خۆی بچەسپێنێت وکاریگەریی خۆی لەبەرامبەر دەوڵەتانی دیکەدا بەرز بکاتەوە. لەکۆتاییدا دەتوانێت ئاشتی بچەسپێنیت ولە شەڕ دوور بکەویتەوە. جگە لەوەش، کاری دیپلۆماسی نوێنەرایەتی دەکرێت لەچاودێریکردنی ڕەوتی ڕووداو وڕووداوەکان وپاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت ودانوستان لەهەموو شتێکدا کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە. لەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیست یەکدا، پانتایی ئەو پرۆسەیە بەهەموو ئەدەوات وکەرەستەکانی لە زیاد بوندایە، "ئەگەر ژمارەی وڵاتانی دونیا بە ١٩٧ وڵات دابنێن، ژمارەی کارمەندانی ئەو بوارە خۆی لەسەروی ٣٦٠٠٠ نێردە دەدات، ئەگەر هەر شاندێک بە ١٥ کەس دابنێن ئەوا ژمارەیان دەگاتە ٥٤٠٠٠٠ کەس دەکات "{د علی حسين الشامي (٢٠٠٧) / الدیبلوماسیة نشأتها وتطورها وقواعداها، ص ١٩}. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین:

_ دیپلۆماسیەت تەوسیقی بەرژەوەندە پێک ناکۆکەکان دەکاو رایە جوداییەکان لێکتر نزیک دەکاتەوە.

_ بەڕێوەبردنی چارەسەرکردنی کێشەکان ویەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان.

_بڵاوکردنەوەی دۆستایەتی ولێکتێگەیشتن لە نێوان وڵاتان.

_چەسپاندنی ئاشتی ودوورکەوتنەوە لە شەڕ.

_ چاودێریکردنی ڕەوتی کاروبارەکان وپاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتان.

_نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات لە لایەن حکومەت ووڵاتانی دەرەوە.

_ کارکردن بۆ پێشێل نەکردنی بەرژەوەندی وماف وشکۆی نیشتمان لە دەرەوەی وڵات.

_بەڕێوەبردنی کاروباری نێودەوڵەتی وبەدواداچوونی دانوستانە سیاسییەکان.

_پاراستنی هاوڵاتیانی دەوڵەتان لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا.

_ چەسپاندنی پەیوەندییە ئابووری وڕۆشنبیری وزانستییەکان... لە نێوان وڵاتاندا.

## قۆناخەکانی گەشەکردنی دیپلۆماسیەت

مێژووی دیپلۆماتکاری بەقەد خودی دیپلۆماسیەت کۆنە، وەک چۆن لە کۆنەوە سەریهەڵداوە، لەگەڵ تێکەڵبوونی مرۆڤ ودرووستبوونی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان تاوەکوو ئێستا، بە چەندین قۆناخی جۆراو جۆردا تێپەڕیوە، کە جەوهەر وناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگەیانە بەو شێوەیە لێی خواستوون ولەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەکان ئەو دیاردەو پرۆسەو ئامرازو کەرستەکانی بەرەو پێش چوون. کە دەتوانرێت لەم قۆناغانەدا کورت بکرێتەوە:

_ قۆناخی یەکەم

لەدەورانی کۆنەوە تاوەکوو سەدەی پازدەی زاینی لەو قۆناخەدا دیپلوماسیەتی شپرزەو گەڕۆک ونائۆقرە بووە، زۆربەی لەلایەن هۆزو خێڵەکان هاوپەیمانی رێککەوتنی ئاشتیانە ویاراستنی بەرژەوەندی بازرگانی ومۆرکردنی هەرێنامەی ئاشتیانە وشەڕبڕانەوە، ئەنجامدراوە. لەو دەورانەدا زۆربەی لەڕێگەی نێردەی تایبەت کراوەو بەدەستی دیاری بۆ لای سەرۆکی باڵای وڵات ولە کات وشوێنی دیاری کراو ئەنجامدراوە. رۆمانەکان رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە رووی پێشخستنی تیۆری ئەو بوارەو " کەلتورێکی دەوڵەمەندیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە بە تایبەتی لەبواری روناکبیری ویاسایی دیپلۆماسیەت"{محمد عبد علي (٢٠١١) دور دبلوماسية الفلسطينية في بناء الكيان، ص٩}.

قۆناخی دووەم: لەسەدەی پازدەوە بۆ کۆنگرەی ڤیەنای ١٨١٥لەچەرخی رابوون دیپلۆماسیەت پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە دیت بە تایبەتی لە بواری تقلید ودابونەریتەکانیدا، کۆماری ڤێنیز گەورەترین شانازیی گۆڕینی دیپلۆماتکارەکەی لە گەڕۆکەوە بۆ نێردراوێکی جێگیری دیاریکراودا، لەگەڵ دەستپێکردنی ناردنی نێردەی نیشتەجێ وجێگیر " هەموو شتێکی سیاسەتی دەرەوەی وڵات بە حاکمی سەرەکی وڵات بەستراوە لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا"{محمد عبد علي/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص ١٠}، پاشان دیپلۆماسیەتی فەڕەنسی دەستی کرد بە وەرگرتنی بیرۆکەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەلایەن کاردینال ڕۆشیلۆ وشا لویسی چواردەهەم (١٥٨٥-١٦٤٢)، کاریگەری لەسەر لایەنی تیۆری وپراکتیکی دانا.

قۆناخی سێیەم: لە کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ تا جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤، کاریگەری سەرەکی پەرەسەندنی دیپلۆماسی لەکاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی، کە تایبەتمەندییەکانی تیۆریستی دیپلۆماسی بە ڕوونی دەرکەوتن، کە بۆ پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی

جێگیر وخاوەن بنەماو بنەچە ودابونەریتی رەسەن کە پەرەی پێدرا لەیاسا وبناغە وداب ونەریتەکان کە بە تێپەڕبوونی کات ڕەگیان داکوتاوە ودەوڵەتەکان سەرەڕای ململانێی بەشێوازی توندوتیژی لەنێوان سیستەمی دەسەڵاتدار لەئەوروپا ولاوازکردنی ڕۆڵی کەڵێساو بەدیارکەوتی رەوتە ئابوورییەکانی نوێدا دیار بوو.

قۆناغی چوارەم: لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا.

لەدوای یەکەمین ودووەمی شەڕی گەورەی دونیا، کۆمەڵەو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەری هەڵداو دیپلۆماسیەت بە مانا تازەکەی پراکتیزە کرا. بەتایبەتی لەدوای رێککەوتنی ڤیەنای ١٩٦١ لە ماددەی ٤٧ دا، لە پارێزبەندی وئیمتیازات وگۆڕینەوەی شاندە دیپلۆماسییەکان ولە مفەوەزییەوە بۆ کونسول وپاشان باڵیۆز، کە بەپێی بەرژەوەندی هاوبەش رێک دەخرێ وناکۆکییەکان کەم دەکاتەوەو پەیوەندییەکان خۆش دەکات. ئەم قۆناغە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان ی بەخۆوە بینی وسەرهەڵدانی دەوڵەتە نوێیەکان ولەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وسەرهەڵدانی ڕژێمە فاشیست وکۆمۆنیستەکان تیادا دەرکەوت. دیپلۆماسی کلاسیکی تاڕادەیەک بەشێوەی رێژەیی دابەزی وسەرهەڵدانی دیپلۆماسی مۆدێرن سەریهەڵداو واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییەکان دیپلۆماسی لە ساڵی ١٩٦١ هاتە ئاراوەو، پەیوەندی کونسوڵگەری لە ساڵی ١٩٦٣، وڕێککەوتنی ئیمتیاز وپارێزبەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی١٩٤٦، کە شەڕی ساردو پاشان جیهانگەرایی زۆر لەو ئەرک وماف وئامرازو مەرجەعیەت وشێوازی بەڕێوەبردنی گۆڕی.

## سەرچاوەکانی یاسایی دیپلۆماسیەت

١_نەریتی دیپلۆماسی: پێشتر ئاماژەمان بەمێژووی سەرهەڵدان وپەرەسەندنی دیپلۆماسی کردووە وەک چۆن خواست وپێویستی بووە بە

هۆی سەرهەڵدانی بنەماکانی بیروباوەڕی مامەڵەکردن وەک بەرامبەرەکەی وپاراستنی پارێزبەندی وئیمتیازات وهەروەها نەریتەکانی دیپلۆماسی وپرەنسیپی پەنابەری سیاسی وچۆنیەتی ڕێزگرتن پەنابەری سیاسی لەوڵاتانی دیکەدا، بەپێی ئەو نەریتانە.

٢_ڕێککەوتن وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان: یەکێکە لەسەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی ئەم ڕێککەوتنانە دوولایەنە بن یان فرەلایەن دەبێ، لێرەدا زۆر لەرێککەوتنەکانی سەردەمی یۆنانی وڕۆمانیی وسەدەکانی ناوەڕاستەوە کە لەکۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەڕێوەچووە، لەوانە کۆنفرانسی ڤیەنای ساڵی ١٨١٥ کە بە یەکەمین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دادەنرێت کە کاروباری دیپلۆماسی ڕێک خستووە وڕێسا و داب ونەریتی بۆ دادەنێت.

٣_ئەزموون وشارەزایی دیپلۆماتکارانی پێشوو: دیپلۆماتکارانی پێشوو یان ئەوانەی لەو پیشەیە ئەزموونی پراکتیزە ڕاستەقینەکانیان ئەنجام داوە وکە لەژیانی حاڵەتی دیپلۆماسیدا پێیدا تێپەڕیون وئەو بارودۆخانەن کەگەواهین لەماوەی ساڵانی درێژخایەنی کارکردنیان کە بە بەرهەمێکی بەبایەخ دادەنرێت کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت ووەرگرتنی وەک پێشینەیەکی ئەزموونی دادەنرێت، لەڕێگەی ئەو یاداشتانەی کە لە کاتی جێهێشتنی کاردا یان لەکاتی خانەنشین، بڵاوی دەکەنەوە.

٤_ ئەوەی مێژوونووسانی دیپلۆماسی نوسیویانە: زۆربەی ئەو سیاسەتمەدارانە پرۆفیسۆری باڵای یاسایانەی ئەوەندەی خوێندن وتوێژینەوەیان لە بواری دیپلۆماسی یان یاسای دیپلۆماسیدا هەیە، هەرچەندە بەشێک لەو بۆچوونانە توندڕەوی وزیادەڕەوی لەلێکدانەوەدا زاڵن بەسەر هەندێک بارودۆخ کە لەوانەیە وڵاتەکانیان بەشێک بێ تیادا، بەڵام ناتوانرێت گرنگی بەم نووسەر ومێژوونووسانە نەدرێ وپشتگوێ بخرێن.

## سەرچاوەکان:

١_ صباح طلعت قُدرت (٢٠١٣) /الوجيز في الدبلوماسية والبروتوكولات/ وزارن الخارجية – دائرى الصحفية / الطبعة الثالثة / مطبعة الكركي، بيروت، لبنان.

٢_ د. حنان ا خميس/ تاريخ الديبلوماسية _ دراسات / {http://www.asharqalarabi.org.uk،

٣_ جوزيف إم سيراكوسا (٢٠١٤) / الدبلوماسية، مقدمن قصيرة جدا / ترجمة كوثر محمود محمد – مراجعة / علا عبد الفتاح يس/ مؤسسة هنداوى – المملكة المتحدة.

٤_ الدكتور على حسين الشامي (٢٠٠٧) / الدبلوماسية – نشأتها وتطورها وقواعدها ونظام الحصانات الامتيازات الدبلوماسية /كلية الحقوق والعلوم السياسية والادارية في جامعة اللبنانية وكلية القيادة والاركان / دار الثقافة والنشر/ الطبعة الثالثة.

_ محمد عبد علي/ (٢٠١١) رسالة ماجستير / دور الدبلوماسية الفلسطينية في بناء الكيان السياسي الفلسطيني في الفترة ما بين ١٩٩٤_٢٠١١/ جامعة القدس فلسطين.

_ محمود خلف (.......) النظرية والممارسة الدبلوماسية / جامعة الحسن الثاني - دار البيضاء.

_ د،ايمن دسوقي (٢٠٢١)/ الديبلوماسية التاسيسية لاقاليم الساعية لانفصال ......./ السياسة الدولية العدد ٢٢٣-يناير ٢٠٢١ _ المجلد ٥٦.

# بەشی دووەم

## _دیپلۆماسیەت لەسەردەمی گۆڕانکارییەکاندا.

_ کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ژینگەی نێودەوڵەتی بەسەر دیپلۆماسیەت.

_ دیپلۆماسیەت لە نێوان بەردەوایبوون وگۆڕانکاریدا.

_ ئاسۆکانی فراوانکردنی دیپلۆماسیەتی تازە.

_ شۆڕشی تەکنەلۆژیاو دیپلۆماسیەتی تازە.

_ پوختەی باس

# دیپلۆماسیەت لەسەردەمی گۆڕانکارییەکاندا

ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی کە لەدوای ساڵانی نەوەتی سەدەی رابردوودا، روویانداوە ولەژینگەی سیاسی نێودەوڵەتی تازەدا کاریگەری کردووە، کە خۆی چوارچێوەی گشتی جیهانگەرایدا دەبینێتەوە، کارتەکانی یاریکردنی ئەو بوارەی بەردەستی، سەرلەنوێ تێکەڵ بە یەک کردەوەو زادەو دەرئەنجامی نوێی لێکەوتووە کە لەمەزندەدا نەبووە بەو جۆرەش چاوەڕوانی لێ نەدەکرا. کۆرۆنا وشەڕی ئۆکرینیا وبومەلەرزەی ئەم دواییەی تورکیاو شەڕی غەزا، ئەوەی نیشان داوە کە مرۆڤایەتی لەرەوشێکدایە، لەقوڵایی روح وویژدانیدا لەقەیراندایەو شلوخاوی "بوونی مرۆڤ" لەبوونییەی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسییدا هەیەو لەپەیوەندی نێوان هێزە هەرێمی ونێودەوڵەتییەکانی ئەو قەیرانانەش زۆر لەدابونەریتی دیپلۆماسی وشارەزایی ولێهاتوویی کە پەیوەستە بە رۆڵ وجۆرەکانی وەزیفەی دیپلۆماسیدا، گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە. لەگەڵ ئەوەش زۆر لەو میکانیزم و ئامرازو ئاڕاستەکانی دیپلۆماسیەتی لەوەو پێشی گۆڕانکارییە قووڵەکان درێژەی پێدرا، سیستەمی نێودەوڵەتی وجیهانی دەستنیشانی جۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وئاشتەوایی جیهانی دەکات، ئاشتی جیهانی پەیوەستە رێکخستنی پەیوەندیی وچالاکییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی نەتەوەیی وسەروەری نیشتیمانی کە لەوەو پێش تەوەربەندی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بۆ زامنکردنی ئاسایش وپەرەسەندی ئابووری وکۆمەڵاتی وسیاسیی، جیهانگەرایی نەک هەر گۆڕانکاری تیادا ئەنجامداوە، بەڵکوو لەوردەکاریەکانیشدا شتی نوێی داهێناو رەنگدانەوەی لەناوەڕۆک و رۆڵی دیپلۆماسیەت کردوە. لەگەڵ ئەوەش مەودای تاوانباری وکێشەی شەڕانگێزی سەرمایەداری هەبوونی خۆی فراوانترکردووە وناتوانرێ لەبەردەمیدا بە بێ باک سەیر بکرێ. ئەو سیستەمە جیهانییەی(سەرمایەداری) کە تەنیا قازانجی مەبەستەو بێ هیوابوونی لەلایەنی جێبەجێکردنی عەدالەتخوازی دڕووست کردووە

وهەستێک پەیدا بووە کە کەس هەست بە ئازارەکانیان ناکات. ئێستا ئەمریکە کە خۆی بە زلهێزی دونیا دەزانی و"پرنسیپی مۆنرو" پەیڕەو دەکا کە لەدیوی رۆژئاوای دونیا کەس ناتوانێ دەستی لەدەستی هەڵبداو لەدیوی رۆژهەڵاتەکەی پۆلیسەو مامەڵە لەگەڵ " جەنتڵمانانی رەگەزی مرۆیی" دەکەن، کە رەگەزی مرۆیی ئەوروپا وەک جۆمسکی ئاماژەی پێداوە و بە پرنسیپەکەی ستالین"(ئاراستەی خێرا) بە دەستبەجێ بە بەڵی ونەخێردا کە هەرە زۆریش بەڵێیە بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی"، ئەمانە گۆڕانکارین لەتەواوی دابو نەریتی و رەهەندە سیاسییەکان هەیە بۆ سەر تەواوی ژیان ، بۆیە" ناکۆکی و کێشەکارییەک لە نێوان باو بوونی رەفتاری جیهانگەرایی و دەوڵەت و سەروەری نیشیمای سەریهەڵداوە " {لطفي عبيدي/ الامعان في تباين العالم الجيوبولتيكية والاقتصادية /جريدة القدس العربي _ ١٧ شباط ٢٠٢٣}. ئەمانەی سەرکردایەتی تەوەربەندی سەرمایەدارانی رۆژئاوا دەکەن بەردەوام بەدوای قازانج دەگەڕێن وشەڕو توندو تیژی ئەنجام دەدەن ودوای ماڵوێرانی وتێکچووندا رکابەری یەک دەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوە. وەک فەیلەسوفی ئەلمانی ئەرنۆڵد گیلین" بە (هایبەر مۆڕڵی) _ سەروی ئەخلاقی" ناوزەد کردوە، لەدەست دراوە. کەچی وێل دیرانت" شارستانیەتی بە ناسکترین شێوەی مامەڵەکردن وروناکبیری بەتەهزیب کردن تا گەیشتن بە کەمال ناوزەد کردووە"{د. آمال موسى/ من دڕووس الثلاث سنوات الاخيرة / جريدة الشرق الأوسط / العدد ١٦١٥٢/ ١٧ شباط ٢٠٢٣}. لەگەڵ ئەوەشدا روناکبیری بە بەرهەمی لێکەوتەی نێوان مرۆڤ وژینگەی کە لەزەمان ومەکانیدا دەژیت لێک دەدرێتەوە. ئێستا لەبەر ئەو گیانە شەڕانگێزیەی ناو هەناوی سەرمایەداری دیسکۆرس وپراکتیزەکردن بۆتە دوو شتی لێکتر دوورو وا هەست دەکرێ کە ئەوەی دەگوترێ تەنیا بۆ بەکارهێنانی لۆکاڵییەو ئامادەبوونە لەهەواڵەکانی راگەیاندندا"{د. آمال موسى/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە}. بۆیە وا لێک دەدرێتەوە کە پراکتیزەکردن لەدونیای جیهانگەرایی لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی مەدەنی جودایە وگۆشەگیرە ودامودەزگاکان تەنیا بە توێکل رەنگدانەوەی

سەردەمن بەڵام لەناوەڕک وناوەخندا حەق ویاسا دەکەنە" ئیباحەت ودەسکەوتی تایبەت.

## کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ژینگەی نێودەوڵەتی بەسەر دیپلۆماسیەت

گۆڕانکارییەکانی نێودەوڵەتی ئەم دواییە هەمووی چڕ بۆتەوە لەگۆڕانکارییەکانی کەئێستا بە جیهانگەرایی ناوزەد کراوە، کە تیادا سەنترالیزمی ورای گشتی وکەم گرنگی سنوور ویەک چارەنووسی برەوی زۆری پێدراوە. ئەو گۆڕانکارییانە رامان دەکێشێتە ئەوەی کە باس لەسروشتی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان ووەزیفەی تازەی دیپلۆماسی وکۆنتێکستی (سیاق) ئەو بوارە بکرێت، کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەگەڵ ئەوەش گۆڕانکارییەکان (جیهانگەرایی) لەئاستی پەرەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسیی لەدونیادا بە جودایی دەبینرێ وئاستی دابەشبوونی کاریگەرییەکانی جودایە. بەپێی لێکدانەوەی شیکاری ریالیزمی کە "هینری کێسنجەر" کەهەواداری ئەو قوتانخانەیە ، بەرای ئەو قوتابخانەیەدا ، دونیای کردۆتە چوار بازنەی جودا " ئەورووپاو ئەمریکاو ژاپۆن، کە دیموکراسی و کاری هاوبەشی تیادا زاڵە وبازنەی دووەم کیشوەری ئاسیایە کە وڵاتان لەسەر جیۆپۆلەتیک جولە دەکەن وبەرامبەرەکەیان بە رکابەر دادەنێن وەک هیندو پاکستان و بازنەی سێیەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە شوێن پێگەی ئایدیۆلۆژیاو دینداریەو چوارەمیش ئەفریکایە کە هەوڵی نشونماکردنی ئابووری لەناوبردنی برسێیەتی وقات وقڕی دەدات"{أيمن ابراهيم الدسوقي (٢٠١٩) / الدبلوماسيه في عصر العولمه بين الاستمرارية و التغير، ص١} . هەر چوار بازنەکە بە هەمان قۆناخەکاندا دا دەڕۆن کە ئەوروپا لەدرێژەی گەشەکردن وپەرەسەندنیدا لەسەدەی حەڤدەمەوە پێدا رەت بووە تاوەکوو ئێستا، لەسەدەی حەڤدەم وهەژدەمدا گۆڕەپانی ململانێی چەکداری لەسەر ئایدیۆلۆژیاو دینداری لەنیوان وڵاتانی دڕووست بوو، کەچارەیەک

لەئاسۆیدا بەدی نەدەكرا تەنیا یەكلایكردنەوەی لەڕێگەی هێزدا نەبێ، تاوەكوو رێككەوتننامەی بنسلڤینیای ١٦٤٨ ئەنجام دراو كێشەكانی نێوان خۆیان، بە ئاشتی یەكلایی كردەوە. لەسەدەی نۆزدەو نیوەی سەدەی بیستەمدا كۆمەڵێك وڵاتی ئەوروپا لەسەر ئایدیۆلۆژیای جوداو ركابەری كۆلۆنیالیستی لەنێوانیاندا هەبوو، لەدوای هەردوو شەڕە گەورەكەی دونیا، بواری توندوتیژی وشەڕ لەنێوانیان یەكجار كەم بۆتەوەو زۆربەی كێشە وركابەرییەكانیان لەسەر رۆڵی سیاسی وئابووریی دیاریكراودایە ودەكرێ بەهێواشی لەرێگەی دانوستان وسازشكاریدا چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. لەسەر رۆشنایی ئەو لێكدانەوەدا بێ "دیپلۆماسیەتیش رۆڵی جودا لەهەر چوار مەیدانەكە بە جودایی دەبینێ، لە گۆڕەپانی ئۆرپادا یاساو دانوستان ولە ئاسیادا ڕۆڵی هێوركردنە دەبینێ، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵی میانگیری ورووندانی پەشۆكی وشێواندن دەبینێ بۆ ئاشتەوایی ئۆقرەیی، لەئەفریكاشدا رۆڵی  هەموو هەوڵەكان بۆ پێشخستنی باری ئابووری دەدرێت" {أیمن ابراهیم الدسقوي/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص٢}. لەبەرامبەردا قوتابخانەی فرەلایەنی هەیە كە دەبێتە دوو بەش، دەوڵەتی مەركەزی كە بەپێی بنەماكانی یاسای نیودەوڵەتی ودیپلۆماسیەت ودابونەریتی باوی نێو پەیوەندییەكان بەڕێوەدەچێ ودەوڵەتی فرەسەنتەر كە ژمارەیەك لەئەكتەرەكان تیادا رۆڵ دەبینین لەدەوڵەت ورێكخراوی مەدەنی وگرووپی چەكداری، لەلای دیكە جۆزیف نای وروبرت كیوهین، بەلایانەوە دەوڵەت لەسەر سێ شانۆ دەجولێ، "یەكەمیان لەسەر جیوستراتیژیەت وجیپۆلەتیكیدا لەلای دیكە شانۆی ئابووری وهی سێیەم شانۆی هێزە سیاسییە نا حكومییەكان ومەدەنییەكان، هەرسێ شانۆ پێكڕا گرێدراون ولە نمونەی شترنج دابەشكراون {ایمن ابراهیم دسوقي/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ..... ص٢}. جیهانگەرایی كاریگەریەكی یەكجار زۆری بەسەر دیپلۆماسیەت داهێناوە بە تایبەتی جیهانگەرایی هێزی پاڵنەری مەركەزیی ئەو سیستەمە جیهانییە كە لەدونیادا رەنگدانەوەی لەسەر بواری ئابووری وكۆمەڵایەتی وسیاسی

وروناكبیری دەكات كە كۆمەڵگەی هاوچەرخی لێ دەكەوێتەوە، لەجیهانگەرایدا لەرەهەندی سیاسییەكەیدا رۆڵی دەسەڵاتی دەوڵەت كەم دەكاتەوە و هی تاك زیادتر دەكات، كە لەزادەی ئەو هەموو رایەڵە چڕەی پەیوەندییە رۆشنبیرییە ئاڵۆزەكانی كۆمەڵگەی مەعریفی وپێوەری كەونی نوێ، سەرهەڵدەدات لەرێگەی شۆڕشی تەكنەلۆژیاو گەیاندندا پەیوەندییەكانی دونیا چڕ دەبێ ودونیا لەو رێگەیەوە بۆتە گوندێكی بچووك وەك نوسەری گەورەی ئەمریكی" بەراستەڕێی جوگرافی(نەمانی سەروەری)ناوزەد كردووە". "بۆتە هەستێكی قوڵ ومرۆی تووشی عەبسیەت وبێ ئومێدی لەچارەكردنی كێشەی خراپەكاری وهەستكردن بە ئازاری ملیۆنان كەس لەدونیا (شەرمەزاری دونیای دا هێناوە)، هەروەها كیسنجەر لە پەرتووكی (دیپلۆماسیەت)دا دەڵێ" لەبەرژەوەندی ئەمریكەدا نییە كێشەكانی دونیا چارە بكا، بەڵكوو لە بەرژەوەندیدایە داوی كێشەكان بخاتە ژێر دەستی خۆی لەپێناو بەجێگەیاندنی بەرژەوەندییەكانی"{المهندس سليم البطانية/ سلوك و براغماتية اللامريكية في تعامل مع دول العالم/ صحيفة الرأي اليوم / ٢٥ شباط ٢٠٢٣}. ئیدارەكانی ئەمریكی مامەڵە لەگەڵ دۆستان وهاوپەیمانان بەعەقڵیەتێكی بازرگانی دەكەن وئەوەی لای ئەوان گرنگە بەبازاڕكردنی كاڵا سیاسی وماددییەكانەتی، وەك زانای فەڕەنسی جاك لاكان "بە رێبەندی رەمزی بۆ من وئەوانی تری ناوزەد كردووە"{محمد سامي الكيال / خذلنا العالم هل تقدم الاخلاقية المفرطة أجوبة....../ جريدة القدس العربي ١٧ شباط ٢٠٢٣}. مەبەست كاتێ لێپرسراوەتی وەردەگیرێ "من" دەچێتە سەرەوەی ئەوانی تر ولەروی فیزیائی سەرووەری وەردەگرێ وبینای بەهاو ئەخلاق دروست دەكا بۆ رێكخستنی ژیانی بەشەریەت ولە هەندەسەی كۆمەڵایەتی دەقی ئەو خۆم لەسەرەوە وەردەگرێ.

هەرچەندە جیهانگەرایی بەجۆرێكی یەكسانی بەسەر دونیا دابەش نەبووە، لەگەڵ ئەوەش چوارچێوەی ئەو تەفاعولاتانەی كە ئەمڕۆ ئێمە

تیادا دەژین، کاریگەری لەسەر وەزیفەی دیپلۆماسیەت دەبێ. ئەگەر بە وردی لە جیهانگەرایی وردبینەوە، چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کە:

یەکەم: بەزاندنی سنوورو بێ بەهاکردنی دیاردە هەرێمییەکان قەوارەی نیشتیمانی، بەو مانایەی کە سنوور ومەودای نێوان وڵاتان، گرنگی خۆی لەدەست داوەو زۆر لەرایەلە دروست بووە کە سنووری نەتەوەیی وفۆرمی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبەزێنێ بووەتە ئاکامی ئەو گۆڕانکاریە.

_ بزووێنەری بەرژەوەندی وکالێکەرەکانی کە لە دونیا روودەدەن، ئابوورییە نەک سیاسەت وئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیا بەجارێ لەپەیوەندییەکان کاڵ بۆتەوەو تەنانەت زۆر جار وا دەزانرێ کە هەبوونی نییە لەو پرۆسانەدا.

دووەم: دەستبەجێی لەهەمان کات، گۆڕانکارییەکان لەدورو نزیکدا دروست دەبێ وکارلێکەری بەچڕی وپەیوەندی فراوانی نێوان کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لەهەموو بوارەکاندا وپانتایی فراوان بوونی چاڵاکییە نێودەوڵەتییەکان کە کون وکەلەبەری دونیای گرتۆتەوە لە هەموو بوارەکاندا، تەنانەت ئەگەر دووری ونزیکی لە پێوەردا نەماوەو زۆر لەروداوە لۆکاڵییەکان کاریگەریی دەکەنە سەر دوورترین ناوچە وهەرێم وپێچەوانەکەشی هەر راستە. هەر بۆیە سنووری نێوان سیاسەتە نێوخۆیی ودەرەکییەکان بەجارێ کەم بۆتەوەو بۆتە یەک یەکە. بۆیە پێگەی چالاکی ئەنجامدانی دیپلۆماسیەت لەسەر ئاستی هەموو دونیا رێگری لەسەر نەماوەو هزی نەرمی "سۆفت پاوەر" لەسەروی هێزی توندیهاردپاوەردایە لەجێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتان وراوبۆچوونی گشتی ورێکخراوە مەدەنییەکان، کاریگەری لەسەر بڕیارە گرنگ وستراتیژیەکەکانی وڵاتان.

سێیەم: چەندین دیاردەی نوێ چەکەرە وسەریهەڵداوە کە لەوەو پێش هەبوونی نەبووە، وەک چەتەی ئەلکترۆنی وتەنانەت هەندێ دیاردەو

کێشە لە دونیا سەری هەڵداوە کە پێویستی بە یەکخستنی توانا نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کۆدەنگی هەیە. وەک تیرۆر وکۆرۆناو بوومەلەرزەو ژینگە، گەرمی دنیا .....

چوارەم: ئەگەر جاران ئەکتەری سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەت هەر دەوڵەت بووە، کەچی ئێستا لەسایەی جیهانگەرایی چەندین ئەکتەری دیکەی بۆ پەیدا بووەو ناکرێ پشت گوێی بخرێ بۆ پێشخستنی بواری دیپلۆماسی بە تایبەتی نیمچە دەوڵەتەکان وبزووتنەوەی رزگاریخوازەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وکەسایەتی دیارو ستراتیژی لەو بوارانەدا، کەلەوەو پێش قۆرخ بوو لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی بەڵام ئێستا ناکرێ ئەو قەوارە نافەرمی بچوکانە بە هەند هەڵنەگیرێ.

## دیپلۆماسیەت لەنێوان بەردەوامبوون وگۆڕانکاریدا

هەرچەندە ئەو چوارچێوەی کە ئێستا دیپلۆماسیەت تیایدا دەگوزەرێت لەژینگەی نێودەوڵەتیدا، بە جیهانگەرایی ناسرواو، گۆڕانکاری زۆری بەسەر سەردەمەکانی لەوەو پێشی خۆی کردوە، لەگەڵ ئەوەش هەندێ توخمی کلاسیکی دیپلۆماسیەت هێشتا بەردەوامەو ولەگەڵ تێکەڵ بوونی لەگەڵ هەندێ توخم کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو هەندێکی دیکەش تازە بابەتن. هەندێ چەمک وبیروباوەڕ وشێوازو ئامراز وسەرچاوە هێشتا بەردەوامی هەیە، وەک رێککەوتن (وفاق)، بڵانسی هێز وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هێز، وبەکار هێنانی باڵیوزخانەو کۆنسڵ وشاندی نێردراوی نێودەوڵەتی ..... ئەمانە هەمووی درێژکراوەی دیپلۆماسیەتی کلاسیکی سەدەکانی حەڤدەو هەژدەی رابردوون لەسەدەی بیست ویەکدا درێژەیان هەیە. و ئەوەتا تا ئێستا هەوڵدەدرێ و هەوڵدراوە بۆ ئەو کێشە هاوبەشانەی کە هەڕەشەیان بۆ سەر گشت هەیە، هاوپەیمانی سیاسی وسەربازی وئابووری بکرێ بۆ لەناوبردنی ئەو مەترسیانە، وەک هاوپەیمانیەتی دژ بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق وهاوپەیمانەتی بۆ پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی ۲۰۰۳و هاوپەیمانی

دژ به داعش وتیرۆرستان ٢٠١٤، ئەو چەمکە لەلای ئەوروپاییەکان بەکار هاتووەو بنەماکانی لەکۆنگرەی ڤیەنای ١٨١٥ دارێژراوەو تا ئێستاش وەک توخمێکی سەرەکی لەدیپلۆماسیەتی دونیادا هەر بەردەوامە، کێشەداری(دەوڵەتی لادەر_مارقة) خۆ فەرزکەر بەسەر دونیا وەک ئەمریکە، کۆریای باکوورو ئێران پێ تاوانبار دەکا، لێرەدا بەو مانایە دێت کاتێ دەوڵەتی خاوەن هێزی گەورە وەک ئەمریکاو ڕووسیای فیدراڵی هەوڵ دەدەن هەژمونگەرایی خۆیان بەسەر هەموو وڵاتان دا بسەپێنن، هەندێ وڵات لێیان هەڵدەگەڕێنەوەو کێشەیان بۆ دروست دەکەن، ئەوەش تا ئێستا لەهاوکێشەکردنی هێزدا ڕۆڵی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش چالاکی دیپلۆماسی تەوەربەندی سەرەکی خۆی هەر چڕکردۆتەوە لەپەیوەدییە ئابووری وسیاسی وسەربازی کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی سەریهەڵداوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە وباڵیۆزخانە وکۆنسەڵەکان بۆ کشتکردنی(خۆشکردن) پەیوەندی نێوان وڵاتانی دونیا بەردەوامەو هەر دەوڵەت پێی هەڵدەستێ بەگشتی، بەڵام ناکرێ سەرهەڵدانی ئەکتەری تازە لەپەیوەندی نێودەوڵەتی فەراموش بکەین ڕۆڵیان نەبینین.

لەگەڵ ئەوەش گۆڕانکاری لەهەموو جۆرو ئامرازو شێواز ومیکانیزمی دیپلۆماسیەت ڕوویداوە، لەهەر هەمووان گرنگتر چڕبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لە سنووربەزاندنی جوگرافی لە ئەدائی دیپلۆماسیەتدا لەوەی کە دەبێتە جوداکاری سیاسەتی ناوخۆیی ودەرەکی ناهێڵێت. ئەگەر وردبوونەوە بکەی دەبینین شۆڕشی تەکنەلۆژیاو پەیوەندی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە جیهانگەرایدا، لەگەڵ ئەوەشدا جیهانگەرایی کاریگەری زۆری کردۆتەوە سەر وەزیفەی دیپلۆماسی، بەڵام دیپلۆماسیەت هێندەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی لە ئامێز نەگرتووەو خۆگونجاندیان لەگەڵ یەکدا نەکردووە بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی چەتەگەری ئەلەکترۆنی و لەکەشفکردنی (١١) ملیۆن و نیوی دیکۆمۆنتی لە ئیمێلەکان کە گەندەڵی(١٢) سەرکردەو(١٢٨)

سیاسی لەتەواوی دونیا لەویکیلیکس دا راگەیاند، وڵاتان کەوتنە خۆپارێزی لەپەیوەندییە ئەلەکترۆنیانەداو راهێنیانی کارمەندانی بواری دیپلۆماتکی لەمەترسییەکانی ئەو بوارەو دروستکردنی ژووری ئاسایشی ئەلەکترۆنی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتاندا. لەگەل ئەوەش پەیوەندییە خێراییەکان کەلە تەکنەلۆژیای تازەدا هەیە، وڵاتان کەڵکیان لێ وەرگرتووە وبەکاریان هێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەدیپلۆماسیەت کە سنوورەکان دەبەزێنێ وزەمان ومکانەت تێک دەشکێنێ، تا گەیشتە ئەو حاڵەتەی هەر زانیاری لەباڵیۆزەکانی وەرناگیرێ بەڵکوو لەو رێگەیەش دابین دەکرێ وژووری پەیوەندییەکان لەرێگەی مانگەدەستکردەکان بەڕێوەدەبەن، کە کاتی خۆی تا بالیۆزی فەڕەنسا دەگەیشتە ستۆکهۆڵم مانگێکی پێ دەچوو کەچی ئێستا بە چرکە زانیاری وهەواڵ دەگاتە دەست. "تەنانەت ئێستا راگەیاندنی تلستاری بەپێش سەنتەرەکانی دیپلۆماسیدا کەوتووەو رکابەریان دەکات "{ایمن ابراهیم الدسوقي/ الدبلوماسیة في عصر العولمة، ص٥}. ئەو خێرای گەیشتنەی زانیاری وهەوڵ وای لەبڕیاربەدەستان کردووە کە لە کاتی قەیرانەکاندا بریاری زوو بدەن وخۆی لێ نەشێرنەوە وچاوی لێ بنوقێنن. بەتایبەتی بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی وجولانەوەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی دونیا، بەشداری رێکخراوە ناحکومییەکان ورۆڵی دەوڵەت لەهەڵسوڕاندنی بازاڕ وئابووریدا، سروشتی دیپلۆماسیەتی کلاسیکی گۆڕانکاری بەسەردا هێناوە.

## ئاسۆکانی فراوانکردنی دیپلۆماسیەتی تازە

باسکردنی "دیپلۆماسیەتی سەردەمی جیهانگیریدا" گرنگە، بەو پێیەی پەیوەندی بەو کارە دیپلۆماسییەی مرۆڤایەتییەوە ناسراوە، لەسەردەم و دۆخی ئێستای نێودەوڵەتیدا، کە ئەو گۆڕانکاریانە ناسراوە بە جیهانگەرایی، بە تایبەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان،

دوای روخانی دیواری بەرلین ١٩٨٩ و دارمانی یەکێتی سۆڤیەت ١٩٩١و سەرهەڵدانی یەک دەسەڵاتی جیهانی تایبەت بە سەرکردایەتی ئەمریکە، بوو بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، "کە لە ئەنجامدا سەرهەڵدانی نەخشەکان و پەرەپێدانی میتۆدەکان لە چوارچێوەی کاری دیپلۆماسیدا کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ قۆناغەکە و دەفرێکە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی لایەنی بەهێزتر" {د.عبد الحكيم سليمان وادي(٢٠١٣)/ الدبلوماسية في عصر العولمة/ الحوارالمتمدن_العدد: ٤٣٢٠}. لەو کاتەوە تا ساڵانی ٢٠٢١، گۆڕانکارییەکی قوڵ و ئاڵۆزی بە ناوی جیهانگەرایی بەسەردا هات، سێ گۆڕانکاری قوڵی بەسەر سیستەمی جیهانیدا هێنا، یەکەم لەهەیکەلی سیستەمەکە ، نەمانی دووجەمسەری و سەرهەڵدانی تاک جەمسەری وزاڵبوونی سیستەمی لیبیرالیەتی بەسەر دونیا بەسەرکردایەتی ئەمریکەو کەپیتالیزم و سروشتی سیستەمەکە لە گرنگیدان بە ئاسایش و ستراتیژیەتەوە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هات لە لیستی ئەولەویەت دەرهات و بووە پەرەسەندنی ئابووری نشونماکردنی و مافی مرۆڤایەتی و کەمە نەتەوەییەکان ، لە دیموکراسی و لیبرالیەت و ئازادییە گشتییەکان و تاکدا بووە ئەولەویەت، یانی ئابووری پێش سیاسەت وئایدۆلۆژیا کەوتەوە وپێکهاتەی دامودەزگاکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لەئاشتەوایی وئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتی ولەئەنجامدا" ئامانجی دووبارە کێشانەوەی نەخشەی جیهان بوو لەڕێگەی جیهانگیری سیستەمەکەوە، لەسەر بنەمای بناغەکانی سیستەمێکی ئابووری کە زلهێزەکان کۆنترۆڵی دەکەن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان" {د.وئام السيد عثمان/ أثر متغيرات النظام الدولي علي الأمن الإقليمي العربي:د راسة تأصيلية لدور نظرية الأيكولوجية السياسية/مجلة كلية السياسة والاقتصاد العدد التاسع _ يناير2021 ،ص٨}، لەبەرامبەر پەراوێز خستنی سەروەری دەوڵەتان ودابەزینی ئیرادەی سیاسییان.

هەژموونگەرایی سیاسی و سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێی دونیای یەک جەمسەری(ئەمریکە) لەبوارەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازیدا ، لەڕووی ئابووری کۆمپانیای هاوبەشی فرە رەگەزی و کۆمپانیای زانیاری و ئابووری ئازادی بازاڕو کە وڵاتانی سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندەی ئەو کۆمپانیایە هەموو هەژمونگەرایی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ قازانج و لایەنی سەربازی ناتۆ خۆی بەهێزی زەبەلاحی گەورەی دونیا دەزانێ تا شەڕی ئۆکرینا ٢٤شوباتی ٢٠٢٣ و رکابەری لەلایەن چینی میللی لەبواری ئابووری بەم شێوە لەتاک جەمسەری بۆ فرەجەمسەری گۆڕا، بۆ دەربڕینی دیاردەیەک کە ئاماژەیە بۆ گۆڕینی جیهان بۆ یەک بازاڕ وگوندێکی جیهانی کە توخمەکانی بەرهەمهێنان تێیدا دەجووڵێنن بەبەزاندنی سنوورو لەژێر ڕۆشنایی نەخشەیەکی نوێی جیهانی کە لەنەخشەی دەوڵەتی نەتەوە تێدەپەڕێت، ئەم پرۆسەیە لەلایەن دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوە سەرکردایەتی وپاڵپشتی دەکرێت بۆ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان وحکومەتەکانەوە کە لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی" شۆڕشی پیشەسازی سێیەم" کار بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیایانە دەکەن کە هێزێکی تەکنەلۆژی گەورە وتوانای ئابوورییەکی گەورەی پێبەخشی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو زلهێزانە. سەرمایەداری بە وفکرەیەی کە لایەنی ئابووری وسیاسیی ورۆشنبیری جیهان بەپێی ئەو بەرژەوەندییانە دەپارێزێ. جیهانگیری کۆمەڵێک کاریگەری سیاسی، ئابووری، کەلتووری وئەمنی هەیە وەک واڵاکردنی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بەڕووی ئازادی جوولەی کاڵا وخزمەتگوزارییەکان، ئەمە جگە لەدارشتنەوەی چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەک کە دەرفەتێک دەداتە ئەو وڵاتانەی کە جیهانگیری دەگوازنەوە بۆ بەرزبوونەوە ڕیزەکانی زلهێزەکان لەنەزمی نوێی جیهانیدا، بە بەکارهێنانی مافی دەستێوەردان لەکاروباری وڵاتانی باشوور. ئەو وڵاتانە چەمکەکانی وەک مافی مرۆڤ ودیموکراسی وەک چەمکێک دەخەنە ڕوو کە وڵاتانی باشووری دونیا دەبێ جێبەجێی بکەن

بۆ ئەوەی بتوانن یەکگرتن لەگەڵ جیهانگیری بەدەست بهێنن ودەستێوەردانی مرۆڤیش بۆ چاودێری وپاراستنی جێبەجێکردنی ئەو چەمکانە ڕوودەدات. جگە لەوەش، هەڵوەشاندنەوەی بەها وناسنامەی کلاسیکی کەلتوورە نەتەوەییەکان، بەرەوپێشبردنی بەها تاکەکەسییەکانی بەکاربەری ئەمریکی وچەمکە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی وڕەچاوکردنی ئەو بەها وچەمکانە وەک تاکە بنەمای قبوڵکراو بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی لەژێر ڕۆشنایی جیهانگیریدا {أبوهديمه، أبو القاسم أحمد، نابي، عبد الحكيم عمار:/ (٢٠١٦) /المتغيرات الدولية وأثرها على الوطن العربي، مجلة العلوم القانونية والشرعية /العدد٠٩١، ص٨}. سەبارەت بەکاریگەرییە ئەمنییەکان، مەبەستیان ئەوەیە کە هاوپەیمانی ئەتڵەسی (ناتۆ) کە ئەرکی لەشوێنە جیاوازەکانی جیهان هەیە و پێویستیان بە دەستێوەردانی هاوپەیمانییەکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەڕێگەی چەمکی"ڕێوشوێنی دڕووستکردنی متمانە وەک ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی ململانێ ناوچەییەکان، کاتێک وڵاتانی باشوور داواکارییان هەیە لەباکوور لەهەمان کاتدا ئەوانە پشتگوێ دەخەن ڕێکارەکان ئەگەر وڵاتانی باکوور داخوازیان لەسەر وڵاتانی باشوور هەبێت"{المشاقبه، عاهد مسلم، مقداد، صايل فلاح/ (٢٠١٨)النظام الدولي الجديد في ظل بروز القوى الصاعدة: الصين أنموذجاً ١٩٩١- مجلة دراسات العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد ٤٥ ، العدد٢: ٢٧٠ص}. "دیدگای دیپلۆماسی سیستەمی نێودەوڵەتی تازە، زیاتر لەپراکتیک نزیک دەبێتەوە نەک تیۆری، سیستەمی نێودەوڵەتی بە چوار ئاست دەبینێت: ئاستی دووقۆڵی نێوان دەوڵەتەکان، ئاستی ناوچەیی، ئاستی ڕێکخراو وڕژێمە نێودەوڵەتییەکان، پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گشتی"{د ايمن ابراهيم الدسوقي (٢٠١٩) / الدبلوماسية في العصر العولمة بين استمرارية وتغير/مجلة كلية الاقتصاد والعلوم السياسية/ العدد ١ _ مجلد ٢٠/ كلية الاقتصاد والسياسة / جامعة القاهرة – مصر...ص٨}.

هەروەها لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بنەمای جیهانگیری، وئامانجە ڕاستەقینەکانی "دڕووستکردنی جیهانێکی ئایدیاڵ نییە، بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی وهەسارەکەی ئامانجی لە پێشینەی بێت، بەڵکو پێی وایە دیاردەی نەرێنی بۆ ئەم چەمکە هەیە"{د. غازي صلاح أبو العينين / (٢٠٠٧) /الايدولوجيا في السياسات الدولية المعاصرة /مكتبة بروفانس / ط1 _الدار البيضاء المغرب، ص٩٨}، جیهانگیری بەپێی چەند ئاستێک، ئەم چەمکە گشتگیرە پێناسە نەکراوە چونکە لەدەوری چەند ئاستێکدا دەسوڕێتەوە" کەگرنگترینیان سێی سەرەکین:

١ _ لەبواری ئابووری وڵاتانی باشوور کە بە ئامرازی کەپیتالیزم دەبەستێتەوەو بێ ئەوەی ئاکامی باش بۆیان بکەوێتەوە. جیهانگیری کاری دڕووستکردنی زلهێزییە، لەئێستادا، وەک ڕابردوو، لەڕێگەی پێشکەوتنی ئابووری وگەشەسەندنی زانستی وتەکنەلۆژیاوە، "کۆنترۆڵی ئابووری خۆیان وچەمکە سیاسیی وکەلتووری وئایدیۆلۆژیای خۆیان بسەپێنن"{عبد الواحد الناصر (٢٠٠٣) العلاقات الدولية الراهنة/ مطبعة النجاح ط ١ المغرب، ص٩٨}.
٢ _ جیهانگەرایی ئامرازی هەژموونگەرایی ئەمریکاو بیرباوەڕی لیبرالیەتە،"نەک دڕووستکردنی دونیای ئایدیایی ودادسازی ویەکسانی بۆ مرۆڤایەتی هەر بیرورایەکی دیکە بە ناپەسەند دەزانێ ودژایەتی دەکات" {د.عبد الحكيم سليمان وادي (٢٠١٣) / الدبلوماسية في عصر العولمة/ الحوار المتمدن-العدد: ٤٣٢٠}.

٣_جیهانگیری بەپێی چەند ئاستێک، ئەم چەمکە گشتگیرە پێناسە نەکراوە چونکە لەدەوری چەند ئاستێکدا دەسوڕێتەوە "{د. غازي صلاح أبو العينين / (٢٠٠٧) /الايدولوجيا في السياسات الدولية المعاصرة /مكتبة بروفانس / ط1 _الدار البيضاء المغرب، ص١٢} کە گرنگترینیان بریتین لە:
_ ئاستی ئابوری: کە وا دادەنرا کە بنەمای چەمکی جیهانگیری لەم چوارچێوەیەدا یەکخستنی بازاڕەکان و لابردنی هەموو کۆت و بەند و بەربەستەکانی بەردەم جولەی سەرمایە وکاڵا وتاکەکان ولابردنی

**جۆراوجۆره ڕێکار وڕێوشوێنی پاراستن، لەبەردەم جولەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، کە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی پیشەسازی دەکات، بە کردنەوەی هەموو بازاڕەکان بەڕووی هەموو بەرهەمەکاندا لە هەموو وڵاتان، لەم چوارچێوەیەدا، "دەتوانێت بەم مانایە (ئابوورییە) بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە زاڵ بێت بەسەر ئابوورییەکانی جیهاندا و ئەم دووەمیان بکاتە یەک بازاڕی کراوە بەڕووی بەرهەمی وڵاتانی بەهێزتر یان توانای زیاتری کێبڕکێ و سەپاندنی ئیرادە بەسەر لایەنە لاوازەکاندا". ئەمەش خۆی دەبینێتەوە کە نوێنەرایەتی درێژکراوەی بیرۆکە کۆلۆنیالییە کۆنەکان دەکات.**

**_ئاستی سیاسی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: جیهانگیری بووەتە هێمای نیولیبرالیزم، کە گوزارشت لەکۆتایی قۆناغەکانی دژایەتی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ کۆمۆنیزم دەکات، هەروەها دووپاتکردنەوەی سیستەمی تاک جەمسەری کە ڕەنگدانەوەی هەژموونی ئەمریکییە. مافی ڤیتۆ بە شێوەیەکی زیادەڕەوی لە دژی هەرکەسێک کە دژایەتی دەکات یان ڕەتیدەکاتەوە پابەندی داواکارییەکانی بێت بەکاردەهێنێت، ئەمەش بووەتە هۆی نەبوونی ڕۆڵی ڕاستەقینە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان وبێتوانایی لەچارەسەرکردنی کێشە وململانێ نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەلەفی ئەتۆمی ئێران، کۆریای باکور، ململانێکانی کیشوەرەکانی ئەفریقا، سودان وبزووتنەوە یاخیبووەکان لەچادو هەندێک وڵاتی ئەفریقا.**

**_ئاستی سیاسی: بۆ لیبرالەکان، جیهانگیری واتە گشتاندنی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی وسەرپێچی وڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، ئەمەش لەهەندێک لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا دیار بوو، کە ئەوکات پشتیوانیی بزووتنەوە سیاسییەکان بە ئاراستەیەکی لیبرالییەوە، پەیوەست بوون بە ڕۆژئاواوە، لەبەرامبەر هێزە شیوعییە ڕووخاوەکاندا.**

**_ لەسەر ئاستی سەربازی: جیهانگیری لەم چوارچێوەیەدا بە واتای گرنگیدان بە چەمکی ملکەچبوون بۆ لۆژیکی یەک دەسەڵات لە جیهاندا، بە بڵاوکردنەوەی کولتوری ترس، وحوکمڕانی تیرۆر لە ڕێگەی دوو توخمەکەی هێزی سەربازییەوە (فڕۆکەی ئەمریکی وئەوروپی هەڵگران لە چوارچێوەی ناتۆ)، ولە بیرکردنەوەی ستراتیژییەوە لە ڕێگەی**

هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی پێی دەوترێت تیرۆری نێودەوڵەتی کە قاعیدە نوێنەرایەتی دەکات.
_ ئاستی ڕۆشنبیری: لە یەکسانکردنی شێوازی ژیاندا دەردەکەوێت، وەک خۆی دەڵێت: ''بە مانای یەکسانکردنی شێوازەکانی ژیان یان ژیان لە ڕێگەی گشتاندن وبڵاوکردنەوەی کولتوورێکی بەکاربەری یەکگرتوو، کە ئامانجی سەرەکیی دەستبەسەرداگرتنی مێشکەکانە''. بە ئاماژەدان بەوەی کە لە دڵی قسەکانیدا لەو بارەیەوە، بە جۆرێک لە داگیرکاری کەلتووری دەزانێت، کە ئامانجی ئەوەیە کە شێوازی ئەمریکی بەردەوام بکات وبەبازاڕ بکات، هەروەها وڵاتانی جیهانی سێیەم بکاتە ناوچەیەکی ئامانجدار بۆ ئەم کولتوورە بەکاربەرە، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی زەبەلاحی ئەمریکی دەکات کۆمپانیاکان.
_ئاستی جوگرافی: لەم چوارچێوەیەدا جیهانگیری هەوڵدەدات جیهان بکاتە بازاڕێکی بەکاربەری نزیک، کە کاڵاکان بەپێی ڕێککەوتنی CAT هەموو سنوورەکان دەگۆڕن لە هەمان کاتدا بازاڕەکان دەکەنەوە وپارێزگاری لە هاوردەکردن دانەنرێت.
لەم چوارچێوەیەدا، تێکدانی سنوورە سیاسییەکان وکۆتایهێنان بە کۆتایی جوگرافیا، ونەک تەنیا تا کۆتایی مێژوو، وەک فۆکۆیاما دەیبینێت." لەم ڕووەوە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان لە ڕێگەی لقەکانیانەوە لە هەموو وڵاتانی جیهان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، ولەمەشدا، وەک هێزی بزوێنەر سەرهەڵدەدەن.
_ ئاستی تەکنیکی و تەکنەلۆژی: ئەم ئاستە لەگەشەسەندنی تەکنەلۆژیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە بە دەربڕینی ڕاستەقینەی شۆڕشی زانیاری دادەنرێت، دوای شۆڕشی پیشەسازی و ئەم پێشکەوتنە جیهانی کردە یەک یەکە ، و گوندێکی بچووکی جیهانی، وەک پەیوەندی و زانیاری ئامێر و ئامرازەکانی گواستنەوەی ئەلیکترۆنی، وەک ئەوەی سەلماندی کە وێبی جیهانی دەرفەتی بۆ تاکەکان ڕەخساند بە چوونە ناو جیهانێکی مەجازی کە پێی دەوترێت جیهانی" ئینتەرنێت"، کە لە ڕێگەیەوە وڵاتان، کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراوەکان و تاکەکان بۆچوونەکانیان دەربڕن، ڕادەی ئاڵوگۆڕی زانیاری، و ڕادەی پەیوەندی نێوان ئەم لایەنانە.

سیستمی نێودەوڵەتی چەند ئاستێکی ڕێسا ویاسا ڕێکدەخات، هەندێکیان بەشێکن لە یاسا وڕێسای نیشتمانی وناوخۆیی، هەندێکیان ڕێسای گشتیی نێودەوڵەتی و هەندێکیشیان ڕێسای تایبەتن وحاڵەت هەیە تا ئێستا ڕێسایان نییە. بە هەمان شێوە سیستەمی نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی جیاواز بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەچوارچێوەی خۆیدا هەڵدەگرێت. لێرەوە نوێنەری دیپلۆماسی دەبێت لە نێوان هەردوو بوارەکەدا بجوڵێت: سیستەمی یاسایی وچوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان؛ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دانوستان وموزایەدە ولێکتێگەیشتنەوە ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی بگات.

## شۆڕشی تەکنەلۆژیاو دیپلۆماسیەتی تازە

جیهان سێ شۆڕشی گەورەی ناسی، یەکەمیان کشتوکاڵی بوو، دووەمیان پیشەسازی بوو، سێیەمیشیان زانیاری بوو، بەمەش پێکهاتە وهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی جیهانی ونەخشی بیرکردنەوەی مرۆڤی گۆڕی، جیهانی سێیەم "لە باشترین حاڵەتدا جیهانی سێیەم بەخێرایی ئۆتۆمبێلێک بجوڵێت". ئەوا دیپلۆماسییەکەی بەپێی خێرایی کیسەڵێک لە جولەدایە."

داهێنانەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی پەیوەندیکردن سنوورەکانی نێوان وڵاتان هەڵوەشاندەوە ودەوڵەمەندیان کرد لەمیکانیزمەکانی دیپلۆماسی کلاسیکی لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ئامێرانەی کە چوونەتە ناو سنوورە کاتی وفەزاییەکانەوە بۆ ئەوەی چیتر زانیارییەکان بە ڕاپۆرتی باڵیۆز وسەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان سنووردار نەبن ومیکانیزمە تەقلیدییەکانیان. دیپلۆماسی مۆدێرن بووەتە ئەم پەیوەندییە، بەو پێیەی دیپلۆماسییەکی کاریگەر بەبێ شێوازی پەیوەندی تەکنەلۆژی لە وەرگرتن وناردنی زانیاری بە شێوەیەکی ئاسانتر وگشتگیرتر وخێراتر نییە.

گۆڕانکارییەکانی نێو ژینگەی نێودەوڵەتی بە جیهانگەرایی ناسراوەو ئەوەندە کاریگەری لەسەر دیپلۆماسیەت کردوە، تەنانەت دەکری بڵێین تەکنەلۆژیاو شۆڕشی ڕاگەیاندن، کۆڵەگەی ئەو گۆڕانکاریەن بۆ دیپلۆماسیەت، کە:

_ یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی جیهانگیری لەسەدەی بیست ویەکەمدا، ئاڵۆزی زیاتری پەیوەندییە جیهانییەکان وخێرایی گواستنەوەی

زانیارییە لە سەرانسەری جیهاندا. ئەمەش ڕێگەی نوێ بۆ مومارەسەی چالاکییە دیپلۆماسییەکان دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا یارمەتیدەرە لەپەیوەستبوونی بەشداربووانی نوێ بۆی. جیهانگیری وایکردووە جیهانی هەستیارتر بێت بەرامبەر بە قەیرانە داراییە کتوپڕەکان یان ستراتیژییەکان، هەرچەندە لە یەکەم نیگادا پێدەچێت لە ناوچە تایبەتەکاندا چڕ بن. هیچ نموونەیەکی باشتر نییە بۆ ئەمە لە قەیرانی دارایی گەورەی جیهانی ساڵی ٢٠٠٨، کە زیانەکان بۆ نەوەی داهاتووی باجدەران لەسەرانسەری جیهاندا گواسترایەوە.

_ گۆڕانی بازنەی پەیوەندییە جیهانییەکان بە شێوەیەکی مەجازی گەرەنتی ئەوە دەکات کە سەرهەڵدانی پرسە ئەمنییەکان بە هەموو فۆرمەکانیانەوە ڕەنگە لەناکاو ڕووبدات وفۆرم وڕادەیان دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت. لێرەوە بەسوودە کە مەترسییە ئەمنییەکانی بەردەم مرۆڤایەتی بە "فۆرم وڕووخساری زۆر" بزانین؛ بەو مانایەی کە لە هەر ساتێکی کاتدا، تاکەکان وکۆمەڵگەکانیان ڕووبەڕووی توندوتیژی سیاسی یان کەمیی سەرچاوە ژینگەییەکان ببنەوە، کە بە تەنیا ڕەنگە کۆمەڵێک مەترسی لە داهاتوودا دروست بکات. وەک کەمیی خۆراک وقەیرانی ئابووری وبڵاوبوونەوەی تاوان ونەخۆشی وپێشێلکردنی مافی مرۆڤ. لێرەوە، پۆلێنکردنی قەیرانی ئەمنی وەک سەربازی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، یان دارایی، گرنگی ڕووداوەکان، بڕیارەکان، بیرۆکەکان وبیروباوەڕەکانی پەیوەست بە یەکتر کەمدەکاتەوە کە ڕێڕەوی مەترسییەکان لە قاڵب دەدەن.

_ کاتی زۆریان فەراهام کردووە لەگەیاندنی هەواڵ وروداو وپەیام ناردوون ووەڵامدانەوە، لەدیپلۆماسیەتی کلاسیکدا ئەو خێراییە لەبەر دەست نەبووە، بۆ نموونە "لە سالانی سەرەتای هەزارو نۆسەدەکان، تاوەکوو باڵیۆزی فەڕەنسی گەیشتۆتە ستۆکهۆلم مانگێکی ویستووە"، کەچی ئێستا لەرێگەی شۆڕشی راگەیاندن وتەکنەلۆژیا چاوقوچانێکی پێویستە.

_ لە دیپلۆماسیەتی کلاسیکدا ژمارەی دپلۆماسکاران لە دەرەوەی وڵاتان نیشانەی بەهێزی دیپلۆماسیەت بووە، کەچی ئێستا ئەو دیاردەیە ئەو بەهێزیە نیشان نادات. ئێستا بێجگە لەدیپلۆماسیەتی کە لەرێگەی باڵیوزخانەو وئەرکی فەرمی دەکرێ، دەکرێ لەرێگەی هاوتەرییێش

(هەواڵگەری وراگەیاندن وریکخراوە مەدەنییەکان و ....) ئەنجام ببدرێ.

_ ئامانج وجۆروشێوازی ئەنجامدانی دیپلۆماسیەت لەسایەی جیهانگەرایی فرەبووە، ئەگەر جاران ئەمنیەت وبازرگانی وئاشتی وسەقامگیری مەبەست بووە، ئێستا بەشداریکردن لەخۆشی وناخۆشییەکانی دونیا بۆتە هاوبەش، زۆر لەروداوە دەرەکییەکان رەهەندی ناوخۆییان دەبێت وبە پێچەوانەشی هەر راستە. یانی لەبنەڕەتدا تێکەڵاوبوونی روداوەکان Issue linkages هەبوونی هەیە. بەتایبەتی لەکێشە هاوبەشەکانی مافی مرۆڤ ومەترسییەکانی ژینگە ونەخۆشییەکان وبەرزبوونەوەی پلەی گەرمای دونیاو کێشەی تیرۆرو پەنابەران وئاشتی جیهانی.

_ بەربەست وکراوەیی دەرگاکانی گەیاندن لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هێندە خێرا بووە، زۆر شێوازو رێگەی گەیاندنی دیپلۆماسیەتی کلاسیکی نەماوە، ئەوەی لەکۆتایی ساڵانی حەفتا رویدا لەرێگەی هێلی گەرم (تەلەفۆنی راستەوخۆ) لە نێوان جیمس کارتری سەرۆکی ئەمریکی وکاڵاهانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، بێ ئەوەی باڵیۆزی ئەمریکی لە لەندەن ئاگادار بێ، ئێستا ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتە باو بووەو راستەوخۆ لەژورەکان بە رێگەی تلستار پەیوەندی ودانیشتنی دوو قۆڵی وچەند قۆڵی ئەنجام دەدرێن بۆتە جۆرێک لە دیپلۆماسیەتی فەرمی. هەروەها دۆنالد ترامپیش سەرۆکی پێشووی ئەمریکی قاندڕی لە تویتەر گرتبوو، لەبری بەیانی فەرمی وپرێس کۆنفراسەوە، ڕاو بۆچوونەکانی خۆی رادەگەیاند و" مێدیای ئەمریکی بەدرۆزن وبوختانکەر دەزانی، بۆ ملیۆنان کەس راستەوخۆ قسە وپەیوەندی دەکرد "{عبدالحكيم سليمان وادي/ الدبلوماسية في عصر العولمة / المشور في الحوار المتمدن يوم ٢٠١٣/١٢/٢٩}. بووەتە شتێکی باو کە سەرۆکی دەوڵەتان ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی پەیامی ڕاستەوخۆوە پەیوەندی بە یەکەوە بکەن و هەندێکجار - بەڵام هەمیشە نا، دەوڵەت بیرۆکەیەک لەم پەیوەندییە دەدات بە باڵیۆزەکەی و ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵەکەی باڵیۆز وەک بەستەرێک بۆ پەیوەندی سەرۆکایەتی لەنێوان وڵاتەکەی و ئەو وڵاتەی کە باوەڕپێکراویەتی، لەپرسە گرنگە هەستیارەکاندا سەرۆکی دەوڵەتان وتەنانەت وەزیرانی دەرەوەش پێیان باشە لەڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆوە چارەسەری بکەن، هەندێک

جاریش لەڕێگەی سەردانی هاوبەشەوە لەئاستی بڕیاردان ترامپ گۆتەنی(کارێکی سەرسوڕهێنەرە)، بەم شێوەیە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بووەتە توخمێکی چالاک وئەکتیڤ و بگرە بووە شۆڕشێک لەبواری سیاسەت و دیپلۆماسیەت ولەزۆربەی وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتاندا ئۆفیسی تایبەت دانراوە بۆ پەیوەندی خۆشکردن لەگەڵ تاک و رێکخراوە مەدەنی و مێدیاکان، بۆ بیناکردنی باوەڕدان وراکێشانی وەبەرهێنان و گەشتوگوزار لەرێگەی سۆفت پاوەرەوە، بەم شێوەیە سنوور وسەروەری وڵاتان مانایەکی ئەوتۆی بۆ نەماوە وئەرکی دیپلۆماسیەت کە لەکۆنگرەی ڤیەنا ١٩٦١ی بۆ دیپلۆماسیەت و دپلۆماسکارانی دانابوو سنوورەکانی بەزاندوو، ئێستا ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتەش لەنێوان وڵاتان برەوی پێ دەدرێ.

ئێستا دوو جۆرە دیپلۆماسیەت لەسەدەی بیست ویەکدا دەجولێندرێ، لەپەیوەندی دوو قۆڵی وچەند قۆڵی ئەنجام دەدرێ، بەشێکی پاشماوەی دیپلۆماسیەتی کلاسیکییەو لەبازرگانی وئەمنیەت وئاشتەوایی، بەشی دیکەی تازەیەو ئەو روداوانەی کە پەیوەستن بە خەمی هەموو لایەک ومرۆڤایەتی لەبەرامبەریدا بەرپرسیارە. بەهەر جۆرێک لەدابەشکردنەکەی کیسنجەر یاخۆد" نای " ئەنجامبدرێ، ئەوا دەبێ رەچاوی گرنگی وپێداویستی وخواستەکانی دەوڵەت بکرێت، هەر وەک کیسنجەر دەڵێ " کۆمەڵگە لەنێو مێژووە پێش ئەوەی لەناو جوگرافیادا بێ "{ایمن ابراهیم الدسوقي (٢٠١٩) / الدبلوماسية في عصر العولمة بين استمرارية والتغير / مجلة كلية التجارة والعلوم السياسية_ جامعة القاهرة / العدد ١/ مجلد ٢٠ ..... ص ١١٩}.

پشت بەستن بە باڵیۆزخانەکانی نێو وڵاتان کە ئامرازێکی سەرەکیی بوو بۆ پەیوەندی ومامەڵەکردن لە نێوان وڵاتانی جیاجیای جیهاندا، هەروەها "دەرکەوتەی سەروەری دەوڵەتەکە وباڵیۆزەکەش لە توانای خۆیدا وەک نوێنەری سەرۆکی دەوڵەت ودەسەلاتی دەوڵەتەکەی، ڕۆلێکی گەورەی هەبووە. پێگەی ئیمتیازاتی وقورسایی سیاسی لەدەوڵەتی وابەستەی خۆیدا لەم گۆشەنیگایەوە بوو" {د عبدالحكيم سليمان وادي/ الدبلوماسية في زمن العولمة/ المشور في الحوار المتمدن – ٢٠١٣ /١٢/٢٩}، بەمجۆرە گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەستوەردانیان لەکەمکردنەوەی دەسەلات وپێگەی باڵیۆز وباڵیۆزخانەدا کرد.

بەڵام لە ئاستی هەرێمیدا زۆر جار لەرێگەی هاوکاری گشتی، وەک کۆمکاری عارەبی وولاتانی کەنداو کۆنگرەی ئیسلامی دەبێ هەندێ جار هەوڵدەدرێ لەرێگەی دڕووستکردنی هاوکێشەکردنی هێز لە هەرێمێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بەڕێوەدەچێ. لەسەر ئاستی جیهانیش رۆڵ وئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک خۆی نەماوە، لەساڵی ٢٠٠٥ جۆن بۆڵتۆن باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان قسەی کرد وڕایگەیاند کە "نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێکخراوێک بوونی نەماوە، بەڵکوو شوێنێکە کە وڵاتان تێیدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە دەیانەوێت چی بکەن"{ايمن ابراهيم الدسوقي (٢٠١٩) / الدبلوماسية في عصر العولمة بين استمرارية والتغير / مجلة كلية التجارة والعلوم السياسية_ جامعة القاهرة / العدد ١/ مجلد ٢٠ ..... ص ١٢٠}.. واتە ڕێکخراوەکە ڕۆڵی سەربەخۆی نییە وئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە ئەندامەکان دەیبینن. لەلایەکی تریشەوە کەسانێک هەن کەبەرگری لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن ونموونە دەهێننەوە کە ڕۆڵی سەربەخۆی هەیە، دوور لەهاوپەیمانی وململانێی وڵاتانی ئەندام.

نەتەوە یەکگرتووەکان سێ ڕۆڵی هەیە: ئەکتەرێکی نێودەوڵەتییە، سەکۆیەکە بۆ گفتوگۆی نێودەوڵەتی، هەروەها سەرچاوەی دەسەڵات وزانیاری وئامادەبوونە بۆ دەوڵەتە بچووک ومامناوەندەکان. بە واتایەکی تر، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی جەوهەری لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەگێڕێت - نەک تەنیا لەچوارچێوەی سیاسیدا کە ئەنجومەنی ئاسایش وئەنجومەنی گشتی نوێنەرایەتی دەکەن، کە ساڵانە نوێنەرایەتی پلاتفۆرمێکی سەرەکی بۆ سەرۆکی دەوڵەتان دەکات لەکاتی کردنەوەی کۆبوونەوەی گشتیدا لەمانگی ئەیلولدا، کە سەرۆکەکانی دەوڵەت ووەزیرانی دەرەوە لە خەباتدان بۆ پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سیاسەت وداکۆکیکردنیان لەبیرۆکە ودەستپێشخەرییە ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکان. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی نێودەوڵەتی، ئابووری، کەلتووری،کۆمەڵایەتی، کەشوهەوا وزانستیدا ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت. کۆنفرانسە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بوارە جیاوازەکاندا، لە ژینگە ومافەکانی ژنانەوە تا گەشەپێدان، پاڵنەرێکی جیهانییە بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها دەزگا تایبەتمەندەکانی ڕۆڵێکی

سەرەکی دەگێڕن لە پەرەپێدانی هاوکاری نێوان وڵاتان لە بوارەکانی پێشوودا.

## پوختەی باس

ئەو گۆڕانکاریانەنای لەدونیا رویانداوەو سیستەم وژینگەی سیاسیان گۆڕیوە، کاریگەری زۆری کردۆتە سەر دیپلۆماسیەت، کە توخمەکانی درێژەدان بەئەرکی دیپلۆماسی هێشتا زۆرن، بەتایبەتی ئامانجە سەرەکییەکانی، چەمکە بنەڕەتییەکان، بنەماکانی، دووریانەکانی دیپلۆماسی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتەکان دەبنەوە ورۆڵی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان. پرۆسەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی (باڵیۆزخانە)وکونسوڵگەری، هێشتا پێکهاتەیەکی جەوهەری پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکانە. دیپلۆماسی، لەسەدەی بیست ویەکەدا، سەرقاڵی کارنامەی کلاسیکی بووە کە سەنتەری هاوکاری ئەمنی وبازرگانی وئابووریی بەڕێوە دەبرد. بەڵام لەچوارچێوەی هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەی کە پرۆسەی جیهانگیری لەڕەهەندە جیاوازەکانیدا دڕووستی کردووە، چەندین گۆڕانکاری لە ئەرکی دیپلۆماسیدا ڕوویداوە. ئەم گۆڕانکاریانە پەیوەندییان بە میکانیزمەکانی دیپلۆماسی ومەودای جوڵە وئاسۆکانی وپلەی ئاڵۆزی ولابردنی بەربەستەکانی نێوان سیاسەتی ناوخۆ ودەرەوە هەیە. جگە لەوەش گرنگیی تێکەڵکردنی پرسەکان زیاتر بووە، بابەتی نوێ لە کارنامەی دیپلۆماسیدا سەریان هەڵداوە ورۆڵی هێزی نەرم ودەسەڵاتی چەسپاو ودەسەڵاتی تیژ وەک ئامرازێک بۆ کردەوەی دیپلۆماسی گەشەی کردووە. ئەگەر چی لەدەورانی پێشودا دیپلۆماسیەتی کلاسیکی بە نهێنی بەڕێوەدەچوو، بەڵام لەدوای جیهانگەرایی هیچ پرۆسەیەک ناتوانێ خۆی لە شفافیەت ببورێ، ئەوجا دیپلۆماسیەتیش هەمان توانای جارانی نەماوە بە نهێنی بەردەوام بێ. هەروەها ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی جێگیربوونی جۆری تۆڕ ورایەڵە لەبری مۆدێلی کلاسیکییەکەی لەهەرەمی تەوەربەندبووی سەنتەری دەوڵەت لەکاری دیپلۆماسیدا.

لەهەمووی گرنگتر، نەخشە نوێیەکانی دیپلۆماسی هاوچەرخ کریستاڵ بوون، توخمەکانی فەرمی ونافەرمی تێکەڵ کرد، وەک دیپلۆماسی مەجازی، دیپلۆماسی دیجیتاڵی، دیپلۆماسی گشتی نوێ، دیپلۆماسی هاوتەریب (یان دیپلۆماسی لە خوار ئاستی دەوڵەت)، دیپلۆماسی پێکهێنەر، دیپلۆماسی شار وئەوانی تر. هەروەها سروشتی شێوازە هەنووکەییەکانی کردەی دیپلۆماسی، وەک دیپلۆماسی فرەلایەنە ودیپلۆماسی تایبەتمەند، گۆڕانی بەسەردا هاتووە وگرنگی نەخشەکانی دیکە، وەک دیپلۆماسی ئابووری ودیپلۆماسی کەلتووری زیادی کردووە.

## سەرچاوەکان

_ لطفي عبيدي/ الامعان في تباين العالم الجيوبولتيكية والاقتصادية /جريدة القدس العربي _ ١٧ شباط ٢٠٢٣}.

_د عبدالحكيم سليمان وادي/ الدبلوماسية في زمن العولمة/ المشور في الحوار المتمدن – ٢٠١٣/١٢/٢٩.

_ ايمن ابراهيم الدسوقي (٢٠١٩) / الدبلوماسية في عصر العولمة بين استمرارية والتغير / مجلة كلية التجارة والعلوم السياسية_ جامعة القاهرة / العدد ١/ مجلد.٢٠١\.

_ د غازي صلاح أبو العينين / (٢٠٠٧) /الايدولوجيا في السياسات الدولية المعاصرة /مكتبة بروفانس / ط1 _الدار البيضاء المغرب.

_ عبد الواحد الناصر (٢٠٠٣) العلاقات الدولية الراهنة/ مطبعة النجاح ط ١ المغرب.

_ المهندس سليم البطانية/ سلوك وبراغماتية اللامريكية في تعامل مع دول العالم/ صحيفة الرأي اليوم / ٢٥ شباط ٢٠٢٣.

_" {د. آمال موسى/ من دِرووس الثلاث سنوات الاخيرة / جريدة الشرق الأوسط / العدد ١٦١٥٢/ ١٧ شباط ٢٠٢٣

_ ناصر السيد النور/ صدام الحضارات .... ماذا تبقى من النظرية / ١٧ شباط ٢٠٢٣/ جريدة الرأي اليوم.

_ د سعيد محمد أبو عباء (٢٠٠٩) / الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها أنواعها قوانينها / دار الشيماء للنشر والتوزيع / الطبعة الاولى.

_سعيد أبو عباد/ تقيم أداة الدبلوماسية الفلسطينية / دنيا الوطن.

_ جونثان راندل (١٩٩٧) / امة في الشقاق – دروب كردستان كما سلكتها /ترجمة فادي محمود / دار النهار / للنشر بيروت لبنان / الطبعة الاولى.

_ د امال موسى / من دروس الثلاث سنوات الاخيرة / جريدة الشرق الأوسط ١٧ فبراير ٢٠٢٣.

_ لطفي العبيدي/ الامعان في تباين خريطة العالم الجيوبولتيكية والاقتصادية.

_ رامي أبو شهاب / الممارسة الحضارية حضور الصورة .... غياب الأثر.

# بەشی سێیەم

## _مێژووی دیپلۆماسیەت لە سەردەمی کۆنی کوردستاندا

## _ سەرەتای مێژوو ودیپلۆماسیەتکاری لەکوردستاندا

# مێژووی دیپلۆماسیەت لەسەردەمی کۆنی کوردستان

ئەو پێگە جوگرافیەی کە ئێستا پێ دەگوترێ کوردستان، لە سەرەتای مێژووە تا ئێستا، جێ پێ و مەنزڵگەی باپیرانی کوردە ، کاتێ مرۆڤەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس و تۆرۆسدا، کەوتنە جموجۆڵ وچالاکی لە پێناو نان پەیداکردن وقوتی ژیان ودابینکردنی ژیان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا، بەتایبەتی شۆڕشی کشتوکاڵی لەو ناوچانە دەستی پێکردو "یەکەم هەنگاوی نوسین لەلایەن ئیلامییەکان و دوایی لەلایەن سۆمەر و ئەکدییەکان گەشەی پێ درا"{هەڵشەمی/مێژووی ئارامییەکانی کوردستان ،ل١٢١}، پاشان ئاوایی وشار دروستکردن و دامەزراندنی حکومەتی شارو ئیدارەدانی خەڵک و روحانیەت سەرهەڵدان و ماف وئەرکی هاوڵاتیان. هۆشیاری تاک وکۆمەڵگەکەی ئەوسای بەرەو پەرەسەندن هەنگاوی دیکەی نا، "ئەگەر چی تا ئێستا لێکۆڵینەوەی ئەرکەلۆژی وئینترۆپۆلۆجی تەواو نەبووە لەسەر ئەو ناوچانە"{الدکتور جمال رشید (٢٠٠٥) / ظهور الکورد في التاریخ / الجزء الأول – الطبعة الثانیة/ ،ص١٥٢}، لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی بەردەست کەوتووە لەپاشماوەکانی نێو ئەو ئەشکەوتو و شوێن حەوانەوەی ئەو مرۆڤانە وئەو ئامرازانەی بەر دەستیان بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی وئەو تاتە بەردو قوڕانەی کە بە شێوەی مێخەکی نوسراوان، ئاستی هوشیاری ورۆشنبیری پێگەیشتووی ئەو دەم نیشان دەدا وگومان نییە لەگەڵ گەلانی دەوروبەری تێکەڵاوی وکۆنتاکت دروست بووەو بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو هوشیاری وزانیاییە لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوەو لێکتر فێر بن. بەهەموو حاڵەتێک ئەوە دەرکەوتووە کە کوردستان یەکەیەکی جوگرافی وخاوەن پاشخانێکی رۆشنبیری فراوانی هەیە لەچاخی بەردی پێش مێژووە، وەک زێدی باوباپیران ولانکەی سەرەکی مرۆڤایەتی لەدنیا کە بۆ وادەیەکی چەندین هەزار ساڵدا گۆڕەپان وشانۆی سەرەکی بوو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی لەپێشکەوتن وپەرەگرتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

لەگەڵ ئەو رۆل دیتنەی ئەو ناوچەیە وەک سەنتەرێکی گەورەی دونیا کە زۆربەی چاڵاکی ودەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی لەو ناوچەیە ئەگەر بەشێوەیەکی بەرایی لەو ناوچەیەو لەسەردەستی مرۆڤی ئەو ناوچەیە سەریهەڵداوە، لەگەڵ ئەوەش، ئەو مێژووەیان یان شاردۆتەوە یاخۆد دزیوە وخاوەنداریەتیان داوەتە خەڵکی دیکە، ئەوەندەی راشیان گەیاندوە وەک دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ "زۆر کەمی ئاشکرا دەکەن وبۆ تەشویشکردن وشێواندنی راستییەکان رایدەگەیەنن"{د. کمال مظهرأحمد/ (١٩٧٧) / كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ١٥ص}. ئەگەر ئەو ناوچەیە بەهرەمەندی لەنوسین و فەلسەفەو یاساو دەوڵەتداری وهونەرو مۆسیقا، زیاتر بێ، بە تاکید لە بواری دیپلۆماسیەت و سیاسەت و پەیوەندییەکان لەخەڵکی دیکە پێشکەوتووتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەچوارچێوەی ژینگەی ئەوسا بۆ پەیوەندی وئەرک ومەبەست وئامانجەکانی دیپۆماسیەت سوڕاوەتەوە، ناکرێ بەراوردی کەین لەگەڵ رۆژگاری ئێستادا، هەر هێندەیە پەیوەندی باش وخراپ ودۆستایەتی وشەڕکردن بەرێوڕەسمی ئەوسا بەڕێوە چووەو شەڕیان راگرتووە کاتێ پێویست بووە بۆ کێشانەوەی کوژراو تیمارکردنی بریندارەکانیان ویاخۆد کاتێ کە دیاردەیەکی ناسروشتی کە تەفسیریان بۆی نەبووەو لەوە ترساون کە خودا لێیان توڕەیە(رۆژگیران، بومەلەرزە، لافاو، بای بەهێز ......)، شەڕەکانیان راگرتووە، نامەبەری ونامەهێنان لەلایەن دەسەڵاتدارانی دۆست ودوژمن هەر هەبووەو بەڕێزەوەش بە گەرمی بەشێوازی لێکراوەو بەڕێزەوەش بەڕێکراوە، ئەو کات پێشوازیان لەنێردەکان کردیە، تەنیا یەک دوو جار نەبێ کە لەلایەن دوژمنانی کورد ئەو دابونەریتەیان بەزاندووەو کەبەهۆیە شەڕی توندی لێکەوتۆتەوە .

# سەرەتای مێژوو ودیپلۆماسیەتکاری لەکوردستاندا

کاتێ پەڕەکانی مێژووی کۆنی ئەو دەسەڵات و حاکمداری و ئەو ئیمپراتۆرییانەی کە پەیوەندیان بە کورد هەیە، هەڵدەدەیەوە، هەست دەکرێ، ئەوەندە کردەو چالاکییانەی کە بە دیپلۆماسیەت دادەنرێ، تاوەکوو ئەو نەتەوانەی کە لەدوای هەزارەی سێیەمی پێش زاینی بە مەبەستی داگیرکاری هاتینە ناوچەی میزۆپۆتامیاو زاگرۆس و ئەو پێگەیەیی کە ئێستا پێی دەگوترێ کوردستان، ئەو گەلە رەسەنانەیان لەفیکرو شێوازی ئاشتیانەو بە یەکەوە ژیان دوورخستۆتەوەو پتر بۆ خۆ جێکردنەوە لەو ناوچە بەرێگەی شەڕو بە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی بووە، ئیلامییەکان کە رەچەڵەکی کوردن " یەکەم دەستەی مرۆڤ بوون کە نوسینیان داهێنا پێش سۆمەر، لەو بابەتەو دواتریش لای سۆمەرەکان و ئەکەدەکان نوسین پتر گەشەی کرد"، {شاسوار هەرشەمی (٢٠١٨)/ مێژووی ئارامییەکان لە کوردستاندا، ل ١٢١}. لەبەر ئەوەی ئەوانە لەبرسان شوێنگۆڕییان کردوەو لەناوچەیەک هاتوون کە ئاستی شارستانیەتیان خەڵکی زاگرۆس زۆر نزمتر بووە، بۆیە بێجگە لەوەی سەرقاڵیان کردوون بە هێرشی سەربازی وشەڕکردندا، ئەوا ئەوەندەی لەدەستیان هاتووە سەرەتا ئەو دەسکەوتە شارستیانەی کە هەبووە تێکیان داوەو دوایی زەوتیان کردووە وبە دەسکەوتی خۆیان داناوە وبەرۆژی ڕۆناک دزیویانە. گومانی تێدا نییە لەو رەوشە تازەیەی میزۆپۆتامیا، ئەو دابونەریتانەی کە رووبەڕووی ناوچەکە بۆتەوە گۆڕانکاری وزۆر جار بە شێوازی دەرەوەی دیپلۆماسی ئەنجامدراوە بە شێوەکی وەحشیگەرانە بەڕێوە چووە. هەر بۆیە سەرەتا لە قۆناخی کۆیلایەتی ئەو پرۆسەو کردەیانە ئەنجامدراوە وخەڵکێکی زۆریش لە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بە کۆیلەکراون لەئاکامی ئەو ململانێیە ولەبازاڕەکان فرۆشتویانە. فیودالیستی وخێڵەکی، بێ ئەوەی هیچ گرفتێکی بێتە سەر رێگە لەگەڵ یەکدا، یەکدەگرنەوە"لەدوای هەرەسهێنانی بنەماڵەی ئەشکانی، نیزامی کۆیلەداریش لێک بڵاو بۆوەو

نیزامی فیودالستیش پەرەی سەند ئاڵوگۆڕی زۆری لەژیانی کۆمەڵگەو بنەما ئابووری پێک هێنا"{حەبیبوڵای تابانی (٢٠٠٦) / هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد/ وەرگێرانی جەلیلی گادانی، ل١٤}. لەگەڵ سنووردانان بۆ ئەو دەستدرێژی وداگیرکاریانە، رزگاری ئەو خەڵکانە دەستی پێ کردووە لەهەزارەی سێیەمدا، بەم شێوەیە یەکەم هەوڵی رزگاری کۆیلەکان لەسەردەستی زاگرۆسییەکان ئەنجامدراوە بێ ئەوەی شۆڕشی سپارتۆکس کەم بکەینەوە،"ئەوەتا دوای ئەوەی کۆڕشی گەورە کە توانی بابل بگرێت وهەرچی جوولەکەی دەستی نەبوخودنەسر هەبوو ئازاد بکاو بیاننێرتەوە ئۆرشەلیم "{رەحیم سابیر (٢٠٠٥) / مێژووی ماد/ چاپی یەکەم- سلێمانی، ل٢٩}. لەهەمان کاتدا لەزاگرۆس یەکەم هەوڵی شۆڕشی کشتوکاڵی لەزاگرۆس دەستی پێکردوە"هەموو ناوەکانی دانەوێڵە وزۆربەی ئامرازەکانی کشتوکاڵ هەر بەر بەکوردییە"{صلوات گولیاموف (٢٠١٠) / اریا القیمة/، ص ٦٧}، ئەوا سەرەتای بینای سیستەمی فیودالیزمی لێرەدا دەستی پێکراوە، بەتایبەتی خەڵک لێرەدا زەوی وبەرهەمهێنانی ئاژەڵداری وکشتوکاڵی گرنگی زۆری پێدراوە، هەربۆیە لەبەرەبەیانی مێژوودا ئەو سیستەمە لەزاگرۆس هاتۆتە بیناکردن، بەڵام بە تایبەتمەندی وجوداییەکانی خۆیدا. بۆیە لەبری لێکتر حاڵیبوون وتەکامولکردنی یەکتری لەناوچەکە، هێز کاری خۆی کردووە. هەروەها ژنخوازی وژندانە یەک لەنێوان هێزە باڵادەستەکانی زاگرۆس ودەوروبەری ئەنجامدراوە کە کەلتورێکی فیودالیستییە، بۆتە بەشێک لەوهەوڵانە بۆ هاوپەیمانەتی باوەڕبوون بەیەکتری، بۆیە ژن رۆڵی گەورەی لە رەوایەتی گرتنی تەختی پاشایەتی بینیوە " ئەردەشێر کچی یاخۆد کچی مامی بە ناوی(فەڕوخان) ی ئەردەوانی شای هاخامنشینیەکانی لەخۆی مارەکردوەو شاپووری کوڕی بەپێی مێژنووسانی عارەبی وئێرانی وهێرتسفلیدی ئەڵمانی لەو ژنە بووە"{ئارتوورکریستێنسێن (٢٠١١) / ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان/ وەرگێرانی بۆ کوردی – سەلاحەددین ئاشتی/. ١١٥}، هەروەها "کۆڕش مەحرەمیکی خۆی کە خوشکی دایکی (ئامی تیدا) بووە، مێردەکەی کە

ناوی (سپیتامە- ویکیبیدیا) کوشتووە، دوایی خواستوێتی بەس تەنیا لەپێناو گرتنەدەستی تەختی پاشاتییەکەی"{رەحیم سابیر (٢٠٠٥/ مێژووی ماد، ل٥٢). بۆیە ئەو پێشینیانە سەرەتایانەش گۆڕانکاری بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لەزاگرۆسدا هەبوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە ئامرازو شێوازەکانی بەرهەمهێنان ئەنجامدراوە، دیپلۆماسیەتیش لەگەڵ لەوەو پێش گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لەو دەوراندا ئایین خۆی لەناو کۆمەڵگەدا رەپێش کردووە وبۆتە کۆڵەگەیەکی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەدا. "پادشای سۆمەری گۆدیا سوێند بەخوای گۆتییەکان پەیماننامەی لەگەڵ گۆتییەکان مۆرکردیە"{صلوات گولیاموف/ (٢٠١٠) / هەمان سەرچاوە / ، ص٨٥}، ئەوەتا دوای ئەوەی خەسرەوی سێیەمی کوڕی کواد، برازای خەسرەو پەروێز، بووە پادشای ساسانییەکان لەلایەن فەرمانڕەوای خۆراسان کوژرا، کچەکەی خەسرە پەرویز بەناوی (بووران) تاجی شایەتی بۆ ماوەی ساڵ ونیوێک خرایە سەر، "ئەو خاچەی کە باوکی لەبیت مەقدەس هێنابووی، گێڕایەوە شوێنی خۆی جێژنێکی گەورەی لەو شوێنەدا بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دا "{ئارتوور کریستێنسێن (٢٠١١/ ئێرانی سەردەمی ساسان / . ل٦١٨}، هەر ئەو دیفاکتۆیەش رەنگی داوەتەوە نێو دیپلۆماسیەتی ئەو دەورانیشدا، ئەوەتا دوای ئەوەی کەیخسرەوی پاشای ماد هەوڵی دا ئەسکیتەکان بەتەواوی بخاتە ژێر رکێفی خۆی ، پاشماوەی ئەسکیتەکان رایانکردە لای لیدییەکان کە بووە هۆی شەڕێکی شەش ساڵی کەیخسرەو لەگەڵ پاشای ئالیاتی لیدییەکان لە تیسفوون ، "لەدوایین گەرمەی شەڕی ئەو پاشایەدا رۆژگیرا، بۆیە بێجگە لەوەی شەڕیان راگرت بەمەزەندەیان خودا لێیان توڕەبووە، بەناوبژیوانی پاشای سیدنسی کلیلکیەو لا بنێتی پاشای بابل و پەیمانی ئاشت بوونەوەیان بەست و سنوورییان لەگەڵ یەک نیشان کردو کە ئێستا پێی دەگوترێ قزل ئیرمەک و کچی ئالیاتیشیان بۆ کوڕێ کیاکسار(ئاستیاک) خواست."{دیاکۆ دیاکۆنۆف (١٩٧٨) /میدیا / وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی_ بورهان قانیع ،ل٤١+ محمد رسول

هاوار (٢٠٠٦) / کوردی باکووری کوردستان /بەرگی یەکەم / چاپی دووەم ، ل ١٦}. هەروەها پاشای ئاشوور(ئاشووربالت) کچەکەی بۆ کوڕی بورنا بوریاش پادشای کاشییەکان ناردووە، وەک هاوسەر)، وەک رێزگرتنێک وبەرزکردنی پێگەی دۆستایەتی نێوان ئاشوور وکاشییەکان. زۆربەی رێککەوتن وهاوپەیمانەکان لەرێگەی پەرستگایەکان وبە رێوڕەسمی ئایینی وسوێندخواردن بە خواکانیان ئەنجام دراوەو ڕۆڵیان تیادا دیتییە وەک "گودی پاشای سۆمەری لەسەدەی سێزدەمی پێش زاینی بۆ گۆتییەکانی ئەنجام داوە"{صلوات گولیاموف (٢٠٠٦) / اریا القدیمة ،٨٥ص}. لەپەیوەندی دیپلۆماسیدا ژنخوازی سیاسیشی لێکەوتەوە، کاتێ دەیان خواست پەیوەندی بە تین بێ ئەوە بوو لە پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان میتانی ومیسرییەکاندا کاتێ پەیماننامەی ئاشتیان مۆر کرد "ئەمینۆفسی دووەم لە دەورانی ١٤٢٨_ ١٤٠٠ پ. ز. دوای ئەوەی حەوتجار داوای کچی پاشای میتانی (ئەرتاتامای) کرد بۆ کوڕەکەی وئەو ژنەیان پێدا کە بە نفرتیتی ناسراوە لەلای میسرییەکان "{گیرنۆت ڤێڵهێم (٢٠٠٩) / شارستانیەتی خورییەکان/..... وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ئارام جەلال هەمەوەندی، ل ٧١}.

گوتییەکان وکاسییەکان گرنگی زۆریان بە بەخێوکردنی ئەسپ داوە، هەتا لەسەدەی پازدەهەمی پێش زاینی کاشییەکان ئەسپیان وەک دیاری بۆ فرعونی میسری تحوتموسی سێیەم" {صلوات گولیاموف (٢٠٠٦) / اریا القدیمة ،١٢٠ص}، ساسانییە شوانکارییەکان گرنگی زۆریان بە دەست رەنگینی رۆمەکان دا لەبەنداو پردو کاری ئەندازیاری ودرووستکردنی کۆشک تەلارو یاخود لەبازرگانی کەرەستە پێویستییەکاندا، کەڵکیان لێکتر وەرگرتووەو هاوکاری یەک ودوویان کردووە. ئەوەتا لەدرووستکردنی کۆشکی شاری تەیسەفون (مەدائین)، کە بەتاقی کیسرا ناسراوە لەساڵی ٦٣٨ پ. ز، مەزەندە دەکرێ درووستکرابێ دەستی بیناسازییەکانی رۆمانی تیدا زاڵە"چۆستی نینانووسی ئیمپراتۆری رۆمی بەردە مەرمەڕەکانی بۆ ئەنوشیراوانی

ساسانی ناردووه"{حبیبولای تابانی (٢٠٠٦) /هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد /، ل٦١}. هەروەها ئەو نێردراوانەی باڵیۆزخانەکانی ئەوسا لەلای یەک ڕێزو قەدریان زۆر دەگیرا، ئەگەرچی ئەرکەکەیان قوڕس و بەزەحمەت بووە لەبەر ئەوەی شەڕ زیاتە برەوی پێ دراوە لە دیپلۆماسیەت و ئاشتەوایی ، کاتێک باڵیۆزخانە یاخۆد نێردراوێک بۆ هەر مەبەستێک دەهات، ئەو حاکم ودەسەڵاتدارانەی کە دەکەوتنە سەر ئەو رێگایە ئاگادار دەکرانەوەو کە "شوێنێکی شیاو و مێوانداریەکی باشی بۆ دابین دەکرا و کاتێ کە مەبەستی نێردراوەکە ڕووندەبۆوە ، دەگەینرایە لای پادشا و ئەویش شاندێکی دەنارده پێشوازی"{ ئارتوور کریستێنسێن (٢٠١١)/ ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان ، ل ٥٠٥}. لەگەڵ ئەوەش زۆر جار پێشێلکاری ئەو دیپلۆماسیەتییە بووە بەتایبەتی لەلایەن هێزە گەورەکاندا ئەوەتا " ئاشوور بانیپال لە ساڵی شەسەتەکانی پێش زاینی بە پێچەوانەی ئەو دابونەریت وبەهایەی کە لەنێوان وڵاتان باو بووە شاندی نێردراوی ئیلامی گرت وپاشان کوشتنی". {صلوات گولیاموف (٢٠١٠) / آریا القدیمة / .......ت. من الرووسیة الی العربیة_ اسماعیل الحصاف، ص ٢٥٤}. نامە گۆڕینەوەی کاشییەکان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر بە گەرمی ئەنجامدراوە ئەوەتا ئەخناتۆنی میسری) ئامون حوتبی چوارەم لە گەڵ شای کاشییەکان (بورون بوریاشی دووەم)، لە ساڵانی (١٣٧٥_١٣٤٧) پ. ز.، چەندین دیارییان بۆ یەکتر ناردووە"{سامی مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد /، ل٦٣}. لە ساڵانی ٣٦٣دا ساسانییەکان وبێزنتینییەکان بۆ بەرژەوەندی هاوبەش وبازرگانی حەریر لێکتر نزیک بوونەوە، هەر بە پێی ئەو ئاشتەوایی ورێککەوتنەی نێوانیان،"ساسانییەکان لەنوسیبین وشنگال خۆش بوون بۆ رۆمە بێزنتینییەکان ولە دانیشتوانەکانیان چۆلکردن "{كلثومة جميل عبد الواحد (٢٠٠٧) / كردستان في عهد الساسانيين، ص١٦١}. مادەکان وئاشوورییەکان پەیماننامەیکیان مۆرکردبوو لەسەدەی دەی پێش زاین، کە ڕەوشی مادەکانی زۆر نالەبار کردبوو، لەلای دیکە هەندێک لەو مادانەی کە ناکۆک بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مادەکان چووبوونە

نەینەوا ولای پاشای ئاشوورەکان، کێشەی زۆریان بۆ دەسەڵاتداران دروووست دەکرد کە وەک دەوڵەتێکی سەقامگیری یەکگرتوو وبەهێز بۆ مادەکان درووست بکەن تەنانەت لەدەستوەردانی دەرەکی خۆ بپارێزن"{ئیقرار عەلی ییف (٢٠١٦) / پاشایاتی ماد / لەفارسیەوە بۆ کوردی سەلام ئیسماعیل پوور وەریگێڕاوە،٤٢٧ل}. زمانی نووسینی دیپلۆماسی سەرەتا بە زمانی سۆمەری وئەکەدی بوو تاوەکوو سەدەی شەشی پێش زاینی زمانی ئارامی بووە بە زمانی فەرمی، تەنانەت "میدیاییەکان لە ترۆپکی بەهێزیاندا بەزمانی ئارامی نامەیان بۆ یەکدی دەنووسی وکاتێ کە هاخامینشییەکان لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پ. ز. چوونە هیندستان کۆتاییان بەو رێنووسە ئارامییە هێناو پەیرەوی رێنووسێک دەکرد کە پێی دەگوتر (خارۆشتیی)"{شاسوار هەرشەمی (٢٠١٨) / مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان /، ل١٢٣}. بۆیە دەکرێ بگوترێ، سەرەتای شارستانییەت لەمیزۆپۆتامیاو زاگرۆسدا سەریهەڵداوە، نەک لە یونانستانەوە وەک رۆژئاواییەکان دەخوازن گشتگیری بکەن. ئەوەی بیەوێ سەرەتای شارستانییەت بنووسێتەوەو خۆی لەو ناوچەیە ببورێ ئەوا زۆر نابابەتیانە دەردەکەوێ کارەکەی ولەراستیشدا کلیلی هەموو دیاردە شارستانییەکان لە زاگرۆسەوە وبێ ئەوێندەر ناکرێتەوە. راستە دیپلۆماسیەت لە سەرەتادا ساکارو سادە بووە بەڵام، لەسەر بنەمای ئەقل رۆیشتووە، بەڵام لە پراکتیکدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری هێز وبەو توانایە هەنگاوی ناوە، لەگەڵ ئەوەش، بەپێی دیکۆمێنتەکانی کە دۆزراینەوە، نەتەوە زاگرۆسییەکان ئەو پەیوەندییەیان هەڵبژاردووە وگرنگییان پێ داوە. ئەگەر چی گۆنگرەی شەڕەکانی ئەو ناوچەیە لە ناوچەی زاگرۆس وکوردستان ئەنجامدراون، بە ناکاری هەموو هەوڵەکان بۆ سیستەمی دیپلۆماسی گەڕاوەتەوە، تا بگەنە لێک تێگەیشتنێکی وا هەر نەبێ بتوانرێ کوژراو وبریندارانی مەیدانی شەڕ بگوازرێتەوەو ماوەیەک شەڕ لە نێوانیان رابگیرێ "{سابیر مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد/ ، ل ٦٢}. چەندین دەقگەلێک دۆزراتەوە کە گرنگی دیپلۆماسی لەژیانی گشتی وئاڵوگۆڕی پەیام وبۆچوون

ودیالۆگ وپەیوەندی نێوان ئەوان وگەلانی دیکەدا ڕوون دەکەنەوە. کاتێک ئەمینهۆتێپی سێیەم (ئەمێنۆفیس) فیرعەونێکی میسری بوو لەنێوان (١٣٥١_ ١٣٨٨ پ ز) نەخۆش کەوت، پاشای میتانی_ هورییە /کوردەکان/ (تجێرات) لەنەینەوا پەیکەری خوداوەندی ئاشووری (عەشتار)ی بۆ نارد لەگەڵ ژمارەیەک پزیشک وفەلەکناسی خۆی بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی بۆچارەسەر بکەن، وەفدەکە نامەی تایبەتیان هەڵگرتبوو کە پەیوەندییەکانی نێوانی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە پشتڕاست دەکاتەوە بە هیوای باشی بۆ پاشای خواستبوو. ئەگەر دیپلۆماسیەتیش هەبووبێ، ئەوا شەڕیش بەردەوام هەبووەو ململانێکان لەسەر جیوپۆلتیکی ئەوسای کوردستان بۆ ئیمپراتۆرو هێزە گەورەکان هەبووە،" کوردستانیش یەکێ لەو خاڵانەی ململانێی نێوان رۆمانەکان وساسانییەکان بووە لەوانەش ئیمارەتی کوردۆینی (هوزبان) هەولێر لە دەوری ٢٩٧ ز"{د. جمال رشید (٢٠٠٥) / ظهور الكرد في التاريخ، ص ١٧١}.

_ یارمەتی دانی کوردان بۆ جوولەکەکان لەقودس (ئاور شەڵۆم- سەلام لە ئاگر)، کە سەرۆکی وەزیرانی ئیسرائیل ئەوەی دووپات کردووە کە قەت لەبیرمان ناچێ لە مێژوودا دووجار کورد هاوکاری جووەکانیان کردووە یەکیکیان " کاتێ رۆمەکان هێرشیان بردە سەر یەهودا وسامیرە ساڵی ٦٧- ١٧ ی پ. ز. تەنیا ئەدیابین (شاری هوزبان _ حەزەی ئێستا)، هێزو کەرەستەو تفاقی بۆ خەڵکەکەیان نارد"{وریا رەحمانی (٢٠٠٩) / کوردستان وکورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە، ل ٨٨/چاپی یەکەم – چاپخانەی رۆژهەڵات}.

_نامەی ئەردەشێر بۆ ئەنوشیروان

تەبەری لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا (تاريخ الرسل والملوك ل ٨١٧)، باسی لەو نامەیە کردیە کە پاشای ئەشکانییەکان بۆ ئەردەشێری بابکی ناردووە "ئەی دانیشتوی ناو رەشماڵی کورد تۆ لەرەوشتی خۆت لاتداوەو

**بەدەستی خۆت بۆ مردنی خۆت دەگەڕێی، کێ ڕێگەی بە تۆ داوە، ئەو تاجە بکەیتە سەرت وئەو وڵاتە بخەیتە ژێر دەستی خۆتەوە"، {محمدرسول هاوار (٢٠٠٦) / کوردو باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی / بەرگی یەکەم – چاپی دووەم / ،ل٤٢}.**

## سەرچاوەکان:


_ حەبیبولای تابان (٢٠٠٦) / هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد /وەرگێرانی جەلیل گادانی /بەرگی دووەم – چاپخانەی تیشک –سلێمانی.

_شێخ محمد مەردوخی کوردستانی (٢٠١١) / مێژووی مەردۆخ_ مێژووی کوردو کوردستان / وەرگێرانی زانەر محەمەد/ چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر/ چاپی یەکەم.

_ئی.م. دیاکۆنۆف (١٩٧٨) /میدیا/ وەرگێرانی لە فارسیەوە بورهان قانیع /دار العرية للطبع- بغداد.

_رحیم سابیر (٢٠٠٥) / مێژووی ماد/ چاپی یەکەم/ لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی رێنما/ چاپی یەکەم- سلێمانی.

_ مێجەر سۆن (٢٠١٨) /گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیاو وکوردستان لەبەرگی نادیاردا / مینە لە ئینگلیزیەوە وەرگێراوەتە سەر کوردی / لەبلاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار- سلێمانی /چاپی یەکەم.

_ شاسوار هەرشەمی (٢٠١٨) / مێژووی ئارامییەکان لە کوردستاندا – حەرانیی، جو، سریانی، ئاسوری، کلدانی / چاپخانەی تاران.

_ پارێزەر سابیر مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد شێکردنەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، یاسایی /چاپی یەکەم _ نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە _ هەولێر.

_ئیقرار عەلی یێف (٢٠١٦) / پاشایەتی ماد / لەفارسیەوە سەلام ئیسماعیل پوور / چاپی یەکەم – چاپخانەی تاران / ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٦.

_محمد رسول هاوار (٢٠٠٦) / كوردو باكووری كوردستان لەسەررەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهان / بەرگی یەكەم هەتا كۆتایی شەڕی یەكەم/ چاپی دووەم _/ سلێمانی.

_ ئارتوور كریستێنسین (٢٠١١) / ئێرانی سەردەمی ساسانییەكان / وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ كوردی / سەحەدین ئاشتی / چاپی دووەم _ بنكەی ژین – سلێمانی – چاپخانەی شڤان.

_گێرنوت ڤێلهێم (٢٠٠٩) / شارستانیەتی خورییەكان (یەكێک لە نەتەوەكانی كوردستانی كۆن) / وەرگێراانی لە عارەبییەوە بۆ كوردی – ئارام جەلال حەسەن هەمەوەندی /اپخانی خانی-دهۆک/ چاپی یەكەم

_ وریا رەحمانی (٢٠٠٩) / كوردستان وكورد لەروانگەی نەخشەوانییەووە/چاپی یەكەم – چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولیر.

_تەها باقر (٢٠١٨) / سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەكان- كورتەیەک لە مێژووی شارستانێتی نێوان دوو رووبار/لەعەرەبییەوە كردیتیە كوردی- عوسمان عەزیز عەلاف – ئەفراسیاب رەشید كەریم / بەرگی یەكەم چاپخانەی تاران – ناوەندی تۆژینەوەی مێژووی جەمیل رۆژبەیانی٢٠١٨.

_صلوات گوليامو ف /(٢٠١١) / آريا القديمة و كوردسستان الابدية ( الكورد من اقدم الشعوب) / ترجمه من الرووسية الى العربية – د. اسماعيل حصاف / مطبعة روژهەلات – هەولێر –الطبعة الاولى .

_عبدالرقيب يوسف (٢٠٠٥) / حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف سنة –- وما ترتب على الحاقها بالعراق/ الطبعة الاوللى / وزارة الثقافة والاعلام _ سليمانية – مطبعة شڤان .

**_ د. جمال رشيد (٢٠٠٥) / ظهور الكرد في التاريخ – دراسة شاملة عن خلفية الامة الكردية ومهدها / الجزء الأول / الطبعة الثانية / مطبعة وزارة التربية /اربيل.**

**_ كلثومة جميل عبد الواحد (٢٠٠٧) / كردستان في عهد الساسانيين ٢٢٤_٦٣٠ م – درسة عن الحياة الدينية والاجتماعية والاقتصادية / االطبعة الاولى / مطبعة وزارة التربية.**

# بەشی چوارەم

_دیپلۆماسیەتی دوای هاتنی ئیسلام.

_دیپلۆماسیەتی دەسەڵاتە کوردییەکانی دوای سەدەی دە تا سەدەی هەژدەی زاینی.

_دیپلۆماسیەتی میرنشینە کوردییەکانی سەدەیی هەژدە تاکو سەدەی نۆزدە.

_دیپلۆماسیەتی کوردستانی دوای ڕووخانی میرنشینەکان لە سەدەی نۆزدەوە تا سەدەی بیست.

## دیپلۆماسیەتی دوای هاتنی ئیسلام

## سەدەی حەفت تا دەی زاینی

بەر لەهاتنی لەشکری عارەبی ئیسلام، نیشتیمانی کورد بەسەردوو ئیمپراتۆریەتی گەورە (ساسانی و بیزەنتی) دابەش ببوو، هەرچەندە بەردەوام گۆڕانکاری تیادا ڕووی دەدا بەڵام بەشی هەرە زۆری پانتایەکەی وەبەر ساسانییەکان کەوتبوو کە هەندێ دیکۆمێنتی مێژووی هەیە، پادشاکانی ساسانییەکان هەر بۆ رەچەڵەکی کوردە شوانکارەکانیان دەگێرنەوە، ئەوەش ساغکردنەوەی لە ئەستۆی مێژوونووسانی کوردە، لەراستیدا شەڕێکی بای خۆی گەرەکە."لەبەر پێگەجوگرافی و تۆبۆگرافییە سەختەکەی بەردەوام کلیلی زارکی دەرگای سەرەکی ستراتیژی بووە بۆ رۆژئاواو بە پێچەوانەکەشی هەر راستە. خاوەنی ئابوورییەکی دەوڵەمەند، بە تایبەتی لەبواری کشتوکاڵی وسامانی ئاژەڵی "{شوان عوسمان مستەفا (٢٠٠٢) / کوردستان وپرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، ل ٣}. بە هاتنی لەشکری عارەبی خۆ بە ئیسلامزان بۆ کوردستان، گۆڕینی دەسەڵاتی هەردوو ئیمپراتۆرەکانی ساسانی و رۆمی، ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردی لە عارەبە داگیرکەرەکان پێشکەوتووتر بوون، بەڵام ئەو سیستەمەی پێش ئیسلام کە دەسەڵاتدار بوون لە کوردستان ، لە لوتکەی گەندەڵی و زوڵمکاریدا دابووینە، هەر بۆیە، هەلومەرجی سیاسی وئابووری وفەرهەنگی وبگرە کۆمەڵاتیشی گۆڕانکاری گەورەو بنەڕەتی بەسەردا هات، لەلایەک لەرووی روحییەوە ئەو ئایینە تازەیە(ئیسلام) لە روحیەتی کورد دوور بوو، زمانی عارەبی نامۆ بوو بە کوردستانیان ،لەرووی شارستانییەت وپێشکەوتندا جودایی زۆریان لەنێودا هەبوو،"کورد لە ئاستێکی ئابووری وسیاسی وشارستانی پێشکەوتووتر بوون لەو ژینگەیەی کە عارەب لێی هاتوون"{شوان عوسمان مستەفا(٢٠٠٥)/ هەمان سەرچاوەیی سەرەوە ، ل٤}، ئەو عارەبانە بۆ خۆ رزگارکردن لە قەیرانی ئابووریدا هانایان بۆ

پەلامارداني ئەو ناوچە دەوڵەمەندانەی دەوروبەری خۆیان دەهێنا، ئەگینا بۆ بەرفراوانکردن وکەمتر زیان بەداگیرکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەفریکاو وڵاتانی دەوروبەری خۆیاندا جێبەجێ دەبوو، کەچی ئێران وکوردستان وقەوقازو ئەنادۆلیان هەڵبژارد نەک یەمەن وحەبەشە. کۆمەڵگەی کوردی کۆیلایەتی وبتپەرستی تیا نەبوو" نیزامی کۆیلەداری لەکوردستان نەبووە"{حەبیبوڵای تابانی (٢٠٠٦) / هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد/وەرگێرانی جەلیل گادانی ، ل ١٣}، لە قۆناخەکانی سەرەتایی فیودالیستی وکشتوکاڵی پێشکەوتوو دا بوون، کەچی عارەب بەس راوەڕوت و شەڕ و داگیرکردنی ناوچەی دیکە لێ راهاتبوون .لە زهنیەتی کۆیلایەتیدا گۆش ببون، دوو جیهانی لێکتر جودا بە ناوی ئایین وشەرعدا لێکتر بەستراو ئەو هێرشەیان هێنا وخەڵکیان خستە بەردەم دوو بژاردە،"یان لەدار السلام بی یاخۆد بچێتە دار الحرب" ، یان بوون بە ئیسلام یان شەڕکردن ، لەبەر ئەوەی "ئاینی زەردەشتی بە ئاگر پەرست وشەریک دڕووستکردن بۆ خودا دادەنا" {ساڵح قەفتان(٢٠٠٩) / سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی/ ، ل ١٣٢}، جەزیەیان قەبوڵ نەکردووە بەڵکوو یان کوشتن یان ئیسلام بوون بژاردە بووە. ئەوەی چارەبوو بۆ کورد لەلایەن عارەبەوە یان شەڕ وشیر وەشاندن بێ، یاخۆد وەل شۆڕکردن بۆ خواستەکەیان، هەردوو حاڵەتیش هەم زەحمەت بوو هەمیش هەڵبژاردنی سەخت وناهەموار بوو، یان جیهادو غەزەوات یاخۆد شەڕ کردنی ئیسلام. "لە پێناو شەرەفی ئەو ئایینە وبۆ بەرزڕاگرتنی خەلافەت دەچوونە ژێر چەکداری ئیسلام وبینای نەتەوەیان خستۆتە مەترسیەوە، کورداتییان لەو پێناوە بەخت کردووە"{سالح قەفتان (٢٠٠٩) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٣٥}. لەلای دیکە ئیسلام وەک "ئایدیولۆژیایەک لە بان نەتەوەوە وبێ گوێدانە زمان ورەگەزو رەنگ، لەژێر یەک سێبەری دەسەلآت ودروشمی بانگەشە دەکرد وشەرعی دەدا کەچی لە ناوەخندا خێڵەکی نەک نەتەوەیی، هەرچی کوردەکان بوون هەم ئازادیخوازو هەم پێشکەوتنخوازتر بوون لە عارەبەکانی ئەو کات، بۆیە چینەکانی خوارێ ژیانێکی پر ناسورو بە ئازاریان بردۆتە سەر لەگەڵ

ئەو قەومە بیابانیە، کە پشتیان بە باوەڕ بوون بە یەک خوداو پەیامی محەمەد وەک پێغەمبەر "{نەوشیروان مستەفا ئەمین / (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم، ل ١٧٨}.

ئەو هەلومەرجە تازەیە، بێجگە لەوەی دەسەلاتی لەچینی سەردەستی وفیودالیستە گەورەکانی کورد بڕیاردانی زەفت کردبوو، ئەوا چینەکانی خوارەوەی کوردستانیش بەجارێک جەورو ستەمی یەکجار لەسەر دانابوون. لەراستیدا هەر لەگەڵ هەڵمەتەکە بیری ئەمەوییەکان بە هۆی نەتەوە پەرستی ورق بوونەوە لەموالی (موسڵمانی غیری عارەب) بەرچاو دەکەوت، لەبەر ئەوەی لەکشتوکاڵ وبەخێوکردنی وڵسات تێنەگەیشتن، هەر جەزیەو سزای ئابووری لایان گرنگی زۆری پێ دەدرا. لەگەڵ رۆژگار وخۆ گونجاندی رەوشەکە بژاردەیەک لە فیودالست وپیاوانی سەرۆک تایفەو عەشیرەت پەیدابوون، هەوڵیاندا بۆ خۆگونجاندن ولەدەست نەدانی دەسەلاتی لۆکاڵی لەگەڵ دەسەلاتی ئیسلامی خۆ نزیک بکەنەوەو وەک پێشەی هەمیشەی فیودال هەر خەریکی بەرژەوەندی خۆیانن نەک بەرژەوەندی گشتی"{حەسەن مەحموود حەمەکەریم (٢٠٠٧) / کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا/ چاپی چوارەم – لەبڵاوکردنەوەی پرۆژەی تیشک -٤/، ل٦}. ئەوەی کەلەو خۆنزیککردنەوەی دەکێشانەوە، جیهاد وغەزای ئیسلام بوو وەک روکنێکی ئەو ئایینە، دەبوو هەرکێی لە دار ئەلئیسلامدا بێ لە هەوڵ وتەقەلای بەردەوام دابێ لە پێناو بەرفراوانکردنی سنووری دەسەلات وپانتایی خانەی ئیسلام. ئەوە ئەرکە ئاینییە لە سەدری ئیسلام وپاشان لە سەردەمی ئەمەوی وعەباسیدا، کەدواتریش تورکە عوسمانییەکان بەکاریان هێنا، وەک بنچینیەک بۆ دامەزراندنی قەڵەمڕەوی ئیسلامدا بەکار هات"{نەوشیراوان مستەفا ئەمین (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم، ل ١٧٨}. کێشەی لەوەش گەورەتر هەر جودابوونەوەیەک لەو دەسەلاتە ئیسلامییە پشت بەستوو بە شێر ورم وەشاندن، " دابڕینی بەشێ لەقەڵەمڕەوی دار الاسلام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاوازی سەربەخۆ

لە دەسەلاتی خلیفە _ سوڵتان لەسەر بنچینەی نادینی بە دەرچوون لەدین ئەژمار دەکرا"{نەوشیراوان مستەفا (٢٠٠٥) / هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨}. هەر بۆیە ئەگەرچی وێنایەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو دەورانەی کۆمەڵگەی کوردی نازانین بە وردی پوختی، کوردۆلۆژیەتی ئەو دەورانەش نەیان توانییوە بە زانستی وفرە لایەنیدا. راستی رووداوەکانی ئەو دەورانەی ئەو مێژووە روون بکەنەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کورد نیشتیمانەکەی داگیرکراو بە کۆمەڵ رازیبوون ببنە موسڵمان ، بەپێی لاوازی و بەلانسی هێز لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی خەلیفە مامەڵەیان کردووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەرێگەی هەندێ نووسەری عارەبی"تەبەری، ئیبن ئەسیر، ئیبن ئەعسەم، ئیبن مەکسویە، ئیبن کەسیر،.....، هەندێ لایەنی کۆمەڵگەی ئەوسامان بۆ ماوەتە "{حەسەن مەحموود حەمەکەریم (٢٠٠٧)/ کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا/ ، ل١٠}، لەگەڵ ئەوەش دەبێ دان بەو راستییە بنێین کە دیپلۆسیەت بەپێی ئەوەی سەردەستەکانی کورد سەرۆک خێڵەکان و فیودالستەکانی ئەوسا بوون وهەر بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی و تایبەتی خۆیان ئەو کردەیان بەڕێوە بردووە، بەڵام دەبێ ئەو راستیەش نەشێرینەوە کە ئەو فیودالیستانە خواستی رزگاری و سەربەخۆییان هەبووە، بەڵام شەرعیەتی ئایینی ئیسلامی زۆر توند بووە لەسەر داپران لە دەسەڵاتی خەلیفەو بە هەڵگەڕانەوە لە ئایینیان ئەژمار کردووە، بۆیە هەوڵیان داوە لەو تۆمەتباریکردنە خۆ لابدەن و دوای دوو سەدە بانگی لێ بدەن، سەرهەڵدان و پشتیوانی لە بزووتنەوەی خەواریج و خوڕەمییەکان و .....نیشانەی ئەو نارەزایەتی و جۆرە غافڵکردنەی دەسەڵاتدارانی ئەوسا بووە .

# دیپلۆماسیەتی دەسەڵاتە کوردییەکانی

## سەدەی دە تا هەژدەی زاینی

ئەگەر چی خواستی نەتەوەیی لەئاکامی برەودان بە خواستی ئایینەوە پوکا بۆوە، داواکردنی سەربەخۆبوون دەیان ئاستەنگ و کێشەی دەکەوتە پێش، لەسەروی هەموویانە لایەنی شەرعی ئیسلامی کە مەکروفی بووە لەدەسەڵاتی خەلیفە دەربچێ و بە لادان لە دین و کافر بوون حساب دەکرا، ئەوجا شێوازی مامەڵەکردنی توندڕەویگەرانەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لەگەڵ ئایینی زەردەشتی کە زۆرینەی کورد لەپێش ئیسلام لەسەر ئەو ئایینە بوون، هەر داخوازییەک بۆ سەربەخۆیی بە ناوی گەڕانەوە بۆ ئاگرپەرستی ئەژمار دەکرا، ئەوجا هێزی خیلافەت لەگەڵ هێزی کورد بەراورد نەدەکرا. بۆیە ئەرستوکراتیەتی و ئەشرافەکانی کوردی ئەو سەردەمە کە پتر لە لێپرسراوانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسان بوون ئەو جوداییەیان لەنێودا لەسەر بنەمای نەتەوە نەبووە، لەئیسلامیش دەگوترا بەڵام لە بەجێگەیاندندا تیرەو هۆز رۆڵی هەبوو، ئەوجا ئاغا و مولکدارو سەردار و سەرۆکی خێڵە کوردییەکان، کە ئەوانیش لەرووی سیاسیی و ئابوورییەوە لە بەرژەوەندییەکانیان درابوو، هاوکێشەکەیان باشتر خوێند بۆوە لە هەراوی خەڵک، بۆیە خۆ ماتکردنی کاتی، کە پتر لەسەدەیەکی خایەند، لەبەگژداچوونەوە ودەستڕاستکردنەوە لە لەشکرێکی وا هوڤیانە و مامەڵەکردنی زهنیەتێکی بیابانی لەگەڵ میللەتێکی خاوەن شارستانیەت، رازی بوون بە دیفاکۆتەکەیان ، پێ باشتر بوو. ئەوەبوو پتر هەوڵیان دا تەفاعول لەگەڵ ئەو روداوە گەورەی سەرە خۆیان بکەن، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ بەهۆی ئەو ئاراستەیە، بیرۆکەی خۆ رزگارکردن لەدەسەڵاتی بێگانە لەمێشکیان سڕا بێتەوە، تا ئەو کاتە جولەی سەربەخۆکردنیان نەکرد تاوەکوو عارەب لەت بوون وکەوتنە دووبەرەکی ودژایەتی لەنێوان خۆیاندا. ئەو دەرفەتەیان قۆزتەوەو هەوڵیان بۆ رزگاری ونەجات بوون لەدەسەڵاتی عارەبی

بێگانە خستە گەڕ. ئەوەی لێرەدا لەکاری دیپلۆماسی هاتە پێش، دیسان هەمان هۆکارە کە تا ئێستاش کورد لەبنی دەرنەچووە ، بە تایبەتی لە نەبوونی یەک سەرکردەی نیشتیمانی کاریزمایی، کە بتوانێ هەموو کورد وخەڵکی ناوچەی کوردنشین کۆ بکاتەوەو بەرەو قەوارەیەکی سەربەخۆیان ببا، ئەگینا، "بۆچی سەفەوییەکان لەدەرەوەی زێدی خۆیان و بەرامبەری خەڵکانێکی لەبنەچەدا کوردا(بنەماڵەی سەفەوییەکان / وریا رەحمانی /کوردستان و کورد، ل ١١١)، ئاق قۆینلۆ وقەرە قۆینلۆی تورکمانی بتوانن قەوارە بۆ خۆ دروووست بکەن وببنە ئیمپراتۆریەت، کەچی دۆستەکی وحەسنەوی وشەدادی و عەنزی وسالاری و رەوادی و مەروانییە هوزبانییەکان نەتوانن لەسەر زێدی باوک و باپیرانیان ئەو دەوڵەتە دروووست بکەن . لە کاتێکدا رەسەنایەتی لە ناوچەو مێژوویکی پڕ سەروەری ونەبەردی فراوان، سەرکەوتوو نەبێ وتا ئێستا هەر بێ دەوڵەت بمێنێتەوە. میللەتێکی خۆڕاگری خاوەن بەرخودانی بێ قسوور. دەردی سەرەکیشیان ئەوە بووە، کە خۆخۆری یەک بوون ویەکێتی خۆیان نەپاراستوەو ئەوەی لەشەرەفنامەو وشیعرەکانی ئەحمەدی خانێ وحاجی قادری کۆیی هاتووە نە ئەو دەمان ونە ئێستاش لە فکری داین. نەتەوەی دواکەوتوو نرخی زەمەن وساتی گۆڕانکاری بەهەند هەڵناگرێ و "گرنگی بەشتە شەخسی وتایبەتییەکان دەدا پتر لەبەرژەوەندی گشتی هۆشی سیاسییان نەبووە کە دوارۆژی دەسەڵاتەکانیان پەرەپێ بدەن"{ساڵح قەفتان (٢٠٠٩) / سێ لێکۆلینەوەی مێژوویی، ل ١٣٨}، ئەبوموسلیمی خوڕەسانی، کەریم خانی زەندی، سەلاحەدینی ئەیوبی، خۆیان دەوڵتیان ڤیتکردەوە، بەڵام لە خاکەڕایی وسادەیی بێ حسابی خۆیاندا بۆ ماوەیەک ئەو دەوڵەتەیان جاڕ داوەو دوای ماوەیەکی کەم یاخۆد نەمانی خۆیان دەوڵەتەکەشیان ئاوا بووە. ئەوە دەردەکەوێ کە سەرانی کوردی ئەوساو ئێستاش، باش بیریان لەخۆ و هەڵە مێژووەکانیان نەکردیتەوەو هەر لەکاری سیاسی ودیپلۆماسیدا لە ستراتیژە نەتەوەیی ونیشتیمانییەکە دوور بوون وخۆش باوەڕ بوون بە دوژمن، دۆست ودوژمنەکانیان لێ تێکەڵ بووە، بۆیە دیپلۆماسیەت

وسیاسەتە ناوخۆییەکەیان لەئاستی عەقڵی لۆکاڵیەت دەرنەچووەو بێ ستراتیژیەتی نیشتیمانی ئەنجامیان داوە. لەسەدەی دەیەمدا ئەو بیرۆکەیە لەلای هەندێک لەسەرۆک و سەردارانی کورد جولا، بەڵام بە لۆکالیەت و لەچوارچیوەی خێڵەکییەت و ناوچەگەریدا، ئەوەبوو لە" سەردەمی خەلیفەی عەباسی موعتەسەم بیلاهدا دەوروبەری ٨٤٨ ز کوردەکانی دەوروبەری میسل لە ساڵی ٢٩٣ کۆچی_ ٩١٥.ز، ڕاپەڕین لەخەلیفەی عەباسی بە سەرکردەی ئەمیر محەمەد عەبدولا هەزارمێردی هوزبانی کە خەریکبووە میسل رزگار بکەن لە دەسەڵاتی خەلیفەو حەمدانییەکان، لەدوای شەڕێکی قورس، هوزبانییەکان شکان وکشانەوە دەوروبەری ئازربیجان"{ساڵح قەفتان(١٩٥٩)/ سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ل ١٣١}. هەر لەوێش هوزبانییەکان، میرنشینێکیان لەناوەڕاستی سەدەی دەیەمی زاینی دروستکرد بەناوی رەوادییەکان، کە پایتەختەکەی ئەردەبیل و دووەم شاریشی مراغە بوو"{دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)/ سەرهەڵدان و روخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا / جەوهەر کرمانج لە عەرەبییەوە کردیتیە کوردی / چاپی یەکەم – سلێمانی، ل ٣٦} هەروەها هەوڵەکانی بابەکی خوڕەمی، دەوڵەتی سالاری لە ٢٣٢ ک ، لە ئازربیجان پەیدا بووە کە ئەمین زەکی بە یەکەمین دەوڵەتی کوردی ئەوسای دادەنێ {ئەمین زەکی بەگ(٢٠١٨)/ خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، جلدی دوو، ل٤٢٥}."دەیلەمییەکان کە بەڕەچەڵەک کورد و بە مەزهەب شیعە، هەوڵی داوە تەواوی ئازربێجان بگرێ، کەچی لە ٢٣٢ کۆچی تووشی پەلاماری حەمدانییەکانی نزیک میسل بۆتەوەو نەبەردانە لەبەرامبەریان جەنگاوە"{سالح قەفتان/هەمان سەرچاوە،ل١٤٢}. هەروەها لە زنجیرە چیای زاگرۆس "حەسنەوییەکان لەساڵی ٩٥٩_٩٦٠ز قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆیان لەو هەرێمە دامەزراند"{دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)/سەرهەڵدان و روخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستاندا / جەوهەر کرمانج لەعەرەبییەوە کردیتیە کوردی/ چاپی یەکەم – سلێمانی، ل٣٦}، هەروەها چەند ساڵێک دوای ئەو میرنشینە

کوردییه"میرنشینی ئەنزییە دامەزراو لەسەر دەسەڵاتبوونیان لە ناوچە کوردییەکان ململانێیەکی توندیان ئەنجامدا"{د.سەعدی بەشیر ئەسکەندەر (٢٠٠٤)/ هەمان سەرچاوە، ل٣٧}.ئەو دەسەڵاتە گەیشتبووە شارەزور و دینەوەرو کرمانشان وئەلوان و خانەقین هەبوو . ئەوەی دەکرێ باسی لێوە بکەین "ئەو میرنیشینانە، گرنگیان بە پەیوەندییەکانی دەرەوەیان دەدا، پەیوەندیان لەگەڵ بێزنتین وعەباسی و فاتیمییەکان پتەو بوو"{دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)/سەرهەڵدان وروخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا / جەوهەر کرمانج لە عەرەبییەوە کردیتیە کوردی / چاپی یەکەم – سلێمانی ،ل٤٠}، لەو ماوەدا زمانی عارەبی ببووە زمانی فەرمی هەموو دونیای ئیسلامی بە کوردەوەش، کۆچکردنی و جێگۆڕکێیەکی زۆر پەیدا بووە لەلای خێڵە کوردەکان بەهۆی جەنگ و هەڕەشەی دەوروبەردا، ئەو زانیاریانەش لە سەرچاوە عارەبییەکان هاتووە لە سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی یازدەم،"لەکتێبی القلاع و الأكراد المدائن(٧٥٢_ ٨٤٣م)، ئیبن نەدیم لە فهرەست وئەبا يقظان وئەلوافیدی وبلادزی ٨٩٢م ئیبن ئەعسەمی کوفی ٩٢٦ کۆچی وتەبەری ٩٢٣ ز، ابن الاثير ١٢٣٣ زاینی و ابن الكثير ١٣٧٣ ز. ابن خەلدون ١٤٠٦ز. هەروەها دینەوەری ٨٩٥ز و ئەلیعقوبی ٨٩٧ .زو مەسعودی ٩٥٦. ز ابن المسكويه ١٠٣٠ز "{ ئارشاک پۆلادیان (٢٠٠٥)/ کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم ،ل ١٠}، کەگرنگی زۆریان هەیە لەسەر راپەڕین بەگژداچوونەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمەوی وعەباسییەکاندا، بارو ژیانی و گوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیاندا، تێکڕای باس لەوە دەکات کە لەناوخۆدا، کورد یەکگرتوو نەبووەو زۆر جار شەڕی ناوخۆییان بەقەد دەسەڵاتداران خۆیان پێ لاواز کردوە و گەلەکۆمەکی دەوروبەر، دەنا هێرشی ڕووسان و خێڵە تورکمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست ( قرە و ئاق- قۆینلۆکان)، عارەبە حەمدانییەکان ، ..... ، نیشانی ئەوە دەدا کە لەیەک کورد یەک رابەرو یەکگرتوو نەبوون بێ بەرنامەو خوێندنەوەی هاوکێشەی هەرێمی و بە

لۆکاڵی هەوڵی سەربەخۆیی کوردانیان داوە. لێرەدا دەکرێ باس لە دەوڵەتی دۆستەکی بکەین کە لە ساڵی ٩٨٢ ز لەسەردەستی بادی دۆستەکی دامەزراوە،" دیوان نامەو دارشتنیان دروستکردوە کە بەشێوەیەکی سادەو ساکار دیپلۆماسیەتیان بەڕێوە بردوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوسای دەروجیراندا"{عبدالرقيب يوسف (١٩٧٥) / حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى/ ج٢، ص١٢٩}. دۆستەکیان پەیوەندیان لەگەڵ عەباسی، فاتیمی ، بێزەنتی وسەلجوقی، نوێنەریان لەکاتی بۆنەکاندا وەک نوێنەری میرو یان سوڵتان بووە بەشداری ڕێورەسمە فەرمییەکانی یەکتری کردووە، ئەو هاموشۆیە ودیاری بردن وبەشداری بۆنەکان لەرێگەی دیپلۆماسیەت بەڕێوە چووە"{سابیر مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد ، ل ٧٤}، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتانی دیکە هاوپەیمانەتی ورێککەوتنیان بۆ ئاشتی ئەنجامداوە، عەباسییەکان،فاتیمی وبویهی وبیزنتینییەکان، میرنشینەکانی ئەلحەمدانی وئەمیری ومرداسییەکان،"، {عبدالرقيب يوسف (١٩٧٣) / حضارة الدوستكية في كردستان الوسطى/ ج١/، ص٧١}. دیپلۆماسیەتی دەوڵەتە لۆکالییەکالی وناوچەییەکانی کوردی زۆربەیان ناوی خێڵەکی هەڵگرت نەک ناوی نەتەوەی ونیشتیمانی، مسۆگەر عەقڵی سیاسی وئیداری ودیپلۆماسیشیان هەر خەیڵەکیەت تیادا زاڵ بووە، لەگەڵ ئەوەش دەبی دان بەوەدا بنێن کە ئەو قۆناخەش بەشێکە لە ژیانی سیاسی کوردو کردە دیپلۆماسی وسەربازییەکەیان لەسەر کورد ئەژماردەکرێ. گرنگترین تێبینی بۆ ئەو سەردەمەدا ئەوەیە کە کوردستان بەهۆی ئەوەی سەرەڕێ بوو بۆ بەستنەوەی "شام وئەنادۆل ووڵاتی فارس ومیزۆپۆتامیا وسەوادی عێراق، بۆیە قەلای گەورەیان درووست دەکرد بۆ پاراستنی ئەو رێگەیانەو بازرگانی کردندا" {دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر (٢٠٠٤) /سەرهەڵدان وروخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا / جەوهەر کرمانج لە عەرەبییەوە کردیتیە کوردی / چاپی یەکەم – سلێمانی، ل٤٠}. لەبەر ئەوەی وایان مەزەندە دەکرد کە ناوچە شاخاوییەکان لە شارەکان سەخترە بۆ داگیرکردنی بێگانە، هەر بۆیە ئەو

**ماوەیە هۆزە کۆچبەر وەرەوەندەکانی کورد ببونە بڕبڕەی پشتی ئەو فەرمانڕەوایە کوردانە.**

# دیپلۆماسیەتی میرنشینە کوردییەکانی

## سەدەی هەژدە تاوەکوو نۆزدە

لەدوای سەدەی دەی زاینیدا، بارودۆخی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، لەناوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری ودەرەوەیدا. بەتایبەتی گەشەسەندن وپەرەسەندنی ئابووری گەورەی لە ناوخۆدا روویدا، لەلایەک ژیانی کۆچبەری ورەوەندی بەرەو نیشتەجێبوون وبە شاربوون وگوند دروست بووندا، چوو، نەک تەنیا بەهۆی برەودان بە کاری کشتوکاڵی وبەکارهێنانی زیاتری زەویدا، بەڵکوو بەهۆی زیادبوون وپەرەسەندنی بازرگانی کە سەرەڕێی شام وقەوقازو ئەنادۆل ومیسرو ئێران وعێراق بووە وئەوجا فراوانبوونی پیشەگەری وکارخانە بچکۆڵەکان، بەتایبەت لەدوای سەدەی هەژدەدا، مەنیفاکتۆری وکارگە ودوکانداری بچووکەکاندا پەیدا بوون. شاریش مەڵبەندی سەرەکی زۆربەی چالاکییە ئابووری وسیاسی وکۆمەلایەتی وکەلتوورییەکان بووە وەک شارو وەک یەکەیەکی نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی لەسیستەمی میرنشینی وخۆ ئامادەکردن بۆ ئیدارەی سەربەخۆدا، سیستەمی میرنشینی خۆی لەخۆیدا، وەک گوزارشت لەترۆپکی هەرەمی باوکسالاری پەیوەندییە کۆمەلاتییەکان بوو. پێکهاتەیەکی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسییە لەسەر ئاستی سیاسیدا زەفتکرد ومیرایەتی پایەی دەسەڵاتەکەی بڵاو بۆوە لە نێو کۆمەڵگە فرە شێوازی ژیان وپاشبەندی پیشەگەرای لەشارو گوندو نێو خێڵ وشارستانییەت وشەڕکەرو کاسب وبازرگان ومەلاو شێخ ودەرەبەگەکان وجوتیارو سەرۆک عەشیرەت وپێکهاتە کۆمەڵاتییە بچوکەکانی دیکەدا. ئەو میرنشینانە، دەسەڵات وهەژموونگەراییەکەی بۆ سەرچەندین هۆزو وناوچەو شاردا بڵاوبۆوە، وەک چینی سەردەستە لەگەڵ چینی پیاو ماقوڵانی نێو ئەو کۆمەڵگەی تازە گەشەسەندوەدا. ئەو میرنشینە بەرپرس بووە لەپاراستن وبەڕێوەبردنی لەبوارە جیاکاندا. کە ئاکارو

سیمای مێژوویی تایبەت بە خۆیان هەبووە، وەک درێژەپێدەرو رەوایی بۆ خواستی گشتی کۆمەڵگە کوردەواریی و خۆییبونەکەدا، لە بەرانبەر هەڕەشەو هێرش و پەلامارە دەرەکییەکان کە لەو کاتەدا چڕ ببۆوە بۆسەر کوردستان و بۆ سەلماندنی خودی هەبوونی کورد، پێویستیان بە سەردارێکی میللی ویەکەیەکی سیاسی و هێزێکی سیاسی و سەربازی هەبوو کە ئەو ململانێیە بەڕێوە بباو خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی ژیان بە هاودەنگی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جوگرافییە سیاسییە تازە سەرهەڵداوەدا، رێچکە بگرێ ئەوەی لەو قۆناخەدا بە تایبەتی دوای سەدەی دەی زاینی تێبینی دەکرێ، ئەگەر لەوەو پێش کۆچەرەکان بڕبڕەی پشتی هێزی سەربازییەکانی ئەو قەوارە کوردیانەی لەوە پێشیان پێک دەهێنا ، ئەوا لەو قۆناخەدا شارو گوندو ئابووری بەدەر لە کشتوکاڵی ئەو پشتیوانییەی دروووست کرد. مانەوەو بەردەوام بوون لەسەر ئەو پشتیوانە مۆرکی خۆی گرت وەک کۆمەڵگەیەکی دینامیکی نەک چەقبەستووی دواکەوتوودا. بۆیە ناکرێ بڵێین ئەو سیستەمە میرنشینییە مۆرکێکی خێڵایەتی ورەگەزی سەرەکی خێڵ بێ، بەڵکوو سیستەمیک بوو، بۆ بەرگریکردن ومانەوە بە جۆرێکی پێشکەوتووتر لەبواری کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی ومۆرکی نەتەوەیی زیاتر. سنەو بەتلیس وهەولێرو سلێمانی وجزرەو ئامێدی، بوونە نەک هەر مەڵبەندی سیاسی، بەڵکوو مەڵبەندێکی دیار وچالاکی بازرگانی پیشەگەری وکەلتووری گەورە لەناوچەکە، کە سیمایەک بوون بۆ هەبوونی کورد لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. بەشاربوون و پەرەسەندنی ئەو مەڵبەند و ناوچانە ونیشتەجێ بوونی کۆچەر و رەوەندەکان لەو گوندو شارە تازەو کۆنانە، لە خۆیدا گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووریشی لەگەڵ خۆی دروووستکرد، ئەوەتا بێچگە لەدروووستکردنی شاری سلێمانی لە میرنشینی بابان ئەوا "عەبدولرەحمان پاشای بابان هانی کۆچبەرو نیمچە کۆچبەرەکانی دا تا شێوەی کۆنفدرالیەتی جافایەتی لەرەوەندیەوە بگۆڕێ بۆ نیشتەجێ بووندا، ئەویش بە بەخشینی زەوی زارێکی زۆر پێیان"{د. سەعید

بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)/ سەرهەڵدان وروخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستاندا / ،ل١٠.}. بەهەمان شێوەش میرەکانی سۆران بۆتان وبادینان وفەزلەوییەکان لە هەوڵی بەزاندنی جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵاتییە کلاسیکییەکانی ئەو سەردەم بوون وکاریان دەکرد بۆ پێکهێنانی هێزی سەربازی وسیاسیی، نەک تەنیا ملیتاریکردنی کۆمەڵگە بەڵکوو نوێکردنەوەی بە داب ونەریتی تازە. ئەو مەڵبەندە سیاسییە تازانەی کوردستان، بێجگە لە مەڵبەندی سیاسی بوونە، ئەوا مەڵبەندی کەلتووریش بوون لەئەدەب رەوانی وزمانزانیدا، ئەگەر لەوەو پێش زمانی عەرەبی وفارسی باو بوو لە نوسیندا، ئەوا زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی وزۆر لەو بڕیارو فەرمانانە بە کوردی دەردەچوون.
هەروەها لاوازی دەسەڵاتی مەرکەزی عەباسییەکان هانی ئەو مەڵبەندە سیاسییە تازانەی ئەو میرنشیانانەی دا کە بتوان تەکانێک بە خۆ بدەن بۆ ئەوەی سەربەخۆ ترو خاوەن ویستی خۆیان بن لە بەڕێوەبردنی کارو کردەوەکانیاندا. لە لای دیکە خورتبوونی بازرگانی وکڕین فرۆشتنی کالاکانی ناوخۆیی وسروشتی لە کوردستان برەوی پێ درا، بە تایبەتی کاتێ "داخوازیی لەلایەن نمایندە بازرگانەکانی بازاڕی ئەوروپا کە پێویستیان پێ بووە "{دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر (٢٠٠٤) / سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا، ل٢٢}، وئەو کۆنتاکتە راستەوخۆییە دڕووست بوو لەگەڵیان لە چەندین رێگەو کەناڵەوە، ئەمانە هەمووی نێشتەجێ بوون لە شارو گوندەکان وگرنگیدان بە ئۆقرەیی وئاشتی کۆمەڵایەتی وگرتنەبەری رێچکەی دەوڵەتداری بەو شێوەی ئەو کات برەوی پێ درا. رۆژ لەدوای رۆژ بنەمای سیاسی ئەو قەوارە سیاسییە تازەییانەی گەشە پێ داو گەشەسەندن وپێشکەوتن وگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی وئابوورییەکانی پتر لەئامێز گرت. پلەی وەزیری یەکەم لەمیرنشینی بابان وهەکاری دانا وقازی وموفتی، باجگر وچاودێری بازاڕ، هێنایە سەر خەت ورۆڵی فەرمی وئیداری خۆیان پێ سپێردرا. هەروەها بەشێک لەو میرنشینانە دراوی تایبەت بە خۆیان لێداو وناویان لە وتاری هەینی لەمزگەوتەکانی سەر بەو میرنشینانە

دەخوێندرایە. بەم شێوەیە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی بۆ خۆی داکوتا وئەو بۆشاییە سیاسییەو کەلتوورییەی پەرتەوازییەی ودابەشبوونەی کوردی خەریک بوو پڕ بکاتەوە. لێرەدا مەبەست لەوباسە مێژووییەی ئەو دەورانە بۆ باسەکە، ئەوە دەگەیەنێ، راستە گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی کۆمەلایەتی وئابووری وسیاسی کۆمەڵگەی کوردیدا رویداوە، کە دیپلۆماسیەتیشی گرتووە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئەوسادا، (میسرو عوسمانی وقاجاری وسەلجوقی وخوارزمی و ....)، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە چوارچێوەی عەقڵیەتی لۆکاڵی کوردی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوڕاوەتەوە. نەی توانییوە ئەو تێفکرینە بۆ بەرنامەکەیان بگەیەنە ئاستی تەواوی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئەوسا ، هەر پێگەی کارتی دەستی بەهێزترین هێزە ئەقلیمییەکان ماونەتەوە ، نەک بکەری و کاراکتەرێکی سەربەخۆ لە رۆڵ دیتدا لە نیو نەخشەی هێزدا خۆی بنوێنێ ،"راستە لە رابردوو تونیومانە لەسەر روداوەکا بدوێن، بەڵام نەمانتوانیوە وەک ئەوەی هەیە بدوێن و لە کۆوە سەیری بکەین و لە جیهانەوە وپێگەی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان سەیری خۆمان بکەین"{د.کامەران مەنتک(٢٠٢٢)/کوردستان لەگۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا/ بەرگی یەکەم ، ل ١٣}. نەک هەر لەسەر بنەمای هێزو خۆ بە ملیتاری کردن وباڵانسی هێز لە ناوخۆو دەوروبەرا خۆی بناسێ. کاتێ خۆی ناسینی لەسەر نەخشەی جیهانی نەک تەنیا ئاستی هێز بەڵکوو لەجیوسیاسیدا، ئەوا ئەو کات دەتوانێ سیاسەت ودیپلۆماسییەکانی بە ئاراستەی راستی خۆی وبە سەرکەوتووی ئەنجام بدا، بێ ئەوەی بتوانرێ وەک کارت یاخۆد پاشقوڵی لێ بگیرێ. دۆزەکەش لەسەر ئەو بنەمایە پێناسە بکات. ئەوەی کە "عەقڵی کوردی ئەوساو ئێستای ئیفلیج کردووە ناخی کورد خۆی ناخوێنەوەو هەموو هۆکارەکان دەدەینە پاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان"{حەسەن مەحموود حەمەکریم (٢٠٠٧) / کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامدا، ل ٦}. ئەوا وای لە عەقڵی سیاسی ودیپلۆماسی یەک ستایل بناسێ وگۆڕانکاری بابەتیانەی بەسەردا

**نەهاتووەو بی ڕوگە نامەیە وەک لەبیابانێک ڕەو بکا. دەکرێ بڵێن لەشوێنی خۆی ولە بۆشایی سوڕ دەخواتەوە، زهنیەتی فیودالیزمی نەک هێزی داگیرکەر بە تەنیا شل وشۆقی کردووە. کورد نرخی کاتی نەزانییوە، هیچ پەندێکی لە رابردوو وەر نەگرتووەو، داهاتووش هیچ ئومێدێکی لێ نابینرێ، ئەو هیزە ملیتاریەی کە لە دەستی دایەو زۆر بەگەورەتر دەبینێ لە هێزی بیرکردنەوە وزەیندا. ئەو هێزەو جبەخانەو چەکانەی لەبەردەستی میرنشینەکانی ئەو دەورانە بوو، ئەگەر سەرکردەیەکی لێهاتووی هەبووایە بێتوانیبایە خۆی وهێزی بەرامبەری بناسیبایە، قەوارەیەکی سیاسی پێ دڕووست دەکردو ئەگەر گرنگیشی بە دیپلۆماسیەت وپرۆتۆکۆلات بدایە، ئەوا بۆ مێژووی ئێستاش قازانجی لێ دەکرا.**

# دیپلۆماسیەتی کوردستانی

## لە دوای ڕووخانی میرنشینەکانەوە

### سەدەی نۆزدە تا سەدەی بیست

بە رووخانی میرنشینەکانی کوردییدا، بابان (١٨٤٧)، سۆران ١٨٤٨، بۆتان ١٨٤٧، هەکاری ١٨٤٨، بادینان ١٨٤٨، ئەردەلان ١٨٦٨، لورستان، موکریان، .....، دەسەڵاتی ناوەندی رۆم وعەجەم هەموو ئەو میرنشینە کوردانەی تێکداو راستەوخۆ دەسەڵاتی گەڕاندەوە بۆسەر ئەو ناوچانەی کەلەوەو پێش نیمچە سەربەخۆ بوون. بێجگە لەوەی داگیرکەران دەسەڵاتیان لەچینەکانی ئورستۆکراتیی کوردی زەوتکرد، ئەوە باری گوزەرانی خەڵکیشی لە جاران خراپتر کرد وزوڵمی زیاتری بەڕێوە برد، ئەو دەسەڵاتە مەرکەزیانەش تا دەهات لەخەڵک دوور دەکەوتنەوەو شێوازی کۆلۆنیالیستیان بەسەر خەڵکی کوردستان دەچەسپاند. لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەست بە بۆشاییەک دەکراو ئەو مەسەلە بووە تەنگەژەیەکی راستەوخۆدا و"هەست بە بێگانەیی رۆم وعەجەم وکوردبوونی خۆیان باڵاتر بوو"{نەوشێروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم - مێژوویێکی سیاسی کوردەکانی ئێران، ل١٨١}. لەنێو ئەو هەموو زوڵم وباری گوزەرانی خراپ وبۆشایی سیاسیەیدا، هەستی خۆ بەکورد زانین وهەستی یەکبوونی هۆزە کوردییەکان وپێکهێنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی بەهێز دەبوو، کە کوردستان لەو دەستدرێژییە دەرەکی وبێگانانە بپارێزی "لەگەڵ سەرکەوتنی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا وئیتاڵیاو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەکانی بالکان،"بولگاری وسرب ورۆمانی ویونانی رزگاری لە ژێر دەسەڵاتی تورک "{نەوشێروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٥) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٨٢}. لەقوڵایی ئەو گۆڕانکارییەی کەبەسەر کۆمەڵگەی

ئەوسای کوردستان داهات لە بوارە جیاجیاکاندا، شێخەکانی تەریقەتی قادری ونەقشبەندی جێگەی ئەو میرانەیان گرتووەو هاتنە پێش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی دەسەڵات، لەناو فەزایەکی خێڵەکییەت وعەشیرەتگەرییە، وەک هێزێکی خەباتکەر هاتنە پێشەوەو بۆ ئەوەی رابەریتی ئەو گەلە بکەن بۆ رزگاری نیشتیمانیدا. بەتایبەتی لەو نێوەندەدا، شێخێکی تەریقەتی نەقشبەندی ژیرو رۆشنبیر (شێخ عوبێدوڵای نەهری) هاتە پێش بە کۆمەڵێک بیرباوەڕ کە گوزارشت بوو بۆ ئەو رەوشەی ئەوسای کوردستان بە بیری نەتەوەیی ورەچاوکردنی کورد وەک نەتەوەیەکی جودا لە تورک وفارس وعارەبداو بۆ یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کوردستان (عوسمانی وقاجاری). هەوڵیدا دەوڵەتێکی کوردستانی لەهەردوو بەش دامەزرێنێ، ئەوە بوو"کۆنفدراسیونێکی خێڵەکی لەساڵی ١٨٨٠ لەنەهری دامەزراند، کە پێک هاتبوو لە ٢٠٠ کەسایەتی دیاری کوردستان"{نەجاتی عەبدولا (٢٠٠٤) / شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری، ل ٢٦}. عوسمانی وقاجاری وهاوپشتەکانیان لە ئەورووپاییەکان لەو مەزەندە دابوون، کاتێ دەتوانن میرە کوردە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان لەناوبەرن، بە هاسانی دەتوانن دەست بەسەر تەواوی کوردستان بگرن وکۆنترۆڵی بکەنەوە، بەڵام رۆژگار ئەوەی دەرخست کە توانیان میرنشینە کوردەکان لەناو بەرن، لەگەڵ ئەوەی چەندە بە هێز بن وپشتیوانیان هەبێ، ئەو دۆزێکی وەک دۆزی مێژووکردی بابەتیانە لەناو بەرن وکوردستان کۆنترۆڵ بکەن. شێخەکان کە بە تەواوی هەژموونگەراییان چووبووە ناو ناخی کۆمەڵگەی خێڵگەرایی کوردستان، چونکە "مێژووی کورد، مێژووی خێڵە بەگشتی وفەزای سیاسی وکەلتووری کورد تەنیا پرۆژەی ئەقڵی خێڵ ورایەڵەکانی خێڵیش وەکوو تەونی جاڵجاڵۆکە هەموو لایەنی ئەو کۆمەڵگەیەی تەنیووە"{نەجاتی عەبدولا (٢٠٠٤) / شۆڕشی عوبێدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەڕەنسیدا١٨٧٩_ ١٨٨٢ /، ل٢٥}، کەتوانییان خێڵ تەریقەگەری ودەسەڵاتی سیاسیی بەیەکەوە ببەستنەوەو ئەو دەسەڵاتەش بەپیرۆزی وەربگیرێ وڕەنگڕێژی هەموو

شێخە بچووکەکانی ناو کوردستان بکات. کوردستان خاوەنی هیچ هێزێک وسەرمایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی نەبووە تا بتوانێ ئەو پێگە جوگرافیەی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ویەکی بخات وهەنگاوهەڵێنێ بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی وەک ئەوروپا، یاخۆد جۆرێک لە تایبەتمەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچەندە بەهۆی دۆگماتیزمی دەسەڵاتی هەردوو ناوەندەکانی تورک وعەجەمی وعارەبی لە ئەو پەڕی دۆگمایی و دواکەوتوویی بوون، ئەو دەسەڵاتە خێڵەکییە مۆزایکییەی تیرەو عەشیرەتی کوردییەدا، کەڵکی لێ وەرگرێ و پێشکەوتنی خۆی بە کۆمەڵگەی کوردی و دونیا نیشان بدا لەو ئەرکە مێژووییە کە ئەو دەوران کەوتبووە دەستی بانگەشەی بۆ دەکرد، لەوەش خراپتر ئەو ناکاراییەی بەخشییە هەموو کۆمەڵگەو هەموو دەورانێک کە تا ئێستا ئەو زهنیەتە خێڵەکییە، بە بۆشی و بێ بەرنامەییە لەسەر هەمان عەقڵیەت و میتۆد بە رێگەدا دا دەڕۆن و دەسەڵات ئەولەویەتی لە چارەنووس و داخوازییە نەتەوەییەکان زیاترە وتا ئێساش بە ماسکی نەتەوەیی دەخوازن ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بۆ خۆ مسۆگەر بکەن. لەلای تریش دەرفەتیان نەدا ئەو شارنشین وگۆڕانکارییەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی هاتە پێشەوە لەپاڵ دەسەڵاتی بیانی رێگە بە پەرەسەندن وپێشکەوتنەی بدەن رێچکەی خۆی بگرێ بەتایبەتی لە گەشەکردنی کارخانە بچووکەکان(منیفاکتۆری) بۆ گەشەکردني زیاتری پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان، کە کوردستان میرنشینی سۆران ومیسری محەمەد عەلی دوو نمونەی پێشکەوتووی رۆژهەڵاتی ئەوساکە بوون. بۆیە شارنشینی هەر بەو چەمکەی کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێ **City** مایەوەو نەچووە نێو گەشەکردنی ئەو چەمکەی کەپێی دەگوترێ (پۆلیسی)، ئەوا ئەو جۆرە نیشتەجێ بوونە ببێتە مەڵبەندی پێشکەوتنی سیاسی وئابووری وکەلتووری وکۆمەڵایەتی، شارنشینی کوردستان هەر لەو ئاستە مایەوە کە داگیرکەران وەک مەڵبەندێکی چەوسانەوەو میلیتاری بۆ خۆی هێشتەوە.

راستە شێخ توانی دەسەڵاتی شۆڕشێک بگرێتە دەست وراگەیاندنی بۆ بکات، بەلام لە فەزای خێڵەکی وئاینی وملیتاریەتی شۆڕشگێری، دەبێ عەقڵی دیپلۆماسی چۆن بێ. هەر دەبێ "شێر بم نەوەک رێوی فێڵم لێ بکا". لە کاتێکدا خۆی بەهەمووانی راگەیاندبوو کە ئەو ئامانجی کوردستانێکی یەکگرتوو وسەربەخۆیە وهەموو شێوازێکی خەباتی تیادا بەکار بهێنێ بۆ ئەو مەبەستە، کە بنەمایەکی ئابووری – کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی گەشەسەندووی نەبوو "هەر لەشپرزەیی بارودۆخە کۆمەڵایەتی ئابووری وچەوساندەوەی سیاسی حوکمڕانی بێگانەدا، وردە وردە ئاکارێکی نەتەوەیی وهەستێکی قوڵی خۆڕسکی بەشێوەی سیاسی و فەرهەنگی وەرگرت بێ ئەوەی پشت بە چەمکێکی ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی ببەستێت" {سەعید بەشیر ئەسکەندەر (٢٠٠٤) /سەرهەڵدان و رووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا ، ل ٣٢٢}. شێخ لە پێناو دەسەڵاتی بەسەر تەواوی کوردستان جارێک بە هاوکاری عوسمانییەکان وجارێک بە دژایەتیکردنیان وجارێک بەدژایەتی کردنی عەجەم، داوای هاوکاری لە ڕووس دەکرد، ئەوەتا لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ١٨٩٧ پەیوەندی بە کونسڵی ڕووسی لە وان (کامساراکان) کردو لە رێگەی نێردەکەی محەمەد سەعید " تورکیا بێ دەسەڵاتە لەپاراستنی ئاسایش لە کوردستان شێخ دەیەوێ بەو کارە هەڵبستێ وداوای هاوکاری لەڕووسیای دراوسێ دەکات کە خاوەن نفوزێکی گەورەیە لەکوردستان، ئەگەر بێ ئومێد بوو ئەوا ناچارە ئەو داوایە لەبەریتایا بکات"{دکتۆر ن. آ. خالفین (١٩٦٩) / الصراع على كردستان – المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر/ ترجمة د. احمد عثمان ابوبكر، ص ١٢٠}. یاخۆد دیداری ١٨٧٩ لەگەڵ کونسڵی بەریتانیا لە وان یاخۆد کەسێکی سەر بەدەزگا جاسوسییەکانی بەریتانی لەو ناوچەیە سەردانی بکات لە باشقەڵا لەهەمان ساڵ، ئەمەو دەیان دیداری دیکەی شێخ لەگەڵ ئەو وڵاتانە "{دکتۆر ن. آ. خالفین (١٩٦٩) / هەمان سەرچاوە سەرەوە، ص ١٢٦}. بێ ئەوەی لەوە حاڵی بێ کە ئینگلیزو ڕووسیا زۆر پەرۆشن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی خۆشی سیاسی وئابووری

وبازرگانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی وعوسمانی. لە نامەکانیدا باڵیۆزی بەریتانی لە تاران(گرینفیل)نامەی بۆ حاکمی ورمێ ئیقبال الدولة وموبەشیرەکانی ئەمریکی نوسیووە کە شێخ عوبێدوڵا "هەوڵی کوردستانێکی یەکگرتوو وسەربەخۆ دەدات"{احمد عثمان ابوبکر (١٩٦٩) / هەمان سەرچاوە، ص ١٢٦}. ئینگلیز لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد " زۆر وشکن ودەمێکە قالبێکی تایبەتی بەخۆی گرتووە کە لەسیاسەتێکی گشتی دەجولێتەوە، هەر کات گۆڕانکاری بەسەر کورد داهات دوور نییە گۆڕانکاری بەسەر ئینگلیزیش دابێ"{محمەد هاوار رەسول (٢٠٠٦) /کوردو باکووری کوردستان، ل ٢٣٦}. سەبارەت بە شۆڕشی میرانی جزیرەو بۆتان وبەدرخانییەکان، هەرچەندە ئەوانیش بنەچەی کۆمەڵایەتیان هەر لەسەر خێڵەکی وهۆزایەتی بینا کراوە، بەڵام ئەوان وەک بنەماڵە دەستیان بۆ ئەوە نەبرد ئایین تەوزیف بکەن بۆ سیاسەت، تەنیا ئەوەندە بوو هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتیان دەدا بەو کەرەستەی کە لەبەر دەستیاندابوو، کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەی خێڵەکەییە بە ئیمتیاز، لەگەڵ ئەوەش هزری خێڵکی لە ناواخندا زاڵ بوو لە لایەن، لەگەڵ ئەوەش کرانەوە بەسەر مۆدێرنی وکاری دیپلۆماسی بەڕێوە بردن بەوەندەی لێی تێگەیشتوون. دۆزی کوردستان هەم ئاڵۆزو هەمیش رابەرایەتییەکی نیشتیمانی سەروی خێڵ وناوچەگەری دەوێ، لەو دەورانەدا سێ سەرکردەی لێهاتوو هاتنە مەیدان وستراتیژیەتیان روون ئاشکرا بوو، ئەگەر هەموویان بەیەک ئاست رایان نەگەیاندبوو، بەڵام عەبدولڕەحمانی بابان ومیر مەحمەدی سۆران ومیر بەدرخان، لە هۆزایەتی دەرچوو بوون وچاویان لە رابەرایەتی هەموو کورد بوو، وەک شێخ عوبێدوڵای نەهری بانگەشەی بۆ دەکرد. دەبێ ئەو راستیەش قەبووڵ بکەن، توانای داگیرکەران لەهەموو بوارەکاندا بەراورد ناکرێ لەگەڵ توانای تایبەتی کورد وبەرەنگار بوونەوەی گەلەکۆمەکی زلهێزانی ناوچە (ئێران وعوسمانی ومەغۆل وعارەب)، بە قسە خۆشە وهەندێ جاریش هاوکێشەکانی کە دەوری دژایەتیکردنی کوردستانیان دابوو لە رابەرانی

کورد دیار نەبوو، تا تەداروکاتی لەبەرامبەر وەر بگرن، بۆیە زۆربەی جار لە بێ توانایی سوپرایس ئەو ململانێیە، پاڵی بە هەندێ لایەن وکە بێ ئومێدی وبێ دەسەڵاتی خۆی رابگەیەنێ ودەست بۆ خیانەت وناپاکی ببا.

ئەو زهنیەتە خێڵەکییە، تەنیا هەوڵی داوە هێزی سەربازی بخوێنتەوەو بە لۆکاڵی سیاسەت ودیپلۆماسیەت ئەنجام بداو لەجومگە سەرەکی وگرنگەکانی ئەو شۆڕشانە پشت بە خێڵ ببەستێ. خێڵیش لە خۆیدا سروشتێکی دەرەوەی مۆدێرنایەتی دەوڵەتدارییە.

# سەرچاوەکان

_ دیڤید مەکداول (٢٠٠٥) / مێژووی هاوچەرخی کورد / ئەبوبەکر خۆشناو کردویەتی بە کوردی /چاپی دووەم/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر.

_ دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر (٢٠٠٤) /سەرهەڵدان وروخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا / جەوهەر کرمانج لەعەرەبییەوە کردیتیە کوردی/ چاپی یەکەم – سلێمانی.

_وریا رەحمانی (٢٠٠٩) / کوردستان وکورد لەروانگەی نەخشەوانیەوە/ چاپی یەکەم / چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر.

_ پارێزەر سامی مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد – شێکردنەوەیەکی مێژووی، سیاسی، یاساییە/ نوسینگەی تەفسیر/ چاپی یەکەم – هەولێر.

_ دیڤید ماکداول (٢٠٠٥) / مێژووی هاوچەرخی کورد/وەگێرانی لە فارسیەوە ئەبوبەکر خۆشناو /چاپی دووەم.

_ محمد هاوار رسول (٢٠٠٦) / کوردو باکوری کوردستان – لە سەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی / بەرگی یەکەم – هەتا کۆتایی شەڕی یەکەم-چاپی دووەم – ناوەندی چاپەمەنی وراگەیادنی خاک.

_ الدکتور.ن. آ. خالفین (١٩٦٩) / الصراع علی کردستان – المسألة الکردیة في العلاقات الدولیة خلال القرن التاسع عشر/ ترجمة د. احمد عثمان ابوبکر.

_ د. کامەران مەنتک (٢٠٢٢) /کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا – کۆتاییەکانی سیستەمی تاکجەمسەری وشەڕی نوێی سارد / بەشی یەکەم/ چاپی یەکەم / چاپخانەی کارۆ – سلێمانی.

_ حەسەن مەحموود حەمەکریم (٢٠٠٧) / کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامدا / چاپی چوارەم / لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک ژمارە ٩.

___ پارێزەر سامی مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد – شێکردنەوەیەکی مێژووی، سیاسی، یاساییە/ نوسینگەی تەفسیر/ چاپی یەکەم – هەولێر.

___ نەوشێروان مەستەفا ئەمین (٢٠٠٥). کوردو عەجەم – مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران/سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان / سل_ نەوشێروان مەستەفا ئەمین (٢٠٠٥). کوردو عەجەم – مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران/سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان / سلێمانی.

_ حەسەن مەحموود حەمەکریم (٢٠٠٧) / کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامدا / چاپی چوارەم / لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک ژمارە ٩.

_ حەبیبولای تابان (٢٠٠٦) / هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد /وەرگێڕانی جەلیل گادانی /بەرگی دووەم – چاپخانەی تیشک –سلێمانی.

_ ساڵح قەفتان (٢٠٠٩) / سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی/ چاپی یەکەم / دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی.

_ ئارشاک پولادیان (٢٠٠٥) / کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم / وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- جەلیلی کاکەوەیس – پێداچوونەوەی ئەدهەم شێخۆ وکۆمەڵێ مامۆستای مێژوویی ئیسلامی لە زانکۆی دهۆک / چاپی یەکەم / هەولێر/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
_ئارتوور کریستێنسین (٢٠١١) / ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان/

وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی / سەحەدین ئاشتی/ چاپی دووەم _ بنکەی ژین – سلێمانی – چاپخانەی شڤان.

_شوان عوسمان مستەفا (٢٠٠٢) / کوردستان وپرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی یە) / چاپی یەکەم – وەزارەتی رۆشنبیری – سلێمانی/ .

_ عبدالرقيب يوسف (١٩٧٣) / حضارة الدوستكية في كردستان الوسطى_ دراسة تاريخية – اقتصادية – اجتماعية- حضارية/ تقديم _ علاءالدين سجادي /ج١/ بغداد.

_ عبدالرقيب يوسف (١٩٧٥) / حضارة الدوستكية في كردستان الوسطى/ القسم الحضاري _ج٢/ الطبعة الثانية ٢٠٠١ -أربيل. من منشورات ئاراس.

# بەشی پێنجەم

_دیپلۆماسیەتی کوردستانی لەسەرەتای سەدەی بیستەم تاوەکوو هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا.

_دیپلۆماسیەتی سەردەمی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا.

_ سیاسەتی زلهێزان لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کوردستان.

_ سیاسەتی سۆڤیەتی وبەریتانی لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا لە دوای شۆڕشی ئەکتۆبەر.

_ کوردستان لە نێو گەمە سیاسییەکانی وڵاتانی زلهێزی دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا.

_ هەبوونی جولانەوەی نیشتیمانی یانی هەوڵ بۆ بیناکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی

_دیپلۆماسیەتی دەورانی جەنگی دووەمی گەورەی دونیا.

_ دیپلۆماسیەت لە دەورانی جەنگی ساردا.

_ دیپلۆماسیەتی کەسایەتییە کوردییەکانی سەربەخۆ لە تەڕاوگەدا.

_ دبۆماسیەت لەدەورانی شۆڕشی ئەیلولدا

_ دیپلۆماسیەتی شۆڕشی کوردستان وبەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠.
- _شەشی ئادارو هەرەسی شۆڕش.
- دیپلۆماسیەتی شۆڕشی کوردستان لە شۆڕشی نوێدا
- _لەدوای نەمانی شەڕی سارد وتاک جەمسەریدا.
- دیپلۆماسی دڕووستکردنی قەوارەیی یان دیپلۆماسی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە
- دیپلۆماسی تازەپێگەیشتوو لەکەناری توندوتیژی شۆڕشگێڕانە
_دیپلۆماسیەتت لە سایەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەدا.

# دیپلۆماسیەتی کوردستانی

## لە سەرەتای سەدەی بیستەم تاوەکوو هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلای وڵاتانی زلهێزی ئەوسای دنیا (بەریتانیا و فەڕەنساو ڕووسیای قەیسەری) گرنگییەکی زۆری هەبوو، هەر بۆیە گرنگی زۆریان بە هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئێرانی وعوسمانی دەدا نەدەیان خواست پارچە ببێ ونەدەیان خواست رێک وپێک و پڕ سیستەمیش ببێ، بەڵکوو دەیان خواست بە دەرەمەیی و بوار رەخسان بۆ دەست تێوەردان بمێنێتەوە، ئەو وڵاتانە هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، وا پێ دەچێ پرۆژەی سایکس پیکۆیان لەمێشکدا بێت بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، ئەوەی پتر هەڕەشەی لەیەک پارچەیەی ئەو دوو ئمپراتۆریەتە دەکرد لەناوەوەی ئەو دوو دەوڵەتەدا، جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی بوو، وەک جولانەوەیەکی نەتەوەی عەوداڵی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ وڵاتی خۆی، هەر بۆیە زۆربەی ئەو هەوڵانەی کوردستانیان بۆ ئەو ئامانجە، ئەنجام دەدا، بە توندی لەلایەن ئەو زلهێزانەی نێو دەوڵەتی دژایەتی دەکران لەپێش ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە شڕو وڕەدا، وەڵام دەدرایەوە. لەبەر ئەوەی کوردستان ناوجەرگەی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەی پێک دەهێنا وبۆ ئەجینداو ستراتیژیەکانی ئەوان، گرنگی زۆری هەبوو. هەر یەک لەو وڵاتە زلهێزانە، ئەجینداو ستراتیژیەتی ناوچەیی،"قازانجەکانیان لەگەڵ یەک نەدەگونجا. ستراتیژیەتیان بەرامبەر بە پارێزگاری قەوارەی ئیمپراتۆریەکانی ئێرانی عوسمانی یان دابەشکردنی جیاواز بوو"{نەوشیروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم، ل ٢٥٧}، لەتێکڕادا لەگەڵ یەک ناکۆک بوون بەڵام لەگشتگیریدا لەگەڵ یەک کۆک بوون کە گۆڕانکاری لەنێو خودی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە روو نەدات وریچکە وئاراستەی گەشەسەندنی سروشتی خۆی نەگرێ وبەلانی کەم کاریگەری نەکاتە سەر

ستراتیژیەکانی ئەو وڵاتانە. گومانی تێدا نییە لەدوای نەمانی میرە سەربەخۆیەکانی کوردستان، سەرلەنوێ جولانەوەیەکی سەربەخۆخواز وناڕازی بووی توند لەرەفتارەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە لەلایەن کوردستانیان پەیدابوو، بە توندیش بەگژیدا دەچوونەوە. ئەو هەوڵانەی کوردستانیان، ئەو وڵاتانەی ئەوروپای ناڕەحەت دەکرد " ئینگلیزەکان لەترسی لاوازبوونی عوسمانییەکان دەستیان خستە ناو کاروباری ئیمپراتۆریەتەکە"{محمد رسول هاوار (٢٠٦) / کوردو باکووری کوردستان، ل ٣٢٥}، بۆیە زۆر شێوازی جۆراو جۆریان بەکار دەهێنا بۆتێکشکاندنی ئەو هەوڵە سەربەخۆیانە، کە بەشێکی لەرێگەی دیپلۆماسیەت وسیاسەتی پەرت کە زاڵبە، بەکار دەهێنرا.

راستە ئەقڵیەتی سیاسی و ئەو ئەقڵیەتەی کە دیپلۆماسیەتی کوردستانی بەڕێوە دەبرد، بێ ستراتیژی وبێ بەرنامەیی وبێ لێکۆڵینەوەیی پێوە دیارە، سەرکردەکان ئەوەندەیان لەبار نەبووە" کاتێ بینیویانە ژمارەیەک چەکداریان لەدەوردا کۆ بۆتەوە، حساباتی زۆر کورتبینی کۆڵیان کردوە لەدەستیشانکردنی دۆست ودوژمندا بە هەڕەمی بۆ روداوەکان چووەو ساویلکانە بە قسەی لووس هەڵخەڵەتاون و لەخشتەیان بردوون "{محمد رسول هاوار(٢٠٠٦)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە.ل٣٣٥} ، پتر حسابیان بۆ تواناو هێزی چەکداری کردووە نەک رەوایی دۆزەکە و هەوڵدان بۆ کارلێکردن لەگەڵ ئەو ژینگە نێودەوڵەتییە لەلایەن سەرکردەو ئەقڵی سیاسی کوردستانی ئەوسا. لەلایەک ئەو تواناو هێزەیان نەبوو کە بتوانن بەرەنگاری ئەو هەموو گەلەکۆمەک وپشتگرتنەی ویەکترگرتنە دژ بە داخوازی کوردستان بکەن" بزاڤی کورد بە گوێرەی سەختی ململانێکە وگەورەی هێز وتوانای لایەنە رکابەرەکان نەدەشیان ڕۆڵی دیار بگێڕن"{دکتۆر کامەران مەنتک (٢٠٠٠) /کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا ١٨٩٠_١٩٣٢/، ل ٧٩}، بەشێکی زۆری ئەو ململانێیە نەدەدیت لەبەر ئالۆزی دۆزی کوردستان ئەقڵیان بەسەر ئەو هەموو سیاسەت وبەرژەوەندییە تەونە

جاڵجالۆکەی وڵاتانەدا نەدەشکا کە دژی کوردستانیان بەڕێوەیان دەبرد. ئەو گۆڕانکارییەی کە لەتەرازووی هێز لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی دەدا، هاوپەیمانییەکانی بەردەوام ناجێگیر دەکردو نەیان دەتوانی ئەگەر هێز بارتەقای ئەو زلهێزانە نەبوایە لەنێو پلان بەر دەبۆوەو لەبری هاوپەیمانی دەبووە بەکارهێنانێک وەک کارت وهێزی فشار " ئینگلیزو رووسەکان لە ململانێی سەخت دابوون بەرژەوەندی پێک ناکۆک لەگەڵ یەکدا هەبوو، لەگەڵ ئەوەش لە بەرامبەر فراوانخوازی ئەڵمانەکان بەرەو رۆژهەڵات، هاوهەڵویست بوون لەگەڵ یەکدا" {د. کامەران مەنتک (٢٠٠٠) / هەمان سەرچاوە پێشوو، ل٧٥}. لەهەردوو حاڵەتدا کوردستانیان، بۆ دیپلۆماسیەت کردن لەگەڵ ئەو هێزە تێکەڵ نە دەبوون ولەبەرامبەر وڵاتانی هاوپەیمانی دەستڕۆیشتانی دەرەکی دەستە وەستان دەبوون. لەبەرامبەریدا وناچاریان دەکردن پەنا بۆ توندوتیژی وچەک هەڵگرتن وخۆ تەیارکردن بە رق وکینە دژ بە داگیرکەران ووڵاتانی زلهێز هەڵگرن. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرانی کورد نەیان توانی سیاسەتێک بەڕێوە ببەن لەلایەک خواستە نەتەوەیی ونیشتیمانییەکەی خۆیان تیایدا بەلانی کەم مسۆگەر بکەن وبەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەش بپارێزن. رەنگە ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوە، هەموو کەموکوڕییەکان بە تەنیا، لە فاکتەری ناوخۆ وعەقڵی سیاسی کوردستانی نەبێ، بەڵکوو لەپێشەکیدا ئەو دەوڵەتانە بڕیاریان دابوو کە لەرێگەی بڕیاربەدەست وئەو ناوەندە سیاسیانەی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە لێکدانەوەیان بۆ ستراتیژیەت وبەرژەوەندییەکانی خۆیان کردبێ لەقۆناخێکی یەکجار هەستیارو پڕ لەگۆڕانکاری. لەگەڵ ئەوەشدا لەمەیداندا رووبەرووی دۆزی کوردستان وخواستی کوردان دەبوونەوەو بە ناچاری هەڵوەستەی پێ دەکردن. هەر بۆیە چەندین رێککەوتن وشەڕی نەپساوە لەگەڵ یەکدا دەکرد بۆ ئەوەی لەکۆڵ ئەو ئاستەنگانەی کوردان ببنەوە، کەچی رەوشەکەی زیاتر سەختر دەکرد وەک شەڕی رووس وتورک وئێران وتورک ورووس وئێران و" رێککەوتنی ئەرزڕۆمی یەکەم ١٨٢٣و ئەرزڕۆمی دووەم ١٨٤٧، جێبەجێ

زلهێزان چەندە لەشەڕوشۆڕەکان بەدی دەکرا هێندەش لەو رێککەوتنانە دیار بوو" {د. کامەران مەنتک (٢٠٠٠) /سەرچاوەی سەرەوە، ل ٧٢}. دیارە لەهەموو "ئەو رێککەوتنانە وشەڕانەدا دۆزی کوردستان بابەتی سەرەکی بووە"{د. کامەران مەنتک (٢٠٠٠) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٧}. ئەوەتا لەبەندی یەکەمی پەیماننامەی ئەرزڕۆم یەکەم"هیچ لایەک دەست لەکاروباری یەکتر وەرنەدەن وهاوکاری میرە کوردەکانی یەکتر نەکەن "، هەر لەبەندی هەشتی رێککەوتننامەی ئەرزڕۆم دووەم " هەردوو وڵات هەرێی ئەوە بەیەک دەدەن کە لەسەر سنوورەکان رێگە بە دزو جەردەکان نەدەن کاری دەستوەردان بکەن "، دیارە مەبەستی ئاژاوەی سەر سنوورەکان، کوردە.

هێلی ئاسنی بەرلین بەغدا کە لەساڵی ١٨٩٠لەنێوان سوڵتان عەبدولحەمیدو ئەڵمانییەکان مۆرکرا، بەناو جەرگەی کوردستان دا رەت دەبوو، کە لەبنەڕەتدا هەر مەبەست هێڵی ئاسنی نەبوو، بەڵکوو مەبەست کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو لەرووی ئابووری وسیاسی وسەربازی .....، کە ئەو رێککەوتنە، ئینگلیزو فەرەنگستان و ڕووسەکانی یەکجار هەراسان کرد، کەوتنە جولەو لەو نێوەندەشدا کوردیان لە ناو کێشەکان ئاڵاند، هەر یەکە بە شێوەیەکی دووڕوانە لەکورد نزیک دەبوونەوە، لەو دەمەدا تازە نەوت لە بابەگوڕگوڕی خاکی کەرکوک دۆزرابۆوەو سوڵتان زەوییە نەوتییەکانی بەسەر خۆیدا تاپۆ کردبوو، بۆیە پتر پێویستی بە کورد هەبوو بۆ ئەوەی ئەو خاکەی بۆ بپارێزن و زۆرێک لەهێلە ئاسنینەکەی بەرلین_ بەغدا بەکوردستاندا رەت دەبوو پێویستیان بەهێزێکی کورد هەبوو، بۆیە لە ١٨٩٠ سوڵتان عەبدولحەمید هۆزو سەرۆک عەشیرەت وناودارەکانی کوردی بانگهێشتی کۆشکی یەلدز کردوو بە لاساییکردنەوەی هێزەکانی قەوقازیەکان لەڕووسیا ، بەدەسەڵاتێکی زۆرەوە، هێزێکی چەکداری لێ درووست کردن، بۆ ئەوەی " لەلایەک هێزە کوردەکان یەکخا لەژێر کۆنترۆڵی خۆی وزێرەڤانی توندی حکومەت وچونکە

**ئەوان(عوسمانییەکان)دەیان ویست کورد لەنێو ئاسیای ناویندا بتوێنەوە "{ د.کامەران مەنتک (٢٠٠٠)/ هەمان سەرچاوە ،ل ٧٥}. وئەو ناوچە نەوتی وهێلە ئاسنییەی کە بە کوردستان دا تێ دەپەڕێ، بپارێزی. ئەوەبوو ئەو هێزە میللییە کوردییەی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشای میللی وەک هەندێک دەڵێن وهەندێکی دیکەش دەڵێن، بەسەرۆکایەتی شاکر پاشای مێردی خوشکی سوڵتان بووە، لەراستیشدا سوارەی حەمیدیە _ حمیدیە ئالایلری، وەک هێزێکی سوارەی کوردان دایمەزراند بوو "بە راوێژی ئینگلیزەکان، وەک بەشێك لەسوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی ئەفسەرە بەرزەکانی تورک راسپێردرابوو"{محمد رەسول هاوار (٢٠٠٦) / کوردو باکووری کوردستان، ل ٣٩٨}. هەر عەشیرەتە کوردەکان نەبوون بەڵکوو" کوردو چەرکەس وئەلبان، عەرەبیشی پێکهاتبوون، ژمارەی کورد تەنیا ١٠ هەزار سوار بوو لەکۆی ٣٠ هەزار" {محمد رسول هاوار (٢٠٠٦) / هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٩}. هەر بەو بۆنەیەوە "لە ساڵی ١٨٩٢ لەئەستەمبۆڵقوتابخانەی (عەشیرەت مەکتەبی) کرایەوە ماوەی خوێندنی پێنج ساڵ بوو، زۆربەی ئەو منداڵانە هی سەرۆک عەشیرەتەکان بوو" {محمد رسول هاوار (٢٠٠٦) / هەمان سەرچاوە، ل٤٠٢}. مەبەست لەکردنەوەی ئەو قوتابخانەدا، مناڵی کورد لەکوردبوون دابېڕێ ولەتورک بوون نزیکیان کاتەوەو لەلای دیکەش وەک بارمتە لەلای دەسەڵات بێ بۆ هەر سەرپێچیەکی باوکەکانیان، کەچی ئەو مەسەلەیە پێچەوانە بۆوەو زۆر لەو منداڵە بیری ئازادی سەربەخۆیان کەوتە مێشک ولەدەسەڵات هەڵگەڕانەوە، بۆیە ئەو قوتابخانە١٩٠٦ لەلایەن سوڵتان داخران. لەلای دیکە ئەو سوارە بۆ ئەوە دروستکرا بە پشتیوانی ئینگلیز بۆ ئەوەی کورد تێک بەربدەن عەلەوی وسونە. ئەوجا ناوزڕاندنی کوردو کێشە دروستکردن لەگەڵ ئەرمەن وئاسورییەکان. بە هەموو حاڵەتدا کورد بەس قازانجیان بە دەوڵەت گەیاندوەو خۆشی هیچ خێری تیادا نەبووە لە زەرەر زیاتر. بۆیە دەرفەتێکیان پێدرا بۆ ئەوەی کورد سوک بکەن ونەشیان توانی خۆیان لێ دەربخەن.**

لێرەدا مەبەست ئەوە بوو دۆزی کوردستان وحاڵەتی سیاسی کوردستان یەکجار شڕ بووەو لە هەمان کاتدا رۆشنبیرو پیاوە سیاسییەکان لە ئاستی وەزعەکە نەبوون، بۆ ئەوەی کورد لەسوکاتی پێکردنەوەو ناوزڕاندنە دوور بخەنەوەو جارێکی دیکە چینی فیوداڵیستی کورد بۆ مەبەست وبەرژەوەندی خۆیان، ئەو کارە سوکەیان هەڵبژاردو لە مێژوودا لەکەیەکیان بۆ کورد پێ تۆمار کرد. لەرۆژهەڵاتی ئێرانیش، کورد بە تایبەتی بەشێ لەجووتیارانی ئازبێجانی رۆژئاوا، کەوتنە نێو ئەو کۆمێتانەی کە شۆڕش مەشروتییە دڕووستی کردبوو "شارنشینان لەدژی خراپی ئەو فەرماندانەی دەوڵەت وجووتیارانیش دژی ئەو دەرەبەگە گەورانە کە جەوری زۆریان لەجوتیاران دەکرد"{دیڤید مەکداول (٢٠٠٥) / مێژووی هاوچەرخی کورد، ل١٧٥}. لەراستیدا جەورو رەفتار خراپییەکەی دەسەڵاتداران بوو پەیوەست بوون بەو کۆمیتەو بەشداری شۆڕشکردندا. لەگەڵ ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە بۆشایی سیاسی هەبووەو کورد نەیزانییە چۆن لەگەڵ قۆناغەککەدا هەڵسوکەوت بکات. خێڵ هەر بیرکردنەوەی بچووک ولۆکاڵییەو ناتوانێ بیرکردنەوەی خۆی گەورە بکا ولەگەڵ دەوڵەت بژی "خێڵ نەتەوەی ونیشتیمان نییە، پەیوەندیکەی لەسەر ژمارەو خەڵکە، بەڵام دەوڵەت وحزب لە خێڵ فراوانترەو پەیوەستە بەفکرو بەخاک"{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١) /رەخنە لەعەقڵی سیاسی کوردی، ل١٢٠}. لەگەڵ ئەوەش خێڵ خۆی نوێ دەکاتەوەو هەوڵ دەدا گوزارشت لەنەتەوە بکاو کۆنتڕۆڵی دەوڵەت بکا. لێرەدا "شتێک نییە لەلای خێڵ خاوەن هەژموونی نێو کۆمەڵگەی کوردستان، بۆیە دەبێ بۆ ئەو خاوەن هێزانەی کە خاوەن هێزن لەکۆمەڵگەدا کە جەستەی کورد پێک دەهێنن"{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٥٧}. لەلای خێڵیش هیچ تێفکرینێک نییە وبەڵکوو دژی تێفکرینە وتەنیا قسە وبەرژەوەندیی هەنوکەی دەوێ. تا ئەو زهنیەتەش باو بێ ئەوە کورد هەر دەبێ بە شکستەکان بژین وهاسان نییە بەو زهنیەتە کارکردن سەرکەوتنی نەتەوەیی دڕووست بێ.

# دیپلۆماسیەتی سەردەمی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا.

هەڵگیرسانی یەکەمین شەڕی گەورەی دونیا لەتەمووزی ١٩١٤ لەنێوان دوو تەوەردا، وڵاتانی هاوپەیمان (ئینگلیستان وفەرەنگستان وڕووسیاو ئیتاڵیا وپاشان ئەمریکە) لەلای دیکە وڵاتانی تەوەر (ئیمپراتۆریەتی جەرمانستان وعوسمانی ونەمساو مەجەر}، لەو جەنگەدا لەزۆر رووداو ژیانی گەلانی گۆڕی وکارەسات ودەرئەنجامی کەزۆربەی ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونێزیکی گرتەوە، چونکە ئەو شوێنانە بوونە گۆڕەپانی شەڕ. هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی هاوکێشەی هێز لەسەر ساکەگۆڕی ئەوروپا وشەڕکردن لەسەر سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەپێی خواست و ویستی خۆیان ، سەرلەنوێ دابەشکردنەوە بازاڕو شوێنە ستراتیژییەکان بەپێی ئەو هاوکێشە هێزە تازانەدا، کە هەر یەکە خوازیاری ئەوە بوو پشکی شێر بۆ خۆی بێ، لەرۆژی ٥ تشرینی یەکەمی ١٩١٤ ئینگلستان جاڕی شەڕی بەسەر دەوڵەتی عوسمانی داو لە٦ی مانگدا فاوی سەر بە ولایەتی بەسرەی داگیرکرد .کوردستان بەشێکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بووە پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی ئەو جەنگە و کاریگەریەکی سلبیانەی کردە سەرژیانی سیاسی وزیانێکی ماددی ومرۆیی وسەربازی زۆری پێ کەوت، بێ ئەوەی بەشداری شەڕەکە بێ و ئاکامێکی بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی هەبێ. چارەنووسسازی ئەو گەلە وکوردستان بە گشتی هەبێ. لەکاتێکدا گەلی کوردستان هیچ بەرژەوەندییەکی لەو شەڕەدا نەبوو لەبەر ئەوەی نە خاوەنی سەروەریەکی سەربەخۆ ونەبڕیارێکی سیاسی سەربەخۆی هەبوو، لەبەر ئەوەی فیودالیستی کورد شکستی هێنا لەبەجێگەیاندنی ئەرکە مێژووییەکەی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ دەوڵەتێکی لەسەر ئەو خاکە دڕووست بکات. لەگەڵ ئەو حاڵەتانەشدا، بەبێ ئاگایی کوردستان راکێشی ناو کورەی ئەو شەڕە کران خاکەکەی بووە گۆڕەپانی پێکدادان، بە کەڵک

وەرگرتن لەسیمای خێڵەکییەتی کۆمەڵگەی کوردی ورەهەندی ئایینییەوە بەناوی غەزا دژی کافران لەبەرەی قەوقاس ومیزۆپۆتامیا، بەشدارییەکی گەرمی بەرەکانی شەڕیان کرد لەبەرژەوەندی عوسمانییەکاندا. ئەگەر چی ئەو پێگە جوگرافییەی کەپێی دەگوترێ کوردستان، سەربەخۆ نەبوو، وڵاتێکی بن دەست وداگیرودابەشکراوی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە (عوسمانی وقاجاری) بوو. لەگەڵ ئەوەش بەهۆی پێگەی ستراتیژی وجیوسیاسی وجیوئیکۆنۆمی، جێگەی چاوتێبڕینی هەردوو لایەنی تێکبەربوو بوو، هەر یەکەو دەیخواست پشکی شێری لێ بەر کەوێ. ئەگەر چی وڵاتانی ئەورپی لەوەوپێش لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لاوازو دابەش بێ، کەچی ئێستا دەخوازن لەپەلوپۆ بکەوێ ومومتەلەکاتی پیاوە نەخۆشەکە لەنێوخۆیان دابەش کەن. لەهەمان کاتدا ئەو شەڕە، سەرەتای نەخشەی سیاسی لەسەر مومتەلەکاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە، داڕشتووە وخستیە بەردەست وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕەکە. لەهەردوو حاڵەتدا دەرگایەک وبوارێکی ئەڵماسی بۆ کورد هەڵخست کە بتوانێ ئەوەی چینی فیودالیستی کوردستان تیادا سەرکەوتوو نەبوو، بە بەرنامەڕێژی ویەکگرتووی وتینووی ئازادی هەوڵ بدەن سەربەخۆیی ورزگاری لە چەنگی داگیرکەران دەستکەوێ، لەگەڵ ئەو هەلە زێڕینیە، راستە دەرگا کرایەوە و "زەمینەسازییەک و پردێک لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کردەوەو ئەو پەیوەندییە چووە قۆناخێکی دیکەوەو کێشەی کوردستان گرنگییەکی زۆری پێدرا لەسەر مێزی گفتوگۆکاندا"{ بیار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٤)/ السياسة البريطانية تجاه تركيا و اثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦،ص٥٧}، ئەوەتا لۆید جۆرجی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا لە ١٨ی ت٢ ١٩١٨دا لەبەردەم ئەنجومەی عمومی بەریتانی راشکاوانە رایگەیاند "کورد زوڵمی زۆری لێکرایە لەسەر دەستی عوسمانییەکان، مافی خۆیانە لەنێو چوارچێوەی خاکی خۆیان مافی خۆیان وەرگرن"{ بیار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٤) هەمان سەرچاوە ، ص٦٠ }، هەروەها لەکاتی گفتوگۆکردن لە ١٧ی نیسانی ١٩١٩،

**لەسەر ئایندەی کێشەکانی رۆژهەڵات لەبینایەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی بە سەرۆکایەتی لۆرد کۆرزن وەزیری دەرەوەی بەریتانی ئەوکات، "کاتێکی زۆر بۆ کوردستان تەرخان کراو و چەند پێشنیارێکیش خرایە بەردەست، گرنگەکەیان هی ئەرنولد ولسن بۆ سەرۆکی کۆنگرە، ئەویش ویلایەتی میسل لەداهاتوودا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ"{ بیار مصطفی سیف الدین (٢٠٠٤)هەمان سەرچاوە ، ص٦٢}. بەڵام ئەرنۆلد ولشن رای لۆرد کیرزنی وەزیری دەرەوەی پێ خۆش نەبوو لەوەی ئەوناوچە کوردستانیانەی کە سەنتەرەکەی ئامەد (دیاربەکر) بوو بکرێتە ویلایەتێکی تورکی، چونکە " کوردانی ویلایەتی میسل دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ویلایەتە تورکە بەو شێوەیە هاوکێشەی هێزی لەناوچەکە تێک دەچوو"{أحمد عثمان أبوبکر(٢٠٠٢)/ کردستان في عهد السلام ،ص١٠٢}،هەولەکانی کوردو ئیستیجابەی بەریتانی بۆ داخوازییەکانی بە جۆرێک لەجۆرەکان لەکۆنگرەی ئاشتی١٨ی ک١٩١٩٢ بۆ ک٢ ١٩٢٠،هاتە پێش کاتێ " هاوپەیمانان لەسەر ئەوە پێکهاتن کە ئەرمینیاو سوریاو میزۆپۆتامیاو کوردستان فەلستین وجەزیرەی عەرەبی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکرێتەوە"{ بیار مصطفی سیف الدین (٢٠٠٤) / السیاسة البریطانیة تجاه ترکیا ، ص٦٣}، "ئەو ناوهێنانەی کوردستان لەکۆنگرەی ئاشتی، بە شێوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ، پشتیوانیەکی مۆڕالی وشێوازێکی یاسایی بەدۆزی کوردستان بەخشی وهێمایەکیشە بۆ بەنێودەوڵەتکردنی"،{بیار مصطفی سیف الدین (٢٠٠٤) / هەمان سەرچاوە ، ص٦٣}، لێرەدا دەکرێ بپرسین، بۆ چینی رۆشنبیرو سیاسییە تازە پێ گەیشتووەکانی کوردستانی کە خاوەن تواناو زیرەکی زۆر بوون نەیانتوانی لەئاستی ململانێکە بن. لەراستیدا بەشێکی زۆر لەو رۆشنبیرانە هەر کوڕە ئاغاو دەرەبەگ بوون، ئەگەر لەزاردا پێشکەوتووخواز بوون بەڵام لەرەفتاردا هەر ئەو بەچەکە ئاغاو لەزهنیەتدا هەر فیودالیستی بوون. بۆیە نەیان توانی ئەو زهنیەتە ومومارەساتانەی پێشوو ببەزێنن وکارێک بکەن لەدەرەوەی خواستی چینیاتی ئەوان نەبێ، لێرەدا بەشێکی زۆریان لەسەرەتای هاتنە نێو**

سیاسەتدا هەر لەچوارچێوەی جەمعیەتی عوسمانی داوای مافی کوردستانیان دەکرد، لەدوای روخانی ئەو دەوڵەتە ئەوپەڕی بێ هێزبوونی هەر تەشبوزی پەیوەستبوون بەو دەوڵەتە بوون، تاوەکوو کەمالیستەکان ئەو دەوڵەتەیان رووخاند. هەرچەندە زەمینەسازی هێز لە ناوچەکەو نێودەوڵەتی گۆڕا بوو، سیاسەتەکانی ئینگلیز مەبدەئی نەبوو، بەرژەوەندییە کۆلنیالیستەکانی دونیا دەیان خواست"سیڤەر هەڵوەشێنەوە بە هاوپەیمانیەتیکی دیکە کە کەمالیستەکانی پێ ڕازی کەن ، بۆیە سیڤەر بەڵگەنامەیەک بوو هەر بە مردووی لەدایک بوو"{هێڤار مصطفی سیفالدین (٢٠٠٤) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە ،ص٦٧}، ئەو کەڕەتە پابەندی فیکری خۆیان بەکۆماری تورکیاوە بەستەوەو ئەوە بوو سیڤەریان بە یاداشتی ٧٣ بەرلەمانتاری کوردەوە بۆ ئەو کۆنفراسە، لەرێگەی دوو بەرلەمانتاری کورد (بیرنجی زادە دیاربەکری و زوڵمی بەگ )وەک نوێنەری ئەو حەفتاو سێیە دۆڕاند"{کاوە نادر قادر (٢٠٠٩)/ بەعێراقی کردنەوە، ل ١٢٢}. ئەو زهنیەتە وابەستەیە بەداگیرکەران نەخۆشییەکە تا ئێستا بەردەوامەو هەر ئەو" خوی شیری هەتا پیری" یە. هەر بۆیە ئیتحادو تەرەقی بە نهێنی لەسەر دەستی دوو کورددا لەگەڵ چەرکسێکەوە دڕووستکراوە(عەبدوڵا جودت وئیسحاق سکوتی)،ئەگەر بەرواڵەت دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بوو بەڵام لەناوەڕۆکدا تورکچێتی وعوسمانی رەفتاری دەکرد، لەرەفتارەکانی تورکەکاندا غەیرە تورکەکانی ناو ئەو رێکخراوە بۆیان بەدەرکەوت کە ساویلکانە پێیان هەڵخەڵەتاون ولەبانگەشەکانیاندا دوورن بەڵکوو بەشێک بوو لەماسۆنیەت "لەسالانێک مەرکەزی ئەو رێکخراوە بوو، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ماسۆنیەت هەبوو"{محمد رسول هاوار(٢٠٠٦)/ کوردو باکووری کوردستان، ل ٤٥٣}. رێککەوتنی سایکس پیکۆ لەلایەن هەر سێ وەزیرانی دەرەوەی (ئینگلستان وفەرەنگ وڕووسیا) لە پێش شەڕ دارێژرابوو، کە شارەزایەکی باشیان لە کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری کوردستان هەبوو. کە لە ١١ نامە پێک هاتبوو، بۆ دابەشکردنی مومتەلەکاتی ئیپمراتۆریەتی عوسمانی لەنێوان براوەکانی

شەڕدا ودڕووستکردنی دیزانێکی نویٚ بۆ ناوچەکە داڕشت بوو، کە تیادا حسابیان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کردبوو نەک ئیرادەی گەلانی تینووی سەربەخۆیی "نە نرخێکیشیان دانابوو بۆ لایەنی سیاسی وئابووری وفەرهەنگی وکۆمەڵایەتی وئایینی وزمانەوانی گەلانی ناوچە"{نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم،ل٢٦٢}، کە مەبەست وئاراستەکانیان" تاکە ئامانجی وڵاتانی زلهێزی ئەوسا بوو، خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی کۆلنیالیستەکانی خۆیان بووە، نەک بنەمای لۆژیک لەناسنامە سروشتییەکانی نەتەوەیی وتایفی وخێڵەکی"،{کۆتایی سایکس پیکۆ (٢٠١٤) / لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان –هەولێر چاپی یەکەم – چاپخانەی موکریانی، ل١٩}. هەر بۆیە لەپێش جەنگ ئەو وڵاتە ئۆڕپیانە هیچ گرنگییەکیان بەهەوڵەکانی چالاکوانانی سیاسی نەدا، وەک، عەبدولرەزاق بدرخان وشێخ عەبدولسلامی بارزانی ومەلا سەلیمی بتلیس لەگەڵ ڕووسەکان لە١٩١٤دا. ئەو وڵاتانە (ئینگلیزو فەرەنگ وڕووسیا) لەکاتی جەنگ هیچ گرنگییەکیان بە کورد نەداو "دوو تەقەلای شەریف پاشای خەندان لە ١٩١٤ و١٩١٨ لەگەڵ ئینگلیزو کامیل بەگ وحەسەن بەگی بەدرخان لەگەڵ ڕووس ساڵی ١٩١٦ و..... سەید تەها لەگەڵ قونسلی ڕووس لەساڵی ١٩١٧ لەورمێ، شێخی نەمر لەگەڵ ڕووسەکان ١٩٢٣"{نەوشیروان مستەفا(٢٠٠٥)/ کوردو عەجەم ،ل٢٥٥}، .ئەوانە هەوڵیان دەدا پێکەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانە کار بکەن وهاوکاری ئەو وڵاتانە بکەن و ئازادیش بۆ کوردستانیش بەدەست بهێنن، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان لەوەزع شڕی خۆیان، دەیان ویست وەخت بکوژن هەر وەک وەزیری دەرەوەی قاجاری فیروز نەسرول ئەل دەولە بۆ لۆرد کیرزنی بەریتانی نوسیووە لە ١٧ی ت دووەمی ١٩١٩، نوسیوویەتی " کورد ژمارەیەک خێڵ وهۆزن لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، ئەو خێڵانە نەتەوە پێک ناهێنن و لەتوانایاندانییە یەکەی سیاسی دڕووست بکەن، ئەگەر سەر بەئێران بن کێشەکانیان چارە دەکریٚ"{نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥) / کوردو عەجەم، ل ٢٧٧}،بەڵام ئەو داخوازیەیان لەلای بەریتانیا پشتیوانی لێ نەکرا.هەروەک دانوستانی سوڵتانی

عوسمانی لەگەڵ" جمعیەتی تعالی کوردستان" ساڵی یەکی حوزەیرانی ١٩١٩ دەست پێکرد و بەڵێنی دانێ کە ئۆتۆنۆمیەکیان پێ دەدا بە مەرجێ لە نێو جەمعیەتی عوسمانی بمێنەوە، هەر وەختی پێ کوشتن وهیچی بۆ نەکردن وهەمووانیشی تێک بەردان لەسەر بەرژەوەندی تایبەت و دەسکەوتی خێڵەکی و ناوچەیی.هەرچەندە لەو دەورانە هەست دەکرێ چاڵاکی دیپلۆماسی چاڵاکوانی کورد زۆر بووەو بەتایبەتی جەمعیەی تعالی کورد ورەوەندی کورد لە ئەوروپا، کارەکانی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی زۆر چڕ کردبۆوە بە تایبەتی لە رێگەی یاداشت و شاند ناردن بۆ لای وڵاتانی دونیا، بەڵام هەموودەم بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بەهێزتر بووە لەرەوایی ئەو داخوازیانە و ئەو بانگەشانەی کە لەبازاڕی سیاسیدا بازرگانیان پێ دەکرد، ئەو چاڵاکوانەش نە ستراتیژیەکی کوردستانیانەیان هەبوو نە یەکگرتوو بوون لەسەر داخوازییەکان و نە هێزێکی چەکداری گەورەیان لە پشت بوو، نە دەزگایەکی دیپلۆماسی و نە مەرجەعیەتێکی کارای هەبوو بۆ ئەوەی سەرکەوتوانە بەدوای ئەو هەوڵانە بکەوێ و ئەو هەوڵانە بە پچڕی مایەوەو هیچی لێ شین نەبوو، بە پێچەوانەی هەوڵەکان بە خراپترین رەوش بەسەر کوردا و بەباشترین رەوش بەسەر داگیرکەرانی کوردستان شکایەوە . ئەو وڵاتانەی کۆنیالیستانەی ئەوسا بەپێی بەرژەوەندی خۆیان کە دوایی بە سایکس پیکۆ ناسراو کورد هیچی تیا نەبوو، بۆیە ئەو وڵاتانەی ئەوروپا، دۆزی کوردیان وەک کارت وهێندەکیشیان لەگەڵ چاڵاکوانەکانی سیاسی مامەڵە دەکرد، وەک جاسوس ونۆکەر سەیریان دەکردن. هەرچەندە لەبری ئەوەی ئینگلیزو وڵاتانی براوەی شەڕ، بیر لەوە بکەنەوە لەداڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگی بەناسنامەی نەتەوەیی و تایفی وخزمایەتی بدەن، ئەوا تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیانەوە ئەو دارشتنەوەیان ئەنجامدا، بۆ بەجێ گەیاندنیشیدا پشتیان بە هێزو توندوتیژی بەڕێوەبردن بەست، بۆیە ئەگەر بەوردی سەیری داڕشتنەوەکە بکەین، بەستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لەرووی ئابووری وسیاسییەوە بەسیستەمی سەرمایەداری، گەلی کوردستان روبەڕووی ئەو هاوپەیمانییە

سەپرووسەمەرەی دەسەڵاتدارانی داگیرکەرانی کوردستانی هاوپەیمان و پارەێزەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کۆلۆنیالیست بۆوە لەناوچەکە کە هەندێکی لێ دیاربوو لەتوانایدا نەبوو بیوەستێن وهەندێکی دیکەشی درکی پێ نەکردبوو تاوەکوو بەسەریدا بەجێ گەیەنرا. تەنانەت ئینگلیز"هێندەی هانی کوردستانیان دابوو لەکۆنگرەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان دابوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی نەک رەوایی دۆزەکە، وڵاتانی دیکە بەدگومانی بەدەستی ئینگلیزی بناسن"{کاوە نادر قادر (٢٠١٠) /بەعێراقیکردنەوە یان قوڵبوونەوەی قەیرانی ناسنامە /، ل١٠٧}. لەراستیدا لەو کاتەدا دوو روداو زۆر لە سیاسەتەکانی ئینگلیزی گۆڕی، یەکیان شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفی ڕووسیا وکشانەوەی لەجەنگ بوو، سەرکردایەتی شۆڕشی بەلشەفیش مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەتان کرد نەک میللەتانی بن دەستی قاجاری وعوسمانی وپاشانیش کۆماری تورکیا، تەنانەت لە دوای ٤٠ رۆژ لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٧، لینین بەیاننامەیەکی بە واژۆی خۆی بۆ گەلانی ئیسلامی رۆژهەلات بانگەوازێکی بۆ " موسڵمانانی عەرەب وئێرانی وتورک وئەفگانی وهیندی بڵاو کردەوە"{نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥) / هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٤}، بەس هەر باسی گەلی کوردی نەکرد، لەکاتێکدا بنزارو سەرزاری بەلشەفییەکان مافی چارەی خۆنوسین بوو. بەڵام] بۆ گەلانی ژێر دەستی عوسمانی وقاجاری بە فەرمی پەیوەندی توندو تۆڵیان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە دڕووست کردو پشتیوانیان لەو دوو دەوڵەتە دەکرد لەدژی ئەرمەن وکوردو ئاسووری نەک لەگەڵ گەلانی ئازادیخواز، دیلەکانی تورکی هەموو بەرداو دایانەوە دەستی مستەفا کەمال هاوکاری سەربازیشی کردن بۆ گیانی کورد. بەم شێوەیە ئەو شۆڕشە لەبری رزگاری گەلان پێش بخا لە رۆژهەڵات، ئەوا هەوڵی دا ئەو دوو دەوڵەتە کۆنپارێزە پێش بخاو لەهەڵوەشاندنەوە رزگاریان بکات. لەهەمان کات بووە پشتیوانیەکی گەورەی کەمالیستەکان. لە هەمان کاتدا نەوت رۆڵی گەورەی پەیدا کردو هەر شوێنێک نەوتی تێدا بایە ئەوا ئینگلیزی هەوڵی دەدا بیخاتە ژێر رکێفی خۆی ودەستیان کرد بە گۆڕینی

وزەی پاپۆڕەکانیان لەخەڵوزی بەردەوە بۆ پترۆڵ، هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ، هێزەکانی ئینگلیز بیرە نەوتەکانی خواری ئێرانیان دەست بەسەردا گرت. لۆرد کیرزن وتبووی " رۆژەک دێ دەڵین هاوپەیمانان بەسەر دەریای نەوت دا بۆ سەرکەوتن چوون "{نەوشیروان / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٢٧٣}، هەروەها هینری براینجەی نوێنەری فەڕەنسی لەو کۆبونەو تایبەتەدا کە لە رۆما بۆ باسی نەوت لەساڵی ١٩١٨ بەسترا وتی" ئەو سەرکەوتنەمان بەدەست نەدەهێنا ئەگەر خوێنێکی تریش نەبوایە واتە خوێنی ئەرز کە پێی دەگوترێ نەوت" {نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥) / هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣}. ئەوەندەی دەستی مەلیک مەحمودی بەرزنجیشیان لەباشوور واڵا دەکرد تەنیا بۆ ترساندنی کۆماری تورکیا بوو، دەنا نەڕووسیای سۆڤیەت ونە فەڕەنسا ونە بەریتانیا ونە ئەمریکە گرنگیان بە ئیرادەی گەلان نەدەدا. لەراستیشادا چ سمکۆ وچ شێخ وچ بنەماڵەی بەدرخانییەکان زۆربەی هەوڵیان دەدا لەچوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەی ناسیونالیستی تورک وئێرانی کە رێگەیان پێ دەدان کار بکەن، نەک بەبیرکردنەوەیەکی ستراتیژی کوردستانی سەربەخۆ بۆ سەربەخۆیی ورزگاری نیشتیمانێکی داگیرو دابەشکراوی وەک کوردستان. هەرچەندە شەریف پاشا لە هەندەران هەوڵی زۆری دا لە کۆنگرەی ئاشتی ١٩١٩ و لە ٢٢ ئاداری ١٩١٩ یاداشتێکی دایە ئەنجومەنی باڵای ئەو کۆنگرەیە لەسەر داخوازییەکانی کوردو بۆ کوردستانێکی سەربەخۆدا ، لەسەر راستییە مێژوویی و جوگرافی و زمان و بەڵێنی هاوپەیمانان سەبارەت بەچارەنووسی ئازادانەی خۆیان لەگەڵ نوێنەری ئەرمەن بوگوز نوبار رێککەوت و دەقی رێکەوتنەکەی دایە ئەو کۆنگرەیە ولەکاتی پەیماننامەی سیڤەری ١٩٢٠ هەوڵی زۆری داو بەشێک لەو داخوازیانەی کە لەبەشی سێی سیڤەر سێ بەند هاتووە بە توانا وهەوڵەکانی ئەو بوو بەپشتگیری نوینەری ئینگلیز لەو کۆبونەوە، هەروەها هەوڵەکانی سەرۆکی کۆمیتەی کوردستان عەبدولقادر شەمزینی لەکانونی دووەمی ١٩١٩ یاداشتێکیان دایە مەندوبی سامی

بەریتانی کە تیادا هاتبوو "کورد هەموو ئەو لێوەشاوەیی تێدایە کە بتوانێ جێگەی خۆی لەرێزی گەلانی دۆستدا بگرێ وچارەنووسی خۆی بەدەست بهێنێ"{نەوشیروان مستەفا(٢٠٠٥)/ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٦}. هەروەها کاتێ کۆمسیونی کینگ کرەین گەیشتە ئەستەنبۆل چەند کەسێ بە ناوی (حیزبی دیموکراتی کورد _ بەسەرۆکایەتی مەمدوح سەلیم) یاداشتێکیان داوەتێ داوای سەربەخۆی کوردستانیان کردوە"{نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥) / هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٧}. کاربەدەستانی ئینگلیز وا پێ دەچێ لەسەر ئەوە رێک بوون کە هەندێ مافی نەتەوەیی بدرێتە کوردو لەهەر جێیەک باسی کوردستان بکرابایە، ئەوا وڵاتانی دیکە بەدگومانیان لەئینگلیز دەکرد، بەڵام لەستراتیژیدا نەبوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ رێگە پێ بدا. هەر بۆیە باب عالی وقاجارییەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون یەکیتی ریزەکانی کوردو چالاکوانانی سیاسییەکانی تێک بداو پێک ناکۆکان بکات. بەم شێوەیە ئەگەر چی گۆڕانکاری گەورە لەئاکامی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا دروست بوو، بژاردەیەکی تازە هاتە ناو جولانەی نیشتیمانی کوردستانی، رێکخراوی سیاسی نوێ هاتە مەیدان بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام لەبەر ئەوەی نارێک و بێ بەرنامەو ستراتیژی سیاسی بوون، هەر لەبازبازێنی نێوان خۆنوساندن بەدەوڵەتی عوسمانی وسەربەخۆیدا دەسوڕانەوە، نەیان توانی بوو لەستراتیژیەتی زلهێزان تێ بگەن وهەوڵ وکۆشەشەکانی شەریف پاشا وسمکۆ ومەلیکی باشووری کوردستان، بەدرخانییەکان، لەشوێن خۆیان پوکانەوە، نەیان توانی ئەو قەیرانە گەورەیی کەبەسەر کوردستان وتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هات بیگۆڕن بەهەلێکی لەبار بۆ چارەنووسی گەلەکەیان کە دەمێک بوو هەوڵی دەدا بگاتە رزگاری و سەربەخۆیدا، کەچی کەمالیستەکان بە مەکسیمۆم کەڵکیان هەم لە بارە تایبەتەکان وەردەگرت و سازشەکانی هاوپەیمانانیان تەوزیف دەکرد بۆ ئامانجەکانیان"{ بیار مصطفی سیف الدين (٢٠٠٤)/ هەمان سەرچاوە، ص٨٠}. ئەگەر سیاسەت ئەوەیە دۆست ودوژمن لێک کەیەوە، ئەوە دیپلۆماسیەت هەوڵیکە بۆ ئەوەی

دۆست ودوژمن لەکێشەکانت بگەیەنی وجغزی دۆستایەتی فراوان بێ وجغزی دوژمنداری یەکجار کەم کەیەوە، ئەوەی نابێتە دۆستیش، هەوڵی لەگەڵ دەدرێ بیکەیە بێ لایەن. کەواتە سیاسەت لە"یەکدی جیاکردنەوەی دۆست ودوژمنە ولەناتەبایی وناکۆکی بەرهەڵستی نیوان دوو جەمسەر (دۆست ودوژمن) دروست دەبێ " {شیرزاد نەجار (٢٠٢١) / چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە، ل ٨}، کەواتە دەبێ لەنێوان بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی وبابەتیانە بۆی بچین نەک تەسلیمی قەدر بکرێ. دیپلۆماسیەتێکی کوردی پەرت وبڵاو بێ بەرنامەڕێژی وبێ ستراتیژیەت ،بەمەبەستی رۆڵ نەهێشتنی چاڵاکوانەکانی دیکەی کوردی ئەو بوارە، لەگەڵ ئەوەش زەمینەکە لەبار بوو بۆ بڕیاری چارەی خۆنووسین، وەک تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانی پێشوو گۆتەنەی"مەرجی سەرەکی ئەوەیە بتوانی کرانەوە لەبەرامبەر گرێکۆرەکاندا بکەی"،{کۆتایی سایکس پیکۆ(٢٠١٤)/ ،ل٢١١}،بێ ئەوەی کەڵک لەرابردوو وەربگرن و دەستنیشانی کێشەکەیان بکەن، لەهەر کوێیەک وپێگەیەک بونایە لێپرسراوەتی نیشتیمانی وای دەخواست و دەبوایە داخراوی لەبەرامبەر هێزە جیهانییەکان نەکرابایە و لەئەجینداو ستراتیژیان بگەیشتبانایە و هاوشانی گۆڕانکارییەکانی سەردەم شەقاویان بهاوێشتایە روبەرووی ئاڵنگارییەکان بە عەقلانی ببوناوە، قیبلەنامەیەکیان هەڵبگرتایە نەک لەبیابانێکدا بڕۆیشتانایە بێ دەستنیشانکردنی ئاڕاستەو رێرەوی سەرەکی، بەئەقڵانی سیاسەت ومامەڵەکردنی دبلوماسیەتیان لەگەڵ دۆست و ئەوجا بابەتیانە لەگەڵ دوژمن بکردایە وستراتیژیەکی نیشتیمانیان دادەڕێشت. بەڵام بەهۆی نەبوونی بەرژەوەندی کۆلۆنیالیستی لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی، کەموکوڕییە ناوخۆییەکانی کوردستانی قەبەو زۆرکرا بۆ مەبەستی سیاسی، دەنا مستەفا کەمال لە شەریف پاشای خەندان ونوری دەرسیمی ونە رەزا شا لەسمکۆی شکاک ونە مەلیک فەیسەڵ لە مەلیک مەحموود بە تواناترو لێهاتوو تر بوون، ئەی بۆچی چارەنوسی ئەوانە ئەوهای لێهات وئەوانی تر بوون بە پاشا وسەرۆک کۆمار.

# سیاسەتی زلهێزان لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کوردستاندا

وڵاتانی براوەی یەکەمین جەنگی گەورەی جیهانی، بەتایبەتی بەریتانیاو فەڕەنساو ئەوجا ئیتاڵیاو ئەمریکا لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو کات بوون، بە تایبەتی بەریتانیا وفەڕەنسا، پاش کشانەوەی ڕووسیا لە شەڕو سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕووسیای ساڵی ١٩١٧، سەرەتای سەردەمێکی نوێی لەپەیوەندی نێوان ئەو وڵاتە زلهێزانەو یەکێتی سۆڤیەت وناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وگەلانی دونیای هێنایە پێش. گەلی کوردستان بەئومێدەوە چاوی بڕیبووە ئەو شۆڕشەو وایان مەزەندە دەکرد کەپشتیوانییەکی مەزن دەبێ بۆ دژایەتیکردنی ئەوجەورە زۆرەی کە داگیرکەرانی ئەوسا دەوڵەتی عوسمانی وقاجاری بەڕێوەیان دەبرد. بەڵام روداوەکانی داوای سەرکەوتنی شۆڕش ئۆکتۆبەر وبانگەشەکانیان شتێکی تر دەرچوو، واقیع شتێکی دیکە، لەراستیدا بەلشەفییەکان بەلانی کەم، دەیانتوانی بێلایەن بن لەو ململانێیەی گەلی کوردستان وداگیرکەراندا (قاجاری وعوسمانی)، کەچی ئەوان نەیان شاردەوەو بەئاشکرا لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆیان تەماشای ئەو ململانێیەی کرد، بگرە ئەو رژێمە کۆمۆنیستە تازەیەی کە لەرووسیا هاتە سەردەسەڵات، پشتیوانی لەداگیرکەرانی کوردستان ودژایەتی بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان، هەڵبژارد. هەوڵیان دا پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ناوچەکە خۆش بکەن وبەرژەوەندە نیشتیمانییەکانی خۆیان لەگەڵیان بپارێزن، بێ ئەوەی بەقەد نیوەی ئەوەش، لەگەڵ گەلانی ژێر دەستی ئەو وڵاتانە، خۆش بکەن کە هەبوونێکی ئەکتیڤانەیان هەبوو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست. دروشمی مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ گەلانی ژێر دەست بەرزکردبۆوە. ئەوەتا دوای چل رۆژ لەراگەیاندنی کۆنگرەی دووی حزبی شیوعی سۆڤیەت کە لە(هەشتی تشرینی دووەم ١٩١٧) بەسترا، کە بە مەرسومی ئاشتی ناسراوە ، هەروەها لە ٣ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ کە بیروباوەڕە بنچینییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو کۆمارە تازەیەی تیادا راگەیەنرا، ناوی دوازدە لە گەلانی ناوچەکەی تێدا هاتووە، کەچی کوردیان هەر باس

نەکردووە"{میهڤان محمد حسين رشيد البرواری (٢٠٠٨)/ سياسة الاتحاد السوفيتی تجاه الحركة القومية الكوردية،ص٢٩}، و لەبانگەوازێک بۆ گەلانی رۆژهەڵات لە ٣ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ کە بەلشەفییەکان جەختیان کردەوە "پشتیوانی وپشتگیری لەجولانەوەکانی رزگاریخوازی نیشتیمانی گەلانی رۆژهەڵات، کە خەبات بۆ رزگاری گەلانی خۆیان دەکەن"،{میهڤان محمد حسين رشيد البامرني(٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە،ص٦٥}.دەسەڵاتی تازەی سۆڤیەت، لەوەش زیاتر دەرکەوت کاتێ لەماددەی دووی شەڕ راگرتنی رووسیا_ عوسمانی، تیادا هاتووە، کە مانگێک دەبوو بەلشەفییەک گەیشتبوونە دەسەڵات (١٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٧)، "هەر کاتێ کوردەکان لەسەر هێڵی سنووری نێوانی هەردوو وڵات، هەر کارێکی نەخوازراویان دژ بە تورکیا کرد، ئەوا بە دزو جەردە دەژمێردرێن"{م.س. لازاريف (٢٠٠١) / المسألة الكردية ١٨٩١- ١٩١٧ / ت أكبر احمد- مركز الدراسات الاستراتيجية، ص ٥٠٥}. + میهڤان محمد حسن (٢٠٠٨) /هەمان سەرچاوە، ل٣٠}. ئەو رێککەوتنە سنوورییەیان، لەگەڵ دەوڵەتی نەخۆش وپاشڤەڕۆی وەک عوسمانی ئەنجامدا، دژ بەجولانەوەیەکی وە رزگاریخوازی کوردستانی پێشکەوتووخواز، لەوەش زیاتر، تاوانباری ئەو جولانەوەیە رزگاریخوازە دەکەن بە دزو جەردە، کەمالیستەکانیش کە ئەوپەڕی شۆڤینیست بوون، بەجولانەوەیەکی دژە ئیمپرالیزم ئەژمار دەکرد. بەڵام عوسمانییەکان هاوپەیمانی ئەلمان بوون."لە نووسینەکانی لینییندا، هەتا دوو ساڵیش لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ناوی کورد نەهاتووە، کاتێ باسی ناوی نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کردووە"{فەرید ئەسەسەرد (٢٠٠٠) / کوردو بەلشەفییەکان/ گۆڤاری سەنتەری ستراتیژی ورۆشنبیری ژمارە- ٤٢/ سلێمانی، ل٧}، ئەو هەڵوێستەی بەلشەفییەکان تەنیا بۆ دڵڕاگرتنی کەمالییەکان بوو نەوەک لێیان زویر بن. بانگەشەکانی ئازادی گەلان بەس لەکاتی بەرژەوەندی نیشتیمانیی سەیریان دەکرد، وئەوانیش مافی عەدالەتخوازی گەلانیان بە قوربانی بەرژەوەندی وچەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان کرد.

لەو کاتانەدا کەبەلشەفییەکان لەشەڕ کشانەوە، بۆشایەکی هێز لەگۆڕەپانی میزۆپۆتامیا درووست بوو، بەریتانیا کەڵکی لێ وەرگرت وتەواوی میزۆپۆتامیای داگیرکرد، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام ئینگلیز لەبانگەشەکانی بەلشەفییەکان ترساوە کە کاریگەری لەسەر ئەو ناوچانە هەبێ، "بۆیە ئینگلیز ویلایەتی میسلی خستە سەر عێراق چونکە مەلیک فەیسەڵی عێراق زۆر دژە بەلشەفییەکان بوو، مستەفا کەمالیش ویلایەتی میسلی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەلشەفییەکان لەدەستدا" {میهڤان محمد حسین رشید(٢٠٠٨)/ سیاسة الاتحاد السوفیتی تجاه الحرکة الکردیة،ص ٣٣}. هەربۆیە لەئاداری ١٩١٩، مەندوبی سامی لەبەریتانی نامەی لە" مێجرسۆنی" وەکیلی سیاسی بەریتانی لەو ناوچەیە بۆ هاتەوە و ئاگاداری دەکاتەوە لەو جۆرە مەترسیانە"درووستبوونی جولانەوەیەکی کوردی بە فکری بەلشەفی بڵاوبێتەوە"{میهڤان محمد حسین (٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە، ل ٣١}، بۆیە ئینگلیز هەوڵیان دەدا رێگری لەبڵاوبونەوەی بیری بەلشەفی بکەن، بەلشەفییەکانیش هەوڵی پەیوەندی باشیان لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی تورک دەدا وبەڵێنی یارمەتیدانی سەربازیان پێدان، لە"کۆبونەوەی ئەماسیەی ١_٢ حوزەیرانی ١٩١٩ کە تیادا مستەفا کەمال لەگەڵ کۆلۆنیل یودیی سۆڤیەتی ئەنجامیان دا"{ میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) هەمان سەرچاوە، ل٣٢}، بۆ ئەوەی ئەو ترسەی بەریتانیا برەوێتەوە، بەربەستێکی دژ بەلشەفیکییەکان هەبێ، بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا کوردستانێکی سەربەخۆ هەبێ بۆ ئەو مەبەستەو، هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە لە ١٠ ئابی ١٩٢٠ لەسیڤەر بۆ ئەو رێگرییە، چڕ کردەوە. "ئینگلیز وفەڕەنسا لەو هەرێنامەیە هەوڵیاندا کارتی کوردی بەکار بهێبن بۆ رێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی فیکری شوعیەت لەکوردستان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی وەک لەمپەر لەبەینی تورک وسۆڤیەت ونزیک لەچاڵە نەوتییەکانی قەوقاز کە بنکەیەکی ستراتیژی لای ئینگلیز بۆدژایەتی سۆڤیەت دادەنرا"{میهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣}. بەلشەڤییەکان هەوڵیان دەدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کەمالیستەکان خورتر بکەن وبە ئاشکرا پشتیوانیان لەگێڕانەوەی ولایەتی میسل دەکرد بۆ تورکیا "لە

کاتی دەنگدانیش لەکۆمەڵەی گەلان، یەکێتی سۆڤیەت لایەنگیری تورکیای کەمالی بوو بۆ گێڕانەوەی ویلایەتی میسل"{فاضل حسين (١٩٧٧) /مشكلة موصل /ط٣ / مطبعة اشبيلية /، ص ٢٣٠} میهفان محمد حسين / هەمان سەرچاوە، ص٤٠}. بۆیە هەرێنامەی سیڤەر وەک کارتێکی فشار لەبەرامبەر دۆستایەتی تورک و بەلشەفییەکان لە دایک بوو هەر زووش نێژرا، کاتێ زروفەکەی گەلاڵەکردنی کارتەکە گۆڕدرا، "وەزیری دەرەوەی بەریتانی لۆرد کیرزن لەچەند بڕووسکەیەکیدا بۆ مەندوبی سامی لەعێراق ، بیرس کوکسی لە ٢٧و ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ ناردووە، باس "لەمەترسی دۆستایەتی کەمالیستەکان وبەلشەفی دەکات وهەر بۆ بەربەست ناوبەرەیەک بە دەوڵەتێکی کۆنفدرالیتی کوردی لەژێر ئینتدابی بەریتانی بە مەسەلەیەکی جدی دەزانی "{ بيركزين و اخرون (١٩٧٥) / تاريخ السياسة الخارجية لاتحاد السوفيتي ١٩١٧_١٩٤٥/ دار التقدم – موسكو،ص ٤٨٥}. هەروەها لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس لەکانونی دووەمی١٩١٩کە نوێنەری٢٧ وڵاتی تیادا بەشدار بوو لەکۆنفرانسەکەدا، سەرۆکی ئەمریکا- وودرو ویلسۆن بوو وسەرۆک وەزیرانی بەریتانیا-دێڤید لۆید جۆرج وسەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا- جۆرج کلیمنسۆ. سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا- ڤیتۆریۆ ئیمانوێل ئۆرلاندۆ. 145 جار بەشێوەیەکی نافەرمی پێکەوە کۆبوونەوە، هەموو بڕیارە گەورەکانیان دا، کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە پەسەند کران"{ويكبيديا – مؤتمر باريس للسلام ١٩١٩}. ئەوەی لەلایەنی ئەو کۆنگرەیە کێشە بوو، مەسەلەی ڕووسیاو چۆنیەتی ڕێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی شوعیەت بوو"{م.س. لازاريف (٢٠٠١) / المسألة الكردية ١٨٩١_١٩١٧/.......ص١٥٥}. هەر ئەو هەڵوێستەی وڵاتانی هاوپەیمانان وای لەڕووس کرد دۆستایەتی لەگەڵ کەمالییەکان خۆش بکاو هاوکاری ماددی وسەربازیان پێ بدەن لەدانیشتنی ئەماسییە، بۆ ڕێگری لەبەردەم دڕووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی "هاوکارییەکانی ڕووس بوو کەمالییەکانی سەرخست بەسەر یونانییەکان لە شەڕی رووباری سەقاریە ١٩٢١کە کەمالیستەکان خۆیان کردە دیفاکتۆ لەکۆتایی ١٩٢٢، تەواوی تورکیا وباکووری کوردستانیان کۆنتڕۆڵ کرد"{سروه اسعد صابر (٢٠٠١) / من بداية الحرب العالمية الاولى الى

نهاية مشكلة موصل / ط١ مؤسسة موكريان- أربيل، ص ١٠٩}.
سیڤەریش یەکێ لەو هەوڵانەی بەریتانی ووڵاتانی هاوپەیمان بوو بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها دامەزراندنی کوردستانی سووریش لەلاچین، وەک لێپرسراوی پێشوی کەی جی بی سۆڤیەتی دەڵی " عەشیرەتە کوردەکان بۆ هەردوو لای ململانێکە گرنگ بوون "بۆیە بیرمان کردوە حکومەتێکی کوردی لەسەر خاکی سۆڤیەت بۆیان دروست بکەین، بەڵام کۆمسیاری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت نارەزایەتی دەربری، لەبەر نارازیبوونی تورکیاو ئێران، بۆیە بریار درا ئەو کۆمارە هەڵوەشێتەوەو سەرکردەکانی عەشایر وەک سیخور بەکار بهێنرێ"{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) هەمان سەرچاوە ،ص ٤٥}، بە برووسکەی لینین بۆ نەریمان نەریمانۆڤی سەرۆک کۆماری ئازربیجان دروست بوو وەک " دژە ئاراستەی ئینگلیز لەلایەن مۆسکۆ، لەبەرامبەر دەوڵەتێکی کوردی بەکرێگیراوی ئینگلیز دژ بە سۆڤیەت"{مێهڤان محمد حسین رشید / سیاسة الاتحاد السوفیتی تجاه ، ص ٣٥}. لەهەمان کاتدا گێرانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ جاردانی مەملەکەتی کوردستانی جنوبی لە ١٨ی ت ١ ( ئۆکتۆبەری) هەمان ساڵ و راگەیاندنی خۆی وەک مەلیکی کوردستان ، بەو مەرجە بوو کە شێخ دژایەتی کەمالیستەکان بکا، کەچی شێخ پێچەوانەی کردو هەر لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ بەیانێکی هاوبەش لەلایەن مەندوبی ئینگلیز لەعێراق و حکومەتی پاشایەتی عێراق دەرچوو " کە دانیان نا بە مافی کورد لەدرووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە چوارچێوەی عێراق ، ئەوەبوو کاتێ ئینگلیز هەستی بە پەیوەندی شێخ لەگەل تورک و نامەکانی بۆ سۆڤیەت، بانگهێشتی بەغدایان کرد، ئەویش نەچوو، بۆیە ئینگلیز سلێمانی داگیرکردەوە"{میهفان محمد حسین رشید(٢٠٠٨) ، ص ٣٥}. ئەو سیاسەتەی گوریس کێشکانەی بەریتانی وسۆڤیەت لەبەکارهێنانی کارتی کوردی دژ بەیەک بوون، نەک سیاسەتێکی مەبدەئی لەبەرامبەر دۆزی کوردستان، مەدای کورتبینی شێخ ومەدای پشتبەستنی بە کەمالیستەکان هەبووە. هەربۆیە کاتێ ئیگلیز هەستی بەو سیاسەتانەی سۆڤیەت کرد لە ناوچەکە، بۆ ئەوەی بەر لە بن پێی سۆڤیەت دەربخا، هەوڵی دا، سازشێک لەگەڵ

کەمالیستەکان بکات وزەمینەسازی کرد بۆ هەڵوەشانەوەی سیڤەر وبەستنی هەرێنامەی لۆزان "میهفان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ص ٣٩}. هەر لێرەدا دەکرێ بگوترێ، هاوکارییەکانی سۆڤیەت بوو سەرکەوتنی سەربازی بەدەستهێنا وپێگەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هێز کردو، پاڵی بە ئینگلیز وەنا بیر لەسازش لەگەڵ کەمالیستەکان بکاتەوەو لۆزان بەسیڤەر بگۆڕێ. لەلۆزانیش سۆڤییەتییەکان پشتیوانیان لەکۆماری تورکیا کرد لەدژی ئینگلیز بۆ گێرانەوەی ولایەتی میسل. منجڕی تورکی بە پشتیوانی سۆڤیەت بوو، راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلانی سەبارەت مافەکانی کورد لە عێراق کوژاندەوە، لە کاتی لکاندن کرابووە مەرج بەسەر بەجێگەیادنی لەلایە عێراقەوە، دوای ئەوەی لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ پەیماننامەی سێ قۆڵی (ئینگلیزو تورکیاو عێراق) بەسترا "{میهفان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ص ٤٦}.

بەریتانیا لەدوای ئاگربەستی مۆدرووسی، کە لە نێوان دەوڵەتی ئینگلیزو عوسمانی کە لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٨، بە راوێژ لەگەڵ فەڕەنساو ئیتاڵیاو ئەمریکا، بێ ئەوەی بەشداری راستەوخۆیان هەبێ، بەسترا "لە ٢٥ ماددە پێک هاتبوو" {بیار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٤) /السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦ /، ص ٢١}. کە لەسەر" پشتی کەشتی ئیچ ئێم ئیس ئاغا مەمنون لەبەندەری مۆدرێسی لیمنوسی لە دەریای ئیجە کە دوورگەیەکی یونانی بوو، مۆرکرا، ئەو ئاگربەستەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر بچووک کردوە"{ د.كمال مظهرأحمد(١٩٧٧)/ كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،ص٣٢٦} ، بەپێی ئەو واقیعە تازەیەی هێز لە رۆژهەڵاتدا کە بڵانسی بەلای ئینگلیز داشکابۆوە بە زۆری و لێپرسراوانی ئینگلیز لە پشکی ئینگلیز زۆر ناڕازی بوون کار گەیشتبووە ئەوەی " لۆید جۆرج بە سیاکس پیکۆی بە وەسیقەیەکی زۆر پروپوچ ناوزەد کرد و لۆرد کیرزنی وەزیری دەرەوەی بەهەمان زمانی توند دژ بەو وەسیقەیە هاتە ئاخاوتن"{ د.كمال مظهرأحمد(١٩٧٧)/هەمان سەرچاوە،ص٣٢٦}، هەر ئەو تێکچوونەی بەڵانس بوو دەرفەتی بۆ

فراوانخوازی بەریتانی کردەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کوردستانی بەو چارەنووسە برد کە ئێستا تیایدا دەژین . ویلایەتی میسل کەلە٢_١٥نۆڤەمبەری١٩١٨ هێزەکانی ئینگلیز داگیری کردبوو، واتە شازدە رۆژ دوای ئەو ئاگربەستە. "قوربانییەکانی ئینگلیز لە ناوچەی رۆژهەڵات ١٢٥ هەزار بوو، یەک ملێون سەربازی لەو ناوەدا هەبوو، تەواوی بەندەرکان لەدەست کەشتییە سەربازییەکانی ئینگلیز بوو" {د. کمال مظهرأحمد (١٩٧٧) / هەمان سەرچاوە، ص٣٢٤}. کۆنگرەی پاریس کە لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩١٩ لە پاریس بە ناوی کۆنگرەی ئاشتی بەسترا چاوی هەمووان لەسەر ئەو کۆنگرەیە بوو چوونکە لە ماددەی پێنجی (مەسەلەی تورک) ئەو کۆنگرەیە، دەستنیشانی چارەنووسی چەندین ناوچەو گەلانی تێدا بڕیار دەدرا، کە ببووە ئاستەنگ بۆ ئاشتی جیهانی" {بیار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٤) / السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كردستان، ص٢٢}. ئەوەبوو ئینگلیز بەپێی ئەو هاوکێشە هێزەی کە ئینگلیز لەدوای شەڕدا دەستی کەوتبوو دەیخواست پشکی شێر لەو ناوچەیە بۆ خۆی ببا، بێ ئەوەی وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانان دەستیان لەداخوازییەکانی خۆیان هەڵگرتبێ، هەر لە درێژەی ئەو کۆنگرەیە، لەراستیدا لەو کۆنگرەیە گفتوگۆی توند وهەڕەشە ئامیز رویدا سەبارەت بە "مەسەلەی توورک"، وەک لوید جۆرج لەبەردەم جەمعیەی عمومی بەریتانی رایگەیاند " هیچ کێشەیەکی وا زەحمەت وئاڵۆزمان تووش نەبووە وەک ئەوەی مەسەلەی تورک"{بیار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٤) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص٢٣}. لەکۆتادا وەک لۆرد کیرزن وەزیری دەرەوەی بەریتانی لەبەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی وڵاتەکەی بە راشکاوی رایگەیاند "دەوڵەتانی براوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە مومتەلەکاتی وڵاتانی دۆڕاو بەسەر وڵاتانی براوە دابەش بکەن وزۆرترین مافییش بدرێتە ئەو گەلانە لە نیمچە سەربەخۆییەکیان پێ بدرێ "{د. کمال مظهر (١٩٧٧) / كردستان في سنوات الحرب، ص ٣٢٩}. ئیگلیزەکان هەرچی ویستیان لەمومتەلەکانی عوسمانی بردیان تا کۆنگرە لەکۆتایدا ٣٠ی ک٢ گەیشتنە ئەو رایەی کە "دەوڵەتێک لەسەر نەخشەی سیاسی نەهێلنەوە بەناوی دەوڵەتی عوسمانی"{بیارمصطفى سيف الدين (٢٠٠٤) /السياسة

البريطانية تجاه تركيا، ص٢٤}. " ناوی كوردستان له ٣٠ی كانونی دووەم لەلایەن لوید جۆرجی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی خرایە نێو ئەو ناوچانەی کە وڵاتانی هاوپەیمانان لەسەری کۆک بوون لە ئەنجومەنی ئەو کۆنگرەیە دابڕێ لە جەستەی عوسمانی" {بیار مصطفی سیف الدین (٢٠٠٤) / هەمان سەرچاوە، ص٢٥}. و بیخەنە ژێر ئینتیدابی خۆیان، هەرچەندە ململانێک لەنێوان هەرچوار دەوڵەتی سەرەکی نێو وڵاتانی هاوپەیمانی لەگۆڕێ دابوو، بەتایبەتی "لەسەر ویلایەتی میسل وفەلەستین و دابەشکردنی مومتەلەکاتی دیکە کە لەگەڵ خواستی گەلانی تێکی نەدەکردوە، کەچی ئینگلیز ئەو مافانەی بە رەوینەوەی مەترسی سۆڤیەت وبەلشەفی دەبەستەوە" { د كمال مظهر أحمد(١٩٧٧)/ كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،ص٣٠٢}.ئەگەرچی ولایەتی میسل دوای١٦رۆژ (١٥ی نۆڤەمبەر) لەمۆرکردنی ئاگربەستی مودرووس،داگیر کرا، هەرچەندە عوسمانییەکان نارەزاییان نیشان دا، بەڵام ئینگلیز ماددەی ٢٤ی لەو ئاگربەستەیە بەبیر هێنانەوە کە مافی ئینگلیزە هەر مەترسیەک ببینێ لەهەر شوێنێکی ئەو دەوڵەتە بۆی هەیە دەخالەتی تێدا بکات"{د.كمال مظهر أحمد(١٩٧٧)/كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص٣٢٨}.

هەرچەندە کورد لەرێگەی شەریف پاشاوە هەوڵی زۆریان داو و دوو یاداشتیان خستە بەردەم ئەو کۆنگرەیەو تا سنوورێکیش ناوی کوردستان لەنێو ناوان دابوو، بەڵام لەو کاتاندا دوو رووداو هاتنە پێش، یەکیان شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی لە ١٩١٧ کشانەوەی لەشەڕو ململانێ لەگەڵ هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا ،کە گۆڕانێکی گەورە لە هاوکێشەکای هێز لە ناوچەکەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دڕووستکرد، کە بەدەیان رێککەوتن وهەرێنامەی ئاشکراو دزی رێکخرابوو،"مەترسی ئینگلیزەکانی لەهاوسێیەتی رەواندەوەو ئێستا ئنگلیز دەیەوێ بەزووترین کات بگاتە نێزیکترین شوێنی سۆڤیەت"{د.كمال مظهر(١٩٧٧)/ كردستان في سنوات الحرب،ص٣١٣}و ئەوی دیکە جولانەوەی کەمالیستە نەتەوەپەرستەکان لەتورکیا، کە بەهاوکاری ماددی و سەربازی ڕووسیا توانیان کەڵک وەگرن و خۆیان بکەنە دیفاکتۆیەک

لەسەر نەخشەی سیاسەتی ناوچەکەو ببنە مەترسی لەسەر سیاسەتەکانی ئینگلیز لەو ناوچەیە، هەر لەگەڵ جێ پێ قایمکردنی کەمالیستەکان لەتورکیا، گەورەتترین مەترسیان لەسەر چارەنووسی کوردستانیان دروستکرد. کە توانایەکی بێ سنووریان هەبوو لەکەڵک وەرگرتن لە فورسەت کە بۆیان هەڵدەکەوت یەکسەر تەوزیفیان دەکرد بۆبەرژەوەندی خۆیان ودەیانزانی بەرامبەرەکانیان خاڵی لاواز و بەهێزیان لەکوێیەو چۆن رایان کێشنە سەرسازشکاری چۆن ئیستسماری رەوشەکە بکەن بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان ، دوای ئەوەی توانی لە ناوخۆدا خۆی بسلەمێنی هەوڵیدا گۆشەگیری دەرەوەش لەسەر خۆی لابدا "هەرێنامەی قارس لەگەڵ جۆرجیاو ئەرمەنستان لە ١٣ی ت١ ١٩٢١و هەرێنامەی ئەنکەرە لە لەگەڵ فەرەنسا ٢٠ی ت١ ١٩٢١" {بیار مصطفی (٢٠٠٤)/ السیاسة البریطانیة تجا ترکیا،ص٥٦}، هەر ئەوە بوو بە کەڵک وەرگرتن لە ململانێی سۆڤیەت و بەریتانیا لەلایەک و بەریتانیاو فەرەنساو لە لای دیکە، توانیان خۆیان بکەنە دیفاکتۆیەک و دروشمی سوڵتانی عوسمانی پێچەوانە بکەنەوە"ژیانێکی بە لاوازی زۆر باشترە لە نەمان"{بیار مستەفا سیف الدین(٢٠٠٤)/ السیاسة البریطانیة تجاه ترکیا، ص٣٥)، لە ناوچەکەو رەوش دروستکردنێک بۆ سەر خواستەکانی ئینگلیز لەناوچەکەو ناردنی ئۆزدەمیر بۆ رواندوز و پشێوی درووستکردن لە باشووری کوردستانداو رێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا لەو دەماندا، هانی ئینگلیزەکانی دا بیر لەسازشێک بکەنەوە لەگەڵ کەمالیستەکان لەسەر چارەنووسی باکووری کوردستان (ویلایەتی ئامەد)، ململانێکردنێکی توند لەسەر ویلایەتی میسل (باشووری کوردستان و تێگەیشتنیان لەلێکدانەوەی ئینگلیز بۆ لایەنی سیاسی لە دۆزی کوردستان دوور لە لایەنی ئەخلاقی و یاسایی ، فشارەکانیان زیاد کرد، تا توانیان ئینگلیز لەسەر هەرێنامەی سیڤەر کە لەسان ریمو ١٩-٢٦ نیسانی ١٩٢٠ خاڵەکانی دارێژراو لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ راگەیەنرا ، کە سوڵتانی ئەو کات بەوشێوەیە گوزارشتی لێکرد، کە کارەساتێکە بەسەرما دا هاتووە وڵات لەناو دەبا "{بیار مستەفا سیف الدین(٢٠٠٤)/ هەمان سەرچاوە،ص ٣٨} لەگەڵ کەمالیستەکان سازش بکاو خاڵەکانی ٦٢_٦٣_٦٤ پێیان رەشکاتەوەو زەمینە سازی بۆ هەرێنامەی لۆزان

بکەن بەپێی ئەو زەمینەسازییە تازەیەی کە پێگەی کەمالیستەکان هاتبووە نێو نەخشەی سیاسی نێودەوڵەتی . ئەوەبوو سیڤەر چۆن بە مردووی لەدایک بوو هەرواش لەسەر سازش بە کورد زوو نێژرا وبەم جەشنە ئەو چارەنووسە بۆ کورد هاتە پێش کە لۆزان نەخشاندی. سەبارەت بە ویلایەتی میسلیش لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود لە مەبەست ئامانجەکانی ئینگلیز نەگەیشت کە دوورخراوەی لە هیند و هێنانەوەی بۆ سلێمانی و کردی بە مەلیکی کوردستانی خواروو لە ١٩٢٢، لەبڕی ئەوەی خۆی لە ئینگلیز نزیکاتەوە، کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ بەلشەفی و کەمالیستەکان، لەهەمان کاتدا، باوەڕبوونی ئینگلیز بە مەلیک فەیسەڵ کوڕی حوسێن لەعێراق لەدژایەتیکردنی بەلشەفییەکان، خواستە عێراقییەکە بە لکاندنی ولایەتی میسل بە عێراقەوە بووە بنکەی کارکردنیان و ئەوەبوو لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ بەو وڵاتەی لکاندن لەرێگەی بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان. رێککەوتنەکی سێ قۆڵی لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لەنێوان عێراق وتورکیا وبەریتانیا مۆرکراو مەرجەکانی کۆمەڵەی گەلان لەسەر داخوازی تورکیا هەڵپەسێردرا.

ئینگلیز کاتێ دیتیان هەڵوێستی مەلیک فەیسەڵی بەغدا جدیە دژ بە بەلشەفییەکان، بۆ ئەوەی بەریتانیا بتوانێ لەدژی ئەو هەوڵەی سۆڤیەت بە کە لەرێگەی ئێران وتورکیا بەڕێوەی دەبات سۆڤیەت رێگری بکات هەرێنامەی سیڤەر سۆڤیەت وتورک وئێرانی وەستاندەوە، ئەوەبوو سۆڤیەتییەکان لەشوباتی ١٩٢١ رێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ ئێرانی قاجاری بەست وهەروەها هەرێنامەیەکی لە ٦ی ئاداری ١٩٢١ لەگەڵ تورکیای کەمالیست مۆرکرد. ئەو هاوکارییە سەربازییەی سۆڤییەتییەکان بوو توانی سەرکەوتنی روباری سیقیریای بەسەر یونانییەکان بەدەسست بهێنێ ولە ١٩٢٢ تەواوی تورکیاو باکووری کوردستان بگرێت، ئەو پشتیوانەی رووس بۆ کەمالیستەکان وسەرکەوتنی تورکیا زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند ئەو دەرفەتەی بۆ کورد نەهێشتەوە نە لەباکوورو نە لەباشووری کوردستان بگەنە ئامانجی خۆیان. هەربۆیە مەلیکی کوردستان هەر لە ١٨ی تشرینی یەکەمدا١٩٢٢ پاشایەتی کوردستانی جنوبی راگەیاند، لەو دەمانیشدا ئینگلیزەکان کە پەیماننامەی بەریتانی

وعێراقیان مۆر کردبوو، کوردەکان زۆر ناڕازی بوون لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەییان زۆر جولا بوو بەهۆی باس نەکردنی مافی کورد لەو هەرێنامەیە بۆیە ئینگلیزو عێراقییەکان پێکڕا بەیانێکی هاوبەشیان راگەیاند لە ٢٨ی ت٢/١٩٢٢دا کە دانیان بەوەدا نا کە کوردستان مافی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی هەیە لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام دوایی هەردوو لا لێی پەشیمان بوونەوەو بە فێڵ مەلیک مەحموودیان بانگ کردە بەغداو ئەویش رەتی سەردانەکەی کردو ئیتر دۆسیەکە بەقازانجی عێراق وبە زیانی کوردستان تەواو بوو، بەریتانیەکانیش هەر ئەو ئامانجەیان هەبوو.

مەبەستەکە لێرەدا ئەو دینامیکیەتییەی کە ئەو هەموو جولەی بەو داشانە دەکرد، لەلایەک ترسی بڵاوبوونەوەی فیکری بەلشەفیەت بوو، لەلای دیکە دۆزی کوردستان بوو، لەلای دیکە پەیوەندی توندی درووستبوونی نێوان جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بوو. لەکۆتادا جگە لەکورد، هەر یەکەو بەرژەوەندی خۆی بەکەمترین زەرەر تەواو کرد. ئا لێرەدا بزانە چەندە بێ ئاگایانەو وەک کاردانەوە سیاسەت و دیپلۆماسیەتی کوردی بەڕێوە چووە، لەکاتێکدا ئەو پەڕی مەترسی ئینگلیز لەنزیکبوونەوەی کورد لەرووسیا هەبووە، هەوڵی داوە هەندێک دەسکەوت بخاتە پێش کورد هەر لەبۆچوونی ئینگلیز لەکۆنگرەی لەندەن وئاشتی وماددەکانی سیڤەر وبەیاننامەی حکومەتی عێراق وبەریتانیا هاوبەش، لەبری ئەوەی کورد پێگەیەکی سەلیم لەو ململانێیە بۆ خۆی بدۆزێتەوەو بۆ پرۆژەی نەتەوەیی بەکاری بهێنێ، ئەوا مەلیکی کوردستان لەو ماوەیەدا سێ نامەی بۆ رووسەکان نووسیوەو بێ ئەوەی وەڵامێکی لەرووسەکان دەست کەوێ، وەک کاردانەوەیەکی ئەوەی کە ئینگلیزەکان هەنگاوێکی پراکتیکیان بەرامبەر بەدۆزی کوردستان هەڵەناوەو پتر بەلای مەلیکی عێراق داشکاینەوە. ئەوەتا لەبیستی کانونی دووەمی ١٩٢٣، نامەیەکی بۆ دەوڵەتی یەکیتی سۆڤیەت ناردووە لەرێگەی قونسلی سۆڤیەت لەتەوریزەوە تیادا هاتووە "دەنگدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وای لەگەلانی ناوچەکەمان کردووە کە داخوازی مافەکانی خۆیان بکەن، گەلی کوردیش لەخوارووی کوردستان

خۆی بەدۆستی ئێوە دەزانێ وچاوی لەوەیە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی بەتێن لەنێوان هەردوو(وڵاتمان) درووست ببێ وئامادەی هەموو قوربانییەکین بۆ ئەو مەبەستە، مەرجی سەرەکیشمان تەنیا دان نانا بە مافی رەواکانمان وبانگەواز دەکەین، هاوکاری بە چەک وتۆپ و رەشاش و تانک وتەیارەمان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لەدژی ئینگلیز بجولێینەوە"{ میهڤان محمد حسين رشيد البامەرنی(٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٣٦} ، ئەو نامەیە وەڵام نەدرایەوە نە بە چاک و نە خراپ، هەر هێندە هەیە شێخ لەتیفی بەرزنجی کوڕی مەلیک دەڵی" ئەو نامەیە لەسەر ئاستی باڵای سۆڤیەت گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام لەو کاتەدا فلادیمیر لینین مرد، بۆیە ئەو مەسەلەیە لەبیر کرا"{کەمال نوری مەعروف( ) مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بەکەمالییەکانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی تورکییەکاندا/ بەرگی دووەم،ل ١١٢_١١٣}، بەڵام مێژوونووس، م.س، لازاریف دەڵێ "هیچ پێشەکییەک لەپەیوەندی ئەو دوو دەوڵەتە نەبووەو شێخ مەحموودیش دەسەڵاتی زۆری بەسەر کوردستاندا نەبووە تا گرەوی لەسەر بکرێ"{م.س.لازاريف( ٢٠١٣)/ المسألة الكردية ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د.عبدي حاجي الطبعة الثانية/ دار ئاراس للطباعة و النشر/ أربيل، ل ٢٣٠}. کەچی ئینگلیزەکان لەجموجۆڵ وپشتگیری بەرفراوانی خەڵک، لەشێخ زۆر ترسان وکەوتنە پلانگێڕی لەسەری وئەو نامەیەش وای لەئینگلیز بکا کە شیخ مەحموود بە دەرچوو لەبازنەیەی بۆ دانراوە، حساب بکەن. پەلاماری سلێمانی داو گرتی. دووبارە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، مەلیک مەحموود نامەی دووەمی بۆ رووسەکان لەدەی حوزەیرانی ١٩٢٣ ناردەوە "داوا لەوڵاتەکەتان دەکەین هەوڵ بدەن شاندێکی بێلایەن پێکبهێنرێ سەردانی باشووری کوردستان بکەن وبەچاوی خۆی چەوسانەوەمان بەدەستی ئینگلیز ببینێ "جليل جليلى والاخرون (١٩٩٢) / الحركة الكردية في عصر الحديث/ بيروت دار الرازي، ص١٣٥}. لەراستیدا ئەو نامەیە بۆ ئەوە بوو کە رووسەکان توانای خۆیان بەکاربهێنن بۆ رێگریکرتن لە جەوری ئینگلیز، بەڵام دیسان بێ ئاکام بوو. لەنامەی سێیەم کە لە ٢٧ ی تەمووزی ١٩٢٣ ئاراستەی حکومەتی سۆڤیەتی کرد هاتووە" دوای

ئەوەی بە سەدان خێزانی سلێمانی لەشوێنی خۆیان دەرکراون وبەدەیانیان بەدیل گیراون ونێردراونە بەغدا، داوا لەدادپەروەری ودادوەری ئێوە دەکەم بۆ راگرتنی ئەو زوڵمانە"{میهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) / سیاسة الاتحاد السوفیتی تجاه الحرکة القومیة الکردیة، ل ٣٨}. ئەو نامانەی شێخ مەحموود، لەکاتێکدا دێت، کە عبد الرزاق کامیل بەدرخانی شازادەی بەدرخانییەکان کە لەسەرەتای جەنگی گەورەی دونیا لەرووسیا دەژیاو هەوڵی زۆری دا پشتیوانی رووس بۆ کورد بەست بهێنێ، بەڵام لەکۆتایدا "بە مەرج کەجارێکی دیکە نەگەڕێتەوە رووسیا لەو وڵاتەیان دەرپەڕاند"{دکتۆر ئەفراسیا هەورامی (٢٠٠٦) / کورد لەئەرشیفی رووسیاو سۆڤیەت دا، ل ٣١}. رووس تەنیا کوردیان وەک کارتێک لەبەرامبەر ئینگلیز بەکار هێناوە نەک پشتیوانیکرد بۆ رزگاری و ئازادی، ئەوەتا کۆمیسیاری گەلی وەزارەتی دەرەوە لەرێککەوتی هەشتی مانگی سێی ١٩٢٣ دا لەوەڵامی کۆمیتەی ئەرزڕۆمی خۆییبوون کە بەناوی کۆمیتەی کوردی لەئەستەنبوڵ (خالید بەگی جوبرایلی ویوسف زیبا) لەئەنقەرە سەردانی باڵیۆزخانە سۆڤیەتیان کردبوو" ئێمە نە پشتیوانی کوردە جوداخوازەکان دژی تورک و نە پشتیوانی دەوڵەتی تورک دژی کوردەکان دەکەین، بەڵکوو هاوسۆزی تێکۆشانی کوردەکان بن بۆ دژایەتی بەریتانیا "{دکتۆر ئەفراسیا هەورامی (٢٠٠٦)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٣٣}. لە راستیدا سۆڤیەتییەکان هەرستراتیژیەتیان "هێندە لەگەڵ کورد دۆستاتییان دەکردن، تاوەکوو مافی رۆشنبیری بە زمان کەلتووری خۆیان پارێزراو بێ "{کریس کۆچرا (٢٠٠٣) / مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا / وەرگێرانی حەمە کریم عارف/ چاپی یەکەم – هەولێر،١١٨}. ئینگلیزەکانیش تەماشای بەرژەوەندی گشتی کۆلنیالیستی خۆیان دەکرد لەتەواوی رۆژهەڵات نەک تەنیا لەعێراق وکوردستاندا، هەربۆیە ئەوەی بەرژەوەندیان بوو لەسەرویی رەوایی کێشەکان وقسەو بەڵێنی لەوەو پێشیان بووە. کاتێ ئینگلیزەکان هەستیان بە بێ باوەڕی مستەفا کەمال لە ئینگلیز کرد وگرنگی بە سۆڤیەت دا، ئینگلیزەکان هەوڵیان دا لەگەڵ مستەفا کەمال نزیک ببنەوەو دەرفەت نەدەن ببێتە پشتیوانییەکی سۆڤیەتییەکان، ئینگلیز ئامادەیی خۆیی نیشان دا کە هەردوو ماددەی ٦٢

و٦٣ی سیڤەر بکوژێنتەوە، کەداخوازی درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی کردووە، بەو مەرجەی تورکیای کەمالی ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان "{میهڤان محمد حسین رشید البامەرنی (٢٠٠٨) /سیاسة الاتحاد السوفیتی تجاه الحرکة القومیة الکردیة، ل٣٩}. لەیارمەتی دانی ماددی وسیاسی وسەربازی سۆڤییەتییەکان بۆ کۆماری تورکیا، پێگەی تورکیا بەهێز بوو لەرووی سەربازییەوە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناو لەروی سیاسی وڵاتێکی گەورەی وەک سۆڤیەت یەکەم وڵات بوو دانی بەو کۆمارە تازەیە نا. بۆیە "هاوکارییەکانی سۆڤییەت بە تورکیای تازە، هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ لەباربردنی هەرێنامەی سیڤەرو زەمینەخۆشکردن بۆ هەرێنامەی لۆزان، بە بەشداری وەفدی (رووسی وئۆکرینیاو ئەرمەنستان) بۆ ئەو کۆنگرەیە، هیوای کوردی بۆ سەربەخۆیی لەگۆڕ نا"{مێهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل٣٩}. بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو ئێران خۆشتر بکا، دیپلۆماسیەتی سۆڤیەتی پشتیوانی لەدۆزی کوردستان نەکرد، لەکێشەی ولایەتی میسل پشتیوانی لەمستەفا کەمال کردو هەر لەو کۆنگرەیە داوای کرد ئێرانیش تیادا بەشدار بێ، چونکە لە نامەکەی ئێران بۆ ئەو کۆنگرەیە هاتبوو "بەرژەوەندی ئێرانیش لەو ویلایەتە هەیە "{م.س. لازاریف (٢٠١٣) / المسألة الکردیة ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د. عبدي حاجي الطبعة الثانیة/ دار ئاراس للطباعة والنشر/ أربیل، ل ٢٩٨}. سۆڤیەت لەکێشەی ولایەتی میسلدا لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئەو ویلایەتە بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، لەکاتیکدا کورد، نە حوکمداری تورک ونە حکومداری عێراقیان قەبووڵ بوو، بەڵکوو شێلگیرانە کاریان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی دەکرد وکوردیش بەو چارەنووسە گەیشت کە لەبەرژەوەندی ئینگلیز داشکایەوە، چونکە نەتوانیان پشتیوانی ئینگلیز نە سۆڤیەت بۆ خۆ مسۆگەر کەن. چونکە بە تێڕوانینێکی بەرژەوەندی نیشتیمانی یەکێتی سۆڤیەت سەیریان لەدۆزی کوردستان دەکرد. هەروەها پشتیوانی تورکیای کرد بۆ دژایەتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران {مێهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل٤٤}، لەوکاتەدا ١٩٢٩سۆڤیەت هەڵسا بە نێوەندگیری گرژییەکانی نێوان تورکیاو ئێران لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئارارات،

بۆ ئەوەی بە ڕێککەوتنی هەردوو لا ئەو شۆڕشە سەرکووت بکەن" {مێهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٤٤}. جۆرج ئەکابیوڤ لێپرسراوی پێشوی بەشی ڕۆژهەڵات لە "کەی جی بی"، کاتێ شرۆڤەی ستراتیژیەتی سۆڤیەتی لەڕۆژهەڵات کردووە لەو سەردەمدا دەڵێ" عەشایرە کوردەکان گرنگی زۆریان هەبوو بۆ ئێمە ئەگەر هاتوو مملانێمان لەگەڵ ئینگلیز قۆناخی زیاتری گرت، بۆیە ئامادەکاریمان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لەسەر خاکی سۆڤیەت کرد، بەڵام کۆمیساری کارەکای دەرەوە رازی نەبوون بەو پرۆژەیەو نەوەک تورکیاو ئێران لێیان زویر بن " {میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٤}.

ئەم بیرۆکانە ئینگلیزی زۆر ترساندن بەتایبەتی نزیکی سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکانی باشووری کوردستان وەک نوری سەعید بە جەمال عەبدولناسری ڕاگەیاندبوو لەسەردانێکی بۆ ئەو وڵاتە لە پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو " سۆڤیەت (ئازربیجان) تەنیا سی وپێنج کم لەڕواندوزی باشووری کوردستان دوورە" {أيوب بارزاني (٢٠١٧) / الحركة التحررية الكردية ١٩٥٨_١٩٧٥/ الجزء الأول/ الطبعة الرابعة، ص٣٥}. هەروەها زۆر لەروناکبیرانی کورد بە بیری بەلشەفی ئاشنا ببوون بە تایبەتی لەسلێمانی وکۆیە لەرێگەی ئەو دیلانەی عوسمانی کە پاش سەرکەوتنی سۆڤیەت لەلایەن ئەو وڵاتەوە ئازاد کرابوون"{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٥}. ئەم خاڵانە وای لەئینگلیز کرد کە "دەستوبردی خۆی بکا بۆ دوورخستنەوەی سۆڤیەت لەو ناوچەیە ولە چاڵە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل٤٥}. لەگەڵ ئەوەش سۆڤیەتییەکان لە ساڵی ١٩٢٧ کاتی سەردانی شوکری بەگ محمد کەلێپرسراوێکی خۆیبوون بوو، بۆ پاریس لەگەڵ لێپراسراوێکی بازرگانی سۆڤیەت لەو وڵاتە کۆبۆوەو سۆڤیەتییەکان بەڵێنیان داوەتە ئەو شۆڕشە ئەگەر بتوانن کێشە بۆ ئینگلیز درووست بکەن ١٢٠٠ جونیهیان پێ بدەن بەپێیی سەرچاوەکانی سۆڤیەت وسەد هەزار جونیهیان بۆ سەرف بکەن بەپێی سەرچاوەکانی بەریتانی، هەر

لەدوای سەردانی د. شوكری بۆ ئەڵمانیا، لەوێش لەگەڵ سۆڤییەتییەكان لەبەرلین كۆبۆوە"{هەمان سەرچاوە، ل٤٦}.

لەراستیدا ئەگەرچی سۆڤیەتییەكان بەپێی دروشم و بانگەشەكانی شوعیەتیان باسیان لە مافی چارەی خۆنوسین وئازادی و رزگاری گەلان دەكرد، لەپراكتیكدا دوودڵ و بەیەک هێلدا ئەو بانگەشانە رەت نەدەبوون،" ئەوەتا كاتێ چوار پەرلەمانی كورد لەپەرلەمانی عێراق داوای خودموختاریان بۆ كوردستان كرد{نوشیروان مصطفی أمین (٢٠٠٠) /عصر القلم والمراجعات/ ١٩٢٨_١٩٣١،ل٢٠}، رووسەكان هەڵوێستی نەرێنیان نیشانداو "ئەو داخوازەیەیان بە پیلانێكی ئینگلیز لەقەڵەم دا و بە هەوڵێكیان دانا بۆ دابەشكردنی عێراق"{ نەوشیروان مصطفی (١٩٩٥)/ هەمان سەرچاوە،ل٤٦}، پاشانشینێكی دواكەوتووی وەک مەلیک فەیسەڵی دواكەوتوو لەجولانەوەیەكی ئازادیخواز باشتر بێ لایەن. هەر ئەو هۆكارەش بوو لە ١٩٣٠دا ستالین كوردستانی سۆری هەڵوەشاندەوە بۆ خاتری دڵ ڕاگرتنی توركیای فاشیست.

هەر لە ١٩٣٠ دا پەیماننامەی نێوان عێراق وبەریتانیا مۆركراو هیچ باسێكی ئەوتۆی مەرجەكانی كۆمەڵی گەلان نەكرا، سەبارەت بە مافەكانی كورد، بۆیە وا مەزەندە دەكرێ كە بەریتانییەكان بە ئەنقەست خواستویەتی كێشەی كورد بە بێ چارەیی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی دەستێوەردانی لەعێراق بۆ بمێنێتەوە"{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە ، ل ٤٧}.

لەراستیدا مافەكانی كورد لەنێو بەرژەوەندییەكانی ئینگلیزو سۆڤیەتییەكان لێكدەدرایەوە، ئینگلیز هەوڵی دەدا ئەو كێشەیە بەكاربهێنێ بۆ دژایەتی كردنی فكری بەلشەفی و بەجدیش دژایەتی دەكرد چونكە مەزەندەی ئەوەی دەكرد كە جولانەوەی نیشیمانی كوردستانی و شوعیەت هاوسۆزی یەكەن و سۆڤیەتییەكانیش ئەو كاتە هاوسۆز دەبوون لەگەڵ داخوازییەكانی كورد كە مەزەندەی ئەوەیان لێ دەكرد دژی ئینگلیز تەواو دەبێ، ئەوەتا هاوپەیمانیەتی ١٧ی پوشپەڕی ١٣١٦ی هەتاوی بەناوی سەعد ئابادی(شمێرانی تاران) ١٩٣٧ لە

نێوان وەزیرەکانی دەرەوەی هەرچوار دەوڵەت" تورکیاو ئێران و عێراق وئەفگانستان" بەسترا، لە چوار بەش پێکهات، پەیمانی یەکەمیان لەسەر"دەستدرێژی نەکردنی ئەو چوار وڵاتە بۆ سەر خاکی یەکتر و رێزلێنان لە سنووری هاوبەش و راوێژکردن بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانەی کە لەنێوانیان روودەدا رێکبخرێ، "{حسێن مەدەنی( )/کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان / بەرگی دووەم،ل١٥٣ }، راستە بۆ گەمارۆدانی سۆڤیەت بوو، بەڵام لە دە ماددەی ئەو هاوپەیمانییە چواری دژی کوردو یاخۆد کوردی دەگرتەوە ، هەندێک وایان مەزەندە دەکرد کە سەعد ئاباد هەوڵیکی ئینگلیز بوو بۆ دارِشتنەوەی دۆزی کوردستان بەپیی کۆنتێکستی/ سیاق/ هاوپەیمانەتەکە بوو بۆدژایەتی کردنی شوعیەت"{مێهڤان محمد حسين رشيد(٢٠٠٨)/هەمان سەرچاوە،ل ٥١}، لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەگەر جولانەوی نیشتیمانی کوردستانی دژایەتی شوعیەت نەکا، ناخوێندرێتەوە.ئەو کاتە داخوازییەکان رەوان کە دژایەتی سۆڤیەت و شوعیەت بکا. ئا لێرەدا ئەدمۆنز لەراپۆرتێکی کە لە ١٥ی شوباتی ١٩٤٠ بەراشکاوی باسی کردووە بە ناوی" کێشەی کورد" ئەوەی درکاندووە کە هەوڵی فراوانخوازی لەرێگەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان بە ناوچەکەدا بڵاو نەبێتەوە، چونکە مەیدانی هەرە لەباری بەلشەفییەکان بۆ ئەزیەتدانی عێراق مەیدانی کوردە"{روبرت اولسن (٢٠٠١) /المسألة الكردية في العلاقات التركية _الايرانية _ ترجمة د محمد أحسان / الطبعة الاولى _ دار ئاراس – أربيل، ص ٣٩}. هەژموونگەرایی ئینگلیز لەرۆژهەڵاتی ناوین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رێگە نەدا کاریگەری سۆڤیەت لەکاتی شەڕی دووەمی گەورەی دونیا،" ئینگلیزو سۆڤیەت وەک یەک بیریان سەبارەت بە کێشەی کورد دەکردەوە " هەوڵیان دەدا تورکیا زویر نەکەن نەوەک بەلای ئەڵمانەکان بچێ" {برهان أبابكر ياسين (٢٠٠٢) / كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧/ ت. هوراس – الطبعة الاولى – مطبعة هاوار – كوردستان – دهوک، ص ٦٢}، بەڵام لەدوای شەڕەکە هەر یەکەو بە پیی بۆچوونی خۆی سەیری ئەو کێشەیان دەکرد.

لەهەموو ئەو ڕەوشانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد نە ئینگلیزو نە سۆڤییەتییەکان نە دۆستی کورد بوو نە ڕقیشیان لە کورد بووە، بەڵکوو ئەوان دەوڵەتداریان کردووە نەک خێرخوازی بە زەکات و سەرفترە، بەتایبەتی کاتێ سەرکردە کوردەکان بەهۆی "خواستە تایبەت و پەرتوبڵاوی بۆچووەکانیان و دروشمە تەماوی و ناواقیعییەکانیان و پەیوەست بوونیان بە ئیسلامگەری فیردەوسی و تێنەگەیشتن و قۆڵبوونەوەیان لەواقیعی ئەو سەردەم و مامەڵەکردن لەگەڵ بیروبۆچوون و بەهاکان بە جۆری یۆتۆپیایی"{رشید کریم خان عقراوی(٢٠٠٥)/ الطريق الى دولة كردية ....../ مطبعة زانا- دهۆک، ص١٥٢}. هەردوو دەوڵەت لە تەواوی وێستگە وروداوە سیاسییەکانی کە کوردستان پێیدا ڕۆیشتەوە، هەردوو کاراکتەری نێودەوڵەتی ئەوسای ڕۆژهەڵات لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی نیشتیمانی وعوسمانی قاجاری و دوایی تورکی وشاهنشاهی ئێرانی، بەشۆڤینیانە، مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی کورد کردووەو بۆ ئەو مەبەستە وەک کارتێک جولانەوەی کورداتیان بەکارهێناوە لەسەر بەرامبەرەکانیان و کەسایەتییە عەشایری و ڕووناکبیرەکانیان وەک جاسوس بۆ کاری زانیاری تایبەت بۆ خۆیان بەکارهێناوە، هەر بۆیە هەردوو لایان پڕ زانیارترین دەوڵەتن کە توانیویانە وزەی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن ، بێ ئەوەی شتێک بدەنە کورد. ئینگلیزەکان بە ڕاشکاوانە دەیان گووت " کورد عێراقییەکی باش بێ .... ڕووسەکانیش ڕاشکاوانە گوتویانە لە مافی ڕۆشنبیری بەو لاوە بۆ کورد لەبەرژەوەندی خۆیان بە پەسند نازانن"میهڤان محمد حسين رشيد البامەرنی (٢٠٠٨) /سياسة الاتحاد السوڤيتی تجاه الحركة القومية الكردية التحررية، ل٥١}.

لەراستیدا هەردوو کارەکتەری سەرەکی، بەرژەوەندی وپەیوەندی دۆستاتیەتیان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وئۆقرەیی ئەو وڵاتانەیان زۆر پێ باشتر بووە لەرەوایی ودادوەری دۆزەکە. ئەوەندەی هاموشۆ ودۆستاتیشیان کردووە بۆ ترساندنی بەرامبەرەکانیان بووە نەک خۆشەویستی کورد. ئەوەی کوردیشی بێ بەش کردووە، هەندێک خواستی ئەوەیان بووە یەکێ لەو وڵاتانە وەک دیاری کوردستانی

سەربەخۆیان پێشکەش بکا یاخۆد بە بیربۆچونێکی هیشک کاریان کردووە، لە کاتێکدا بیروبۆچوونی بێ سیاسەت ولانی کەمی ستراتیژیەت بە پێی پێداویستییەکانی قۆناغی سیاسی دەبێ تێکەڵ یەک بکرێ. کەچی کورد نە جیهانبینی نە لانی کەمی ستراتیژیەت نیشتیمانی ونە تەکتیکی تایبەتی سیاسیانەی هەبووە. بە هەنجەتی دونیا لەگەڵمان نییە، هەوڵی داوە کارلێک لەگەڵ فشارەکان بکاو دەبێ لەگەڵ ئاراستەکان بڕۆین، بێ ئەوەی کورد یاری بە هاوکێشەی هێزەکانی ئەو دوو کارەکتەرە بکەن وهەردوو ستراتیژیەت بۆ پرۆژەی نەتەوەیی بەکار بهێنن، نەک پرۆژەی نەتەوەیی بخەنە خزمەت ئەجینداو ستراتیژیەتی ئەو کارەکتەرانە. لەکاتێکدا دۆزی کوردستان خاکە پێش ئەوەی کێشەی نەتەوایەتی بێ، بێ رزگاری نیشتیمانی لەژێر رەشماڵی داگیرکەردا هەمووەدەم دیلی وخاوەنی هیچ شتێک نابێ. لەلای دیکە هەستی ئاینی هەموو دەم لەلای کۆمەڵگەی کوردەواری بەهێز تر بووە لە هەستی نەتەوەیی ونیشتیمانی، دەسەلاتدارانی داگیرکەری کوردستان وکۆلنیالیستی بەریتانی زۆر بەجوانی یاری بەوە کردووە بۆ ئەوەی کورد بەو چارەنووسەی کە پێی گەیشتن.

# سیاسەتی سۆڤیەت وبەریتانیا لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کوردستاندا

## لەدوای شۆڕشی ئەکتۆبەردا

شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیای ساڵی ١٩١٧، سەرەتای سەردەمێکی نوێی لەپەیوەندی نێوان گەلانی سۆڤیەت وگەلانی دونیاو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنایە پێش. گەلی کوردستان بە ئومێدەوە چاوی بڕیبووە ئەو شۆڕشەو وایان مەزەندە دەکرد کە پشتیوانییەکی مەزن دەبێ بۆ دژایەتیکردنی ئەو زوڵم زۆرەی کە داگیرکەرانی ئەوسا دەوڵەتی عوسمانی وقاجاری بەڕێوە دەچوو. بەڵام بانگەشە شتێک بوو، واقیع شتێکی دیکە، بەراستی دەکرا بەلشەفییەکان بەلانی کەم، بێلایەن بن لەو ململانێیەدا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، کەچی ئەوان نەیان شاردەوە وبە ئاشکرا لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆیان سەیری ئەو جولانەوەیە رزگاریخوازەیان دەکرد، بگرە ئەو رژێمەی کە تازە هاتە سەرکار لەرووسیا، پشتیوانیان لەداگیرکەران کردو دژاتیان لەگەڵ جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان، هەڵبژارد. هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ناوچەکە خۆش بکا وبەرژەوەندیە نیشتیمانییەکانی خۆی لەگەڵیان بپارێزی، بێ ئەوەی بەقەد نیوەی ئەوە لەگەڵ گەلانی ژێر دەست خۆش بکا لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست هەبوون وکە بەدروشمی مافی چارەی خۆنووسین بەرزکردبۆوە. ئەوەتا دوای چل رۆژ لەراگەیاندنی کۆنگرەی دووی حزبی شیوعی سۆڤیەت کە لە (هەشتی تشرینی دووەم ١٩١٧)، ولە بانگەوازی بۆ گەلانی رۆژهەڵات لە ٣ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ کە جەختی کردوە "جولانەوەکانی رزگاریخوازی نیشتیمانی گەلانی رۆژهەڵات، کە خەبات بۆ رزگاری خۆیان دەکەن، پشتیوانی وپشتگیری لێ دەکەن"{میهڤان محمد حسين رشيد البامرني (٢٠٠٨) / سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة الكردية التحررية، ص٢٩}. کە داوای لەدوازدە گەلانی ناوچەکە کردوە بۆ ئازادی، کەچی ناوی گەلی کوردستانی نەهێنابوو. سیاسەتی بەلشەفییەکان، لەوەش زیاتردەرکەوت کاتێ لەماددەی دووی شەڕ

راگرتنی رووسیا_ تورکیا، تیادا هاتبوو، کە مانگێک دەبوو بەلشەفییەک گەیشتبونە دەسەڵات (١٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٧)، "هەر کاتێ کوردەکان لەسەر هێلی سنووری نێوانیان هەر کارێکی نەخوازراویان دژ بە تورکیا کرد، ئەوا بە دزو جەردە دەژمێردرێن"{میهڤان محمد حسن (٢٠٠٨) /هەمان سەرچاوە، ل٣٠}. ئەو رێککەوتنە سنوورییەیان لەگەڵ دەوڵەتی نەخۆش وپاشڤەرۆی عوسمانی ئەنجامدا دژ بە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، تاوانباریان دەکەن بە دزو جەردە، کەمالیستەکانیشیان بە دژە ئیمپرالیزم حساب دەکرد. بەڵام خۆ عوسمانییەکان هاوپەیمانی فاشیتی هیتلەر بوون. بانگەشەکانیان بەس لەکاتی بەرژەوەندی نیشتیمانیی تەنیا سەیری دەکرد وئەوانیش مافی عەدالەت خوازی گەلانیان بە قوربانی بەرژەوەندی وچەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان کرد. لەو کاتانەدا کە بەلشەفییەکان لەشەڕ کشانەوە، بۆشایەکی هێز لەگۆڕەپانی میزۆپۆتامیا درووست بوو، بەریتانیا کەڵکی لێ وەرگرت وتەواوی میزۆپۆتامیای داگیرکرد، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام ئینگلیز لەبانگەشەکانی بەلشەفییەکان ترساوە کە کاریگەری لەسەر ئەو ناوچانە هەبێ. هەربۆیە لەئاداری ١٩١٩، مەندوبی سامی بەریتانی نامەی لە"سۆنی" وەکیلی سیاسی بەریتانی لەو ناوچەیە بۆ هاتەوە ئاگاداری دەکاتەوەو لەو جۆرە مەترسیانە"دروستبوونی جولانەوەیەکی کوردی بە فکری بەلشەفی بڵاوبێتەوە{ میهڤان محمد حسین (٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە ،ل ٣١}، بۆیە ئینگلیز هەوڵیان دەدا رێگری لەبڵاوبونەوەی بیری بەلشەفی بکەن، بەلشەفییەکانیش هەوڵی پەیوەندی باشیان لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی تورک داوە وبەڵێنی یارمەتی دانی سەربازیان پێ دان، لە"کۆبونەوەی ئەماسیەی ١_٢ حوزەیرانی ١٩١٩ کە تیادا مستەفا کەمال لەگەڵ کۆلۆنیل یودیی سۆڤیەتی ئەنجامیان دا"{مێهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) هەمان سەرچاوە،ل٣٢} ، بۆ ئەوەی ئەو ترسەی بەریتانیا بڕەوێتەوە، بەربەستێکی دژ بەلشەفیکییەکان هەبێ، بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا کوردستانێکی سەربەخۆ هەبێ بۆ ئەو مەبەستەو، هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە لەدەی ئابی ١٩٢٠ لەسیڤەر بۆ ئەو رێگرییە، چڕ کردەوە. "ئینگلیز وفەڕەنسا لەو هەرێنامەیە هەوڵیاندا کارتی کوردی بەکار بهێنن بۆ رێگریکردن

لەبڵاوبونەوەی فیکری شوعیەت لەکوردستان ودامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی وەک لەمپەر لەبەینی تورک وسۆڤیەت ونزیک لەچاڵە نەوتییەکانی قەوقاز کە بە بنکەیەکی ستراتیژی لای ئینگلیز ئەژمار دەکرا بۆدژایەتی سۆڤیەت"{مێهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣}. بەلشەفییەکان هەوڵیان دەدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کەمالیستەکان خورتر بکەن وبە ئاشکرا پشتیوانیان لەگێڕانەوەی ولایەتی میسل دەکرد بۆ تورکیا، کە بەریتانیا لەدوای ئاگربەستی مۆدرێسی بەینی ئینگلیزو عوسمانی کە لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٨ لەسەر پشتی کەشتی ئیچ ئێم ئیس ئاغا مەمنون لەبەندەری مۆدرێسی یونانی مۆرکرا، کە لە٢_ ١٥نۆڤەمبەری١٩١٨، داگیری کردبوو، شازدە رۆژ دوای ئاگربەستەکە. ئینگلیز کاتێ دیتیان مەلیک فەیسەڵی بەغدا، دژ بە بەلشەفیەکان بە جدی وەستاوەتەوە، بۆ ئەوەی بەریتانیا بتوانێ لەدژی ئەو خواستەی سۆڤیەت رێگری بکات، لەلایەک هەوڵی دا پاشانشینێک بۆ فەیسەڵی کوڕی حوسەین لەعێراق دامەزرێنێ. ئەوە بوو لە ٢٣ ئابی ١٩٢٠ ئەو پاشانشینەی راگەیاند، هەوڵی دا بە مەیلی عێراقییەکان چارەسەری کێشەی ولایەتی میسلیش بکا وبیخاتە سەر ئەو پاشا نشینە. هەر بۆیە کیرزنی وزیری دەرەوەی بەریتانیا چەند برووسکەیەکی لە ٢٧ تشرینی دووەمی ١٩٢٠ و٢٩ ت٢ ١٩٢٠ بۆ وڵاتەکەی نارد کە تیادا هاتبوو" هاوکاری تورک ورووسەکان وا دەخوازێ کۆنفدرالیەتێکی کوردی لەژێر چاودێری ئینگلیزەکان ببێتە کارێکی جدی " {مێهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) /هەمان سەرچاوە ..... ل ٣٤}. سۆڤیەتییەکان لەرێگەی ئێران وتورکیا کەوتنە کار بۆ ئەوەی دژ بە هەرێنامەی سیڤەر بوەستنەوە، ئەوەبوو سۆڤیەتییەکان لەشوباتی ١٩٢١ رێککەوتنێکی بازرگانیان لەگەڵ ئێرانی قاجاری بەست وهەروەها هەرێنامەیەکی لە ٦ی ئاداری ١٩٢١ لەگەڵ تورکیای کەمالیست مۆرکرد. ئەو هاوکارییە سەربازییەی سۆڤییەتییەکان بوو توانی سەرکەوتنی روباری سیقیریای بەسەر یونانییەکان بەدەسست بهێنێ ولە ١٩٢٢ تەواوی تورکیاو باکووری کوردستان بگرێت، ئەو پشتیوانەی رووس بۆ کەمالیستەکان وسەرکەوتنی تورکیا زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند ئەو دەرفەتەی بۆ کورد نەهێشتەوە نە لەباکوورو

نە لەباشووری کوردستان بگەنە ئامانجی خۆیان. هەربۆیە مەلیکی کوردستانی خوارووو هەر لە ١٨ی تشرینی یەکەمدا پاشایەتی کوردستانی جنوبی راگەیاند، لەو دەمانیشدا ئینگلیزەکان کە پەیماننامەی بەریتانی وعێراقیان مۆر کردبوو، کوردەکان زۆر ناڕازی بوون لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەییان زۆر جولا بوو بەهۆی باس نەکردنی مافی کورد لەو هەرێنامەیە، بۆیە ئینگلیزو عێراقییەکان پێکڕا بەیانێکی هاوبەشیان راگەیاند لە ٢٨ی ت١٩٢٢/٢دا کە دانیان بەوەدا نا کە کوردستان مافی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی هەیە لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام دوایی هەردوو لا لێی پەشیمان بوونەوەو بە فێڵ مەلیک مەحموودیان بانگ کردە بەغداو ئەویش رەتی سەردانەکەی کردو ئیتر دۆسەکە بەقازانجی عێراق وبە زیانی کوردستان تەواو بوو، بەریتانیەکانیش هەر ئەو ئامانجەیان هەبوو.

مەبەستەکە لێرەدا ئەو دینامیکیەتییەی کە ئەو هەموو جولەی بەو داشانە دەکرد، لەلایەک ترسی بڵاوبوونەوەی فیکری بەلشەفیەت بوو، لەلای دیکە دۆزی کوردستان بوو، لەلای دیکە پەیوەندی توندی دروستبوونی نێوان جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بوو. لەکۆتادا جگە لەکورد، هەر یەکەو بەرژەوەندی خۆی بەکەمترین زەرەر تەواو کرد،.ئا لێرەدا بزانە چەندە بێ ئاگایانەو وەک کاردانەوە سیاسەت و دیپلۆماسیەتی کوردی بەڕێوە چووە، لەکاتێکدا ئەو پەڕی مەترسی ئینگلیز لەنزیکبوونەوەی کورد لەرووسیا هەبووە، هەوڵی داوە هەندێک دەسکەوت بخاتە پێش کورد هەر لەبۆچوونی ئینگلیز لەکۆنگرەی لەندەن وئاشتی وماددەکانی سیڤەر وبەیاننامەی حکومەتی عێراق وبەریتانیا هاوبەش، لەبری ئەوەی کورد پێگەیەکی سەلیم لەو ململانێیە بۆ خۆی بدۆزێتەوەوبۆ پرۆژەی نەتەوەیی بەکاری بهێنێ، ئەوا مەلیکی کوردستان لەو ماوەیەدا سێ نامەی بۆ رووسەکان نووسیوەو بێ ئەوەی وەڵامێکی لەرووسەکان دەست کەوێ، وەک کاردانەوەیەکی ئەوەی کە ئینگلیزەکان هەنگاوێکی پراکتیکیان بەرامبەر بەدۆزی کوردستان هەڵەناوەو پتر بەلای مەلیکی عێراق داشکایەوە. ئەوەتا لەبیستی کانونی دووەمی ١٩٢٣، نامەیەکی بۆ دەوڵەتی یەکیتی سۆڤیەت

ناردووه لەرێگەی قونسلی سۆڤیەت لەتەوریزەوە تیادا هاتووە "دەنگدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وای لەگەلانی ناوچەکەمان کردووە کە داخوازی مافەکانی خۆیان بکەن، گەلی کوردیش لەخوارووی کوردستان خۆی بەدۆستی ئێوە دەزانێ وچاوی لەوەیە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی بەتێن لەنێوان هەردوو (وڵاتمان) دروست ببێ وئامادەی هەموو قوربانییەکین بۆ ئەو مەبەستە، مەرجی سەرەکیشمان تەنیا دان نانە بە مافی رەواکانمان وبانگەواز دەکەین، هاوکاری بە چەک وتۆپ و رەشاش و تانک وتەیارەمان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لەدژی ئینگلیز بجولێینەوە"{میهڤان محمد حسين رشيد البامەرنی(٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٣٦} ، ئەو نامەیە وەڵام نەدرایەوە نە بە چاک و نە خراپ، هەر هێندە هەیە شێخ لەتیفی بەرزنجی کوڕی مەلیک دەڵی" ئەو نامەیە لەسەر ئاستی باڵای سۆڤیەت گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام لەو کاتەدا فلادیمیر لینین مرد، بۆیە ئەو مەسەلەیە لەبیر کرا"{کەمال نوری مەعروف( ١٩١٨) مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بەکەمالییەکانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی تورکییەکاندا / بەرگی دووەم، / چاپی سێیەم ،ل١١٢_١١٣}.بەڵام مێژوونووس م.س، لازاریف دەڵێ "هیچ پێشەکییەک لەپەیوەندی ئەو دوو دەوڵەتە نەبووەو شێخ مەحمووديش دەسەڵاتی زۆری بەسەر کوردستاندا نەبووە تا گرەوی لەسەر بکرێ"{م.س.لازاریف(٢٠١٣)/ المسألة الكردية ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د.عبدي حاجي الطبعة الثانية/ دار ئاراس للطباعة و النشر/ أربيل، ل ٢٣٠}. کەچی ئینگلیزەکان لەجموجۆڵ وپشتگیری بەرفراوانی خەڵک، لەشێخ زۆر ترسان وکەوتنە پلانگێڕی لەسەری وئەو نامەیەش وای لەئینگلیز بکا کە شیخ مەحموود بە دەرچوو لەبازنەیەی بۆ دانراوە، حساب بکە. پەلاماری سلێمانی داو گرتی. دوبارە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، مەلیک مەحموود نامەی دووەمی بۆ رووسەکان لەدەی حوزەیرانی ١٩٢٣ ناردەوە "داوا لەوڵاتەکەتان دەکەین هەوڵ بدەن شاندێکی بێلایەن پێکبهێنرێ سەردانی باشووری کوردستان بکەن وبەچاوی خۆی چەوسانەوەمان بەدەستی ئینگلیز ببینێ "جليل جليلی والاخرون (١٩٩٢) / الحركة الكردية في عصر الحديث/ بيروت دار الرازي، ص١٣٥}. لەراستیدا ئەو نامەیە بۆ

ئەوە بوو کە رووسەکان توانای خۆیان بەکاربهێنن بۆ رێگریگرتن لە زوڵمداری ئینگلیز، بەڵام دیسان بێ ئاکام بوو. لەنامەی سێیەم کە لە ٢٧ ی تەمووزی ١٩٢٣ ئاڕاستەی حکومەتی سۆڤیەتی کرد هاتووە" دوای ئەوەی بە سەدان خێزانی سلێمانی لەشوێنی خۆیان دەرکراون وبەدەیانیان بەدیل گیراون ونێردراونە بەغدا، داوا لەدادپەروەری ودادوەری ئێوە دەکەم بۆ راگرتنی ئەو زوڵمانە"{میهڤان محمد حسێن رشید (٢٠٠٨) / سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكردية، ل ٣٨}. ئەو نامانەی شێخ مەحموود، لەکاتێکدا دێت، کە عبد الرزاق کامیل بەدرخانی شازادەی بەدرخانییەکان کە لەسەرەتای شەڕی گەورەی دونیا لەرووسیا دەژیاو هەوڵی زۆری دا پشتیوانی رووس بۆ کورد بەست بهێنێ، بەڵام لەکۆتایدا "بە مەرج کەجارێکی دیکە نەگەڕێتەوە رووسیا لەو وڵاتەیان دەرپەڕاند"{دکتۆر ئەفراسیا هەورامی (٢٠٠٦) / کورد لەئەرشیفی رووسیاو سۆڤیەت دا، ل ٣١}. رووس تەنیا کوردیان وەک کارتێک لەبەرامبەر ئینگلیز بەکار هێناوە نەک پشتیوانیکردنیان بۆ رزگاری و ئازادی، ئەوەتا کۆمیسیاری گەلی وەزارەتی دەرەوە لەرێککەوتی هەشتی مانگی سێی ١٩٢٣ دا لەوەڵامی کۆمیتەی ئەرزڕۆمی خۆیبوون کە بەناوی کۆمیتەی کوردی لەئەستەنبوڵ (خالید بەگی جوبرایلی و یوسف زیبا) لەئەنقەرە سەردانی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتیان کردبوو" ئێمە نە پشتیوانی کوردە جوداخوازەکان دژی تورک و نە پشتیوانی دەوڵەتی تورک دژی کوردەکان دەکەین، بەڵکوو هاوسۆزی تێکۆشانی کوردەکان بن بۆ دژایەتی بەریتانیا "{ دکتۆر ئەفراسیا هەورامی (٢٠٠٦)/ هەمان سەرچاوەی سەرەو، ل٣٣}. لە راستیدا سۆڤیەتییەکان هەرستراتیژیەتیان "هێندە لەگەڵ کورد دۆستاتییان دەکردن، تاوەکوو مافی رۆشنبیری بە زمان کەلتووری خۆیان پارێزراو بێ "{کریس کۆچرا (٢٠٠٣) / مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا / وەرگێرانی حەمە کریم عارف/ چاپی یەکەم – هەولێر، ل١١٨}. ئینگلیزەکانیش تەماشای بەرژەوەندی گشتی کۆلنیالیستی خۆیان دەکرد لەتەواوی رۆژهەڵات نەک تەنیا لە عێراق وکوردستاندا، هەربۆیە ئەوەی بەرژەوەندیان بوو لەسەرویی رەوایی کێشەکان وقسەو بەڵێنی لەوەو پێشیان بووە. کاتێ ئینگلیزەکان هەستیان بە بێ باوەڕی

مستەفا کەمال لە ئینگلیز کرد وگرنگی بە سۆڤیەت دا، ئینگلیزەکان هەوڵیان دا لەگەڵ مستەفا کەمال نزیک ببنەوەو دەرفەت نەدەن ببێتە پشتیوانییەکی سۆڤیەتییەکان، ئینگلیز ئامادەیی خۆیی نیشان دا کە هەردوو ماددەی ٦٢ و٦٣ ی سیڤەر بکوژێنتەوە، کەداخوازی درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی کردووە، بەو مەرجەی تورکیای کەمالی ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان وسۆڤییەتییەکان پتر گۆشەگیر بکات"{میهڤان محمد حسین رشید البامەرنی (٢٠٠٨) /سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكردية، ص ٣٩}. لەیارمەتی دانی ماددی وسیاسی وسەربازی سۆڤییەتییەکان بۆ کۆماری تورکیا، پێگەی تورکیا بەهێز بوو لەرووی سەربازییەوە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناو لەروی سیاسی وڵاتێکی گەورەی وەک سۆڤیەت یەکەم وڵات بوو دانی بەو کۆمارە تازەیە نا. بۆیە "هاوکارییەکانی سۆڤییەت بۆ تورکیای تازە، هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ لەباربردنی هەرێنامەی سیڤەرو زەمینەخۆشکردن بۆ هەرێنامەی لۆزان، بە بەشداری وەفدی (رووسی وئۆکرینیاو ئەرمەنستان) بۆ ئەو کۆنگرەیە، هیوای کوردی بۆ سەربەخۆیی لەگۆڕ نا"{مێهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل٣٩}. بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو ئێران خۆشتر بکا، دیپلۆماسیەتی سۆڤیەتی پشتیوانی لەدۆزی کوردستان نەکرد، لەسەر کێشەی ولایەتی میسل پشتیوانی لەمستەفا کەمال کردو هەر لەو کۆنگرەیە داوای کرد ئێرانیش تیادا بەشدار بێ، چونکە لە نامەکەی ئێران بۆ ئەو کۆنگرەیە هاتبوو "بەرژەوەندی ئێرانیش لەو ویلایەتە هەیە " {م.س. لازاريف (٢٠١٣) / المسألة الكردية ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د. عبدي حاجي الطبعة الثانية/ دار ئاراس للطباعة والنشر/ أربيل، ص٢٩٨}. سۆڤیەت لەکێشەی ولایەتی میسلدا لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئەو ویلایەتە بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، لەکاتیکدا کورد، نە حوکمداری تورک ونە حکومداری عێراقیان قەبووڵ بوو، بەڵکوو شێلگیرانە کاریان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی دەکرد وکوردیش بەو چارەنووسە گەیشت کە لەبەرژەوەندی ئینگلیز داشکایەوە، چونکە نەتوانیان پشتیوانی ئینگلیز نە سۆڤیەت بۆ خۆ مسۆگەر کەن. چونکە بە تێڕوانینێکی بەرژەوەندی نیشتیمانی یەکێتی

سۆڤیەت لەدۆزی کوردستانیان سەیر دەکرد. هەروەها پشتیوانی تورکیای کرد بۆ دژایەتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران {میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٤}، لەوکاتەدا ١٩٢٩ سۆڤیەت هەڵسا بە نێوەندگیری گرژییەکانی نێوان تورکیاو ئێران لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئاراڕات کرد، بۆ ئەوەی بە رێککەوتنی هەردوو لا ئەو شۆڕشە سەرکوت بکەن" {مێهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٤٤}. جۆرج ئەکابیوڤ لێپرسراوی پێشوی بەشی رۆژهەڵات لە "کەی جی بی"، کاتێ شرۆڤەی ستراتیژیەتی سۆڤیەتی لەرۆژهەڵات کردووە لەو سەردەمدا دەڵێ" عەشایرە کوردەکان گرنگی زۆریان هەبوو بۆ ئێمە ئەگەر هاتوو مملانێمان لەگەڵ ئینگلیز قۆناخی زیاتری گرت، بۆیە ئامادەکاریمان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لەسەر خاکی سۆڤیەت کرد، بەڵام کۆمیساری کارەکانی دەرەوە رازی نەبوون بەو پرۆژەیەو نەوەک تورکیاو ئێران لێیان زویر بن " {میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ص ٤٤}.

ئەم بیرۆکانە ئینگلیزی زۆر ترساندن بەتایبەتی نزیکی سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکانی باشووری کوردستان وەک نوری سەعید بە جەمال عەبدولناسری راگەیاندبوو لەسەردانێکی بۆ ئەو وڵاتە لە پەنجایەکانی سەدەی رابردوو " سۆڤیەت (ئازربیجان) تەنیا سی وپێنج کم لەرواندوزی باشووری کوردستان دوورە" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) / الحرکة التحرریة الکردیة ١٩٥٨_ ١٩٧٥/ الجزء الثانی _الطبعة االرابعة، ص٣٥}. هەروەها زۆر لەروناکبیرانی کورد بە بیری بەلشەفی ئاشنا ببوون بە تایبەتی لەسلێمانی وکۆیە، لەرێگەی ئەو دیلانەی عوسمانی کە پاش سەرکەوتنی سۆڤیەت لەلایەن ئەو وڵاتەوە ئازاد کرابوون "{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٥}. ئەم خالانە وای لەئینگلیز کرد کە "دەستوبردی خۆی بکا بۆ دوورخستنەوەی سۆڤیەت لەو ناوچەیە ولە چاڵە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست "{میهڤان محمد حسین رشید (٢٠٠٨) / هەمان سەرچاوە، ل٤٥}. لەگەڵ ئەوەش سۆڤیەتییەکان لە سالی ١٩٢٧ کاتی سەردانی شوکری بەگ محەمەد کەلێپرسراوێکی خۆیبوون بوو، بۆ پاریس لەگەڵ

لێپراسراوێکی بازرگانی سۆڤیەت لەو وڵاتە کۆبۆوەو سۆڤیەتییەکان بەڵێنیان داوەتە ئەو شۆڕشە ئەگەر بتوانن کێشە بۆ ئینگلیز دروست بکەن ۱۲۰۰ جونیهیان پێ بدەن بەپێی سەرچاوەکانی سۆڤیەت وسەد هەزار جونیهیان بۆ سەرف بکەن بەپێی سەرچاوەکانی بەریتانی، هەر لەدوای سەردانی د. شوکری بۆ ئەڵمانیا، لەوێش لەگەڵ سۆڤییەتییەکان لەبەرلین کۆبۆوە"{میهڤان محمد حسین رشید (۲۰۰۸) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٦}.

لەراستیدا ئەگەرچی سۆڤیەتییەکان بەپێی دروشم وبانگەشەکانی شوعیەتیان باسیان لە مافی چارەی خۆنووسین وئازادی ورزگاری گەلان دەکرد، لەپراکتیکدا دوودڵ وبەیەک هێلدا ئەو بانگەشانە رەت نەدەبوون، ئەوەتا کاتێ چوار پەرلەمانی کورد لە پەرلەمانی عێراق داوای خودموختاریان بۆ کوردستان کرد {نەوشیروان مصطفی (۲۰۰۰)عصر القلم والمراجعات۱۹۲۸_۱۹۳۱،ل۲۰}، رووسەکان هەڵوێستی نەرێنیان نیشانداو "ئەو داخوازەیەیان بە پیلانێکی ئینگلیز لەقەڵەم دا وبە هەوڵێکیان دانا بۆ دابەشکردنی عێراق"{میهڤان محمد حسین رشید (۲۰۰۸) / هەمان سەرچاوە ، ل٤٦}، پاشانشینێکی دواکەوتووی وەک مەلیک فەیسەڵی دواکەوتوو لەجولانەوەیەکی ئازادیخواز باشتر بێ لایەن. هەر ئەو هۆکارەش بوو لە ۱۹۳۰دا ستالین کوردستانی سۆری هەڵوەشاندەوە بۆ خاتری دڵ ڕاگرتنی تورکیای فاشیست.

هەر لە ۱۹۳۰ دا پەیماننامەی نێوان عێراق وبەریتانیا مۆرکراو هیچ باسێکی ئەوتۆی مەرجەکانی کۆمەڵی گەلان نەکرا، سەبارەت بە مافەکانی کورد، بۆیە وا مەزەندە دەکرێ کە بەریتانییەکان بەئەنقەست خواستویەتی کێشەی کورد بە بێ چارەیی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی دەستێوەردانی لەعێراق بۆ بمێنێتەوە"{میهڤان محمد حسین رشید (۲۰۰۸) / هەمان سەرچاوە، ل ٤٧}.

لەراستیدا مافەکانی کورد لەنێو بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزو سۆڤیەتییەکان لێکدەدرایەوە ، ئینگلیز هەوڵی دەدا ئەو کێشەیە بەکاربهێنی بۆ دژایەتی کردنی فکری بەلشەفی و بەجدیش دژایەتی

دەکرد چونکە مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە جولانەوەی نیشیمانی کوردستانی و شوعیەت هاوسۆزی یەکەن و سۆڤیەتییەکانیش ئەو کاتە هاوسۆز دەبوون لەگەڵ داخوازییەکانی کورد کە مەزەندەی ئەوەیان لێ دەکرد دژی ئینگلیز تەواو دەبێ، ئەوەتا هاوپەیمانیەتی ١٧ی پوشپەڕی ١٣١٦ی هەتاوی بەناوی سەعد ئابادی(شمێرانی تاران) ١٩٣٧ لە نێوان وەزیرەکانی دەرەوەی هەرچوار دەوڵەت" تورکیاو ئێران و عێراق وئەفگانستان" بەسترا، لە چوار بەش پێکهات ، پەیمانی یەکەمیان لەسەر" دەستدرێژی نەکردنی ئەو چوار وڵاتە بۆ سەر خاکی یەکتر و رێزلێنان لە سنووری هاوبەش و راوێژکردن بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانەی کە لە نێوانیان روودەدا تەنزیم بکرێ "{حسێن مەدەنی/ کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان / بەرگی دووەم .......ل١٥٣ }، راستە بۆ گەمارۆدانی سۆڤیەت بوو، بەڵام لە دە ماددەی ئەو هاوپەیمانییە چواری دژی کوردو یاخۆد کوردی دەگرتەوە ، هەندێک وایان مەزەندە دەکرد کە سەعد ئاباد هەوڵێکی ئینگلیز بوو بۆ دارشتنەوەی دۆزی کوردستان بەپیی کۆنتێکستی/ سیاق/ هاوپەیمانەتەکە بوو بۆدژایەتی کردنی شوعیەت"{ مێهڤان محمد حسين رشيد (٢٠٠٨)/ هەمان سەرچاوە .... ل ٥١}، لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەگەر جولانەوی نیشتیمانی کوردستانی دژایەتی شوعیەت نەکا، ناخوێندرێتەوە. ئەو کاتە داخوازییەکان رەوان کە دژایەتی سۆڤیەت وشوعیەت بکا. ئا لێرەدا ئەدمۆنز لەراپۆرتێکی کە لە ١٥ی شوباتی ١٩٤٠ بەراشکاوی باسی کردووە بە ناوی" کێشەی کورد" ئەوەی درکاندووە کە هەوڵی فراوانخوازی لەرێگەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان بە ناوچەکەدا بڵاو نەبێتەوە، چونکە مەیدانی هەرە لەباری بەلشەفییەکان بۆ ئەزیەتدانی عێراق مەیدانی کوردە"{روبرت اولسن (٢٠٠١) /المسألة الكردية في العلاقات التركية _الايرانية _ ترجمة د محمد أحسان / الطبعة الاولى _ دار ئاراس – أربيل، ص ٣٩}. هەژموونگەرایی ئینگلیز لە رۆژهەڵاتی ناوین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رێگە نەدا نفوزی سۆڤیەت لەکاتی شەڕی دووەمی گەورەی دونیا،" ئینگلیزو سۆڤیەت وەک یەک بیریان سەبارەت بە کێشەی کورد دەکردەوە " هەوڵیان دەدا تورکیا زویر نەکەن نەوەک بەلای ئەڵمانەکان بچێ" {برهان أبابكر ياسين (٢٠٠٢)

/ كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧/ ت. هوراس – الطبعة الاولى – مطبعة هاوار – كوردستان – دهوك، ص ٦٢}، بەڵام لەدوای شەڕەکە هەر یەکەو بە پیی بۆچوونی خۆی سەیری ئەو کێشەیان دەکرد.

لەهەموو ئەو ڕەوشانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد نە ئینگلیزو نە سۆڤییەتییەکان نە دۆستی کورد بوو نە رقیشیان لە کورد بووە ، بەڵکوو چوونکە ئەوان دەوڵەتداری کاریان کردووە نەک خێرکردن بە زەکات و سەرفترە، بەتایبەتی کاتێ سەرکردە کوردەکان بەهۆی "خواستە تایبەت و پەرتوبڵاوی بۆچوونەکانیان و دروشمە سەرابی و ناواقیعییەکانیان و پەیوەستبوونیان بە ئیسلامگەری فیردەوسی و تێنەگەیشتن و قۆڵبوونەوەیان لە واقیعی ئەو سەردەم و مامەڵەکردن لەگەڵ بیروبۆچوون و بەهاکان بە جۆری تۆباوی"{رشید کریم خان عقراوی (٢٠٠٥)/ الطریق الی دولة کردیة ....../ مطبعة زانا- دهۆک،ص١٥٢}. هەردوو دەوڵەت لەتەواوی وێستگە وروداوە سیاسییەکانی کە کوردستان پێیدا رۆیشتەوە، هەردوو کاراکتەری نێودەوڵەتی ئەوسای رۆژهەڵات لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی نیشتیمانی وعوسمانی قاجاری و دوایی تورکی وشاهنشاهی ئێرانی، بە شۆڤینیانە، مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی کورد کردووەو بۆ ئەو مەبەستە وەک کارتێک جولانەوەی کورداتیان بەکارهێناوە لەسەر بەرامبەرەکانیان و کەسایەتییە عەشایری و روناکبیرەکانیان وەک جاسوس بۆ کاری زانیاری تایبەت بۆ خۆیان بەکارهێناوە ، هەر بۆیە هەردوو لایان پڕ زانیارترین دەوڵەتن کە توانیویانە وەزەی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەوزیف بکەن ، بێ ئەوەی شتێک بدەنە کورد . ئینگلیزەکان بە راشکاوانە دەیان گووت " کورد عێراقییەکی باش بێ .... رووسەکانیش راشکاوانە گوتویانە لە مافی رۆشنبیری بەو لاوە بۆ کورد لەبەرژەوەندی خۆیان بە پەسند نازانن " مێهڤان محمد حسین رشید البامەرنی (٢٠٠٨) /سیاسة الاتحاد السوفیتی تجاه الحرکة القومیة الکردیة التحرریة، ل٥٢}.

لە راستیدا هەردوو کارەکتەری سەرەکی، بەرژەوەندی وپەیوەندی دۆستاتیەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی داگیرکەرانی کوردستان وئۆقرەیی ئەو

وڵاتانەیان زۆر پێ باشتر بووە لە رەوایی ودادوەری دۆزەکە. ئەوەندەی هاموشۆ ودۆستاتیشیان کردووە بۆ ترساندنی بەرامبەرەکانیان بووە نەک خۆشەویستی کورد. ئەوەی کوردیشی بێ بەش کردووە، هەندێک خواستی ئەوەیان بووە یەکێ لەو وڵاتانە وەک دیاری کوردستانی سەربەخۆیان پێشکەش بکا یاخۆد بە بیروباوەڕێکی هیشک کاریان کردووە، لە کاتێکدا بیرباوەڕی بێ سیاسەت ولانی کەمی ستراتیژیەت بە پێی پێداویستییەکانی قۆناغی سیاسی دەبێ تێکەڵ یەک بکرێ. کەچی کورد نە جیهانبینی نە لانی کەمی ستراتیژیەت نیشتیمانی ونە تەکتیکی تایبەتی سیاسیانەی هەبووە. هەوڵی داوە کارلێک لەگەڵ فشارەکان بکاو بە هەنجەتی دونیا لەگەڵمان نییە، بۆیە دەبێ لەگەڵ ئاڕاستەکان بڕۆین، بێ ئەوەی کورد یاری بە هاوکێشەی هێزەکانی ئەو دوو کارەکتەرە بکەن وهەردوو ستراتیژیەت بۆ پرۆژەی نەتەوەیی بەکار بهێنن، نەک پرۆژەی نەتەوەیی بخرێتە خزمەت ئەجینداو ستراتیژیەتی ئەو کارەکتەرانە.. لەکاتێکدا دۆزی کوردستان خاکە پێش ئەوەی کێشەی نەتەوایەتی بێ، بێ رزگاری نیشتیمانی لەژێر رەشماڵی داگیرکەردا هەمووددەم دیلی وخاوەنی هیچ شتێک نابێ. لەلای دیکە هەستی ئاینی هەموو دەم لەلای کۆمەڵگەی کوردەواری بەهێزتر بووە لە هەستی نەتەوەیی ونیشتیمانی، دەسەلاتدارانی داگیرکەری کوردستان وکۆلنیالیستی بەریتانی زۆر بەجوانی یاری بەوە کردووە بۆ ئەوەی کورد بەو چارەنووسەی کە پێی گەیشتن.

# کوردستان لەنێو گەمە سیاسییەکانی وڵاتانی زلهێزی دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی گەورەی جیهانیدا

یەکەمین جەنگی گەورەی جیهانی لەئاکامی ململانێ لەسەر بازاڕەکانی ناوچەی رۆژهەڵات وئەفریقای بوو بۆ وڵاتانی زلهێزی ئەوروپای ئەوسا، کاتێ بەڵانسی هێزی ئەو وڵاتانە لەهاوکێشەکان تێک چوو بەهاتنە مەیدانی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتەش پشکی خۆی گەرەک بوو کە لەسەر پشکی ئەو وڵاتانەی دیکەی ئەوروپا دەبوو، شەڕەکە هەڵگیرساو لەماوەیەکی کەمدا، لەدوای بڕانەوەی شەڕ بەریتانییەکان لەهەمووان دەست رۆیشتوو بوون لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی ئەوەی پتر لە١٥٠ هەزار قوربانی دابوو لەبەرەکانی جەنگ ویەک ملیون سەربازی لەو ناوچەیە داوەرابۆوە، کەشتییەکانی کۆنتڕۆڵی زۆربەی قەراخی ئاوەکانی ئەو ناوچەی کردبوو، بۆیە دەستی لەقاچەکانی درێژتر بوو، بە هەموو تواناکانی هەوڵی دا مەبەستە ستراتیژییەکانی بەجێ بگەیەنێ، لەزامنکردنی رێگەی وشکانی رۆژهەڵات بۆ هیند کە عێراق وباشووری کوردستان و ئێرانی دەگرتەوە، هەروەها چاڵە نەوتییەکانی ویلایەتی میسل دەستبەسەردا داگرت وبەهاسانی لەبەردەستی فەڕەنسای دەرهێناو قەراخی دەریایەکانیش هەر لەدەست خۆی بوو، فەڵەستینی کۆنترۆڵکرد بۆ هەرێنامەکەی بەلفۆر.

لەسەرەتای هاتنی بۆ عێراق و ویلایەتی میسل(باشووری کوردستان)، لەدرێژەی رەفتارو هەڵسوکەوتی لەگەڵ رووداوەکانی ناوچەدا، بەریتانییەکان بەرچاوڕوونی وپلانێکی دیاریکراویان نەبووە بەرامبەر بەکوردستان کەبخوازن بەدیاریکراوی بەجێی بگەیەنن، بۆیە بەپێی پێشهات وباڵانسی هێز مامەڵەیان لەگەڵدا کردووەو وەک لازاریف باسی لێوە دەکا، "کورد بەبێ ئەوەی خۆی جموجۆڵێکی شۆڕشگێرانە بکات هەر بەتەمای ئەوەبوو بەڵێنەکانی لوید جۆرج وکیلمنسورو ویلسون، چواردە خاڵەکەی وێلسونی سەرۆک کۆماری ئەمریکی بۆ بەجێ بگەیەنن،وڵاتانی هاوپەیمانیش موزایەدەیان بەکێشەکە دەکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان"{محمد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧)/ کوردو دەوڵەتی

سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ل١٠}. هەر لەو نێوەندەدا وەک هارۆڵد نیکلسۆن گەورە بەرپرسێکی بەریتانی ئەو دەم دەڵی" ئەو رۆژەی ئێمە بەدەوڵەتەکامان دەگۆت وەرن ببنە دەوڵەت هیچ خۆیان ماندوو نەدەکرد کەچی لەناکاو لەسەر چواردە بەندەکەی ویلسونی ئەمریکی داوای دەوڵەتیان لێکردین، بەڕاستی درەنگ بوو"{د. عوسمان عەلی میران بەگ (٢٠٠٩) / کوردو سیستەمی نێودەوڵەتی، ل٥٠}. لەراستیدا وڵاتانی هاوپەیمانان وایان باوەڕ بەکوردەکان هێنا بوو کەدەست بۆ چەک نەبەن ولەکۆنگرەی ئاشتی، مافەکانیان بۆ مسۆگەر دەبێ، بەڵام لەراستیدا بەو رێگەیە مستەفا کەمالیان بەهێز کرد"{د. عوسمان عەلی میران بەگ (٢٠٠٩) / هەمان سەرچاوە، ل ٥٤}. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکە ویەکێتی سۆڤیەت بێ قسور پشتیوانیان لەکەمالیستەکان دەکرد وئینگلیزەکانیش بە نهێنی مەندوبی سامی بەریتانیان لەحەڵەبەوە ناردە لای کوردانی (باکوور)، کاتێ ویستیان بەرەنگاری کەمالییەکان ببنەوە، کە دەست بۆ چەک وتوندویژی نەبەن لەگەڵ کەمالییەکان، لەبنەوەش بەریتانییەکان پشتیوانیان لەخواستەکانی ئەمریکییەکان دەکرد."{عوسمان عەلی میران بەگ (٢٠٠٩/هەمان سەرچاوە، ل٥١}. ئەگەر بەوردی دیقەت بکەینە بەڵگەنامەکانی ئینگلیز ورەوشی نێودەوڵەتی لەململانێی نێوان بەریتانیاو فەڕەنسا ویەکێتی سۆڤیەت وئەمریکە کە لەکوردستان کاریگەرییەکانیان دەبینران وخورد دەبوونەوە، ئەگەر کورد لەساڵانی ١٩١٨ تاوەکوو ١٩٢١ دا سەرکردەیەکی نەتەوەیی کاریزمای هەبوایە بە زیرەکی وئەقڵمەندی وبە ئاگا بوایە لە رەوشی نێوخۆیی ونێودەوڵەتی"{محمد سالح ئاکرەیی (٢٠٠٧) / کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ل١٢} لەنمونەی سەرکردایەتیکردنی گاندی وماوتسی تۆنگ وهۆشی منە وتیتۆدای هەبوایە، دەیتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدەست بهێنێ "ئەگەر کورد لە ساڵانی١٩١٨ خۆی رێکخستبایە زەمینەسازی دەوڵەتی سەربەخۆ هەبوو"{محمد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧)/ هەمان سەرچاوە ،ل ١٢}، هەرچەندە هەر روداوێک لەکۆنتێکستی(سیاق)ی زەمەنی خۆی لێکدەدرێتەوە ، بەڵام ئینگلیزەکان دەربارەی کورد ئەوهایان وتووە، کە لەبڕووسکەیەک

وەزیری دەرەوەی بەریتانی بۆ مەندوبی سامی لەبەغدا ناردووە لە ٢٣ ئادار ١٩٢٠ کە وەڵام بووە بۆ پرووسکەی ئەو مەندوبە بە ژمارە ١٥٥٥ لە ٤ی شوباتی کە پەیوەست بووە بە هەڵوێست لەسەر کوردستان " ئەگەر کوردستان نیازی رزگاربوونیان هەبێ لەتورکان، ئێمە(بەریتانییەکان) ئامادەین ئەو داخوازییە بکەینە مەرج لەهەرێنامەی کە نیاز وایە لەگەڵ تورکان ئەنجامی بدەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەڵام بەپێی زانیاریەکانمان کوردەکان هەموویان لەسەر رزگار بوون لەدەسەڵاتی تورک یەک نین وکەسایەتییەکی بەهێزیان نییە کە بتوانێ کورد یەکبخا" {د. ولید حامید (١٩٩١)/ الکورد وکوردستان في الوثائق البریطانیة،ل ٩٥}،" کورد لای هەمووان ژمارەیەکی سەنگدار بووە، زەمینەسازی هەبوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردستان"{د.کەمال مەزهەر(٢٠٠٩)/کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیدا،ل٥١}. ئەو هەنجەتەش ناخوا چوونکە گەلی دیکە سەرکردەکانیان نیوەی توانای شەریف پاشاو بەدرخانییەکان نەبووە کەچی دەوڵەتیان بۆ درووستکرد، وەک فەیسەڵی کوڕی حوسێن، مەلیکی سعودیا ......،لەگەڵ ئەوەش وڵاتانی هاوپەیمانی لەسەروی هەموویانەوە ئینگلیزەکان، زۆر پەشۆکا بوون بەهۆی"زروفی گۆڕانکارییەکانی خێرا ومەترسی لەهەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەو راکردن لەلێپرسراوەتی و مەسروفی شەڕ لەروی ماددی و مرۆی، تەنانەت چارەسەرییەکانیان زوو زوو دەگۆڕان وزۆربەشی دژ بەیەک بوون"{د. ولید حامید (١٩٩١) /کورد وکوردستان في وثائق البریطانیة ، ل١٠١}. بۆیە نەیان دەویست لەسەر کورد هێچ باجێک بدەن و شەڕیک بکەن لە پیناو کورد، ئەوەتا لەرێککەوتنی فەڕەنسی و بەریتانی کە لەکۆبوونەوەی سێیەمی٢٢ی کانونی یەکەم ١٩١٩ ئەنجامدراوە، ئەو رێکەوتنە لەلایەن لۆرد کیرزن وەزیری دەرەوەی بەریتانی لەگەڵ سەرۆکی دایرەی سیاسی و بازرگانی لەوەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسی سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان، هەوڵیان داوە هیچ لێپرسراوەتییەک نەخەنە سەرە خۆیان "هیچ سەرپەرشتیارێکی (وصایە)کی نەخەنە سەر کوردستان و لەبەر سروشتی کوردستان تازە قەبووڵی دەسەڵاتی تورکی ناکات"{د. ولید حامید (١٩٩١)/ هەمان

سەرچاوەی سەرەوە، ل ۹۲}، لەپرووسکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانی بۆ مەندوبی سامیان لەبەغدا نێردراوە لە ۲۳ی ئاداری ۱۹۲۰بە ژمارە ۱٥٥٥لە ٤ی شوباتی ۱۹۲۰، سەبارەت، حکومەتی خاوەن شکۆ بەریتانی لێکۆڵینەوە لە کەیسی دوارۆژی کوردستانی کردوەو لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس دەیخاتە روو"{د. ولید حامید (۱۹۹۱)/ هەمان سەرچاوە ،ل۹٤}. هەر لەهەمان برووسکە رەتی ئەو پێشنیارەی وەزارەتی حکومەتی هیند دەکاتەوە کە لەخاڵی ٥ی ئەو برووسکەیە هاتووە کە لە ۲۰ی کانونی یەکەمی ۱۹۲۰ بۆ وزارەتی دەرەوەی بەریتانی ناردووە پێشنیاری کردووە "مونتاگیو"وەزیری حکومەتی هیندی" پێشنیاری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کردووە لەڕووی دارایی وسیاسی لەعێراق بەشێوەی حوکمی زاتی وئەنجومەنێکی راپەراندنیشی بۆ دامەزرێنرێ بەسەرۆکایەتییەکی مەدەنی لەژێر چاودێری وراوێژکاری بەریتانی"{د. ولید حامید (۱۹۹۱) / هەمان سەرچاوە، ل ۸۸}. کاتێ ئەمریکە وڕووسیا بەتەواوی پشتیوانی لەکەمالیستەکان دەکەن وئینگلیزیش ولاتانی هاوپەیمانانی شەڕ پشکی نەوتی خۆیان لەویلایەتی میسل وەرگرت وبەریتانیا مافی ئینتدابی بەسەر عێراق مسۆگەر کرد لەکۆنگرەی سان ریمۆ کە سەرەڕێی وشکانی بۆ هیندستان بوو کۆنترۆڵی کەناڵی سویس وسودان وکێڵگەکانی چەمۆی لەسودان وەرگرت وفەرەنساش ئینتدابی سەر سوریاو لوبنانی بەدەست هێنا، ولاتانی هاوپەیمانان دەستیان لە کێسی کورد هەڵگرت وکەوتنە سازشکردن لەگەڵ کەمالییەکان دەربارەی کورد و ئەرمەن و یونانییەکان "{د. ولید حامید (۱۹۹۱)/ هەمان سەرچاوە،ل۳۳}. "کەوتنە موزایدەکردن بەسەر کێشەی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان" {محمد سالح ئاکرەیی (۲۰۰۷) / کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ل۱۰}، ئینگلیز لەسەرەتا بۆ مەبەستی کۆلۆنیالیستی خۆی، لەیەکی حوزیرانی ۱۹۱۹ دا دەسەڵات درایە مەندوبی سامی بەریتانی لەبەغدا،"سەرپەرشتی هەرچی هەیە سەبارەت بە کورد بکات بەراوێژ لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانی لەئەستەمبوڵ بەئاگاداری سەرکردەی گشتی هێزەکانی بەریتای لەمیسر"{د. ولید حامید (۱۹۹۱) / هەمان سەرچاوە، ل ۷٦}. سەرەتا ئینگلیزەکان

دەیانخواست"ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵات بخەنە سەر کۆنفدرالیاتییەکانی کوردستانی کە بە نیاز بوون لەناوچەکانی کوردستانی عوسمانی دروستی بکات"{د. ولید حامید (١٩٩١) /، ل٦٨}. کەچی لە ٩ی ئابدا بەریتانیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی ئێرانی مۆرکرد " لە ماددەی یەکەمدا ئەوەی دووبارە کە ڕێز لەسەروەری وسنووری ئێران دەگرێت "{د. ولید حامید (١٩٩١) هەمان سەرچاوە، ل٧٧}. هەر لەبرووسکەی ٧٤٩٥ لە٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ دا کە لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لەوەزیری دەرەوەی بەریتانی بۆ کارمەندانی وڵاتەکەی لەرۆژهەڵات نێردراوە" کێسی کوردستان لەژێر لێکۆڵینەوە دایە، سنوورەکانی عێراقی عارەبی کورتەو بەهۆکاری سیاسی وسەربازی لەدەرەوەی سنووری عارەبی عێراق ناتوانین بە کردەوەی سەربازی هەڵبستین ودەرفەت بەتورکیاش نادرێ کردەوەی سەربازی لەکوردستان بکات"{د. ولید حامید (١٩٩١)/ هەمان سەرچاوە،ل٧٧}، هەرچەندە ئینگلیز بەپێی بروسکەی کە لەلایەن هەواڵگری ئینگلیز لەبەغداوە نێردراوە لەپێش کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس"کوردەکان گەلێکن هەر چەندە دابەش بووینە بەسەر چەند خێڵێک، لەگەڵ ئەوەش هەستی نەتەوایەتیان بەهێزە وشانازی بە رەچەڵەکی کوردبوونی هاوبەشیان دەکەن، کەسایەتی نەتەوەیی دابونەریت وبەردەوامی پاراستووە وبەدرێژای مێژوو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزیان لەبەرامبەریشیاندا دوارۆژێکی پرشنگداریان لەپێشە بەڵام گەلێکن بێ سەرکردەیەکی نەتەوەیین "{د. ولید حامید (١٩٩١)/ هەمان سەرچاوە، ل٦٥}. ئەو دوو هەڵوێستەی ئینگلیز ئەوە نیشان دەدەن کە ئینگلیز لەماوەی نێوان مایس تاکوو ئۆکتۆبەری ١٩١٩ لەبەڵێنەکانی پێشوتری سەبارەت بەکوردستان پەشیمان بێتەوە. لکاندنی موکریان بەکوردستانی مەرکەزی باوی نەماو ئازادانە ڕێگە بەکوردستانی مەرکەزی دەدات هەر وڵاتێکی دۆستی وسەرپەرشتیکاری (وصایە)ی بکات.

لەگەل ئەو هەموو رەخنەو تێبینیانەی سەر کورد و کاراکتەرەکانی کە دیپلۆماسیەتی کوردیان بەڕێوە دەبرد، لە چەند قۆڵێکەوە ،هەوڵیان داوە بە چوست وچالاکی ئەو دیپلۆماسیەتە بکەن و هەمیش دۆسێی کوردیان

گەیاندۆتە مەکۆکانی نێودەوڵەتی، هەنگاوی چاکیان ناوەو دۆسێیەکەیان بەرەو پێش بردووەو سەرنجی سیاسەتوان و دبلۆماتکارو رۆژنامەنوسانی جیهانیان بەلای کێشەی کورد راکێشاوە"{ کەماڵ مەزهەر ئەحمەد(٢٠٠٩)(کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی/بەرگی یەکەم چاپی دووەم/ ئامادەکردنی عەبدوڵا زەنگەنە وشەهلا حەیدری، ل ٥}  ئەوەتا دیکۆمێنتەکانی کە لە پاریس و ئەنکەرەو و تاران و بەغدا  نێردراون بۆ بەشی رۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پڕن لەزانیاری لەسەر ئەو کارەکتەرانەی کوردی ئەو سەردەم کە ناویان هاتووە {کمال مەزهەر(٢٠٠٩) هەمان سەرچاوە،ل ٦٢}. شەریف پاشا عارف پاشا، محەمەد ساڵح حوسنی، کامەران عالی بەدرخان جەلادەت بەدرخان کە ئەم دووە رۆژی ٢١ی تەمووز چوونەتە لای میجر نوئێل لە حەلەب (کمال مەزهەر (٢٠٠٩) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦٢) ،   ئەوەتا لە فایلی ژمارە٣٧١ / ٥٠٦٨ سەبارەت بە شەریف پاشا وهاوەڵەکانی دەکا، ناوبراو دیبلۆماسێکی چاک و شارەزا بوو چەندین زمانی زانیوە وپەیوەندیەکی باشی  لەگەڵ دبلۆماتکارە بیانییەکان هەبووە بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەک باڵیۆزی عوسمانی لەپاریس وستۆکهۆڵم بووە لەئەرشیفی نیشتیمانی بەریتانی دانراوە بە ناوی "سیاسی، رۆژهەڵاتی تورکیا، فایلی ١١، ١٩٢٠ کە٢٥٠ لاپەڕەیە، کەبەشی هەرە زۆری دەربارەی کورد وئەرمەنە  لەگەڵ ٧٦ پەڕە کە لەلایەن مێجەر نۆئێل وەک پاشکۆ نوسراوە کە باس لە دوارۆژی کوردستان ویاداشتی کۆمیتەی سەربەخۆی کوردستان وکۆمیتەی پێشکەوتنی کوردستان، کە داخوازی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن لەژێر پارێزگاری بەریتانی"{ کمال مەزهەر (٢٠٠٩)/ هەمان سەرچاوە، ل ٦٣} ، ئەو یاداشتەی کە عارف پاشا لە قاهیرە ناردویەتی بە واژۆی دەهەزار کەس، حەوت لاپەڕە بە زمانی فەڕەنسی نوسراوە رۆژی ١٤ی ئادار لەلایەن سورەیا بەدرخان ١٩٢٠وەک سکرتێری کۆمیتەی سەربەخۆی کوردستان پێشکەش بە باڵیۆزخانە بەریتانی لە قاهیرە کراوە بۆ ئەوەی بۆ سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی بنێرێ، رۆژی ١٦ی هەمان مانگ  هەمان  ساڵ نێردراوەتە بەشی رۆژهەڵاتی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا لەلەندەن"{کەمال مەزهەر(٢٠٠٩)/هەمان سەرچاوە، ل٦٨}،

لە ل١٢ ئەو فایلەدا هاتووە" دواڕۆژی کوردستان: نیشانە بە
پرووسکەی وەزارەتی هەندەران ژمارە ٢٥٤لە ٢٦ی ئاداری ١٩١٩ /
ئی ١٧٧٦/١١//٤٤/ وا هاتووە" گومانێک هەیە کە رایەکی گشتی
یەکگرتوو لەنێو کوردا هەبێ دەربارەی سەربەخۆی یاخۆد خودمختاری
بۆ کوردستان، زۆرینەیان چاوەڕی دەکەن لەلایەن دەسەڵاتێکی بەهێزەوە
حوکم بکرێن، ئەو چەند کوردانەی دەرەوەش بیروبۆچوونی
جوداخوازیان هەیە زیادەڕۆیی لەمەودای نفوزی خۆیان دەکەن"{کمال
مەزهەر(٢٠٠٩)/ هەمان سەرچاوە، ل٦٨ }. لەبەرامبەردا چەندین
کەسایەتی کوردی وەشاند لەهەوڵی پەیوەندیدا بوون بۆ داخوازییەکانی
کورد. یەکێ لەوانەی کە رۆڵی باشی بینی لەو بوارەدا شەریف سەعید
خەندان بوو کە خەڵکی سلێمانی بوو بە ئەسڵ و دانیشتووی ئەستنەبۆل
بوو پلەی سەربازی هەبوو، بە باڵیۆزی عوسمانی لەپاریس وستۆکهۆڵم
دانرابوو لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی، دبلۆماتکارێکی چاک بوو
شارەزایەکی باشی هەبوو لەم بوارەدا، ئەوەبوو عارف پاشا بە ناوی
کۆمیتەی پێشکەوتنی کوردستان (تعالی و تەرەقی)، نامەیەکی بۆ شەریف
پاشا ناردو کردی بەنوێنەری کورد لەکۆنگرەی ئاشتی ، شەریف پاشاش
چەندین" پەیوەندی و چاوپێکەوتن بە مەبەستی کارتێکردن لەکۆنگرە
کرد بۆ دۆزی کوردستان، لەوانە بیرسی کوکسی بەریتانی شارەزا لە
بوار مەسەلەی کوردو ئەرلوند ویلسنی، بۆ پەرەپێدانی چارەسەری
کێشەی کورد ونەخشەی کوردستانی پێشکەش بە کۆنگرە کرد"{
محەمەد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧)/ کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ، ل١٣}،
رێککەوتننامەیەکی دۆستانەی لەگەڵ نوینەری ئەرمەنەکان بۆغوس
نۆبار پاشا بەست کە ئەو کات گرنگییەکی گەورەی هەبوو ،بە پێی
پرووسکەی ژمارە ٤٠١ رۆژی ١٦ی نیسان ١٩٢٠ تۆماری ئی
٤٠١/١١/٤٤ تۆمار کراوە کە ئەدمیرال ویب رۆژی سێی مایسی١٩٢٠
ناردویەتیە وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتی
کوردانی هەوادار بۆ عوسمانی، ئەو رێککەوتنەی "شەریف پاشاو
بوغوس پاشا " بووە هۆی دابەشبوونی کوردو لەو نێوەندەدا شەریف
پاشا لە ٢٤ی نیسای ١٩٢٠ ، دەستی لە نوێنەرایەتی کورد لەو
کۆنگرەیە کێشایەوە بێ ئەوەی کەسی دیکە لەشوێنی دابنێن "{د.کەمال

مەزهەر(٢٠٠٩)/ کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی ، ل٧٣ } ، هەروەها شێخ محمود بەرزنجی شاندێکی نارد بۆ ئەو کۆنگرەیە، کە لە ئەرشیفی فەڕەنسی تۆمارکراوە" ئەحمەد بەرزنجی و رەشید زەکی" بوون بەڵام لە بەیروتی لوبنان کۆسپ خرایە پێشیان ونەیانتوانی بگەنە کۆنگرەکە"{د.محەممەد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧)کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ل١٤}، هەروەها "سەید عبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان مەحمود پاشاو بەردەوام بوون لەپێشکەشکردنی یاداشتنامە بۆ لایەنی پەیوەندیدار"{د.محەممەد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧)هەمان سەرچاوە، ل١٣}، لەلایەکی دیکە هەندێ لەکەسایەتی کورد خەریکی پەیوەندی بوون لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری لەوانە عەبدولڕەزاق بەدرخان کە سەرۆکی تەشریفاتی کۆشکی سوڵتان بوو کاتێ ناکۆکی کەوتە نێوان ناوبراو و کۆشکی سولتان . ڕووسەکان قۆستیانەوە ئەو ناکۆکیەو ئەویشیان لە شارۆچکەی خۆییی لەرۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێکرد. "مەبەسی سەرەکی ڕووس ئەوەبوو لەرێگەی کوردەکان لەوانەش سمکۆی شکاک بۆ بەربەرەکانی عوسمانییەکان"{د.محەممەد سالح ئاکرەیی (٢٠٠٧) هەمان سەرچاوە،ل١٥}، هەروەها" شێخ عەبدولسلام بارزانی هەوڵی دا پشتێکی نێودەوڵەتی بۆ کورد پەیدا بکا بۆ رزگاربوون لە زوڵم وزۆرداری عوسمانییەکان" {د.محەممەد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧) هەمان سەرچاوە،ل١٩}، هەروەها ئەڵمانەکانیش هەوڵیان دا لە هەندێ سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد وگرنگی بە کێشەی کورد بدەن و نزیک ببنەوە بۆ ئەوەی کار بکەن بۆ راکێشانی کوردەکان بۆ لای خۆیان" {د.محەممەد سالح ئاکرەیی(٢٠٠٧) /هەمان سەرچاوە،ل١٧}. کوردەکان هەوڵی خۆیان داوە بە پەرش و بڵاوی لەگەڵ دەوڵەتی جوداو بۆ ئامانجی جودا کە هەندێکیان داخوازی دەوڵەتی سەربەخۆیان کردووە وهەندێک داوای خودموختاری لەدەوڵەتی عوسمانی وهەندێکیش داوایان لەکەمالیستەکان کردیە وهەندێک داخوازیان لەحوکمی زاتی لەژێر سایەی بەریتانی ....، گرنگ دیپلۆماسیەتیان ئەنجامداوە بێ ستراتیژیەت بوون بێ مەرجەع بوون، باش هوشیاریان لەهاوکێشە نێونەتەوەیی بەتایبەتی ئامانجی بەریتانی و

ڕووسی و ئەمریکی و فەڕەنسی نەبووە، هەڵخەڵەتاون بە بەڵێن و شتە رووکەش و خافڵاوەکانی ئینگلیز وڕووس وئەمریکییەکان، تاوەکوو شوێن پێی مستەفا کەمالیان قایم کردووە، پاشان لێیان پەشیمان بونەتەوە.

# دیپلۆماسیەتی کوردستان لە دوای دووەمین جەنگی گەورەی دونیا

دووەمین جەنگی گەورەی دونیا لەناوەڕۆکدا بەردەوامبوونی یەکەمین جەنگی گەورەیی جیهانی بوو، یاخۆد بەشی دووەمی ئەو جەنگە بوو، ماوەی بەینیان تەنیا پشودانێک بوو بۆ خۆ ئامادەکردنەوە بۆ جەنگێکی کاولکارانەی دیکە. لەو جەنگە گشتگیرەدا کە زۆربەی دونیای گرتووە، بە تێچووترین جەنگ لە جیهاندا دادەنرێت لەرووی ماددی وگیانیدا (٦٢ ملیۆن کەس بوونە قوربانی کە ٢٥ ملیۆن سەرباز بوو، ٣٧ ملیونیشی خەڵکی سڤیل بوون) بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی وتۆپی دوورهاوێژ، ٢% خەڵکی سەرزەوی ئەوسا لەناوچوون و٧٠% پێکهاتەی ئابووری وژێر خانی ئەو هاوڵاتیانەی تێکبەربوو کەوت کە ٨٤% لە وڵاتانی هاوپەیمان و١٦ % لە وڵاتانی تەوەر. هەر وەک یەکەمین جەنگی گەورەی جیهانی، هەوڵێکی وڵاتانی زلهێزی ئەوسای سەرمایەداری بوو، بۆ سەرلەنوێ هاوسەنگکردنی هێزی سەر تەختەی زۆرانبازی (ئەوروپا)، دیتنەوەی کەرەستەی خاو وساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەبازاڕە تازەکاندا، بە تایبەتی لەبازاڕەکانی دەرەوەی ئەوڕپادا. سەرەڕۆیی وشەڕانگێزی ئەدۆلف هیتلەر بە هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕە دادەنرێ، بۆیە زۆر جار بە جەنگی هیتلەر ناوزەد دەکرێ. بە شلەژانی تەرازووی هێز لە ٥٠٠ ساڵەی رابردووی ئەوڕپا شەڕی لێ کەوتۆتەوە، هەرچەندە دوای گرتنی نەمساو بەشێک لە چیکۆسلۆفاکیا لە ئەڵمانیای هیتلەری، بەریتانییەکان ترسی ئەو جەنگەیان لێ نیشت وهەوڵیان دا ئەو جەنگە بسەنگرێنەوە، بەڵام هیتلەر بیرۆکەی " گرنگ نیە گەلان چۆن دەژین، گرنگ ئەوەیە دەبێ بەندەی شارستانیەت ئەڵمان بن "{براين بوند (١٩٩٠) الحرب والمجتمع في اوربا ١٨٧٠_١٩٧٠/ ترجمن سمير عبدالرحيم / بغداد، ص٢٠}. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی جیۆپۆڵەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیەتی بە پترۆڵ ، بەشێکی سەرەکی ململانێی ئەو دوو جەمسەرانە بوو، هەر یەکەو دەیویست دەست بەسەر چاڵە

نەوتییەکان ورێگەی ئاوی بۆ بازرگانی(ئاوە گەرمەکان)، دەست بەسەردا بگرێ، کوردستانیش ناوچەرگەی رۆژهەڵاتە و خەزێنەیەکی نەوتی زۆری تیادا دۆزرا بۆوە بە تایبەتی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا ، ببوە جێگەی چاوتێبڕین ومرخ خۆشکردن بۆ داگیرکردنی، ئەوە ئینگلیزەکان هەر زوو بەشی خواروو (سنە کرمانشان، لوڕستان) ورۆژئاوای بەشی رۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیرکردوو بۆخۆیانی مسۆگەری کرد، بەشی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکی زۆری لەلایەن سوپای سووری سۆڤیەت داگیرکرا و بەشێکی لەو نێوەندە مایەوە( مەهاباد، نەغەدە، بۆکان، سەردەشت،......هتد "ئەڵمانیای هیتلەریش لەدوای داگیرکردنی قەوقاسی بن دەسەڵاتی ڕووسەکان، کە هەردوو پارچەی (رۆژهەڵات و باشووری) کوردستانیشی دەگرتەوە ، مرخی لەبەغداو تاران خۆشکردبوو، ئەویش بۆ گەیشتن بە کێڵگە نەوتییەکان و ئاوە گەرمەکان"{د. برهان ابابکر یاسین (٢٠٠٢)/ کوردستان في سیاسة القوی العظمی ،ص ٦٣}، {کریس کۆچرا (٢٠٠٥)، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا،ل٢٠٤}. یەکەمین جەنگی جیهانی کوردستانیانی بێ ئومێد کرد، کاتێ دووەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرسا لەنێو ململانێیە ئالۆز وتێکهەڵکێشەکانیدا، جارێکی دیکە کوردستانیان کەوتنەوە جولە بۆ هەمان داخوازی لەئازادی وسەربەخۆیی، بەڵام دەرئەنجامەکەی ئەوەی نیشانیان دا لە ململانێی زلهێزەکان هیچی نوێی بۆ کورد پێ نییە. تەنانەت کاتێ نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی ئەوسای پاشانشینی عێراق، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دایە جێ نشینی پاشا تیادا هاتووە"دەستوبردکردن لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی، پێویستییەکە بۆ ئەو دۆخە کتوپڕیەی ئێستا"{عزیز حسن البارزاني (٢٠٠٢) /الحرکة القومیة الکردیة التحرریة، ص ١٦٦}. ئەو داخوازیەی نوری سعید بۆ چارەسەری دۆزی باشووری کوردستان، "جێنشینی پاشای عێراق کە زۆر رقی لە کورد بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری وەزیرەکانی عارەبی عێراقی وئەندام پەرلەمانتارەکانی ئەوسای عێراق، تۆمەتباری نوری

سەعیدیان کرد کە بە نەژاد کوردەو ژنەکەشی کوردە بۆیە وا داخواز دەکات" {عزيز حسن البارزاني (٢٠٠٢) / هەمان سەرچاوە، ص١٦٤}.
هەرەشەیان لە نوری سەعید کرد کەبەرێککەوتن لەگەڵ عەبدول ئیلاە بە کۆمەڵ دەست لە کابینەکەی نوری سەعید بکێشنەوە، بۆیە لەرقی ئەوان لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤نوری سەعید دەستی لەکار کێشایەوە، بەم شێوەیە هەر وەک چاودێرێکی سیاسی عارەبی کۆمێنتێکی دابوو لەسەر دەست لەکار کێشانەوەی " پیلانێکی یەکگرتووی عارەبی کابینەی هەشتی عێراقی رووخاند" نوری سەعیدیش لە وەڵامی ئەو جۆرە قسانەی نەتەوەپەرستانی عارەبدا، گوتبووی "ئەوانە لە بێ دەسەڵاتییەوە، پەنا بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی و خۆیان بە جنێودان سەرقاڵ کردوە "{عزيز حسن البارزاني(٢٠٠٢)/ هەمان سەرچاوە، ص ١٦٥}.

ئەو دەوڵەتانەی هاوپەیمانان(بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یۆنان، ژاپۆن ، رۆمانیا ، سۆڤیەت و ئەمریکا ........)کە ٤١ دەوڵەت بەشداری جەنگ بوون لەو هاوپەیمانەییە، هەمان وڵاتی سەردەمی یەکەمین جەنگی جیهانی بوون ، سیاسەتەکانیان بەرجەستەکردن و گوزارشتکردنی ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرە بوو، وەک یەکەمین جەنگی جیهانی ، پاراستنی ستراتیژەت و بەرژەوەندە کۆلۆنیالیستەکانی خۆیان بوون نەک خواستی گەلانی چەوساوە، بۆیە چاونوقاندن و دەرفەت دان بە هەندێ جولەی کوردان لەو ماوەیەدا لە پەراوێزی رووداوەکان، دەرهاوێشتەی ئەو پرۆسەیە بوو، کە گرژی و توندوتیژی لەگەڵ کوردان لەو ماوەیە درووست نەکرێ . ئەگەر لە یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا ، فاکتەرە زاتییەکانی کوردستان وەک دووەمین جەنگی جیهانی لەئاست روداوەکان نەبوو، ئەوا لەو سەردەمەدا چەندین حزب و لایەنی سیاسی خاوەن جەماوەر هاتبوونە مەیدان لەگۆڕەپانەکە رۆڵیان هەبوو( خۆیبوون، ژێ کاف، پارتی هیواو رزگاری و شۆڕش و پاشان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق .....

) ، بەلانی کەمی ستراتیژییەتی کوردستانی تاکتیکی سیاسیان هەڵدەچنی، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکان، بەهۆی دابەشبوون و داگیرکاری پێچەوانە بوون و ئەو دەرفەتەی بۆ نەدەرەخساند تا بە هاسانی گوزارشت لەپرۆژەی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەش لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵیان دا سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و" لە ٣٠% ئەو پارچەیە کۆماری کوردستانیان لە ١٢ کانونی یەکەمی ١٩٤٥، جاڕدا، لەراستیدا لەپەراوێزی رەوشێکی نێودەوڵەتی دەورانی دووەمین جەنگی گەورەی دونیا خولقا، نەک بەزەبری پێگەیشتنی فاکتەرە ناوخۆییەکانی کوردستان، بێ پلان و ئامادە باشی راگەیەنرا، لەگەڵ ئەوەی کۆماری کوردستان گوزارشتی خواستی کورد بوو، بەڵام هێزە نێو دەوڵەتییە زلهێزەکانی ئەوسا و وڵاتانی هەرێمی – تورکیا بە بیانوی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی بە توندی بەگژیدا چوونەوە"{ رۆبن ئۆلسن( ٢٠٠٢) مەسەلەی کوردو پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا لە فارسیەوە/ رێبوار کریم ولی / هەولێر چاپی دووەم/ لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ل٦٣} . لەراستیدا "بەریتانیا، ئەمریکا تورکیا ، عێراق ، ئێران زۆریان پێ ناخۆش بوو ،بەڵام ئەوەی ئۆقرەی لێ بڕی بوون، تورکیاو بەریتانیا بوو"{عەلائەدین سجادی (١٩٩٦)/ مێژووی راپەڕینی کورد / ئینتشاراتی محمد /سەقز /چاپی دووەم،ل ١٨٤}، لە ترسی Pan_kurdisim یان هاندانی کوردەکانی تورکیا بۆ هەمان مەبەست، "{ د. برهان ابابکر یاسین (٢٠٠٢) / کوردستان في سیاسة القوی االعظمی، ص ٦٣} هەر لە رێگەی بڕووسکەیەک کە لە ٢٤ ئۆکتۆبەری ١٩٤١ لە لایەن باڵیوزخانەی بەریتانی لە بەغدا بۆ نوێنەرانی بەریتانی لە تاران ناردوە ناوەڕۆکەکەی رەنگدانەوەی ترس و سەبر نەمانی بەریتانیەکان نیشان دەدات " ئەگەر کوردەکانی ئێران سەرکەوتوو بوون لە کۆماری کوردستان ، هەمان کاریش لە کوردستانی عێراقیش رودەدات"{د.برهان یاسین (٢٠٠٢}./ نفس المصدر،ص٦٨} هەروەها هەمان هەوڵی حمە رەشید خانی سەرۆک خێڵێکی رۆژهەڵات

که له عێراق دەژیا لەگەڵ ئینگیلز "لەئۆکتۆبەری ١٩٤١ کەداوای ناوچەیەکی پارێزراوی له ئینگلیز کردبوو ، کەچی باڵیۆزی بەریتانی لەبەغدا لەدانیشتنێکی لەگەڵ شاندی ناوبراودا، راشکاوانه پێی راگەیاندوون که بڕۆن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران رێککەون"{ د. برهان یاسین (٢٠٠٢)/ نفس المصدر ، ص ٦٨}، هەوڵەکانی راوێژکاری بەریتانی لەبەغدا سی جی ئەدمۆنز لەگەڵ شێخ محمود، "که تەنیا داوای سەرپەرشتیارکردنی ئاسایش نیزامی و پاساوانی سەرسنوور له هەوادارانی شێخ پێکبهێنرێ له حکومەتی عێراقی داوا کرد کاتێ کەوته دانوسان، جەمیل مەدفەعی سەرۆک وەزیران رەتی کردەوەو گوتی ئەوە دەبێته خودموختاری له داهاتوودا"{د.ولید حمدي(١٩٩١)/الکرد وکوردستان في الوثائق البریطانیة ،ص ٢٣٩} ، هەروەها له ناوچەی بارزان باڵیۆزی بەریتانی "کینهان کورنوالیس" لەبەغدا ساڵی ١٩٤٣ هەوڵێکی نێوەندگیری لەنێوان حکومەتی عێراقی و "مەلا مستەفا بارزانی" که ئەو کات لەشاخ بوو جاڕی شەڕی بەسەر حکومەتی عێراقی دابوو، هەروەها نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای عێراق نامەیەکی به شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ مستەفا بارزانی نارد بۆ رێککەوتن بەڵام بارزانی مەرجەکانی عێراقی رەتکردەوە"{ د. ولید حمدي(١٩٩١)/ هەمان سەرچاوە، ص ٢٢٩}، هەروەها لەو دەوراندا له کۆتایی ١٩٤٥ و سەرەتای ١٩٤٦ و وەک باڵیۆزی بەریتانی له قاهیره(سێر وڵتەر سمارت) لەیاداشتەکەی نوسیویەتی"شەریف خەندان، کەقاچی لەپاریس و بیری لەبەریتانیاو دڵی لەکوردستان بووە "{د. کەمال مەزهەر(٢٠٠٩)/ کوردو کوردستان لەبەڵگەنامه نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی،ل٣٠١}، سەردانی باڵیۆزی بەریتانی له قاهیره کردو دانیشتنی لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانی لەو وڵاته" وڵتەر سمارت" کرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ باشووری کوردستان بەپێی ئەو نامەیەی که له ٢٩ی نوفمبری ١٩٤٥" پێشنیاری خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق کردوەو که چەندین کەسایەتی دیاری کورد واژۆی کردبوو "{ د. ولید حمدي (١٩٩١)/ هەمان سەرچاوە، ص ٢٤٨}، واشی لەگەڵ باڵیۆز

قسەکردبوو، "ئەگەر ئێوە فریای کوردستانی عێراق نەکەون، سۆڤیەت لەرێگەی کوردەکانی ئێران دەگاتە کەرکوک "{ د. برهان یاسین (٢٠٠٢) / کردستان في سیاسة القوی العظمی ،ص١٢٣}، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی مەترسی خۆی بەرامبەر بەو پێشوازییە دەربڕی وبە پێشێلکاری رێنماییەکانی کە بۆ کارمەندانی وەزارەتەکەی دەرچووە، چونکە دەبێتە گومان لای عێراقییەکان بەدژایەتی بۆ خۆیان لێک دەدەنەوەو بە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کورد دەزانن"{ د. برهان یاسین (٢٠٠٢) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص١٢٣}، لەوەڵامدا پێی راگەیاندووە کە"عێراق وتورکیاو ئێران دۆستمانن و نامانەوێ پشتیوانی لەجولانەوەیەک بکەین دۆستەکانمان پێی بێهێز بێ"{د.ولید حمدي (١٩٩١)/ هەمان سەرچاوە، ص٢٥٠}، هەروەها حزبی رزگاری کوردستان کە بە نهێنی کاری سیاسی دەکرد و داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد یاداشتێکی لە ١٨ی کانوی دووەم ١٩٤٦بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ، ناردوە لە رێگەی باڵیۆزەکانی بەریتانی و ئەمریکی و چین و یەکێتی سۆڤیەت، دا باسی رەوشی کوردستان و چەوسانەوەی کوردی تیادا کردوە، {عزیز حسن البارزاني (٢٠٠٢) / الحرکة القومیة الکردیة التحرریة في کوردستان العراق ١٩٣٩_١٩٤٥،ص ١٠١}، + ولید حمدي (١٩٩١) / هەمان سەرچاوە ، ص٢٥١}، هەر لەگەڵ روخانی کۆمار مەهاباد، "مستەفا بارزانی سەردانی تارانی کردوەو لەوێ بەئاگاداری سوپاسالاری ئێران باڵیۆزی ئەمریکی لەتاران(بلفۆر)ی بینیوەو هەر سەفیر لەگەڵ شای ئێرانیش لەسەر ئەو داخوازییەی بارزانی قسەی لەگەڵ کردووە"{د. ولید حمدي (١٩٩١) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٥٤}. دەوڵەتانی ئەوروپا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتە گشتییەکانیان پێکرا جووت بوو،ئەو بەڵێن و رێککەوتنانەی کە لە تەمووزی ١٩٢٣ هەرێنامەی لۆزان بەیەکیان دابوو لێی پەشیمان نەببونەوەو لە بەرنامەیاندا نەبوو بیگۆڕن، لەتوانای کوردیش نەبوو ئەو ململانێیە گەورەیە بکا ئەو قسەشمان ئەوە ناگەیەنێ کە عەقڵی

سیاسی دیلی دەستی هزری خێڵەکی و فیودالیستی ، کاریگەری و رەفتاری خراپی نەبێ بەسەر رەوشەکە ، سیاسەتی ئەو حزبانە کە جۆرێکی دیکە دەیخواست بەرژەوەندە چیناتییەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن، ولاتپارێزیان لەگۆشەنیگای چینتایەوە بوو نەک نیشتیمانێکی رزگارکراو سەربەخۆدا. بەو شێوەیە لەگەڵ کۆتایهاتنی دووەمین جەنگی گەورەی جیهانی وکشانەوەی سوپای سوور لەناوچەکانی باکووری ئێران کۆماری کوردستانیش لە ١٥ی کانوونی دووەم کەوت وسوپای ئێران شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکردەوەو کۆمارەکەشی رووخاند. جارێکی دیکە عەقڵی سیاسی فیودالیستی شکستێکی دیکەی بەسەر خۆی داهینا کە لە درێژەی میراتی سیاسیدا بەشی بووە. ئیتر لێرەوە دەستکرا بەخۆڕاهاتن لەگەڵ دەسەلاتی بێگانەو داگیرکەر، ئەوەندە روناکبیرانی کوردستان خزانە نێو واقیعی سیاسی وحزبی، هەر بە رەفتار وزهنیەت فیودایالیستانە خەباتیان بەڕێوە دەبرد، هەرچەندە بیری نەتەوەی وهەستکردن بە ستراتیژیەتی کوردستان باو بوو لەناو جەماوەردا، بەلام هەر پیرۆزی سەرکردەو تاکڕەوی لەسەر حسابی بەرژەوەندی کوردستاندا بەڕۆنی دەبینراو. لەراستیدا ولاتانی کۆلۆنیالیستی دونیاو زلهێزان نەبونایە، کە زۆر جار بەشێوەی ماددی وسەربازی ومۆڕالی وسیخوڕی پیلانڕێژی فریای داگیرکەران کەوتوون. دەنا گەلی کوردستان لەزۆر دەرفەتدا، لە توانای دابوو لەئاست دۆزەکەی بێ وململانێکە بۆ بەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە. لەراستیدا ئەو وتارە سیاسییە نەزۆکە بێ بەرهەمەی فیودالیستی کوردستان، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریەی جیهان هەر بەردەوامەو نەگۆڕینیش دۆگمای دەگەیەنێ ودۆگمایش هەر شکستی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە نیشتیمانەکانی کوردستان، بەڕیفۆرمخوازی وئەوەی لە ناسیونالیستی گەلانی سەردەستی ولاتانی داگیرکەر چەندەی لێ هەڵدەکڕێ وبە چارەسەری ریفۆرمخوازی وچارەگ ونیوە ماف هیچی لێ دەست ناکەویی. نە زەبری هێز ونە بە دیموکراسی ئەو قەوارەیە شلۆقانە ناپارێزرێ، لەسەر ئەقڵی کوردستانی پێویستە ئەگەری سێیەم

هەڵبژێریَ ولەرێگەی دامودەزگا نێودەوڵەتی یاساو رێساکانی هەوڵ بدات کار بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ بکات.

دیپلۆماسیەت لەنێو واقیع ودەسەڵاتی نامۆ، کارێکی هاسان نەبوو، هەندێکی بەتاکەکەسی و هەندێکی بە ئامرازی سیاسی بەڕێوە دەچوون، بەڵام بیَ مەرجەعی یەکگرتوو وبە ستراتیژیەتی جوداو زۆربەشی سیاسییەکانی کورد پێی هەڵساون، راستە دیپلۆماسیەت سیاسەتی دەرەوە دەگەیەنیَ، بەڵام مەرج نییە هەموو سیاسییەک دیپلۆماسیەتێکی باش بیَ، چونکە دیپلۆماسیەتیش جودایی زۆری هەیەو پەیوەستی بە زمان ومێژوو ویاساو زانستی سایکۆلۆژی وزانستی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە بەگشتی دیپلۆماتکار تایبەتمەندی خۆی هەیە تا بتوانیَ بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆی بەرێگەی دیالۆگ ئاشتیانە بەدەست بهێنیَ، هەموو کەموکورییەکانی سیاستەوانانی کورد لە دیپلۆماسیەتکردندا دوبارە بۆتەوە، بەتایبەتی کە هەندێک لەو سیاسیانە لە ئەجیندای زلهێزان یان تیَ نەگەیشتوون یاخۆد لایان گرنگ نەبووە، بۆیە وەک دیپلۆماتێکی بەریتانی گۆتویەتی، کورد هەر ویستویەتی"لەنێو دەورێکی زێرین کوردستانێکی سەربەخۆیی پێشکەش بکریَ"، نەک ململانیَ وخەباتی راست بکا لە پێناو ئەو مەبەستە.

## دیپلۆماسیەتی کوردستانی لە نێو جەنگی ساردا

جەنگی سارد **Cold War** بە ڕووسی **Холодная война** (Kholodnaya voyna)،جەنگێکی ناڕاستەوخۆ بوو لەنێوان دووجەمسەردا کە دوو دیدگاو دوو ئایدۆلۆژیای جودایان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دونیا، سیستەمی (سەرمایەداری وسۆسیالیزمی )، لەدوای برانەوەی دووەمین جەنگی گەورەی جیهانی تا سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، کەلەوە پێش(لەکاتی جەنگەکەدا)

**هاوپەیمانی یەک بوون، بە دروووستکردنی هاوپەیمانی سەربازی(ناتۆ و وارشۆ)، ئالەتێکی گەورەی راگەیاندن و لەژێر ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم و سۆسیالیزمی و بە پەرەپێدانی پیشەسازی چەک بە تایبەتی چەکی ئەتۆمی، بەرێوە دەچوو" جەمسەربەندی(Ploralization). ئاماژە بەخشە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی ، پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێک لەدەوری ناوەندێک یان دوو یان زیاتر بە جەمسەربەندی"{ د.عومەر نورەدینی(٢٠٠٣)/ سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، ل ٩٠}، ریمون ئارون وا سەیر دەکا" دووجەمسەربەندی بریتییە لەهاوسەنگی نێوان هێزەکان کە زۆربەی یەکە سیاسسییەکان لەدەوری پێشکەوترین و بەهێزتریان کۆدەبنەوە"{د. محمد منذر (٢٠٠٢) / مباديء في علم العلاقات الدولية من النظريات الى العولمة / الطبعة الاولى بيروت ،ص١١٤}، بەم شێوەیە بڕیاردەری سەرەکی هەر یەک لەو جەمسەرانە ، هەریەک لەسۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکە بوون. لەتایبەتمەندییەکانی ئەم جەنگە، پێشبڕکێ لەخۆ پڕ چەککردن بە تایبەتی چەکی ئەتۆمی،"هاوسەنگی و خەملاندبوونی چەکی ناوکی لای هەردوو جەمسەر،هەڵگیرساندنی شەڕی گەرمی دوور خستەوە"{د.محمد منذر(٢٠٠٢)/ مباديء في علم العلاقات الدولية من النظريات الى العولمة / الطبعة الاولى بيروت،ص ١١٥}، وە دامەزراندنی بنکەی سەربازی بە دەوری یەکێتی سۆڤیەتدا، بەگەڕخستنی هێز لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێو دەوڵەتییەکان لەڕێگای دانوستانەوە. بەم شێوەیە فراوانخوازی دەسەڵات وهەژموونگەرایی خۆیان بەسەر دەوڵەتانی دونیا، دەستیان بۆ دەستوەردان بۆ کاروباری وڵاتانی سەربەخۆی دونیا دەبرد. لەساڵانی دوایی دووەمین جەنگی جیهانی، جەنگی سارد لەدەرەوەی ئەوروپا بۆ هەموو ناوچەیەکی جیهان بڵاوبووەوە لەرێگەی دەستوەردان لەکاروباری وڵاتان بۆ فراوانکردنی هەژموونگەرایی خۆی کە زۆر جار دونیای دەگەیاندە تەقینەوەی**

جەنگێکی گەرمی دیکە. وەک چۆن ئەمریکا بەدوای سیاسەتی گەمارۆدان وبنبڕکردنی کۆمۆنیزم هەوڵی دەدا، یەکێتی سۆڤیەتیش لەسەرانسەری جیهاندا، پاڵپشتی لەبزووتنەوە کۆمۆنیستەکان و هەندێک لەجولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی دەکرد. ئەو هاوکاری وهەوڵی گەمارۆیەدانەی یەکتر چەندین قەیرانی گەورەی نێودەوڵەتی لێ کەوتەوە،"قەیرانی گەمارۆدانی بەڕلین لەسالآنی ١٩٤٨-١٩٤٩، جەنگی کۆریا ١٩٥٠-١٩٥٣، قەیرانی بەڕلین لە ١٩٦١، جەنگی ڤێتنام لە ١٩٥٦-١٩٧٥،قەیرانی مووشەکی کوبا لەساڵی ١٩٦١ ولەشکرکێشی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان "{ویکیپیدیا بە عەرەبی}، کاتێک هەردوولا هەستیان کرد لەلێواری وەرچەرخاندان بۆ جەنگی جیهانی سێیەم". ئیتر هەردوو جەمسەر، بەرەو خاوبوونەوە ودوورکەوتنەوە لەڕووبەروبوونەوەی سەربازی چوون. تاوەکوو سەرکردەی یەکێتی سۆڤیەت، میخائیل گۆرباچۆڤ، دەستپێشخەرییەکانی لە بیرووسترویکا وگلاسنۆت - ١٩٨٦ بەدواوە پەیرەوکردن وسیاسەتی شەفافتر وکراوەتری خستەڕوو. بەو هۆیەوە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ دارما وئەمریکا لەجیهانێکی یەک جەمسەریدا مایەوە. ئەو ناوەیەش لەوە بنەمای گرت لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، نووسەری ئینگلیزی جۆرج ئۆروێڵ لەوتارەکێیدا کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە ڕۆژنامەی تریبیونی بەریتانی "تۆ وبۆمبی ئەتۆمی" {ویکیپیدیا.... هەمان سەرچاوە} بڵاوکرایەوە. بەوەی جیهان لە سێبەری هەڕەشەی شەڕێکی ئەتۆمیدا دەژی،لەدوای کۆنفرانسی مۆسکۆ لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦، ڕووسیا شەڕێکی ساردی لەدژی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەستپێکرد، تەلەگرامی درێژی جۆرج کێنان کە لەمۆسکۆوە هاتبوو لە شوباتی ١٩٤٦ - یارمەتیدەر بوو بۆ دەربڕینی توندی پەرەسەندنی حکومەتی ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا یەکەم بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ وەسفکردنی ڕووبەڕووبوونەوە سیاسییەکانی دوای جەنگ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەتدا

و ئەمریکا، ڕۆژنامەنووس هێربێرت بایارد لە وتارێکدا نووسیبووی "با ئێمە خۆمان فریو نەدەین،ئێستا لەناوەڕاستی شەڕی سارددایین" ڕۆژنامەنووس واڵتەر لیپمانیش لە کتێبی جەنگی سارددا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم زاراوەیەی ناساند.بەم شێوەیە ئەو زاراوەیە شوێنی خۆی گرت. وەک جۆرج لینچۆوسکی گوتەنی "هیچ سیاسەتێکی دەرەکی سەنگین ناتوانێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرامۆش بکا" {د. ممدوح مصطفی (١٩٩٧) /سیاسات التحالف الدولي _مکتبه المدبلولی / القاهرة، ص٤٩}. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەهۆی جیوئیکۆنۆمی جیوسیاسی ستراتیژیەتی بۆ هەردوو جەمسەر، چڕی ئەو ململانێیە کەوتبووە ئەو ناوچەیە، سەرزەمینی کوردستانیش بەحوکمی ئەوەی ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتەو شادەماری ئەو خەسڵەتە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تیادا باوە، ئەوا پانتایی ئەو ململانێیە لەسەر زەمینەی کوردستان جێ پێی خۆی قایم دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو جەمسەر هەوڵی دەستەمۆکردنی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستانیان دەکرد نەک جولانەوەی نیشتمانی. ئەم خەسڵەتانەی شەڕی سارد هەر لەپاوان کردنی ناوچەکانی دونیاو پاشان بەپیرۆز ڕاگرتنی سنووری نێودەوڵەتی نێوان وڵاتانی دونیاو یەکێ لەبڤەکان بوو، کێشەکان چەندە ڕەوایی و ڕاستی تێدا بوایە ئەوا ڕێگا چارەو بیرکردنەوەی دەسکاریکردن لەگۆڕینی سنووری سیاسی هەر دەوڵەتێک لەنێو موحەڕەمات دابوو،ئەو دەوڵەتە بە ئارەزووی خۆی چی بکردایە، بۆ هیچ دەزگاو مەکۆو چەقێکی دیکە نەبوو فشارو پاڵەپەستۆیان بخاتە سەر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانەو مەعقولانە، دەستی دەسەڵاتدارانی نێو ئەو چوارچێوە سیاسیانەی بەجارێک واڵا کردبوو لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە شێوازێک و ئامرازێک ، کەخۆیان هەڵیان دەبژارد، بۆیە ئەو گەلە بن دەست بوو لەنێو ئەو چوارچێوە سیاسیانەدا و دەسەڵاتدارانیش کۆیلەی یەکێ لەو دوو جەمسەرەی لێدەرهاتبوو، دژایەتی کردنی یەکێ لەو دوو جەمسەرە، چەندین ناوو ناوتۆرەی بۆ دروووست دەبوو، کەوتنە نێو

رایەڵەی یەکێ لەو دوو جەمسەرە ئەوا تەواوی ئەو ناوو ناتۆرانە رەش دەبۆوە، ئایدیۆلۆژیا رەوایی ناڕەوایی پێ دەبەخشی، رەوایی لەکۆک بوون لەگەڵ بەرژەوەندییەکان دەست نیشانی دەکرد، ئەو بانگەشەو یاساو مافانەی دیکە، مانای بۆ نەدەماو لەو نێوەندەدا خورد نەدەبۆوە، سەروەری سەرداریەتی رەهای دەوڵەت ، سنووری پیرۆزی لە رادەبەدەری وڵاتان، تەوەربەندی بە پاوانکردنی دونیا، رێگەی لەداخوازی ئیرادەی زۆر لەگەلانی بندەستی دونیا گرتبوو،دەرفەتی نەدەدان جولەو گەمەیەکی سیاسی ئەوتۆ بکەن لەنێو ئەو ناوچەو وڵاتانە کە خوازیاربوون، داپۆشینی تاوان و بەکارهێنانی توندتیژی ببووە فەلسەفەی شەڕی سارد ، تەنیا تەنزیرکردن لەنێو جغزی ئەو فەلسەفەیە رەوایی هەبوو، ئەویش لەکات و شوێن بەکارهێنان و جۆری بیانگەو هۆکارەکانی بەکارهێنان لەگۆڕێدا بوو، ڤیتۆی هێزە باڵادەستەکانی ئەو دوو جەمسەرە بەتایبەتی ئەمریکاو سۆڤیەت، دەزگا نێودەوڵەتی و یاساکانی بەجارێک پەک خستبوو، هەر بڕیارێک کە دەخرایە بەردەست، ڤیتۆی ئەوی دیکە شکستی پێ دەهێنا، دەرفەتی دەنگ هەڵبڕین و درووست بوونی رای گشتی لەبەرامبەر بەرژەوەندییەکان، لەرۆڵی پەراوێز بەولاوە چی دیکەی بۆ نەمابۆوە. ئەوەتا یەکێتی سۆڤیەت چاوی لەئاوەگەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بوو ،لەگەرمەی دووەمین جەنگی گەورەی جیهانی ١٩٤٤، هات باکووری ئێران و بەشێک لەرۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکرد ولەهەمان کات ئینگلیزیش بە پاڵپشتی ئەمریکا هات خواروو بەشێک لەرۆژئاوای رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کرد، مەبەستی سەرەکیش ئەوە بوو کە ئاوە گەرمەکان و کێلگە نەوتییەکان پارێزراو بن لەجەرمانستان و ئەوەبوو لەدوای بڕانەوەی جەنگ سۆڤیەت لەمرازی بوو پشتێنەیەکی خۆپارێزی لەدەریای ناوەڕاست وئاوە گەرمەکانی کەنداوی سۆمەر، بۆ کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچەیەو گێرانەوەی ناوچەی قەوقاس کە لەژێر دەسەلاتی کۆماری تورکیاوە بوو ،ویستی لەرێگەی دیپلۆماسیەوە فشار بخاتتە سەر

توركیاو ناچاری بکات بۆ داواکانی و "حکومەتێکی ملکەچ بە خۆی لە ئەنکەرە دامەزرێنی کە هاوپەیمان و هاوڕێبازی خۆی بێ"{ د.عومەر نورەدینی(٢٠٠٢)/ سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد ،ل٩٤} ، بە هەمان شێوە "ڕووسەکان دەیان ویست دەوڵەتێکی میللی هاوڕێبازی خۆیان دامەزرێنن "{ د.برهان یاسین (٢٠٠٢/ کوردستان في سیاسن القوی العظممی ، ص ١٦٧) ، هەر بۆ ئەو دوو مەبەستە، باکووری ئێرانی بە سوپای سووری سۆڤیەت داگیر کرد کە ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی دەگرتەوە. ئەو داگیرکردنەو دەستوەردانەی ستالین لەو دوو وڵاتە، ئەمریکاو بەریتانیای وەڕەس کردبوو، فشارێکی زۆریان خستە سەر سۆڤیەت تا هێزەکانی خۆی لەو ناوچانە بکشێنتەوە، بۆیە لەناو ئەو بازنەیی ململانێدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستانیش پانتایەکی جوگرافی وسیاسی گەورەو بووە ئەکتیڤی سەرەتای ڕانان و خەملاندنی ئەو بازنەیە بوو ، مەیدانی بەڕێوەبردنی ئەو ململانێیە، کە لەکۆتایدا کاریگەری کردە سەر دۆزی کوردستان بەگشتی .لە ئەیلولی ١٩٤٥ دا سۆڤیەتییەکان وەفدێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد بانگهێشتی باکۆ کرد بۆ گفتگۆکردن، شاندەکەی کوردستانی سەربەخۆیی کوردستانیان خستە بەردەم لێپرسراوەکەی سۆڤیەتییەکان، لەو کاتاندا کۆتایی جەنگی دووەم بوو، هەندێک لەسیماکانی جەنگی سارد سەری خۆی دەرهێنابوو، سۆڤیەتیش لە هەوڵی سیاسیدا بوو پەرە بەپەیوەندی لەگەڵ کوردستانیان بدات، هاوکاری سۆڤیەت و وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگی دووەم بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکەو بەریتانیا ببووە کرداری رابردوو"{د.عومەر نورەدینی (٢٠٠٣). سیستەمی نوێی جیهانی ودۆزی کوردستان، ل ٩٣}. سۆڤیەتییەکان بەڵێنی پشتیوانیان بەپێشەوا قازی محەمەد دا، بەڵام لە دەرئەنجامی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ئەو کۆمارە دەرکەوت، سۆڤیەت بۆ مەبەستی خۆیان بووە نەک ڕەوایی دۆزی کوردستان، ئازادی و مافی چارەیخۆنووسینی گەلانی ژێر دەستیان بە نەوت و بەرژەوەندی

**نیشتیمانی، گۆڕیەوە، کوردستانیانیش لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٤٦ جاڕی کۆماری کوردستانیان لەمەهاباد ڕاگەیاند، کە بووە هۆی دڕووستکردنی تێکچون وشلەژانی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت وئێران، ئەم پشتیوانیە پەیوەندی بەستراتیژیەتی بەهێزکردنی هەژموونگەرایی سۆڤیەت لەناوچەکە بەتایبەتی لەململانێ سۆڤیەت وئەمریکەو بەریتانیا هەبوو لەو ناوچەیە، سۆڤیەت لەهەوڵی ئەوەدابوو پشتێنەیەکی خۆپارێزی لەدەریای ناوەڕاستەوە تاوەکوو ئاوەگەرمەکانی کەنداو دڕووست بکات بۆ کۆنتڕۆڵکردنی کێڵگەنەوتییەکانی ئێران و(ڕۆژهەڵاتی کوردستان ) و میزۆپۆتامیا (عێراق و باشووری کوردستان)"{ جۆرج کیریک (١٩٩٠)/ الشرق الأوسط في اعقاب الحرب العالمية الثانية/ ت. سليم طه التكريتي و برهان عبد التكريتي /الطبعة الاولى / الجزءالاول،ل ١١}. بۆیە ئەمریکەو بەریتانیا هەستیان بەو مەترسیەی چاوتێبڕینەی سۆڤیەت کردبوو هەرچەندە هەردوو لا ئاگاداری چەوسانەوەی گەلی کوردو ئازەر بوون، ئەوەتا باڵیۆزی ئەمریکی لەمۆسکۆ ( والاس میوری)و دوایی لە ئاداری ١٩٤٦، ئاگاداری وڵاتەکەیان کردبۆوە ، کە سۆڤیەت لەباکووری ئێران (ئازەربایجان ورۆژهەڵاتی کوردستان) هانی هۆشیاری هەرێمی ونەتەوەیی لەو ناوچانە دەدەن بۆ ناڕازیی بوون لەحکومەتەکانی مەرکەزیان، هەروەها هەوڵدان بۆ دڕووستکردنی حکومەتێکی گوێڕایەڵ و هاوڕێباز لەگەڵ خۆیان لە تاران وەک گرۆزای Groza ڕۆمانیا " {د.برهان ياسين (٢٠٠٢)/ كردستان في سياسة القوى العظمى،ص٩٧}، هەروەها چارلس پاکستر سەرۆکی فەرمانگەکانی دەرەوە لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانی "سۆڤیەتییەکان بۆیە پشتگیری لە کوردو ئازەرەکان دەکات بۆ ئەوەی وەڕسی تورکیا ئێران بکەن"{د. برهان ياسين (٢٠٠٢)،/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل ٩٧}، ڕۆبەرت ڕۆسۆ دەڵێ "سیاسەتەکانی سۆڤیەت لەئێران بەشێکە لەستراتیژیەکی گەورەتر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کەناڵی سوێس و نەوتی کەنداوە**

"{ د.برهان یاسین (٢٠٠٢) / هەمان سەرچاوە ،ل ٩٧}،ئەمەش دەبێتە جیابونەوەو دوایی یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕێگری لەو پلانانەی سۆڤیەت لەو ناوچەیە و بڵاونەبوونەوەی کۆمۆنیزم لەرۆژهەڵات، تورکیا بەربەستێکی باشە بیکەنە هاوپەیمانیەتێکی گرنگ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست "{رۆبرت اولسن (٢٠٠١)/ المسألة الكردية في العلاقات التركية الايرانية – ت / محمد احسان ،ص٤١}.لەو روداوانەی کۆماری کوردستان دەردەکەوێت، کە بەریتانیاو ئەمریکە لەپاڵ بەهێزکردنی مەرکەز بوون لە تاران وئەنکەرە و سۆڤیەتیش بۆ ململانێ لەسەر خواستەکانی خۆی لەرۆژهەڵات پشتیوانی کوردستانیان کرد"{ د. برهان یاسین (٢٠٠٢)،/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل ٩٧ }. بۆ دوور خستنەوەی ڕووسیا لەباکووری ئێران فشاری زۆریان خستە سەر سۆڤیەت وپاشان نامەیەکی ناڕازیبوونیان دایە حکومەتی سۆڤیەت لەسەر نەکشانەوەی لە باکووری ئێران ، ئەوەبوو کاتێ بێ ئومێد بوون، هانی ئێرانیان دا کە سکاڵا نامەیەک لە ١٩ی جەنیوەری /ک٢ ١٩٤٦ لەسەر داگیرکردنی سوپای سوور بۆ باکووری ئێران دایە ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی " کە بەیەکەم یاداشت دادەنرێ لە مێژووی ئەو دەزگایە، کە هێشتا پەیرەوی ناوخۆیی دانەنابوو، دژ بە دەستوەردانی یەکێتی سۆڤیەت لەدەستوەردان لەکاروباری ناوخۆیی ئێران وبەشێکیشی داگیرکردوە"{د. کۆنیتەر دیشنەر (١٩٩٩) / کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراوی / وەرگێڕانی – حەمە کەریم عارف / هەولێر / چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ،ل ١٦١} ، ئەو ناڕەزایەتییەی ئێرانیش بە هاندانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەڕەنسا بوو، ئەو فشارانەی سەر سۆڤیەت کاریگەری کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت و دوای یازدە مانگ بە ناچاری سوپاکەی لە ئێران کێشایەوەو ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوسای ئێران قەوامی سەڵتەنە مۆر کردوو کە تیادا وەبەرهێنانی نەوتی داییە سۆڤیەت بۆ ٥٠ ساڵ ، بەم شێوەیە مەسەلەی کۆماری ئازەربایجان و مەهابادی بە مەسەلەیەکی ناوخۆ هەژمار کراو ، سوپای

ئێران لە ماوەیەکی چەند رۆژیدا هەردوو کۆماری روخاندن " { د عومەر نورەدینی(٢٠٠٢)/ سیستەمی نوێ جیهانی و دۆزی کوردستان، ل ٩٥}. بەم جۆرە ئازادی ومافی چارەیخۆنووسینی ئەو دوو گەلە کەوتە نێو بازنەی ئەو ململانیانەو ئازادی بە نەوت فرۆشرا. ئەگەر چی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بە مافی چارەی خۆنووسین نابوو لە ساڵی ١٩٤٥، کەچی کاتێ کوردستان هانای بۆ برد پشت گوێ خرا" {د عومەر نورەدینی (٢٠٠٢) / هەمان سەرچاوە، ل ٩٦}. دوای ئەوەی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٤٥، ٥١ وڵات لە سانفرانسیسکۆ کۆبوونەوە کۆنفرانسێکیان بۆ داڕشتنی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان سازکرد، کە لە ٢٦ی حوزەیران، ١٩٤٥ پەسەندکراو لە ٢٤ی ئەکتۆبەر ١٩٤٥ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. "ئامانجەکانی بەپێی میساقەکە، بریتین لەپاراستنی ئاشتی وئاسایشی نێودەوڵەتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی، پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام وپابەندکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان" {ویکیپیدیا العربي ... الأمم المتحدة}. لە ساڵی ٢٠١١ ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا بوو بە ١٩٣ وڵات کە نوێنەرایەتی نزیکەی هەموو دەوڵەتە خاوەن سەروەرەین لە جیهاندا."دەستەیەکی کورد نامەیەکیان بۆ ئەو ٥١ وڵاتەی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە سانفرانسیسکۆ لە نیسانی ١٩٤٥ ناردوە بە نەخشەیەکی کوردستانەوە، کە تیایدا هاتووە " ئاشتی بەرجەستەنابێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ ئەوەی چارەسەریەکی رەوا بۆ دۆزی کوردستان نەبینەوە" {فرست مرعي / الامیر کامیران بدرخان مهندس العلاقات الکردیة الیهودیة / ج ٩ / الحوار المتمدن - ٦٥٧٥ في ٢٠٢٠/٥/٢٧}. هەر لەهەمان کۆنفراسی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە لە فرانسیسکۆی ئەمریکادا ، شاندێکی کوردی "بەسەرۆکایەتی دکتۆرێکی ئەمریکی کە بەرەگەز کورد بووە لە ویلایەتی فیلادلفیا نیشتەجێ بووە، بەشداری ئەو کۆنفرانسەی کردوە، بە هاوکاری شاندی جوولەکەکان( ئیلات ساسۆن و ناحوم کولدمان ستیڤن

وایز) هاوکاریان بوون لەبەشداری پێکردندا ، شاندە کوردیەکە هەوڵی زۆری داوە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر مافی چارەیخۆنوسیندا باسی دۆزی کوردستان بکرێ، بەڵام فەرمانبەرێکی ئەمریکی بە شاندەکەی راگەیاندووە ، مەسەلەکە زۆر هەستیارە لەبەر هەندێ وڵاتانی رۆژهەڵات ، ئەمریکە ناتوانێ هاوکاری و بکا" { فرست مرعي / الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية / ج ٩ / الحوار المتمدن - ٦٥٧٥ في ٢٠٢٠/٥/٢٧}. بەم شێوەیە وەک سەرۆکی شاندە کوردیەکە لەوەڵامی ئەو ئەمریکییەی" هیچمان بۆ نەمایەوە جگە لە خەباتی چیاکان چەکداری، سەرۆکی شاندی وەکالەتی جوولەکە دەڵی هیچ وەڵامێکم بۆ کۆمێنتەکەی لە دەست نەبوو "{شلۆمۆ نکدیمون (٢٠١٤) / الموساد في العراق ودول الجوار / ترجمة – بدر عقيلي/ دار الجليل للنشر والدراسات والابحاث الفلسطينية، ص ٣١_٣٢}. بەم شێوەیە بەهۆی تووش نەبوونی کێشە لەگەڵ تورکیاو ئێران و عێراق و سوریاو سۆڤیەت بەرژەوەندی خۆیان تێک بدەن و بەڵام پێشێلی ئەو یاساو پرنسیپەیان کرد کە هێشتا مەرەکەبەکەی هیشک نەبووە لەراستیدا هەبوونی کۆماری کوردستان لەو سەین و بەینەی گۆڕکارییەکانی دەسپێکی جەنگی سارد، یەکەم یاداشتی نارەزایی وهاتنە نێومەیدانی ئەو پرۆسەیە لەلایەن ئەمریکەو فەرەنساو بەریتانیا و پشتیوانی تا سنوورێکی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەوە نیشان دەدات کە دۆزی کوردستان لە نێو ئەو جەنگەو ململانێکانی ئەو سەردەمیش سەنگ و قورسایی و پێگەی خۆی هەبوو، ئەوەش دوپات دەکاتەوە کە گەلی کوردستان لەتواناى دايە ململانێ لەگەڵ داگیرکەران بکاو یەکلایی بکاتەوە بە قازانجی خۆی ئەگەر وڵاتانی سەرمایەداری بەهانایەوە نەچن، ئەگەر فاکتەرە دەرەکییەکان دەستوەردانی نەکردبایە بە پێچەوانەی بانگەشەی ئێران، بە هەموو کەموکوڕییەکانیدا ئەوا کورد لەئاستی دۆزەکەیدایە.کوردستانیان بە درێژایی جەنگی ساردا( ١٩٤٦_١٩٩١)، بە کەم و زۆری ، هەوڵی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەتیان داوە، بەلام هێزو بەرژەوەندی سیمای ئەو

جەنگە بووە و کوردیش نەیتوانیوە هەردووکیان پەیدا کات، هەر بۆیە لە دوو دیدگایەوە سەیر کراوە نەک لە روانگەی رەوایی دۆزەکە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەردوو جەمسەریش گرەویان لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد و سنووری سیاسییان بە پیرۆز دەزانیّ و لەسەر کورد بە جواب هاتن بە دەستێوەردانیان لەکاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە دەزانی و ئامادە نەبوون بەرژەوەندی خۆیان بکەنە وقوربانی دۆزی کورد، لەکاتی پێشنیارکردنی کۆماری مەنگۆلیای میللی لە تەموزی ١٩٦٣، یاداشتی دایە ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام کاتێ عێراق ئامادە بوو سازش لەگەل سۆڤیەت بکا، یاداشتەکەی خۆی کێشایەوە، هەروەها فەرەنسا لە ساڵی ٢٠١٩ لەسەر داگیرکردنی عفرین لەلایەن تورکیاوە بەفشاری ئەمریکەو بەریتانیا داواکەی لەئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کشاندەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە بەرژەوەندخوازی لەپێش رەوایی و یاسا نێودەوڵەتییەکانە. هەردوو جەمسەرەکە بە رەهەندی بەرژەوەندی خوازی سەیری دۆزی کوردستانیان کردووە، سیاسەتێکی دیاریکراوی ئیجابیانەیان نەبووە بۆ پشتیوانی دۆزی کوردستان. هەرچەندە مێدیا ورای گشتی وڵاتان گرنگی زۆری هەبوو لەهەڵبژاردنەکان وبڕیاردان، کەچی کوردستانیان لەو ماوەیەدا بەو رادەیەی کە پێویست بووە هەوڵیان لە رێگەی ئەو کەناڵانە بۆ دۆزەکە نەداوە، ئەو کارەسات وجینۆسایدانەی کەبەسەر کوردا هاتوون بێ لێپێچینەوە بمێنێتەوە. هەرچەندە هەوڵێک لەلایەن کوردستانیان هەبووە لە بۆشاییەکانی هێزی ململانێکان و کون و کەلەبەری پەیوەندییەکانی دەوڵاتانی سەر بەسەر هەردوو جەمسەر وەربگرن بە پێی هەلومەرجی نێودەوڵەتی دۆزی کوردستان بیخەنە روو، واتە گۆڕانکاریەک هەبووە لە پێشکەوتنی ئەو دەرفاتانەی کە دەکەوتە دەست و تا رادەییەک لە گەمەی دەستپێشخەرییەکان بەدەرکەوت ، لەگەل ئەوەش بەهۆی ئەوەی ستراتژیەتی روونی نەبوو، سیاسییەکان بەو کارانە هەڵدەستان وئەوانیش لەسیاسەت وەک پێویست نەبوون، بۆیە لەخوێندنەوەی

**رووداوەکانی کە لەناوچەو کوردستان گوزەری دەکرد سەرکەوتوو یاخۆد ڕێچکەی خراپی دەگرت. هەروەک ئێستاش، ئەو مێژووەو سەرنەکەوتنی کوردستانیان لەو ماوەییە لە پرۆژەی نەتەوەیی کوردستانیدا، دیالکتیکی فاکتەرە ناوخۆیی ودەرەکییەکان وهەلومەری بابەتی بارودۆخی زاتی بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی چەندە بە نرخەو ئالۆزی دۆزەکە ئەوە سەلماندووە کە تەنیا شۆڕشی چەکداری بەبێ پاڵپشتی هێزی نەرم (دیپلۆماسیەت ومێدیای جیهانی)، سەرکەوتن بەدەست بهێنن"{د. عومەر نورەدین (٢٠٠٢) / سیستەمی نوێی جیهان ودۆزی کوردستان ، ل١١٨}.**

# دیپلۆماسیەتی کەسایەتییە کوردییە سەربەخۆکان لەتاراوگەدا

لە دوای بڕانەوەی دووەمین جەنگی گەورەی جیهان، کەسانێکی زۆر بەهۆی جەورو ستەمی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان هەرەتەی هەندەران بوون، لەوێ لەنێو ئەو فەزایەی کە لەئۆرپادا هەڵکەوتبوو، درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا ، لەپێناو ناساندنی دۆزی گەلەکەیان، لەوانە ، میر کامەران بەدرخان و عیسمەت شەریف وانلی و عوسمان زازا و ..........، لەوەو پێشیش شەریف پاشا، ئەوانە بەهۆی ئەو دەرفەتەی بۆیان هەڵدەسوڕا، کەوتنە هەوڵدان و پەیوەندیکردن، لەوانەش کامەران بەدرخان و عیسمەت شەریف وانلی، لە کەناڵی جیاجادا کەوتنە پەیوەندیگرتن لەگەڵ دام و دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان بۆ ناساندنی کورد.

کامەران بەدرخان کوڕی ئەمین عالی بەدرخانەو لەساڵی ١٨٩٥ لە دایکێکی چەرکەسی لەئەستەنبول لەدایک بووەو"لەدوای هاتنەسەرکاری کەمالیستەکان سزای لەسێدارەدانی بۆ خەباتگێرانی کورد دەرکرد ، ئەو زاتەش یەکێک بووە لەوانەی ئەو سزایەی بەرکەوت، هەر زوو ئاوارەی شاری لاییزغی ئەڵمانیا بوو، تا دکتۆراکەی لەماف وەرگرت "{فرست مرعي(٢٠٢٠)/ الامير كاميران بەدرخان مهندس العلاقات الكردية _اليهودية / جزء الثاني / حوار المتمدن العدد ٥٦٦١_ ١٢/٥/ ٢٠٢٠} " وپاشان هاتە بیروت ولەوێ گیرسایەوە، "لەکاتی دامەزراندنی رێکخراوی خۆیبوون ١٩٢٧ لەبحەمدونی لبنان لەگەڵ براکەی جەلادەت بوونە سەرکردایەتی ئەو رێکخراوە، کەوتنە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار وروناهی بەزمانی کوردی لەسەرەتای سییەکانی سەدەی بیست لەبەیروت لەگەڵ جەلادەتی

برای ورۆژنامەی (ڕۆژا نویَ) حەفتانە بەکوردی وفەڕەنسی و(ستێری) مانگانە بەکوردی لەدیمەشق دەرکرد"{فرست مرعي(٢٠٢٠)/ الامير كاميران بەدرخان مهندس العلاقات الكردية _اليهودية / جزء الثاني / حوار المتمدن العدد ٥٦٦١_ ١٢/٥/ ٢٠٢٠} . لەوەندەی میر کامەران لەبەیروت وشام بووە، هەوڵی زۆری داوە بێجگە لەناساندنی دۆزی کورد بە خەڵکی سیاسی، سەرەتا هەوڵیداوە لەڕێگەی کەسێکی فەڕەنسی (ڕۆجەر لێسکۆت) کەئەفسەرێکی فەڕەنسی بوو، لەلایەن وڵاتەکەی وەک سیاسەتمەدارێک ڕەوانەی پایتەختی میسر (قاهیرە) کرا. ئەو کەسە هەوڵی دا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەلای حکومەتەکەی بۆ دکتۆر کامەران بەدراخان بۆ ئەوەی لە (فەڕەنسا) کار بکات. کە پیشەی (پارێزەری) دەکرد لەلوبنان، وپێی وابوو کە کارکردن لەفەڕەنسا سوودی پتری دەبێت بۆ پشتیوانیکردن لەدۆزی کوردستتان، وبیری لەوە کردەوە پاریس بکاتە ناوەندێک بۆ ئەم کارە، ساڵی ١٩٤٧ سەردانی فەڕەنسا کردووە وبووە بەرپرسی دامەزراوەی توێژینەوەی کورد، لەساڵی ١٩٤٨دا چووەتە ئەمریکا ویاداشتێکی بەناوی گەلی کوردەوە پێشکەشی بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە سەبارەت بە دۆزی کوردستان. لە ماوەی مانەوەی لە فەڕەنسا وپیشەی وانەوتنەوەی لە زانکۆی سۆربۆن - بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەرپرسان وبیرمەندان وسیاسەتمەدارانی فەڕەنسی دامەزراند وخۆشەویستی وقەدرزانی لەلایان پەیدا کرد، بەتایبەتی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (پییێر ڕۆندۆ)، بەڕێوەبەری پەیمانگای خوێندنی باڵای ئیسلامی لە پاریس، وکوڕەکەی (فیلیپ ڕۆندۆ). لە ماوەی مانەوەی لە فەڕەنسا وەک نوێنەری دۆزی کورد قسەی کرد وچەندین سیمیناری لەسەر ئەم بابەتە سازکرد. لە سەردەمی داگیرکردنی خاکی سوریا ولوبنان لەلایەن فەڕەنساوە، کامەران بەدراخان لە لوبنان گیرسابۆوە وزۆر سەردانی دیمەشقی دەکرد، بە واتایەکی تر تا ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لەنێوان بەیروت ودیمەشقدا دەژیا، لەو ماوەیەدا توانی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ فەڕەنسییەکان دامەزرێنێت. لەڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە

**توانی کۆمیسارییای باڵای فەڕەنسا لە سوریا ئاگادار بکات وقسە لەگەڵ حکومەتی فەڕەنسا بکات، بۆیە لە ٩ی ئازاری ١٩٤٠ یاداشتێکی لەسەر پرسی کورد وئەو هەلومەرجەی کە گەلی کورد تێیدا دەژی نووسی وپێشکەشی مەندوبی سامی فەڕەنسا کرد، کۆمیساری لەسوریا تا ئەویش پێشکەشی حکومەتەکەی (فەڕەنسی) بکات. دوای کۆتایهاتنی یەکەمین جەنگی گەورەی جیهانی، بیروت ببوە جێی پەناگەی سیاسییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەش " بەشێک لە کارمەندانی جولانەوەی زایۆنیزم وبەرپرسانی باڵای دەزگاکانی جوولەکە کە خەریکی دروستکردنی حکومەتێک ودەوڵەتی ئایندەیی (ئیسرائیل) بوو. لەوانە ئەلیاهوو ساسون و یاهو ئەبشتاین کە بە ئیلات بەناوبانگ بوو، مۆریس فیش "{ فرست مرعي( ٢٠٢٠ )/ الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية/ ج ٧ / الحوار المتمدن - ٦٥٧٢/ ٢٤/٥/٢٠٢٠}، ئەو گروپەی جولانەوەی زایونیزم لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەوانەی لەکۆمەڵگەی عارەبی و ئیسلامی لەپەراوێزدان (ئەتنی و کەمە ئاینی جوداو خەڵکانی کەلتوور جودا و وڵاتانی کە دەوروبەری عارەبی بوون بەلای خۆیان راکێشن و بێ سەروبەری لەنیو ئەو وڵاتانە درووست بکەن و مەژغولیان بکەن بەو کێشانە بۆ ئەوە خۆیان لەنێو ئەو بێ سەروبەریەدا کاری خۆیان بەڕێوە ببەن "{ فرست مرعي( ٢٠٢٠ )/ الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية/ ج٨/الحوار المتمدن - ٦٥٧٣/ ٢٠٢٠/٥/٢٤}،یەکێ لەوانەی کە تواناو زیرەکی و ژیری کامەران بەدرخانی هەست پێ کردبوو و بە هەندی هەڵدەگرت مۆریس فیش بوو، کە بەڕەگەز جوولەکەیەکی بەلژیکی بوو، رای وابوو ناکرێ بەبێ زمانێکی یەکگرتوو میللەتێک بهێنیەوە سەر پێی خۆی، هەر بۆیە مۆریس و هاوژینەکەی گرنگی زۆریان بە زمانی عیبری دەدا. ئەو هەوڵەش لەلای میر جەلادەت وکامەران بۆ پێشخستنی زمانی کوردی دەدرا. بۆیە دوای شکستی خێرای شۆڕشی ئاگری داغ ١٩٣٠_ ١٩٣١ بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا لەدژی دەسەڵاتدارانی کەمالیستی تورکیا، دکتور کامەران ئەو باوەڕەی لا پەیدا**

ببوو بۆ ئەوەی کورد لەخەباتی خۆیدا سەرکەوتوو بێت وبە سەربەخۆیی بگات، دەبێ پشتیوانییەکی دەرەکی بەهێز بۆ دۆزەکەی بەدەست بهێنێ، ئەو باوەڕەش پێویستە بەڵام خاڵی هەرەسەرەکی هەر شۆڕشێک فاکتەری ناوخۆیی ورەهەندی نەتەوەیی ونیشتیمانی کوردستانە، بە گوتەی هاوڕێ فەڕەنسییەکانی لە دوای هەرەسهێنانی خێرای شۆڕشی ئاگری داغ ئەو باوەڕەی لا پەیدا ببوو " بزووتنەوەیەکی چەکداری بێ پشتیوانی دەرەکی، ناتوانێ سەرکەوێ"{فرست مرعي (٢٠٢٠) / الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية/ ج ٧ / الحوار المتمدن - ٦٥٧٢/ ٢٤/٥/٢٠٢٠}، بۆیە ئەو ئەگەرە رەنگە راستی تێدا بێ وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی (جۆناسان ڕاندال) ڕوونی کردەوە کە دەڵێت" کامەران بەدرخان پەیوەندییەکی کۆن ونهێنی لەگەڵ دەزگای جوولەکەدا هەبووە، کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک هەواڵگری جوولەکەکان کاری دەکرد.. مەیلی بەدرخان بۆ کاری هەواڵگری نهێنی سەرەتا لەگەڵ ئینگلیزەکان بووە ودواتر فەڕەنسییەکان وپاشان جوولەکەکان"{جۆناسان ڕاندال (١٩٩٧) / امة في الشقاق / ت- بدر العقيلي......ص ٢٤٩}.

دوای پیداچوونەوە بە دیکۆمێنتەکانی دامەزراوە ئیسرائیلییەکان، پێش و پاش دامەزراندنی ئیسرائیل، دەرکەوت زۆر لەو کەسایەتییانەی عارەبی و ئیسلامی پەیوەندی توندو تۆڵیان هەبووە لەگەڵ دامەزراوەی زایونیزم، بەڵام میر کامەران بەدرخان ئەو کارە سیخوڕیەی نەبووە، هێندەی کردوە کە " بتوانێ کەڵک لەئەزموون و پشتیوانییەکانی زایونیزم وەرگرێ بۆ پێشخستنی خەباتی گەلەکەی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستان"، بە تایبەتی لەکاتی واژۆکردن لەسەر چارتەری (میثاق)ی سەعد ئاباد، کە ئاراستەکانی ئەو چارتەرە زۆربەی دژی کورد بووە" {فرست مرعي(٢٠٢٠)/ الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية / الحوار المتمدن ٦٥٧٥ في ٢٧/٥/٢٠٢٠} ، لە کۆتادا میر کامەران بێ ئومێد بووە وەک لە ئینگلیزو و فەڕەنسییەکان

بوو ئەوهاش لە جوولەکەکانیش بێ ئومێدی  ڕاگەیاندووە وەک یەهودا هیلمان کە نوینەرایەتی دیڤید گۆریونی سەرۆکی وەکالەتی جوولەکان و یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە ١٥ی مایسی ١٩٤٨،هاتووە " بەڵێنی ڕەونەقداری داوە بە میر کامەران بێ ئەوەی لە پراکتیکدا ببینرێ "{ فرست مرعي(٢٠٢٠)/ الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية / الحوار المتمدن ٦٥٧٥ في ٢٠٢٠/٥/٢٧}. هەرچەندە هەندێک لە "لێپرسراوەکانی جوولەکەو ئیسرائیل وەک "ئەلیاهون ساسۆن " کە نێردراوی بن گۆرین بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سوریاو لبنان وعێراق) گومانی هەبووە لەسەر ڕۆڵ دیتنی کورد بۆ هاندانی کۆچکردنی جوولەکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات وهاوکاریکردنی ئیسرائیل"{فرست مرعي (٢٠٢٠) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە}. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان "هەوڵی وەرگرتنی پشتوانیان لەجولانەوەی زایونیزم وئیسرائیل کردووە وەک ڕێکخەر وراهێنەری سەربازی، ئەوەتا ڕێچارد ماوور پەیامنێری نیۆیورک پۆست دەڵێ " جوولەکە شارستانیەتی ڕۆژئاوای لەگەڵ خۆی بۆمان دەهێنێ "{هەمان سەرچاوەی سەرەوە}.

لەراستیدا وەکالەتی جوولەکەکان کە ڕۆڵی دەوڵەتی دەبینی پێش ڕاگەیاندنی ئیسرائیل ودوایش سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەوەوە خەریک بووە کە"ئەو سیاسەتەی پراکتیزە کردوە کە (ستراتیژیەتی هاوکاری لەگەڵ چواردەوری ئیسرائیل) وهاوکاری پەیوەندی باش لەگەڵ دەوروبەری عارەب وئیسلامی بکا کە لەبنەڕەتدا روئین شیلواخ دایڕشتبوو" {أحمد سعيد نوفل (١٩٩٥) / اسرائيل وتفتيت الوطن العربي، ص ٥٦}. لەنامەکانی دیڤید گۆریون لە ٢/٢٧/ ١٩٤٥سەرۆکی وەکالەی جوولەکەکان بۆ مۆشی شاریت وەڵادانەوەی ناوبراو لە ١٨ی ئاداری ١٩٤٥/ بۆ سەرۆکەکەی، هەمان سیاسەت داوا دەکەن"{ڕۆژنامەی داڤاری ئیسرائیلی لە٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٥} لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بڵاوکراوەتەوە، کەڵک لەناکۆکی نێو کۆمەڵگەی عارەبی

**وئیسلامی وەرگرن بۆ بەرژەوەندی باڵای جوولەکەکان. بە تایبەتی ئەو سنوورانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر دەستی بەریتانی وفەڕەنسی دارێژراون، رەنگاوڕەنگی ئەتنی وئایینی وکەلتووری جودای تێدایەو بەزۆر خراونەتە سەر ئەو دەوڵەتە دەستکردانە، ئەو دەوڵەتانەش سیاسەتی نەتەوەیی سەردەستی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بۆیە پڕە لەکێشەو ململانێی سەخت ودژوار، ئیسرائیلییەکان دوای راگەیاندنی دێڤید بن گۆریون سەرۆک وەزیران ویستی بەردەوام بێ بە هەمان سیاسەتی دەورانی پێش راگەیاندنی ئیسرائیل ،بەڵام بە ماسکی جودا و قسەی بریقەدار، ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێ "دەرفەتێکی باش هاتۆتە پێشمان بۆ ئەوەی هەڵوێستێک نیشان بدەین کە هاوسۆزی نیشان بدەیەن لەگەڵ ئەو کەمە نەتەواتییە بەزۆر لکێندراوانەی بەو دەوڵەتانەی کە ئێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن بۆ داهاتوو لەسەر ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتی"{عبدالله الحسن(١٩٩٥)/ الاقليات في الواقع الحربي – الاندماج او تجزئة / دار مشرق المغربي / مغرب ، ص ٦٦}. هەر لە درێژەی قسەکانیدا بن گوریون دەڵێ"ئێمە گەلێکی بچوکین وتواناکانیشان سنووردارە، عارەبیش دوژمنی سەرەکیمانە، دەبێ رێگە چارەیەک ببینینەوە بۆ خۆ پاراستنمان، ببینە بەشێک لەرۆژهەڵات، چونکە بەرگەی یەک شکستی سەربازی ناگرین"{فرست مرعي (٢٠٢٠) / الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية / الحوار المتمدن ٦٥٧٥ في ٢٠٢٠/٥/٢٧}. لە ١٩٥٣ دوو ساڵیک پێش هێرشکردنە سەر کەناڵی سوێسی میسری جارێکی دیکە دەوڵەتی ئیسرائیل "تیمێکی لە شارەزایانی ستراتیژی (ئیسرائیل جالیلی) و شارەزای بواری سوپای ( ئیجال باوین) و شارەزای پەیوەندییە نهێنییەکان لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکان (مۆشیە ساسون )و گۆڵدامائیر شارەزا لەبواری سیاسی ئەو تیمە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ هێزێکی باڵادەستیان هەبێ بەسەر عارەبەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکانی ناوچەی رۆژهەڵات وپەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئیسرائیلی غەیرە عارەب/سیاسەتی دەوروبەر بۆ دەرچوون**

لە گۆشەگیری "{ فرست مرعي(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوە / ج ١٠}.
ئەو قسەیەی سەرۆکی مۆساد مائیر عەمیەت جوان گوزارشتی کرد لە١٩٦٨ لەکاتی یەکەم سەردانی مەلامستەفای بارزان بۆ ئیسرائیل لەگەڵ کامەران بەدرخاندا، گوتی " یەکەم سەرکردەی کوردمان ناسی ئەو کەسەیە بوو (کامەران)، کە ڕێگەی بۆ ئێوە خۆش کرد لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا، هەر ئەو سەرکردەیە بوو توانی هاواری کوردان بگەیەنێتە گوێی هەموو رۆژئاواییان" {فرست مرعي (٢٠٢٠) / هەمان سەرچاوە جزء ١٢}.

میر کامەران چەندین یاداشتی داوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مەزلومیەتی کوردو شەڕانگێزییەکانی داگیرکەرانی کوردستان، ئەوەتا لە ٣ی ئاداری ١٩٥٦ یاداشتێکی ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەککان کردووە، سەبارەت بەو کوشتارەی سوپای ئێران "کە ژن ومنداڵی زۆری تێدایە لە ناوچەی جوانڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بەرەبەیانی ٤ی شوباتی هەمان ساڵ بە هاوکاری سوپای عێراق وبە کەڵک وەرگرتن بە هاوپەیمانەتی بەغدا، دەیکات." {أیوب بارزانی /الحرکة التحرریة الکردیة و ..... / ت٤/جزء ١/، ص٣٤}.

هەر لە هەمان یاداشتدا " رەخنە لەچەک فرۆشتنی ئەمریکە دەکات بۆ ئێران وتورکیا، کە بەبێ مەرج دراوەتە ئێران وتورکیا وزۆربەشی دژی کورد بەکار دەهێنرێ، هەروەها پشتگوێ خستنی ئەو یاداشتەی کۆمەڵەی کوردی کە لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٧داوەتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وجەنەڕال مارشال" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٣٤}. هەروەها چالاکییەکانی ئەو میرە کوردە ،وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی مشەوەش کردیە ولە ٥ی نیسانی ١٩٥٦ دا، داوای لەباڵیۆزخانەکانی لەئەنکەرەو بەغداو تاران و دیمەشق وپاریس کردیە زانیاری لەسەر ئەو میرە بۆ کۆ کەنەوە کە لە خاڵی دووی ئەو بڕووسکەیە هاتووە " ئەو کەسە کە یاداشتی داوەتە ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها وەفدی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و

١٩٤٨ و وەفدمان لەئەنجومەنی ئۆڕپی لە ١٩٤٩ ولە١٩٥٠بۆ وەزارەتی دەرەوەمان، کە تایبەتن بە زوڵمەکانی ئێران و تورکیاو عێراق لەسەر کورد"{ أیوب بارزانی (٢٠١٧) هەمان سەرچاوە ،ص٣٥}. ئەو نامەو هەوڵانەی چ وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ کورد وهەوڵی هاوسۆزیکردنی وئەمەریکەو بەریتانیاو فەڕەنسا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان وگوێ نەدان بە رەوایی یەکانگیری لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان، پەیوەست بووە بە پێداویستییەکانی جەنگی ساردو قوربانی دان بە کارتی کوردی لە پێناو رازیکردنی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستان.

لەلایەکی دیکە ئەو بروسکە و ئاگاداری وراویژانانەی کە بۆ دبلۆماتکار و سیاسییەکانی ئینگلیز لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووە، ئەگەر بڵاو بوونەوەی شوعیەت بێ ئەوا خاڵی دووەمی گەشەکردن و پێشکەوتنی دۆزی کوردستانە، {پشتیوانی لە بەعەرەبکردنی کەرکوک ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان و پشتوانی و خۆشحالی لە دوای ساڵانی ١٩٥٠لە سیاسەتەکانی تاواندنەوەی کورد لە نێو نەتەوەی تورک لە تورکیاو مەترسی لە چوونە پێشی کەسانی بەرەچەڵەک کورد لە نێو دامودەزگاکانی سیاسی و ئیداری و سەربازی لە سوریا"{ ایوب بارزانی (٢٠١٧)/ هەمان سەرچاوە، ص٣٩_٤٠}. هەر ئەوەش دەگەیەنێ کە داگیرکەرانی کوردستان، کورد بە مەترسی لەسەر ئەمنی نەتەواتی خۆیان دادەنێن، بۆیە ئەستەمە بتوانن زەمینەی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ کورد خۆش بکەن ودیموکراسیانە دۆزەکەی لەگەڵیان چارە بکرێ. بە تایبەتی گیانی شۆڤینیەتی دەسەڵاتدارانی داگیرکەرانی کوردستان جۆری بیرکردنەوەیان بۆ چارەسەری کێشەکان لەرێگەی توندو تیژی.

کامەران بەدرخان، واقیع ورۆشنبیرییەکەی، ئەوەی فێرکرد کە دان بەخۆدانان وباوەڕبەخۆبوون وعەدالەتی دۆزەکەی، بەس نییە بۆ راکێشان وهاوسۆزیکردن لەگەڵ گەلی کوردستان، بەڵکوو هێزی (سیاسی ئابووری، کۆمەڵایەتی، روناکبیری) پێویستە بۆ ئەو دۆستاتییە.

**له راستیدا کامەران بەدرخان پیاوێکی ژیرو خۆی بۆ دۆزی کوردستان تەرخان کردبوو، کەسایەتیەکی دیپلۆماسی و سیاسی دیاری کورد بووە لەدەرەوە و ناوە، "پیاوێکی دەوڵەتداری بووە وەک لێپرسراوێکی هەواڵگری ئیسرائیلی (یوفال نتمان )وەسفی دەکات، بە بن گۆرینی دامەزرێنەری ئیسرائیلی دەشوبهێنێ، لە پەرۆشی و باوەڕی بە میللەتەکەی ، ماندووبوون نازانێ و هەموو جۆرە ململانێیەک دەکا بۆ ئەو مەبەستە"{ شلۆمۆ کدیمون(١٩٩٧)/ الموساد في العراق و الدول المجاورة / ترجمه بدر العقيلي/ دارالجليل، ص ٤٢}.ئەگەر چی نەیتوانی بەرجەستەی بیروباوەڕەکانی بە پراکتیکیدا بکات، بەڵام ڕێبازێکی بەجێ هێشت  کە ئێستاش دەتوانرێ کەڵکی لێ وەرگیرێ. توانی زمانی کوردی (بنزاری کرمانجی سەروو) بەهێز بکاو وهەوڵی دا ئیکۆنۆمییەکی بۆ جولانەوەی نیشیمانی کوردستان پەیدا بکاو دەیان کەناڵی پەیوەندی بۆ کورد بکاتەوە.**

# دیپۆماسیەت لەدەورانی شۆڕشی ئەیلولدا

یەکێ لەکێشەو قەیرانەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان لە تەمەنی سەد ساڵەیدا، زاڵبوونی زهنیەتی فیودالیستی وخێڵەکییە بەسەر سەرکردایەتی ئەو جولانەوەیەدا، لە سیماو خەسڵەتەکانی ئەو زهنیەتییە، پاشکۆ بوونە بۆ لەخۆ بەهێزترو کۆیلەکردنی ئەوانەی لەخۆی بێ دەسەڵاترە، ئەو رەفتارە بەردەوام بەهۆی ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردستانی خێڵەکی وزاڵبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی فیودالیستی، ئەو خەسڵەتە پەنگاوەی خوارد و تا ئێستاش درێژەی هەیەو ناوە ناوە ئەبدێت دەکرێتەوە وفێرژنێکی نوێتری لێ بەرهەمدەهێنرێ بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و هەژموونگەرایی خۆی .

خاڵێکی دیکەی شۆڕشی کوردستانی بەردەوام لەپەراوێزی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەمەی کردوە، خۆیان نەیانتوانییوە روداو دڕووست بکەن وهەوڵ بدەن یاری تێدا بکەن بۆ بەهۆشیارکردنەوەی گەلی کوردستان بەمافەکانی بنچینەیەکانی خۆیان بەستراتیژیەتیەکی کوردستانی وبەرنامەڕێژکردنی بەراستی واقیعی بۆ ئێستا، کە بتوانێ درێژە بە خواستەکانی بدات بۆ داهاتوودا. بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان، بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥/١٢/١٦ بەچەند مەرجێک ویلایەتی میسل (بەشی زۆری باشووری کوردستان) خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق کە پێکهاتبوو لە ویلایەتی بەغداو بەسرای دەورانی عوسمانی، بە درێژایی تەمەنی ٣٣ساڵەی پاشایەتی لەعێراق بەسەر باشووری کوردستاندا، پشت لەو مەرجانە کران وکەم شتێکیان لێ بەجێ گەیاند بۆ ئەوەی هەنجەت نەدەنە دەست کورد لەکاتی جێبەجێ نەکردنی بگەڕێنەوە"کۆمەڵەی گەلان "، بەروخانی ئەو رژێمەی پاشایەتی لەبەرەبەیانی ١٤ی گەلاوێژی /تەمووزی ١٩٥٨، جاڕدانی کۆماری عێراق ودەرکردنی دەستووری عێراق بێ رونکردنەوەی زیاتر ئەگەر چی لەماددەی سێدا کوردی بەهاوبەشی ئەو وڵاتە دانا بێ، بەڵام لەماددەی دووی ئەو دەستوورە کاتەیەدا ، عێراقی بە بەشێک لەنیشتیمانی عارەبی ناساندووە (بەباشووری

کوردستانیشەوە)، ئیتر لەگەڵ رۆژگاردا ئەو دەسکەوتانە کەم بوونەوەو هەڕەشە لە ناوبردنی کورد دەهاتە گۆتن لەسەر زاری هەندێ لێپرسراوانی ئەو دەوڵەتە ئەوەتا لە ١٧ی مانگی کانونی یەکەمی١٩٦١ رۆژنامەی شۆڕشی نزیک لە عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی ئەوسا لەژێر سەردێری نەتەوەی عارەبی و کێشەی کەمەنەتەوەکان داوای تاواندنەوەی کوردی کردو کاتێ لە وتارەکە پرسیار دەکات " کێ عارەبە، ئەوەی رێککەوت لەگەڵ عارەبی ژیان دەکەن، ئەوجا بەڕەچەڵەک کورد بێ یاخۆد عارەب یان ئاشووری یان ئەرمەن یان قولە رەش بێ" { أیوب بارزانی(٢٠١٧) / الحرکة التحرریة الکوردیة ..... ص ٩٨}. لەلای دیکە، شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ گورزێکی کەمەرشکێنی لەدەرەبەگەکانی کوردستان دابوو، بە دابەشکردنی زەوی زار ورێگریکردن لە زوڵم وزۆرداری ئاغاکان بەسەر جووتیارانی کوردستان و زیاد بوون و پەنگرانەوەی رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق لەنێو جووتیاران، ئەوە بوو "هەندێک لەدەربەگەکانی ناوچەی رانییەو پشدەر لە تەمووزی ١٩٦١ لەماڵی شێخ حوسێن بۆسکێن کۆبوونەوەو بڕیاری رێگرتنی نێوان رانیەو کۆیە وسلێمانی دا، لە تێپەڕبوونی هێزە کانی سەربازی حکومی" { عبدالله أحمد رسول البشدری (٢٠٠١) / اندلاع ثورة ایلول المجیدة ١٩٦١ / الجزء الأول – مطبعة الثقافة – أربیل، ص٢٠}، لەهەمان کاتدا لەسلێمانی "عەشیرەتەکانی هەمەوەندو شێخ بزێنی ،سمایل عەزیز وجاف، رێگەی بازیان ودەربەندیخان بۆ سلێمانی داخست"{أیوب بارزانی(٢٠١٧)/ الحرکة التحرریة الکوردیةو الصراعات الاقلیمیة والدولیة ، ص ٩٩}، ئەم رێگرییە بووە هاندانی دەرەبەگەکانی کوردستان بە جاڕدانی هەڵگەڕانەوە لەشۆڕشی١٤ی گەلاوێژلە ١٩٦١وپارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەو دەم پەیوەندییەکانی تێک چووبوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی، کورد پەراوێز دەخراو ویستی دەست بەسەر ئەو جولانەوەیە دابگرێ وتەوزیفی کات بۆ بەرنامە سیاسییەکەی خۆی، کەچی ئایەتەکە بەرەواژی بۆوەو، ئەو گردبوونە خێڵەکییانە، پارتیان روبەروی کێشەی گەورە کردەوەو وای

لێهات راوبۆچوونەکانیان بەسەر پارتی دا فەرز دەکرد، بێ ئەوەی حساب بۆ قوڵایی بارودۆخی سیاسی بکەن و لەبری سەرکردایەتیکردنی ئەو حزبە بەسەر جولانەوەکە، ئەوا نەک هەر زهنیەتی فیودالیستی، ئەو بڕیار کەوتە دەستی بنەماڵەیی وتاکەکەسی. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرەتاوە پێکهاتەی ئەو شۆڕشە لە ململانێ وپێک ناکۆکی نێوخۆیدا بوون، ئەگەر شۆڕش لەلایەن گردبوونەوەیەکی فیودالیستییەکانی باشووری کوردستان دژ بە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا، دەستی پێکرد ولەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان وبە هاندانی شای ئێران وهەندێ لایەنی کۆنپارێز لەناوچەکەدا. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ویستی لە بەرامبەر زوڵم وزۆرداریيە نەتەوەییەکانی کورد سەر دەستی رژێم، کەڵکی لێ وەرگری وئەو هێزە کۆنتڕۆڵ وپاشان تەوزیف بکا بۆ جولانەوەیەکی نەتەوەیی تازە کە بتوانێ مافەکانی گەلی کوردی پێ دەستەبەر بکا. بەڵام روداوەکان پێچەوانە بۆوەو ئەو شۆڕشە نەک هەر کەوتە بەرژەوەندی ئەو فیودالیستانە، بەڵکوو کەوتە بەرژەوەندی بنەماڵە و تاکەکەسی تیادا بڕیاردەر بوودوور کەوتە لەبنکە جەماوەرییە سەرەکییەکەی و کەوتە نێو رایەڵەی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەکۆتادا دوای ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەو کارتەیە هێنایە جێ ، ئیتر لە خۆوە ، تەنیا بە برینی یارمەتییەکانی ئێران هەرەسی هێنا و وەک شای ئێران دەیگووت" ئەو جولانەووەی کوردان وەک بەلوعەی ئاوێیە کەی ویستم دەیکەمەوەو کەی ویستم دایدەخەم "{ أيوب بارزاني (١٩١٧) الحركة التحررية الكردية....../ ج٢/......ص}. ئەوەبوو پارتی بڕیاری دا لە ٦ی ئەیلولی ١٩٦١ مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان رابگەیەنێ، مانگرتنەکە زۆر سەرکەوتوو بوو ، بۆیە سوپا بڕیاری دا لە ٩ی هەمان مانگ و ساڵدا هێرش بکاتە سەر دەربەندیخان و دهۆک و لە ١١ هەمان مانگ هێرشی کردە سەر دهۆک ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان ، هەر لەو رۆژە ١١ی ئەیلول "لیوایەک سەربازی عێراقی بەرەو گۆمەسپان هاتن بۆ شاری کۆییە وبە ئاسانی گەیشتنە ناوەندی کۆیە و دوای چنارۆک بەرەو رانیە پێشڕەویان کرد، ئەوتا لە

٣٠٠ کەسی سەرڕێگەی کۆیە تەنیا ١٨ پێشمەرگە مایەوە و لەو ناوچەیە کاتێ گەیشتنەوە بناری سەفین لە ٢٤٠٠ کەس تەنیا ٢٠٠ پێشمەرگە مایەوە"{ عەریف سلێمان( ١٩٩٩)/ لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان/ بەش یەکەم١٩٤٩_١٩٦١/ چاپخانەی ئاسا،ل١٤٦}" بۆیە لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ پارتی بڕیاری دا ڕووبەڕووی سوپا ببێتەوە بە شێوەی پارتیزانی، بەپێچەوانەی عەشیارەکان کە خۆیان دایە بەر شەڕی بەرەیی لەگەڵ سوپا هەر زوو لەناوچەی سلێمانی " بازیان و دەربەدیخان "شکان وهەموو بڵاوەیان کرد،. لەوەش خراپتر"ئێستگەکانی دەرەوە، وەک شەڕێکی تایبەت هەواڵی نابەجێیان بڵاو دەکردەوەو کە بارزانی مستەفا داوای پەناهەندەیی لەتورکیا وسوریا کردیە"{أیوب بارزانی (٢٠١٧) / الحرکة التحرریە الکردیە، ص١٥٧}. لەکاتێکدا بارزانی سوڕو سووڕ دەیزانی عەقڵیەتی قاسم وسیاسییەکانی بەغدا عەسکەریەت بەسەریدا زاڵە وبەس دەزانێ هێزو توندوتیژی بەکار بهێنێ، کەچی هەر لەو سەروبەندەدا ١٢ی ئەیلولی ١٩٦١ مستەفا بارزانی بە بروسکەیەک بەغدای ئاگادار کردەوە کە ئامادەیە نێوەندگیری نێوان کوردو بەغدا بکات، بێ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، بێ دەنگیان هەڵبژارد" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) /هەمان سەرچاوە، ص ١٥٧}. ئەوەش نازانرێ مەبەستی بارزانی چی بووە، ویستویەتی بارودۆخە شپرزەیەکی خۆیان چاک کاتەوە لەو دەرفەتەدا، یان سازشێک لەگەڵ قاسم بکات.

شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ تەمەن چواردە ساڵ، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە نێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستاندا، سەرەتای قۆناخێکی نوێ لەمێژووی ئەو جولانەوەیە دەست پێ دەکات لەگەڵ ئەوەش ئەو جولانەوەیە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ململانێکانی نێوان هەردوو بلۆکی شەڕی سارد بەکار هات، دەکرا سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە کەڵکی لێ وەرگرێ وبێ ئەوەی ببێتە کارت سەداو فشار بۆسەر ئەو مەرامەیەی ئەو دوو بلۆکە ویەک ڕیزی کوردستانی پێ پێش بخەن. بەڵام زهنیەتی فیوودالیستی وەک پیشەی لە پێشینەی خۆی هەر بەقای بە رەهەندی نەتەوەیی ونیشتیمانی خۆی نییەو پتر هەوڵدەدا لەگەڵ هێزی گەورەتر لە

**خۆ یارمەتی وەربگرێ ولە خزمەتی دابێ وبەدەستەکەی دیکەی سەرکوتی هەموو رەخنە ناوخۆییەکانی پێ بکات. ستراتیژیەت لەئێستاوە بە هەنگاوی کرداری بەرەو داهاتوو دەست پێ دەکات بە پێی پلانێکی دارێژراو وبە دسپلینی بنکەهی بۆ داهاتوو، بۆیە کارکردن بێ پلان ونەجولاندن وپرس ورا پێ نەکردنی بەجەماوەر ناتوانرێ گرەو لەسەر فاکتەری ناوخۆیی بکرێ، بۆ ئەوەی دۆزەکە بباتە پێش. "هەر بۆیە پێش ئەوەی ستراتیژیەت ئامانج بێ بۆ داهاتوو ئەوا میتۆدێکە بۆ ئێستا"{کاوە نادر قادر (٢٠١٠) / بە عێراقیکردنەوە یان قوڵبوونەوەی قەیرانی ناسنامە، ل٢٥٢}. بۆیە کاری سازش وریفۆرمخوازی دەکرێ بکرێ بێ ئەوەی دەست لە ناوەرۆکەکەی ستراتیژی بەربدرێ، هەر بۆیە شکستە تراژیدییەکانی شۆڕشی کوردستانی خەسڵەتی چینیایەتی ئەو عەقڵیەتە سیاسییەیە کە سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێوە دەبا نەک فاکتەری ناوخۆیی، ئەو سەرکردایەتییەی کە سازش هەتا لەسەر ناوەڕۆکی ستراتیژیەکە دەکا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆ، هەر بۆیە بەردەوام دیلی ئەجیندای هەرێمی ونێودەوڵەتییە نەک سەربەخۆیی وئازادی کوردستان. بۆیە سەرکرداتییەکی نیشتیمانی پەیوەست بوو بە ستراتیژیەتیکی کوردستانی کە بینای لە بابەتیانەو مەعریفانە کرابێ بەرەو سەرکەوتن ببات وەک ڤێتنام وکەمبۆدیاو لاوس ولەوە پێشیش هیندو جەزائیر وکوبا، " وەک کریس کۆچرا فەڕەنسی دەڵێ "ئەو بێ بەرنامەییە بەردەوام شۆڕشی بردووە بۆ نیوەی دۆڕاندنی ململانێکە لەپێشەکیدا. سەرکردایەتی حزبێک دەکات جودایی لە نێوان دۆست ودوژمن ناکات. "دەبێ بەپێی ستراتیژیەت گوزارشت لە ستراتیژیەت بکاتەوە نەک خۆی بەدەستەوەی دیفاکتۆ بدات ولەرووی سیاسی بەهۆی باڵانسی هێز، خۆی بچووک بکاتەوە"{کاوە نادر قادر (٢٠١٩) /دور الهوية الوطنية الكردستانيه في استقرار الشرق الأوسط / رسالة ماجستير....}. ئەو دەستبژێرە سیاسییە کوردستانییە بەرەو بچووککردنەوەی وپەراوێز خستنی ململانێییە سەرەکییە دەڕوات لە ڕێڕەوەکەیدا بەرەو نەمانی دەبات"{کاوە نادر (٢٠١٩) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە}. هەر بۆیە**

رزگاری نیشتیمانی هەر ناو نییە بەڵکوو بەڕێوەبردنی پڕۆژەی کۆمەڵگەیە بۆ خەبات وبەرگریکردن، ململانێیەکە لە پێناو گۆڕانکاری بە پێی ئاسۆی روونی دوا رۆژ"{کاوە نادر (٢٠١٩) / هەمان سەرچاوە}. بەڕێوەبردنی ململانێ بە هێزە کلاسیکییەکان ناکرێ دەبێ ئەو ململانێیە بەردەوام دەبێ ئەو ململانێیە"سەرلە نوێ بەرهەمبهێنرێتەوە بەشێوەیکی عەقلانی ومۆدێرن کە تا بتوانرێش لە توندوتیژی وبەکارهێنانی هێز دووربخرێتەوە وڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ململانێیە بە زمانێکی نوێ ودەستنیشانکردنی بە جۆرێکی واقعیانەدا "{علی الحرب (٢٠١٨) / حدیث النهایة فتوحات العولمة ومأزق العولمة، ص ١٨١}. هەر بۆیە ئەوەندەی دەکرێ" فاکتەری ناوخۆیی بەهێز بکرێ کۆمەڵگەو میللەت بە شێوەیەکی سیاسیانە نەک حزبیانە پەروەردە بکرێ، خۆڕسکی وئامادەکراوی(جاهزیة) تێپەڕێت، بەرچاو روونی هەبێ نەک دوودڵی وسەرلێشێوای، کە ناتوانێ لەگەڵ ئامانج وبەرنامەکانی رزگاری سەربەخۆیی کوردستان بگونجێ"{کاوە نادر قادر (٢٠١٩) / دور الهویة الوطنیة الکردستانیة}. لە هەمان کاتدا هەوڵبدرێ هەموو جۆرەکانی خەبات بەڕێوبچێ بۆ چارەسەرییە بنچینییەکان وپشت ببەسترێ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان کە پشتیوانی لەخەباتی گەلان دەکات وەک کۆسۆفۆ وتەیموری رۆژهەلات وئەریتریاو خوارووی سودان، بە نێودەوڵەتی بکرێ نەک هەر لە نێو چوارچێوەی سەپێنراودا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەش دەڵێین هێزی مێژوویی هەر میللەتێک بە هەڵسانەوەی لەکاتی شکست وتەدابیرەکانی لەکاتی لاوازی پێوەر دەکرێ، یەکێ لەهێزەکانی میللەتی چالاک راستگۆ بوێرانە بەکەم وکوڕی وهەڵەکانیدا دابچێتەوە،" لەبیر بردنەوەو دەمکوتکردنی چالاکوانانی سیاسی بۆ دەرخستنی راستییەکانی کارەسات وشکستی نەتەوەیی و نیشتیمانی ، دان نەنان بەو کەموکوڕیانە ، هوشیارییەکی ساختە بە مێژووی گەل درووست دەبێ و بێ بڕوایی و شۆک بوون بە توانای میللەت کەم دەکاتەوە و ودۆگماتیزمی بە ناو ژیانی کۆمەڵگەدا باو دەکا" { أیوب بارزاني( ٢٠١٧) / الحرکة التحرریة الکردیة/ ج١،ص١٠}. بەم شێوەیە

دیاردەیەکی ناسروشتی لەنێو ئەو دەستبژێرە سەریهەڵدا کە سەرکردایەتی شۆڕشیان دەکردو پشتیان لەهەست وسۆزی جەماوەر دەکاو وخۆی لەجیاتی بگرە لەسەرووی میللەت دادەنێ.

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی گەلی کورد کە لە ئۆرپا دروست ببوو عیسمەت شەریف وانلی یەکێ لە چاڵاکتریان بوو بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان _عێراق وپارت لە سوریاو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، "نامەیەکی هاوبەشیان لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ بۆ یوثانت سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە، لەسەر ئەوەی بێنە سەر هێل لەبەرامبەر ئەو کوشتارو ناکۆکییەی کوردو قاسم هەیەو ریفراندۆمێک بکەن وگەلی کورد چارەنووسی خۆی لەو بەشە دیاری بکا" {أيوب بارزاني (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص١٧٩}. ئەو هەڵوێستەی عیسمەت وانلی لەوەوە سەری هەڵداوە کە ترسی لەدەستوەردانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەبووە بۆ تێکدان وبەشەڕهێنانی حزبەکانی کوردستانی، بەتایبەتی لەوە ئاگادار بوو کە عەقڵیەتی سەرکردایەتی حزبە کوردستانییەکان چەندە دواکەوتووە لە ئیدارەدانی شۆڕش وپەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی، بە هاسانی دەکەونە تۆڕی دەسەڵاتدارانی داگیرکەران. هەوڵی داوە کە ئاگاداری خاچی سووری نێودەوڵەتی بکاتەوە بە دیلەکانی عێراقی لەلای شۆڕش وهی شۆڕش لەلای سوپای عێراق ودامەزراندنی حکومەتێکی کاتی وەک جەزائیرییەکان، بۆ خورتکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ومومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنوسین بە کرداری.

هەرچەندە عەبدولکەریم قاسم رای لەسەر حزبی شیوعی وکورد گۆڕا بوو، لەگەڵ ئەوەش نە بەریتانیا ونە ئەمریکابۆچوونیان لەسەر قاسم نەگۆڕا بوو، بە هەموو توانایەکیان هەوڵیان دەدا ئەو رژێمە بگۆڕن، ئەوەبوو بە هاوکاری هەردوو لا، لەبەرەبەیانی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکیان لەرێگەی بەعس وعەبدولسەلامدا کرد، کۆتایی بەو رژێمە هات کە ببوە کولکی هەفت لۆی سەر جەرگیان. ئەو کودەتاچییانە کوشتارێکی زۆریان کرد بەتایبەتی لەنێو ئەندام وهەوادارانی حزبی

شیوعی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ سۆڤیەت تێکچوو، ودوای ئەوە بەچەند مانگێک (مانگی شەش)، نۆرە هاتە سەر کوردستانیان، بە هاوکاری لەگەڵ سوریا، لەرێگەی ئاسمانی وشکانی سوپای سوریا هێرشی توندی کردە سەر پێشمەرگە، لە ٩ی مانگی تەمموز حکومەتی سۆڤیەت یاداشتکی دایە باڵیۆزی سوریا لە مۆسکۆ وتۆمەتباری کرد بەوەی دەستوەردانی کردوە لەباشووری کوردستان.لەنەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری سوریا بەتوندی بەگژ ئەو یاداشتە چۆوەو سۆڤیەت بە ناحەق زانی "لەدەستوەردانی لەکاروباری عێراق، تۆمەتباری کرد بەوەی دەستێوەردانی هەرەشەیە بۆ سەر ئاشتی جیهان بەپێی بڕگەی حەوت لە ماددەی دوو لە چارتەری (میثاق) نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق بە هێورکردنەوەی ئاشتی وسەقامگیری ئاسایشی هەڵدەستێ وسۆڤیەت رێگری لێ دەکات"{أیوب بارزانی(٢٠١٧)/ الحركة التحررية الكردية و صراع القوى الاقليمية و الدولية،ص ٢٤٦}. ئەوەبوو لە ٣ی تەمموزی ١٩٦٣ کۆماری مەنگۆلیا بە پشتیوانی سۆڤیەت یاداشتێکی دایە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد کەسیاسەتی کوشتوبڕکردنی کوردەکان لەسەر دەستی سوپای عێراق بخاتە نێو خشتەی کارەکانی خولی هەژدەی نەتەوە یەکگرتووەکان" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص٢٥٠}. هەر لەو ماوانەدا وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئەندرێی گرۆمیکۆ باڵێۆزەکانی تورکیاو سوریاو ئێران وعێراقی لە مۆسکۆ بانگهێشتی دیوانی وەزارەتەکەی کردن و "داوای لێکردن ئەوەی ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانی سەنتۆ دەیکەن لەدەستوەردان لە نێوخۆی عێراق، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی جیهانی وسەقامگیری لەرۆژهەڵاتی نزیک ناوەڕاستدا وئاکامی خراپی دەبێ ئەگەر بەردەوام بن"{أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص٢٥٠}. هەر بەهۆی ئەومەترسیەوە، لە رۆژی ٩ی تەمووزی ١٩٦٣نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان یاداشتێکی دایە ئەنجومەنی ئاسایش وداوای ئەوەی کردووە" ئەگەر هاتوو درێژە بدەن بەو دەستێوەردانە، ئەوا وڵاتەکەی داوای

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات..... هەر لە ١١ی تەمووز هەمان ساڵ لە ئەنجومەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەلە جنێف بەسترا، بابەتی لەناوبردنی کوردان کە عێراق بەڕێوەی دەبا بخرێتە بەرنامەی کار، لەهەمان رۆژ فەرەنسا ئەمریکە، هیند، بەریتانیا، ئوردن، ... رەتی ئەو پێشنیارەی سۆڤیەتیان کرد"{أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٥٣}. لە ١٧ی تەمووزی هەمان ساڵ "مەنگۆلیای میللی یاداشتەکەی کە دابوویە نەتەوە یەکگرتووەکان کشاندنەوە بۆ پاراستنی هاوکاریەکانی وڵاتانی ئەفرو ئاسیەوی، وڵاتانی دۆست پێیان دابوو لەو بارەوە" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٥٣}. بەم شێوەیە دۆزی کوردستان سنووری عێراق وهەرێمایەتی بڕیوو، ببووە ململانێکی نێو نەتەوەیی. ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦٣، بانگەوازێکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی وڵاتانی دونیا وخاچی سووری ورێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وئاژانسەکانی نێودەوڵەتی ورای گشتی نێودەوڵەتی نارد، فشار بکەن کە چەک نەفرۆشنە عێراق تا شەڕی کوردان دەکات"{أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص٢٥٧}. بەم شێوە بەعسی عێراق وسوریا جگە لەوەی لە هێرشە سەربازیەکەیان تێک شکان، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش تووشی شەرمەزارییەکی گەورە بوونەوە. هەر دوای کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی عەبدولسەلام عارف ومردنی لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦و عەبدولڕەحمان عارفی برای عەبدولسەلام، بووە شوێنگرەوەیی وسۆڤیەت هەوڵی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق خۆش بکاتەوەو کلیلەکەشی بووە دانوستان لەگەڵ شۆڕشی کورد وچارەسەرکردنێکی ئاشتیانەی دۆزی کوردستان لەعێراق. شۆڕشی کورد لەحوزەیرانی هەمان ساڵ بەیانی حوزەیران لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەنجام دا، بەڵام ئەو سەرکەوتنە سەربازیانەی نەخستە ناو چوارچیوەیەکی سیاسی باش، بۆ ئەوەی دانوستانەکانی لەرێگەی لایەنی سێیەم چاودێری بکرێ یاخۆد لەرێگەی هێزە باڵادەستەکانی وەک سۆڤیەت بەڕێوە بچێ.

# دیپلۆماسیەتی شۆڕشی کوردستان وبەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠

دوای کودەتاکەی بەعسی عێراق لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ بەسەر حوکمی عارفیدا، بەعس هەرچەندە لەسەرەتادا باسی لەوە دەکرد کە ئامادەیە چارەسەری کێشەی کوردستان بکات، بەڵام لە دوایدا بە هەموو توانایەکییەوە کەوتە هێرشکردن وپەلاماردانی کوردستان. لێرەدا دەبی ئەو راستییە بخەینە روو، کە بەعس بە شەمەندنەفەری وڵاتانی رۆژئاوا هاتە دەسەڵات، کەچی باسی لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکرد (سۆسیالیزم). بەردەوام دەترسا کودەتای سەربازی لەلایەن دژبەرانی لەسەر بکرێ. ئۆقرەی نەمابوو، پێویستی زۆری بە یارمەتی سەربازی ڕووس هەبوو، ڕێپێدانی ئەو چەکەش لە چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان وەردەگرت. بە راوێژ لەگەڵ سۆڤیەت هەوڵی دا کێشەی کوردستان چارە بکا، تاوەکوو لە١١ی ئاداری ١٩٧٠ گەیشتنە چارەسەرو ئەو رێککەوتنە مێژووییەیان راگەیاند. لە راستیدا بەعس مەبەستی سەرەکی چارە کردنی مەسەلەی کورد نەبوو، دەیخواست باری بێ هێزی خۆی راست کاتەوە، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی لەکوردستان هێوری وسەقامگیری هەیە، کەماوەکەی چوار ساڵ بوو، دەسەڵاتی خۆی بەهێز کات، لەلایەک نەیاران وئەو کەسانەی کە لێیان دەترساو جێگەی گومان بوو، لەناویان ببات، لەلای دووەم چەکێکی زۆری قورس لە سۆڤیەت بکڕێ کەپەیوەندی بەشەڕی کوردستان هەبوو. ئەوەبوو باری لاوازی خۆی بەباری بەهێزی شۆڕشی کوردستان راستکردەوە بۆ ئەوەی زاڵ بێ بەسەریدا. لەو ماوەشدا شەڕی ئۆکتۆبەری نێوان ئیسرائیل وعارەب رویداو، نرخی نەوت زۆر بەرز بۆوە لەگەڵ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق. ئیتر ئەو رژێمە خۆ سەپێنە پارەیەکی یەکجار زۆر کەوتە دەستی وهێزێکی سوپایی لەسەر فکری بەعس بیناکردو هەموو کۆڵەگەکانی دژبەرکردنی هەر کودەتایەکی سوپایی کەوتە بەردەست وئیتر لە حزب سالاری بەرەو تاکسالاری ناو دەسەڵات

راپێچی کرد ورژێمێکی شموولی لێ دەرچوو. کاتێ مۆرکردنی بەیننامەی ئادار لە (بارەگای بارزانی) لە حاجی ئۆمەران ،" سەدام هاتە دەرەوەی کۆبونەوەکەو هەموو فیشەکەکانی دەمانچەکەی بەحەوایی تەقاند"، هێمای بردنەوەی بوو نەک نیشاندانی خۆشی، وەک سەرانی شۆڕشی ئەیلول مەزەندەیان کرد، بە سەرکەوتنێکی گەورەی پارتی و بارزانیان لە قەڵەم دەدا "{ایوب بازانی (٢٠١٧)/ الحركة االتحررية الكردية وصراع القوى الاقليمية والدولية ١٩٥٨_١٩٧٥/ الطبعة الرابعة مزيده و منقحة _ الجزء الثاني /دار نشر حقائق المشرق- جنيف،ص ٢٢} بە راگەیاندنی بەیاننامەی ئادار، بێهێزی خۆی بۆ بەهێزبوونی گۆڕی، بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش زۆر گرنگی بە گەمە سیاسییەکانی سەردەم نەدەدا، سەدام توانی بێهێزی خۆی بگۆڕی وردە وردە هەوڵی بێهێزکردنی شۆڕش دەدا"{أیوب بارزانی (٢٠١٧)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ص١٠}. سەدام دەیزانی ئاراستەی رووداوەکە بەرەو کوێ رادەکێشێ، کاتێ سەرانی کورد بەهەوای سەرکەوتن سەرقاڵ بوون، نەیان دەزانی لە داهاتوو دا بەرەو کوێ دەچن. پشتکردنەوە لەمەترسییەکانی سەر شۆڕش، نەیان دەزانی ئەو بەیاننامەیە بەرەو کوێ دەچێ وشۆڕش بەرەو کوێ راپێچ دەکا، سەدام بەدەستێک شتێکی دەدانێ بۆ ئەوەی بەرەکە لەبن پێیان دەربهێنێ ولە داهاتوودا زەفەریان پێ ببا. ئەو بەیاننامەیە زەمینەسازییەکی گەورەی دروست کرد ئەگەر هەردوولا بیان ویستایە عێراق بکەنە نمونەی وڵاتێکی دیموکراتی وئازادی لە ناوچەکەدا وەک کەنەداو بەریتانیاو ئیسپانیا کە لەچەند قەوارەیەکی پێک بێ، لە یەک نیشتیمانی یەکگرتوودا. بەڵام ئاراستەی هەردوو لا هەر لەسەرەتادا هەر یەک بۆ مەبەستێک بوو لەبەهێزکردنی حوکمی تاکەکەسی وحزب سالاری نەک دیموکراتی وپێشکەوتنی کۆمەڵگە. سەرکردایەتی شۆڕش دەیتوانی ئەو شۆڕشە بکاتە شۆڕشێکی هەموو گەل وئاراستە پێشکەوتوو وەک نمونەیەکی ناوچەکە بۆ دونیا. لەپلان دانان بۆ پاراستنی ئاسایشی شۆڕش لەپیلانەکانی بەعس وهەر ئەگەرێکی گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانیان لە

شۆڕش دەكرد ناحەزانی دوور كەوتنەوەو پتر بەلای بەرژەوەندی خۆیان خەریک بوون لە دەسكەوتەی كە كورد بەدەستی هێنا بوو، هەر بۆیە شۆڕش تووشی داخراوی خۆخواردنەوە بوو لەناوخۆ سوڕانەوە بوو، كۆمەڵگەیەكی بەرهەم هێنا تەنیا ژینگەی بۆ ماستاوچی وبەرژەوەندخوازەكان خۆش كردو بەرەی ناوخۆیی هەڵبزڕگاندو دەرگەی لەسەر سەركردەی نوێی مۆدێرن داخست. بەم شێوە ئەو سەركەوتنە، سەركردایەتی شۆڕشی زیاتر لەخۆباییكردوو سروشتی نەرجسی پێ بەخشین سەركردایەتی شۆڕش وكەوتنە نێو كۆمەڵێک وەهمی سەیر كە تەنیا ئەوان دەزانن سیاسەت وسەركردایەتی خەڵک بكەن. لەراستیدا شۆڕش وەک سەدام پێویستی بەو سازشە نەبوو، چونكە، عێراق لە فەزایەكی پڕ ناكۆكی نێوخۆیی دابوو وخودی بەعس ململانێ وركابەری زۆری تێدا بوو، ناوە ناوە پیلانێكی كودەتای ئاشكرا دەبوو لەسەر بەعس، بە پێی لێدوانێكی یڤگینی بریماكۆف پەیامنێری براڤدای ئەوسای سۆڤیەت بۆ رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت دا" یەكێ لە ئەركەكانی خۆشكردنی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت وعێراق ودابینكردنی ئاشتەوایی بوو لە نێوان رژێمی بەعس وشۆڕشی كوردا" {أیوب بارزانی (٢٠١٧) /هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص ١٧}. لەراستیدا بەناوبانگ بوونی سەدام حسیین هێنانە پێشی وەک سەركردەیەكی سیاسی دیاری دەوڵەتی عێراق، بۆ سۆڤیەت لەگرنگی پێدانی مەزەندەی دەكرد ببێتە كاسترۆی عێراق وئەمریكاش هاوكاری بوو بۆ رەواجدانی بە بەعسیزم وبەلوەرەكردنی دیدەنی وتێروانینی بۆ دونیا كە سەرچاوە بوو بۆ بیناكردنی پەیوەندی نێودەڵەتییەكانی لەسیاسەتی دەرەوەیدا"{أیوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٧}. سەدام لە ماوەیەكی كەمدا توانی دەست بەسەر تەواوی حزبی بەعس وئەمن وئیستخباراتی سەربازی وسوپا دابگرێ لەدەرەوە یاری سازشكاری لەسەر گۆڕینی هێز بكات بۆ بەرژەوەندی خۆی.
لەلێكدانەوە بۆ هەڵبژاردنی كات ودەرئەنجامەكانی ئەو بەیاننامەیە، دەردەكەوێ كە سەرانی شۆڕش لە دەرچوونی بەیاننامەی ئادارو

میکانیزمی بەجێگەیاندنی زۆر لێی قوڵ نەبوینەوە، دەکرا پوختتر رابەگەیەنرێ کە سەدام وبەعس ئامادەیان تێدا بووە ئەنجامی بدەن، چ لە بەشداری لایەنی سێیەم وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یاخۆد وڵاتێکی سێیەم (سۆڤیەت) لەمیکانیزمی بەجێ گەیاندنی ئاگادار بن. هەروەها "دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان کە ئۆتۆنۆمیی دەیگرتەوە، ئەوەیان بۆ سەرژمێری گشتی لێ گەڕا"{شكيب عقراوي (٢٠٠٧) /سنوات المحنة في كردستان، ص ٢٩٦}. سەدام هەوڵی گۆشەگیرکردنی شۆڕشی دەدا لەناوخۆ ودەرەوەدا، کەچی سەرانی کورد تەنیا بەدوای ئیمتیازات وبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەڕان، ئاگایەکی ئەوتۆیان لەو مەترسیانە نەبوو، گرنگیشیان پێ نەدەدا کە سەدام بۆ داهاتوو چی لەبن سەریدایە، ئەو غافلگیرییە کارەکانی سەدامی خۆشکردو هێندەی سەرکردایەتی شۆڕش کردی "هەوڵی دا پشتیوانییە دەرەکییەکان (ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکە) بۆ خۆی مسۆگەر کا لە ئەوپەڕی سەختی شەڕی ساردا"{أيوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص٢٣}. سەدام هەوڵی دا لە ژێرەوە شۆڕش بن کۆڵ کا لەرێگەی کڕینی کادیرە سەربازی وسیاسییەکانی شۆڕش وهاوپەیمانی نێوان پارتی وبارزانی هەڵوەشێنێتەوە وبە تاکڕایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. لەو ماوەیەدا ئیغرائاتی نەوتی توانی سۆڤیەت باش لەخۆی نزیک کاتەوەو بە ناوی گۆڕانکاری بەرەو سۆسیالیزم حزبی شیوعی لە لایەک لە پارت دوور بخاتەوەو لە لای دیکە لەخۆی نزیک بخاتەوە لەگەڵیان بچێتە بەرەی نیشتیمانی. شای ئێران ببوە پۆلیسی کەنداوی فارس وسەدامیش هەڵپەی ئەوەی دەکرد کە خۆی کۆنترۆڵی کەنداو بکا، بۆ ئەو مەبەستە دەیویست چەکی ستراتیژی لە سۆڤیەت وەرگرێ، سۆڤیەتیش گومانی هەبوو کە دژ بەکورد بەکاری بهێنێ، شۆڕشی کورد لەو هاوکێشەیە شوێنێکی گرنگی گرتبوو لە باڵانسکردنی هێز بۆ ئەو مەبەستە.لە نیسانی ١٩٧٢ عێراق وسۆڤیەت رێککەوتنێکی دۆستایەتی وهاوکاری پانزەساڵەیان مۆرکرد هاوشێوەی هیند ومیسر، کە ئەو رێککەوتنە زۆر بواری ئابووری وسیاسی ورۆشنبیری وبواری دیکەی دەگرتەوە تەنیا لە ماددەی هەشتی

ئەو رێککەوتنە " هەردوو لا رێککەوتن کە هاوکاری یەکدوو بکەن کاتی ئاشتی کەوتە مەترسی لەماددە نۆشدا، هەردوو لا هەوڵدەدەن کەتوانای بەرگری یەکتر پتەوتر بکەن "{أيوب بارزاني (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص٢٥]. بەغدا بۆ مەبەستی بەهێزکردنی هەژموونگەرایی ناوخۆیی ودەرەوەی بوو، بەڵام سۆڤیەت بۆ مەبەستی بەهێزکردنی هەژموونگەرایی خۆی بوو لە کەنداوی فارسیدا. بە تێپەڕبوونی ١٩٧٥، بەغدا بە هەمان گرنگی جارانەوە لەسۆڤیەتی نەدەڕوانی وسەربەخۆیی ئابووری وبەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلی نەوت وسەرکەوتنی سەربازی بەسەر شۆڕشی کە مەلامستەفا سەرکردایەتی دەکرد وئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، ئەو دەرفەتەی بۆ خوڵقاند کە گرنگی وەک جاران بە مۆسکۆ نەدات وپارەی زۆری نەوتی ئەو توانایەی بۆ دڕووست کرد هەرچی بیەوێ لەبازاڕی وڵاتانی رۆژئاوا بیکڕێ. بەم شێوەیە کاسترۆکەی بەغدا لەسۆڤیەت هەڵگەڕایەوەو نەگۆڕانکاری "لارأسمالية" نە هەبوونی حزبی شیوعی عێراق، مانای ما، پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیان گەیشتە لێک دابڕان لەکۆتای ساڵانی حەفتادا. بەم شێوە عێراق کەوتە پەیوەندی گرێدان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لەسەرویانە فەڕەنساو ئیتاڵیاو ئیسپانیاو بەرازیل وسۆڤیەت ووڵاتانی دیکەی بلۆکی سۆسیالیست. بەغدا خۆی لەهەر سزایەکی کۆمپانیا نەوتییەکان دەرباز کرد ئەگەر نیازیان بێت ئەنجامی بدەن. ئیتر بەعس دەرفەتی بۆ رەخسا بکەوێتە وێزەی کوردو دەست لەدیموگرافیای کوردی بداو وناوچەی زۆر لەکوردان چۆل بکا یان عارەبی تیا نیشتەجێ بکا یاخۆد بیکاتە چۆلەوانی بە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژی نەوتە، سەربازییە، ئەمنییە .... هتد. شای ئێران ئەو رێککەوتنەی بارزانی سەدامی لە جغزی شەڕی ساردو پاراستنی کەنداوی فارسی لێک دەدایەوە وهەر بۆیە کاریگەرییەکانی ئەو بەیاننامەی بە ئەمریکییەکان راگەیاندو لە زیادبوونی پارەیەکی زۆری عێراقی کەلەوەو پێش لە شەڕی کورد بەکار دەهات وبەغدا دەتوانی نزیکەی ٢٠ هەزار سەرباز بنێرێتە کەنداو رەنگە ئەو ئۆتۆنۆمییەی

کوردانی لە عێراق دەدرێ، ئەو بەربەستەی ئێران وتورکیاش ببەزێنێ وئەو کات کوردانی ئەو دوو وڵاتەش هەمان داوا بکەن وئارامی ناوچەکە بە خواستی ئەمریکەو وڵاتانی رۆژئاوای لێ ناکەوێتەوە. بەهۆی ئەو رێککەوتنە بەغداو کوردان، شای ئێرانن لەروی سەربازییەوە ئەوەی مەبەستی بوو لە واشنتۆن دەستی کەوێ، چەکی پێشکەوتووی لە ئەمریکا کڕی وسوپای ئێرانی پێ پڕ چەک کرد. ئیسرائیلییەکانیش هەمان رای ئێران وئەمریکایان هەبوو کە هەژموونگەرای سۆڤیەت زیاد دەکات لە کەندا، بەڵام هاوڕای ئەمریکا بوون لەوەی کە سۆڤیەت ناتوانی باریکە رێیەک لەنێو کوردانی ئێران وتورکیا دروست بکا، چونکە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی سۆڤیەت لەوە گەورەترە کە ئەو دوو وڵاتە ئەگەر دەستی تێ وەربدرێت هەڵوێستی توند وەردەگرن لەبەرامبەر سۆڤیەت. "سۆڤیەت لەکۆتایی ١٩٦١دا، یەکەمین وڵات بووە کە هاوکاری شۆڕشی کوردی کردوە، بە بڕی ٣٦٠ هەزار دۆلار، پاشان لە ١٩٦٩دا نزیکەی نیو ملیون دۆلار" {مسعود بارزاني (٢٠٠٢) / البارزاني والحركة التحررية الكردية / أربيل، ص٣٩٥}، لە هەمان کاتدا لە ماوانەدا (١٩٦١_ ١٩٧٠)، قەت نە رۆژەک نەچۆتە ژێر باری ناو ناوتۆرەکانی حکومەتی عێراق بە پلانی کۆنپەرستانی هەژمار کردبێ، بەڵکوو لە ئاکامی چەوسانەوەی نەتەوەی هاتۆتە ئاراوە. بەم شێوەیە کاتێ سەدام لە شای ئێران نزیک بۆوە بێ پرسی سۆڤیەت وشای ئێرانیش لەسەدام نێزیک بۆوە بێ پرسی ئەمریکا، بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەم شێوەیە سۆڤیەت کارتی کوردی وحزبی شیوعی لەدەست دا لەسەر حسابی بەرژەوەندییە دوور خایەنەکانی لەشەڕی ساردا. لەراستیدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد گرنگی تەنیا بەپشتیوانی شاو ئیسرائیل وئەمریکە دەدا وسۆڤیەتی بە پشتیوانی سەرەکی نەدەزانی ونەیدەخواست ببێتە کارتێک بۆ سۆڤیەت لە شەڕی ساردا، زهنیەتی فیودالیستی ئەوهایە هێزی گەورە دەگرێ وهێزی بچوک دەتولخێنتەوەو بەس گرەو لەسەر پشتیوانی دەرەکی دەکا وپشت لەجەماوەر دەکاو رۆژێک دێ ئەو پشتیوانییە نامێنێ وئیتر کۆتایی بە شۆڕش دەهێنێ، وەک لەشۆڕشی

ئەیلول بەسەریان هات و ئیسرائیل گوتبووی دەبابەت بە فڕۆکە بۆ فڕێ دەدەمە خوارێ، کەچی لەکاتی رێککەوتننامەی ٦ی ئاداری جەزائیر، بارەگەی خۆیان تێک ناو بارزانیان  بە تەنیا بەجێ هێشت و ئەمریکە هەر وەڵامی بڕووسکەکەی نەداوەو شای ئێرانیش بەو رەزیلیە پێشوازی لێکردن، گووتی بەرژەوەندی ئێران وا دەخوازێ چیتر یارمەتیتان نەدەم ، ئیتر ئەو دەستەواژەیە بووە هەرەسی ئیرادەی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەو راکردنیان بۆ باوەشی شاو بەجێ هێشتنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بە تەنیا لە مەیداناو بە فیڕۆ دانی خەباتی ١٤ ساڵەی شۆڕشی چەکداری. گەیشتن بە بارودۆخە لەبۆشایی روینەداو، بەڵکوو ئاکام ودەرئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەی سەرکردایەتی کورد بوو لەو ماوەدا کە شۆڕشیان بەڕێوە دەبردو تەنیا گرۆیان لەسەر پشتیوانی دەرەکی دەکردەوە، بڕیاری چارەنووسی میللەتێک، یەک کەس لەجیاتی هەموو میللەت بیر بکاتەوەو بڕیاری تەنیا لەدەستی یەک کەس بێ. جەماوەر چەواشە کرا بە دروشمی رزگاری نیشتیمانی وکار وکردەوەش بۆ بەرژەوەندی فیودالیستی دواکەوتوو بێ، جووتیاران وخەڵکی چەوساوە باجی دەداو خوێنی دەڕێشت، لەو ماوەی چوار ساڵەدا بەرهەمی شۆڕش بەشێکی زۆری بۆ فیودالیستان وخەڵکانی کۆنپارێزو ناپاک بێ. سۆڤیەتییەکان کاتێ لە نیەتی شۆڕش تێ گەیشتن وبە پشتیوانی ئەمریکە وشاو ئیسرائیل شەڕ هەڵدەگیرسێنەوە، سۆڤیەتیش پشتی لە دروشمەکانی خۆیان کرد لە مافی چارەیخۆنووسین وئازادی گەلان وپتر بەلای بەغدا شکایەوە، سیاستەکانی شۆڕش بەشێک بوو بووە زەمینە خۆشکەر بۆهەڵگەڕانەوەو پشتکردن لە کورد. ئەو هەڵوێستەی سۆڤیەت گەلەک هاسان نەبووە بەو شێوە وەری گرێ، بۆ ماوەیەکیش خۆی لێ دزیتەوە، لەبەر ئەوەی سۆڤیەتییەکان لە نێو جغزی شەڕی سارد سەیری وەزعەکەیان دەکردو نەیان دەخواست کورد ببێتە وەرەقەیەکی فشاری دەستی ئەو وڵاتانەی کە شۆڕش پشتیوانی لێ وەردەگرتن. "بەعس رەوشی سەرکردەکانی شۆڕشی خستبووە نێو تاقیگەی سایکۆلۆژی وهەڵی سەنگاندبوون کە چەندە دەسکەوتی ماددی

**ولەزتی ژیان لە ناخیاندا هەبوونی هەیە" {جرجيس فتح الله (١٩٧٨) / زيارة للماضي القريب / الطبعة الثانية / دار الشمس للطباعة والنشر – سويد، ص ٥٥}. سۆڤیەتییەکان نە سەدام حوسێنیان باش ناسی بوو نە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ئەگینا ئەو هەموو خۆکردنەوەی سۆڤیەتییەکان بەو هەموو زەخامەتە لەپای چی، ئەوەتا لە ٢٨ ی شوباتی ١٩٧٢ شاندێکی سۆڤیەتی کە لە چوار دیپلۆماسی ئەو وڵاتە پێکهاتبوون سەردانی بارزانی مستەفایان کردبوو، کە " ئەگەر پارتیش بچێتە نێو ئەو بەرەیەی کە بەنیازن بەعس وحزبی شیوعی پێکی بهێنن، ئەوا سۆڤیەت ناوەندێکی پەیوەستدار لە بارەگای بارزانی دادەنێ بۆ پاراستنی " {أيوب بارزاني (٢٠١٧) / الحركة التحررية الكردية، ص ١٢٥}. کەچی بەپێی بەڵگەکان ئەو پێشنیارە پشتگوێ خراوەو هەوڵی زۆریان داوە لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیا، بەڵام داواکانیان بێ وەڵام ماوەتەوە. لەراستیدا سۆڤیەت بۆ مەرامی خۆی پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی ئەو هەوڵانەی دەدا، لەگەڵ ئەوەش دەبوایە سەرکردایەتی پارتی ئەو مەسەلەیان بەهەند وەربگرتایەو هەموو سێوەکانی خۆیان نەخستبایە زەمبیلەی ئەمریکاو رۆژئاوا، ئەو بێ ئومێدییەی سۆڤیەت لە کورد وای لێکرد کە زیاتر بەرەو بەغدا بڕوا بۆ پاراستننی بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو وبواری نەوت.**

**لە راستیدا شۆڕش هێندەی گرنگی بە چاودێریکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی بوو، هێندە گرنگی بە داڕشتنی پلانی سیاسی بۆ بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنانی کورد بووە، ئەو دەزگای هەوڵگرەی کە بە پاراستن ناسراوە کە لەو حاڵەتەدا ئەخلاق نامێنێ ودەرفەت دەدرێتە رەفتاری میکافیللی وتێکچوونی عورف.**

**دیپلۆماسیەتی شۆڕش کە ئەنجامی دەدا مەحکوم بوو بە فاکتەری جوگرافی، کە قەت چاوەڕوان نەدەکرا یارمەتی بەدەست بگا بەهۆی ئەو ئاستەنگ وبەربەستەکانی کە تورکیاو عێراق وئێران وسوریا لە نێوان ساڵی ١٩٧٠_ ١٩٧٤. شۆڕش یارمەتی سەربازی ودارایی لە شای ئێران دەست دەکەوت. زۆر جار شۆڕش دەرفەتی گونجاوی دەست**

دەکەوت کە نەجاتی بێ لەو تەوقەی کە گەمارۆی جوگرافی خستبویە سەر وئێران ئیدارەی دەکرد، وەک" کاتی مۆرکردنی پەیماننامەی دۆستانەی عێراق وسۆڤیەت ساڵی ١٩٧٢، شای ئێران کەوتە حاڵەتێکی زۆر خراپ، شا هێچ کارتێکی فشاری لەبەر دەست نەبوو جگە لە کارتی شۆڕشی کورد، ئەوکات شۆڕش دەیتوانی هەندێ لە مەرجەکانی بخاتە سەر شا"{ایوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص١١٧}. کەچی لەو کاتاندا لە بری دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ کە خزمەتی دۆزی کوردستانی پێ بکرێت لەگەڵ شای ئێران، کەوتنە پاڕانەوە لە شای ئێران بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکە. ئەوەی لێرەدا دەکرێ بگوترێ، زۆربەی پەیوەندییەکانی شۆڕش بە رێگەی پاراستن بەڕێوە دەچوو نەک مەکتەبی سیاسی وسیاسەتوانانی ئەوسا، تەنیا پرسە خەسوانەکە بەوان ئەنجام دەدرا. هەر بۆیە لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکان هەواڵگری بوو بە نهێنی زۆربەیان دەمانەوەو جاری وا هەبوو تەنیا مەلا مستەفا ئاگاداری بوو. بۆیە لەو ماوەدا نەیان توانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسی شایستە بە جولانەوەی نیشتیمانی دروووست بکەن لەگەڵ حکومەتەکان ولایەنەکانی پەیوەندیدار.

هێندەی سۆڤیەت هاوکاری وپەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ شۆڕش هەبووە لە ١٩٦١ تا ١٩٧٢، پەیوەندییەک بووە بۆ ئەوەی کورد وەک کارت بەکار نەهێنرێ لەلایەن ناوەندەکانی بلۆکی رۆژئاوا لە دژی لە ململانێکانی هەرێمیدا کە بەڕێوە دەچوو. پەیوەندی شۆڕش لەگەڵ سی ئای ئەی، نەک حکومەت ودام ودەزگاکانی کە لەرێگەی شای ئێران وساواک ئەنجام درابوو، سەرانی شۆڕشی پێ لەخۆبایی کردبوو. هەرچەندە مەلامستەفا هیچ باوەڕەکی بە سۆڤیەت نەبوو، وای مەزەندە دەکرد ئەگەر شتێک بۆ کورد هەڵکرێندرێت، ئەوا لە بلۆکی روژئاوا دەست دەکەوێ. هەر بۆیە گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل وئەمریکە دەدا. لەوەو پێشیش مەلا مستەفا هەوڵی دابوو لە رێگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکە لە بەیروت، زەید عوسمانی ناردبووە لایان بۆ

ئەوەی "بە ئەمریکە رابگەیەنێ کە خەونی بارزانی ئەوەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دڕووست بکاو فشاری زۆری بۆ هاتووە بۆ ئەوەی دژ بە ئەمریکە کار بکا وکوردەکانی تورکیاو ئێران لەدژی ئەو دوو وڵاتەو هەژموونگەرایی دژ بە ئەمریکە بکات لە ناوچەکە، بەڵام ئەوان نەچوونەتە ژێر باری ئەو فشارانە " {ایوب بارزانی (٢٠١٧) / الحركة التحررية الكوردية، ص ١٢١}. ئەوەش لە ئەرشیفی باڵیۆزخانەی ئەمریکە لە بەیروت دا هەیە کە لە ١٦ ی تەموزی ١٩٧١ ئەنجام دراوە لە ٣ی ئۆکتۆبەر ١٩٧١ بۆ حکومەتەکەی نێردراوە. هەروەها دیدارێکی دیکە کە حەبیب محمد کەریم لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧١لەبیروت ئەنجامی داوە، باسی لە بێ وەڵامی ئەمریکە کردبوو لەسەر داواکاریەکەی مەلا مستەفا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەمریکە "{ایوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٢١}. وەک لە ئەرشیفەکە نوسراوە "دەستوەردان لەعێراق سیاسەتێکی ئەمریکی بەردەوامەو ئەو جۆرە دیدارانە بێ بەرهەم دەبن ورەنگە هیوای ساختە وتێنەگەیشتنێک دڕووست دەکات"{ایوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص١٢١}. سەرانی شۆڕشی ئەیلول کەوتنە خۆ لە دوای واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی عێراق وسۆڤیەتی، ١٩٧٢ لەوە دەترسان سۆڤیەت هەموو شت بۆ عێراق بکاو ئەمریکەش لە شۆڕشی کورد دوورە، هەژموونگەرایی سۆڤیەت لەعێراق لەزیاد بووندایە، کوردو شا لەدووقۆڵی جودا کەوتنە دڵەڕاوکێ وتەرس داگرتن. کەچی ئەمریکە لەو ئاستەدا نەبوو، مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە عێراق هەڕەشە نییە ونابێ لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکە. سۆڤیەت نایەوێ بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بە قوربانی بە عێراق ناکات. ئەمریکییەکانیش دەیان دیت سوپای عێراق زۆر بە کاوەخۆ دەبێتە مۆدێرن و وەختی زۆری دەوێ بۆ ئەو مەبەستە، سەرەڕای ئەوەی سوپای عێراق لە توانای دایە کە ئاسایشی ناوخۆی بپارێزێت، بەڵام بەرگەی هێرشیکی ئێرانی وتورکیا ناگرێ. ئەمریکییەکان بە ئاگا بوون لە رازینەبوونیان لە عێراق بەتایبەتی لە رێککەوتنیان لەگەڵ کوردان، یارمەتی دانی کوردان رەنگە ببێتە هۆی

تێکچوونی باری ئاسایشی ئەو وڵاتە، بۆیە دەستوەرنەدان سیاسەتێکی ڕاست بوو بۆ بەرژەوەندی ئەمریکییەکان لە کەنداودا. هەر دوای سەردانەکانی سەدام حوسێن بۆ مۆسکۆ بە چەند ڕۆژێک شاندێکی دیپلۆماسی چوار قۆڵی لە ٢٨ ی شوباتی ١٩٧٢ ناردە لای مەلا مستەفاو بەڵام" شۆڕشی ئەیلول خۆی لەپەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت بە دوور دەگرت وهەوڵی لەگەڵ ئەمریکییەکان دەدا، تا ئەو کاتیش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی وسی ئای ئەی خۆدوور گرتنیان لە کاروباری عێراق بە دەستوور گرتبوو" {ایوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٢٦}. زەید عوسمان ومەلا مستەفا لەو باوەڕە دابوون لە کۆتایدا وڵاتانی ڕۆژئاوا بەخۆ دادەچنەوەو مەترسییەکانی سۆڤیەت لەعێراق دەبینن وپشتیوانی کورد هەر دەکەن، بۆیە مەلا مستەفا هیچ باوەڕێکی بە سۆڤیەت نەبوو، بەڵام لەگەڵ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵیاندا نەبوو.

ئەگەر چی مەلا مستەفا لەبەردەم سیاسەتەکانی عێراقییەکان لێکدانەوەکانی ڕاست بوو، بەڵام پشتکردن لە سۆڤیەتی ئەودەمای هەوڵی خۆ هەڵپەساردنی بە ئەمریکە لە ڕێگەی شای ئێران هەڵە بوو، لە کاتێکدا نابوایە کورد خۆی بخستایە نێو رایەلەکەی شەڕی ساردو پشت کردن لە سۆڤیەت و ڕوو لە ئەمریکایەک کە پتر گرۆیی لەسەر هەڵگەڕانەوەی لەسەر عێراق دەکرد.

لە کۆتاکامەکاندا هەر ڕاست دەرچوو کە ئەمریکەو ئیسرائیل بەجیان هێشت و سۆڤیەتیشی لە قیس چوو. بۆیە بەدرێژایی چواردە ساڵەی شۆڕشی ئەیلول، دوایین بڕیاری دیپلۆماسیەت هەر لەدەست مەلا مستەفا بوو، نەیان توانی هاوسەنگی خۆیان لە پەیوەندییەکان ڕاگرن وجولانەوەی نیشتیمانی بینە پێش. هەر ئەوە بوولە کاتی ڕێککەوتنی شاو سەدام لە ٦ ی ئاداری ١٩٧٥، شۆڕش کۆتایی پێ هێنرا.

## شەشی ئادارو هەرەسی شۆڕش

هەرەس لە بۆشاییدا بەسەر شۆڕشی کورد نەهات، دەرئەنجامی کۆمەڵێک سیاسەتی هەڵەی شۆڕش بوو ئەوەی لێ کەوتەوە، ئەوەتە شا گاڵتەی بەحوکمی زاتی دێ وبە وشەیەکی بەتاڵی داناوەو بە پلان

پەیوەندییەکانی ئەمریکەو ئیسرائیلی لە لای خۆی داناوە، کەچی سەرانی کورد ئەوەی بەرژەوەندی ئێرانی تێدایە ئەوا بە بەرژەوندی کوردیشی دەزانن. پشت بەستن بە شا وئێران ویارمەتی دەرەکی وبێ موبالاتی لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی سەر شۆڕش، هی عەقڵیەتێکی سیاسی مۆدێرنی ئەوسا نەبوو، بەڵکوو وەک محەمەد حەسەنین هیکەڵ گۆتەنێ "ئیدارەدانی هاوسەنگی پێویستی بکا بۆ شۆڕشێکی رزگاری نیشتیمانی وبە لۆژیکی خێڵەکی "{محمد حسنين الهيكل / بصراحة/ جريدة الانوار القاهرية / السبت ٦ أيلول ١٩٧٥. ئەگینا لۆژیک نییە گرەو لەسەر هێزێکی دەرەکی بکەی کە لە ناوەخندا دوژمنی باوەکوژەی کورد سەرکەوتنت بۆ تۆمار بکا، هەروەها باوەڕبوونی سەرۆکی پارتی بەو رادەیە بەشای ئێران، شا بۆمەبەستەکانی خۆی بەکاری هێنا دژ بە بەغداو کاتێ گەیشتە مەبەستی خۆی لێی گرتنەوە {أيوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٣٤}. ئەوەش بارزانی دانی پێدا ناوە لەدوای شکستی ١٩٧٥" کە بۆچوونیان لەسەر ئەمریکە هەڵە بووەو هیچ گەرەنتیەکیان لێ وەرنەگرتبوون "{ایوب بارزانی (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٣٤}. کاتێ شای ئێران رێککەوتنی شەشی ئاداری ١٩٧٥ی لەگەڵ سەدام لەجەزائیر مۆر کرد، کە گەڕایەوە بۆ تاران، وەک ئەسەدولا ئەلەمی وەزیری بەلاتی شا لە پەرتووکەکەی (من وشا) یاداشتی کردووە دوای نیوەڕۆکەی رۆژی ٧ی ئادار ئەسەدولا ئەلەمی وەزیری بەلاتی شا لەگەڵی دانیشت وپرسیاری لێ کردوە "پێدەچێ ئەو سەردانەت زۆر سەرکەوتوو بووە، گوتوویەتی زۆر ماندووی کردم بەڵام توانیم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق ئاسایی بکەمە، سەبارەت بە چارەنووسی پێشمەرگە گوتوویەتی ئەوا جەنراڵ نەسیری بڕیاری کۆتایی لێدەدا کە چۆن لەناو ئێران بیانگیرسێنتەوە و دەربارەی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان ، گوتوویەتی بیرۆکەیەکی بەتاڵە ، لەو دانیشتنە چوار سەعات نیوەدا، سەدام ئەوەی پێ راگەیاندم ئەگەر ئێمە نەبووینایە دە رۆژیان بەرگری پێ نەدەکرا" شا ئۆتۆنۆمی و رێککەوتنی سەدام و کوردانی بە

فرتو فێڵ لەگەڵ یەک دەزانی" { ایوب بارزانی(٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٣١}.هەر ئەو وەزیرە دەڵێ " پێش پێشوازی لە شاندی کوردی، شا زۆر نارەحەت بووە، نەی زانییە چۆن وەڵامیان بداتەوە لە بڕینی یارمەتییەکانی ئێران وئەوەی لە رێگەی ئێران دەگەیشتە دەستیان" {ایوب بارزانی (٢٠١٧)/ هەمان سەرچاوە، ص ٢٣١}، "سەرۆکی پارتی بەشای گووتووە ئێمە گەلی تۆین، ئێران وڵاتی ئێمەشە، بەرژەوەندی ئێوە لەسەروی ئێمەیەو ئێمە لەژێر فەرماندەتین " تقیم المسیرة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها / حزب الديمقراطي الكردستاني الجنة التحضيرية ، ص ٨٩}. ئەسەدوڵا عەلەم لە درێژەی یاداشتەکەی دەڵێ "شا کلیلی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل ئەمریکەی لەگەڵ کوردان لە لای خۆی هێشبۆوە، لەبەر ئەوەی لەوە دەترسا ئەو دوو وڵاتە بەراستی یارمەتیان بدەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، هەر بۆیە شا بێ موبالاتی کوردی بۆ دیدەنیە پیلانگێڕیەکە لەسەر دۆزی کورد بەکار دەهێنا "{ایوب بارزاني (٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٢٣٣}.ئەگەر چی ئەمریکە بە تەواوی ئاگاداری ئەو سەین وبەینەی شا نەبوو کەلەگەڵ سەدام دەیکرد، لەگەڵ ئەوەش ئەمریکەو ئیسرائیل وئێران بەرژەوەندییەکانی هاوبەشەکانیان لە ململانێی شەڕی ساردا گرنگترو فراوانتر بوو لە کارتی کوردستان. هەروەها لێپرسراوێکی ساواکی ئێرانی بە مۆسادێکی ئیسرائیلی گوتووە " ئێوە سیاسەت وسۆز تێکەڵ یەک دەکەن، بۆیە یارمەتیدانی کەمەنەتەوەییەکان ئامانج نییە بەڵکوو بۆ رێگەیەکە بۆ دەستبەردار بوونی زۆرینە (دەسەڵات) لە عێراق"{شلۆمۆ نکدیمون (١٩٧٧) / الموساد في العراق ودول الجوار/ دار الجليل للنشر. عمان، ص٣٠٢}.

ئەو قسانە دەری دەخەن کە دیپلۆماسیەتی کورد چەندە بێ ئاگا بووە لەئامانجەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستی یارمەتیان بۆ شۆڕش درێژ کردووە. لە درێژەی ململانێکەدا کورتبینی ونەشارەزایی سەرانی کورد لە دیپلۆماسیەت وبەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان نیشان دەدات، کە بینای لەسەر ئەگەرێک دەکرا، ئێران قەت لەگەڵ عێراق ئاشت نابێتەوە.

**لەکاتێکدا شای ئێرانیش بە هەڵەدا چوو، کاتێ وای زانی ئاشتەوای لەگەڵ بەغدا بکا بە قوربانیدانی کارتی کوردی، کەچی سەدام بە دەستبەتاڵبوونی لە شەڕی کوردستان، هەوڵی دا سوپاکەی بەهێز بکاو لە پێش ساڵانی هەشتاوە خۆی ئامادە دەکرد لە دەرفەتێکی گونجاودا، بۆ پەلاماردانی ئێران. لەو ململانێیەدا هەموویان بە رێژەیەک قازانجیان لەکارتی کوردی کرد تەنیا کورد خۆی نەبێ هەموو شتی لەدەست خۆی دا. بەراستی سەرانی شۆڕش کورتبین بوون لە یاساکانی ململانێی سیاسی وئیدارەدانی ململانێ وپەند وەرگرتن لە مێژوو.**

## دیکۆمێنتەکانی CIA ودبلۆماسیەتی سەرانی شۆڕشی ئەیلول

بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی کەCIA لەم ساڵانەی دوایدا (١٩٩٤)، بڵاوی کردۆتەوە، وا دیارە هەر لەرۆژانی یەکەمی شۆڕش، سەرانی شۆڕشی ئەیلول هەوڵیان داوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکە بگرن. بەڵام چۆنیەتی وناوەڕۆکی وئامانج ودەرئەنجامەکەی چیی بووە، ئەوە جێگەی لێکدانەوەیە، دەنا هەوڵی پەیوەندی وتەماسگرتن لەگەڵ وڵاتانی دونیا شتێکی ئاساییەو پێویستە، بۆ شۆڕشێک کە نوێنەرایەتی میللەتێکی بێ دەوڵەت بکا. یەکێ لەو ئەرکانەیە کە دەبێ سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە ئەنجامی بدات. ئەوەتا لە واشنتۆن بروسکەی ٣٨٣ی کە لە ، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٢، کاتژمێر ٩:١ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی واشنتۆن . "کامران بەدرخان، کوردێکی ناسراوی سوریا یە و جەمال عەبدوڵڵا، کوردێکی ، لە زانکۆی حکومی میشیگان کاردەکات، لە 20ی حوزەیران، دوای گفتوگۆیەک لەگەڵ دادوەر دۆگلاس پەیوەندییان بە وەزارەتی دەرەوە کرد. سەرکردەیەکی عەشیرەتێک کە ئێستا شەڕی سوپای حکومەتی عێراق

دەکات". ئەو دوو کوردە ڕایانگەیاند کەئامانجیان"درووستکردنی بەرژەوەندی گشتیی نێودەوڵەتییە لەداواکارییەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی و هیوادارن دەرفەت بدرێ بۆ دانیشتنێک لەنەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرن بۆ ئەو مەبەستە."هەروەها لەو دیکۆمێنتە هاتووە "ئەوان بە پاساوی مرۆیی داوا دەکەن، "بەهۆی ئەو ئازارانەی کە بەسەر گەلی کورد هاتووە، لەئاکامی هێرشەکانی عێراقەوە، داوای پاڵپشتی لەئەمریکا دەکەن". "ئەمریکاش ناتوانێ هەڵوێستێکی کارا بگرێتەبەرو نە پشتیوانی لەبزووتنەوەی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی بکات".داواشیان کرد،"ئەگەر ئەو پرسە لەگفتوگۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وروژێنرا، فەرمانی "دوژمنانە" لەلایەن ئەمریکاوە دەرنەچێت". بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوە، بۆچوونی ئەمەریکای بۆیان خستۆتە ڕوو کە"کورد دەبێت لەڕێگەی هەوڵەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق بگەنە ڕێککەوتن، هەروەها نیشاندانی هاوسۆزی یان بەرژەوەندی، تەنانەت بەشێوەیەکی کەمیش، لەلایەن ئەمریکاوە یارمەتیدەر نابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق". لەو دانیشتن و دیدارەدا ، چونکە هەردوو نوێنەری کوردەکە لە دبلۆماسیەتیان زانییەوە

داخوازییەکەیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی داخوازی نەتەوەیی و سیاسیی بۆوق ، نەک پارەو چەک.

ئەوەتا لە١٨ی ئەیلولی ١٩٦٢ یانی، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک ویەک هەفتە، بەسەر دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولدا. بەبروسکەی ژمارە چل ونۆ، لەباڵیۆیزخانەی ئەمریکەوە لەبەغداد ئاگاداری وەزارەتی وڵاتەکەی کردۆتەوە، کە تیادا هاتووە، "سەرکردەیەکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کەبەرپرسی رێکخستنەکانی پارتی وناسراوە لەبەغدا،رۆژی ١٨ی ئەیلول، لەسەر رێنمایی مەلا مستەفای بارزانی، بەشەخسی پەیوەندی بەباڵوێزەوە کرد.کوردەکان داخوازییەکی بەهێزیان کرد کە ئەمەریکا پاڵپشتی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیان بکات". کە تیادا ئەو لێپرسراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆتیتی، "ئێستا بزووتنەوەکە پێویستی بە پارە هەیەو ولەوانەیە دواتریشدا پێویستی بەچەکیش هەبێت". هەر ئەودیکۆمێنتە باسی لەوە دەکا کە "سۆڤیەتییەکان بە بڕی هەزار دینار هاوکاری شۆڕش دەکەن و بەڵام کوێتییەکان لەسەر ئامۆژگاری بەریتانییەکان رەتی هاوکاری (یاخیبووەکانی) کردووە". ئیسرائیلیش "لەئەورپاوە ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ هاوکاریان، بەڵام ئەوان دوو دڵن لەبەر رای گشتی عارەبی وئیسلامی". هەروەها "کوردەکان پەیوەندییەکی دۆستانەی رێکوپێکی بەردەوامیان لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو(میسر)، هەیە، بەڵام بێسوودە". دیارە سەرۆکی پارتی (مەلا مستەفا بارزانی)، بە پەیوەندی وهاوکارییەکانی شای ئێران دڵخۆش بووە وتەنانەت بارزانی

وای بۆ شای ئێران پێشنیار کردووه به" لکاندنی کوردستان (باشووری کوردستان) به ئێرانەوه وەکوو کۆمارێکی خودموختاری پەسند کردووه". هەر به پێی ئەو بەڵگه نامەیه " "سۆڤیەتییەکانی مانگانه هەزار دیناریان پێ دەدەن"، ئەوانیش (کوردەکان) نایانەوێ پردەکان لەگەڵ سۆڤیەت تێک بدەن تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبن لەوەی که ئەمریکه هاوکاری وپاڵشتی تەواویان دەکات". لێرەدا ئەو لێپرسراوەی پارتی لەبەرامبەر پشتیوانیەکەشدا بەڵێنەکانی مەلا مستەفا بارزانی خسته روو، تیادا هاتووه وئامادەی خۆی نیشان داوه:

١_" پاکتاوکردنی هەر کەسێک که لای ئێمەوه گومانلێکراو بێت".

٢/ هاوکاریکردنی عارەبه عێراقییه کۆنپارێزەکان دەکات وئەگەر بمانەوێت "عێراق دەگەڕێننەوه بۆ ناو پەیمان(پاکت)ی بەغدا".

٣/ یەکسەرزانیاری تەواو لەسەر "پەرەسەندنه ناوخۆییه سیاسی وسەربازییەکانی کوردستان یان عێراقی عەرەبیمان دەداتێ".

هەروەها بەرپرسەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی کرد که"زانیارییه هەواڵگیریەکانیمان ورد وبەرفراوانن. وتیشی کوردانی سوریا وئێران و هەروەها هی عێراقیش بەم خستنەرووه(پێشنیازه)پابەند دەبن".

ناوەڕۆکی ئەو دیکۆمێنته، ئەوەمان پێ دەڵێ، ئەگەر چی هێشتا عێراق لەسەردەمی قاسمدا بووەو دژه ئەمریکەو رۆژئاوا

هەژمار دەکرا، بەڵام ئەمریکییەکان بە پارێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول کردووە ونەیان ویستووە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق تێک بچێ.ئەوجا داخوازی سەرەکییەکانی شۆڕش پارەو چەک بووە نەک پەیوەندی شۆڕش لەسەر بنەمای داخوازی نەتەوەیی وپاڵپشتیکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کوردستان بێت. ئەمریکەو بەریتانیاش هەر لەدیکۆمێنتەکە دا ، شۆڕشیان بە یاخیبووەکان ناوزەد کردووە وکوێتیش کە دوژمنی رژێمی قاسم بووە لەسەر داوای بەریتانییەکان نەیویستووە هاوکاریان بکات. ئەوجا میسری ناسریش هەر لەدۆستایەتی بەو لاوە زیاتر لەگەڵیان نەچۆتە پێش. تا ئەو کاتیش قاسم پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ سۆڤیەت ، کەچی هەموو مانگ هەزار دیناری ئەوسای عێراقی بە بارزانی داوە، کە مسۆگەر زانیتی سەر بە ئێران و ئەمریکەن ، بەڵام بۆ ئەوەی یاری بە کارتی کوردی بکات لە ململانێی کەنداودا لەشەڕی ساردا ، ئەو کارتەی لەدەست خۆی هێشتۆتەوە.

دیکۆمێنتی ٣٠٧

یاداشتی سکرتیری بەڕێوەبەر بەوەکالەت لەوەزارەتی دەرەوە(مێکەسن) بۆ یاریدەدەری تایبەتی سەرۆکی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (باندی)، کە لە ٦ی یاداشتی سکرتیری بەڕێوەبەر بە وەکالەت لەوەزارەتی دەرەوە(مێکەسن) بۆ یاریدەدەری تایبەتی سەرۆکی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (باندی). کە لە مانگی ئاب، ١٩٦٣ لەواشنتۆن نێردراوە، تیایدا هاتووە،کە لەواشنتۆن، ٦ی مانگی ئاب، ١٩٦٣لەدیکۆمێنتی

١٧٢ کەبروسکەیەکی باڵوێزخانەی ئەمەریکایە لە تاران، کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی مانگی نیسانی ١٩٦٥بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکە نێردراوە. دەقی بروسکەکە:" ئەو کەسەی کە خۆی بە شەمسەدین موفتی وبەهاوڕێیەتی مەسعود بارزانی، خۆی ناساند، ئەمڕۆ لەباڵوێزخانەکە بەدەرکەوتن ونامەیەکی خۆناساندن وپەیامێکی زارەکی مەلا مستەفای بارزانییان پێبوو. لەبنەڕەتدا خواستێکی بەهێز بوو بۆ بەدەستخستنی هاوکاریی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا".

شەمسەدین موفتی بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفاو بە یاوەری کورێکی مەلا مستەفا (مەسعود بارزانی) گۆتیتی:"کوردەکانی عێراق پێویستیان بەیارمەتی دارایی وسەربازیی هەیە، بەتایبەت چەکی قورس. ئامادەیی خۆیشی نیشاندا کە پێشوازی لەکاربەدەستە ئەمەریکییەکان بکەن لەناوچەکەیان وخوازیارن کە وەکو یلایەنێکی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکان ودابنرێت". وتیشی بارزانی وای بۆ دەچێت کە "دەبێ سەرچاوەکانی نەوت لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکیەوە وبەرێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکانی عێراق ئالووێریان پێبکرێت". ئەو باڵوێزە دەڵێت "ئێمە بە دڵنیاییەوە هیچ هیوایەکمان بەو کەسە نەبەخشی".

پوختەیەک لەو بەڵگەنامە مێژووییە پێشکەش بکەم . ئەم تەلەگرامە لە بەرواری ١٢ی نیسانی ١٩٦٥ لەباڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە. شەمسەدین مۆفتی و مەسعوود بارزانی بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی سەردانی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران کرد. ئەوان داوای هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەمریکایان

پێشکەش بە کوردەکانی عێراق کرد، لەوانەش یارمەتی دارایی و سەربازی، بەتایبەتی چەکی قورس. بارزانی ئارەزووی پەیوەندییەکی هاوشێوەی "دەوڵەتێکی دیکەی یەکێتی"ی دەکرد و پێشنیاری کرد کە بەرپرسانی ئەمریکی سەردانی ناوچەکەیان بکەن. هەروەها بارزانی پێشنیاری بەڕێوەبردنی ئەمریکا بۆ سەرچاوەکانی نەوتی کرد بە هاوکاری کوردەکانی باشوور.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا هیچ هاندانێکی نەدا، پابەند بوو بە سیاسەتی دامەزراوی وەزارەتی خۆیان بەشداری نەکردن لەکێشەی عێراق وکورد. بڕیار بوو پەیامەکە بۆ واشنتۆن بگوازرێتەوە، بەڵام هیچ پابەندبوونێک بە وەڵامدانەوە نەدرا. موفتی داوای کردوە " کە ئەوان لە تاران چاوەڕێ دەکەن و باسی لەوە کرد کە دەسەڵاتدارانی ئێران بێ ئاگان لە بوونی ئەوان".

بە پشتبەستن بە ناوەڕۆکی تەلەگرامەکە دەتوانرێت تیشک بخرێتە سەر چەند خاڵێکی سەرەکی :

١.داوای هاوکاری ئەمریکا: نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانی و شەمسەدین مۆفتی و مەسعوود بارزانی، داوای هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەمریکایان کرد بۆ شۆڕش. بە تایبەتی باسیان لە

پێویستی پاڵپشتی دارایی و سەربازی کرد، لەوانەش چەکی قورس.

٢.خواستی دانپێدانان: ئەو داوایە خواستی شۆڕش بە شێوەیەکی هاوشێوەی "دەوڵەتێکی دیکەی یەکێتی" لەخۆگرتبوو. ئەمەش ئاواتێکی سیاسی بۆ پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ ئەمریکا پیشان دەدات.

٣.بەڕێوەبردنی سەرچاوە نەوتییەکان: بارزانی پێشنیاری کرد کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بە ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول (کوردەکانی عێراق )مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە نەوتییەکان بکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستی بەشداریکردنی ئەمریکا لە بابەتە ئابوورییەکاندا.

٤.حەزەکانی پەیوەندیکردن: بارزانی حەزی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا دەربڕی نەک بە ناوەندەکانی ئێراندا تێپەڕێت، بە هۆکاری بێمتمانەیی بە وردی ڕاپۆرتکردنی بۆچوونەکانی ئێرانییەکان.

٥.ئاڵەنگارییەکانی بەغدا: نوێنەران ڕایانگەیاند کە جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی سوپای عێراق لە بەغدا وایکردووە کە بارزانی ئەو شارە وەک خاڵی پەیوەندیکردن بە کاربهێنێت.

٦ .وەڵامدانەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا: باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران سیاسەتی دامەزراوی ئەمریکای بۆ تێوەگلان لە کێشەی عێراق و کورد دووپاتکردەوە، بە ئاماژەدان بە پەیامێکی پێشووی ٢ی ئازاری ١٩٦٣ کە سیاسەتەکە وەک خۆی ماوەتەوە.

٧ بێ ئاگایی شای ئێران : نوێنەران بانگەشەی ئەوەیان کرد کە دەسەڵاتدارانی شای ئێران بێ ئاگان لە بوونی خۆیان لە تاران، لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ڕادەیەک نهێنی یان نهێنی لە ئەرکەکەیاندا.

***موفتی رایگەیان:*** کە بارزانی داوای کردووە پەیامەکەی بۆ واشنتۆن بنێردرێت ولەئێستا بەدواوە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، "تاران وەکوو شوێنی پەیوەندیکردن بە بارزانیەوە لە بری بەغدا بەکاری بێنێت،" چونکە "جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی ئەرتەشی ئیراق وایان کردووە کە بەکارهێنانی بەغدا بۆ بارزانی زۆر سەخت بووە" هەروەها وتیشی بارزانی "حەز دەکات کەناڵێکی راستەوخۆی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا هەبێت، نەک لەڕێگای ئێرانییەکانەوە کە متمانەیان پێ نیە" داواشی کردوە " بۆچوونەکانی ئەو بە وردی بگەیەنن ".

لە شیکردنەوەی تەلەگرامەکەدا دەردەکەوێ، ڕەنگدانەوەی دایناميکی جیۆپۆلەتیکی ئاڵۆزی ئەو سەردەمە، کە ئەکتەرە

ناوچەییە جیاوازەکان بەدوای هاوپەیمانی وپشتیوانیدا دەگەڕێن لەسەردەمی شەڕی سارددا. ئەمریکا ڕێبازێکی وریانەی پاراست، سەرەڕای بانگەوازی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی بارزانی، پابەند نەبوو بە سیاسەتی بەشدارینەکردن لەکێشەی عێراق و کورد.

تیلیگرامی باڵوێزخانەی تاران ژمارە ٦٧ ڕێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٣(کۆپیەکیشی بۆ کۆشکی سپی نێردراوە). لەتیلیگرامەکەدا "کۆپیەکی نامەی مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی هێزە شەڕکەرە کوردەکانی تێدایە کە ئاراستەی سەرۆک کەندی کراوە کە داوا لە سەرۆک دەکات پاڵپشتی لەئۆتۆنومی کوردان بکات لەچوارچێوەی ئیراقدا". لەوەڵامەکەدا هاتووە "بە بۆچوونی ئێمە، دەشێ وەڵامێکی سەرۆکایەتی بۆ بارزانی زیان بگەیەنێتە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ عێراقدا. بۆیە پێشنیار دەکەین کە کۆنسوڵەکەمان لەتەبرێز بە پێی ڕێنمایی هێڵە ستاندارەکانمان وبە شێوەیەکی زارەکی وبە ڕێزەوە وەڵامی راسپێردراوەکەی بارزانی بداتەوە"، واتە "ئەمریکا هاوسۆزە لەگەڵ ئاواتە ڕەواییەکانی کورد لەچوارچێوەی سەرەوەری دەوڵەتی عێراقدا، هاوسۆزییەکەمان مولەتی ئەوەمان پێنادات کە دەست لە پەیوەندی گەرمی هەنووکەی دۆستانە لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیرقدا وەر بدرێت".

باڵوێزیش پێی راگەیاندوون " وناکۆکی نێوان عێراق وکورد، پرسێکی ناوخۆی عێراقە ووڵاتە یەکگرتووەکان هیچ رۆڵێکی راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆی پێوە نەبووە ولە سەر ئەم هێڵەش

بەردەوام دەبێت". موفتی داوای وەڵامی لەبالوێزخانەی ئەمریکە لەتاران کردوەو بەڵام باڵوێز هیچ بەڵێنێکی پێ نەداون.

ئەوەی لێی دەخوێندرێتەوە، ئەمریکە ئەگەر بە روکەشیش بێ، ململانێی کوردو عێراقی بەپرسێکی ناوخۆیی زانیوەو هیچ بەڵێنێکی پێ نەداون لە پەیوەندی راستەوخۆی دەرەوەی ئێرانییەکان یاخۆد هاوکاری مادی سەربازی ناردن. کوردەکانیش بێ ئەوەی باش لە ئەتەکێتی دبلۆماسی بزانن داوایان کردوە کە " کوردستان وەک وێلایەتەکی خۆیان دابنێن". ئەوە نیشان دەدەن کە لەسیستەمی نیودەوڵەتی ئەوسا باش تێنەگەیشتوون ولایەنە سۆزداریەکانیان زاڵ بووە بەسەر مەنتیق ورێساکانی دبلۆماسی.

بەڵگەنامەی ژمارەی ٢٦٧

چوار _ حەفتی ئاداری ١٩٧٠، واتا حەفتەیەک پێش بەیاننامەی یازدەی ئادار، دەزگای ساڤاگی ئێرانی بانگهێشتی ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا مستەفا کردوە بۆ تاران کردووەو، کابڵی زانیاری ئاژانسی هەواڵگیری ناوەندی سی ئای ئەی لە بە ئیوگرامی ژمارە ٢٦٧ ( ژێر ناونیشانی

TDCS DB–315/01044–70 کونسڵخانەی لە )
ئەمریکی لە تاران نێردراوەتە واشنتن لە

ئیدریس بارزانی کوڕی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول( مەلا موستەفای بارزانی) لە سەر داخوازی دەزگای هەواڵگیری وئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی(ساڤاک) بۆ تاوتوێکردنی ئاییندەی شۆڕشی کوردی گەیشتە تاران. لە رۆژانی ٤ و٥ی هەمان مانگ، هەر یەک لە بارزانی، سامی سنجاری و ئەمیرقاسمی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئیسرائیل کۆبوونەوە لە تاران ولە شەشی هەمان مانگ چاویان بە جەنەڕال نەعمەتوللا نەسیری بەرپرسی ساڤاک کەوت و ئیسرائیل وئیران،" داوای درێژەدان بە شەڕیان کردوە لەگەڵ حکومەتی عێراقی وئامادەیان دەربڕیوە بەهەموو تواناکان پێداویستیەکانی سەربازی ودارایی بۆ شۆڕش دابین بکەن "، هەر لەو دیکۆمێنتە هاتووە" کۆمەکی دارایی ئیرانی و ئیسرائیلی بۆ بارزانی لە مانگی رابردوودا(شوبات)، یەک ملیۆن و٢٠٠هەزار دیناری ئیراقی بوو کە بەرامبەرە بە(٣ملیۆن و٣٦٠هەزار دۆلاری ئەمەریکی)."

ئەم بەڵگەنامەیە وەک ڕاپۆرتێکی هەواڵگری یان پوختەیەک بێت کە وردەکاری چالاکیی و گفتوگۆکان دەخاتە ڕوو کە ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتای مانگی ئازاردا لەسەردانەکەیدا بۆ تارانی پایتەختی ئێران بەشداریی تێدا کردووە. خاڵە سەرەکییەکانی بەڵگەنامەکە بەم شێوەیەن:

١.ئیدریس بارزانی لەوەڵامی داواکارییەکی ڕێکخراوی ئاسایش وئیتلاعاتی نیشتیمانی ئێران (ساڤاک) لە ٤ ی ئاداری ١٩٧٠

گەیشتە تاران.مەبەست لە سەردانەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئایندەی شۆڕشی کورد، بکا.

٢.کۆبوونەوەکان لەگەڵ نوێنەرانی ئیسرائیل (٤-٥ی ئازار):

آ.ئیدریس بارزانی و، سامی شنگالی و ئەمیر قاسمی (ئێرانی)لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئیسرائیل کۆبونەوە.

ب.ئیسرائیلییەکان خوازیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان بوون لە باشووری کوردستان.

ئیسرائیل بەڵێنیدا چەکی دژە فڕۆکە وتۆپخانەی سووک دابین بکات. بارزانی داوای هاوکاری کرد لەشێوەی زرێپۆش وکەشتی هەڵگری کارمەندان وئیسرائیلییەکان ڕازی بوون بەدابینکردنی ئەوان.

ج.ئیسرائیلییەکان پێشنیازیان کرد کە مەلا مستەفا بارزانی لانیکەم دەست بەسەر دوو تانکی عێراقیدا بگرێت و لە بەرامبەردا ئەوانیش لە ڕێگەی ئێرانەوە تانکی زیادە لەگەڵ تیمەکانیان دابین بکەن.

بارزانی لایەنگری تیمی تانکی کورد بوو و داوای مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد، کە ئیسرائیلییەکان ڕازی بوون.

٣.کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی ساواک (٦ی ئازار):

ا. ئیدریس بارزانی لەگەڵ ژەنەڕاڵ نێماتوڵا ناسری بەرپرسی ساڤاک کۆبووەوە.ناسری باسی لە پلانەکانی ئێران کرد بۆ پێدانی هاوکاری زیاتر بۆ مەلا مستەفا بارزانی، نیگەرانی خۆیشی لەدانوستانەکانی بارزانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق دەربڕی.

ب.ئێران پشتیوانی لەپلانی ئیسرائیل کرد بۆ نوێکردنەوەی شەڕ لە باکوری عێراق.

٤. هاوکاری دارایی (مانگی ڕابردوو):

هاوکارییە داراییەکانی ئێران و ئیسرائیل بۆ بارزانی لە ماوەی مانگی ڕابردوودا بڕی 1,200,000 دیناری عێراقی (نزیکەی 3,360,000 دۆلاری ئەمریکی) بووە.

کۆبوونەوەی داهاتوو (٧ی ئازار)کە بڕیاربوو ئیدریس بارزانی لە ٧ی ئازاردا جارێکی دیکە لەگەڵ ژەنەڕاڵ ناسریت کۆبببێتەوە و تاوتوێی زیاتری پێشنیارەکانی ئیسرائیل بکات.

## بەڵگەنامەیەی کە ژمارە ( ٢٩٩ ):

پێدەچێت ئەو بەڵگەنامەیە، یاداشتێکی سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ئاسیای دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA)، جون ئێچ وولەر، لەبەرواری ٩ی ئازاری ١٩٧٢ مستەفا بارزانی وداینامیکی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە وبەتایبەت تێوەگلانی یەکێتی سۆڤیەت وئێران دیاری دەکات.

١ .فشارەکانی سۆڤیەت بۆ سەر بارزانی:

بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەبەغدا، لەژێر فشاری یەکێتی سۆڤیەتدا بووە.

٢.ڕێپێوانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ناو کوردستان:

بەپێی زانیارییەکان، یەکێتی سۆڤیەت لە ١ی ئازاری ١٩٧٢دا، لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس، هێرشی کردووەتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان. پێدەچێت ئەم ڕووداوە دەرئەنجامی ململانێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ڕژێمی بەعس بووبێت.

٣.پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی:

دەوترێت سۆڤیەت ،بارزانی و بەعسی عێراقی وحزبی شیوعی عێراقی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە کاربکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی.

٤.نیگەرانییەکانی بارزانی:

بارزانی نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لە ئەگەری هاتنی هاوکاری لە دەرەوەی عێراق، عێراق و میللەتی عێراق لە مەترسیدایە. هەروەها ئامادە نییە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەعس بکات بەبێ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر ئەو پرسە.

٥.دوورکەوتنەوە لەملکەچبوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت:

بارزانی بەنیازە خۆی لە ملکەچی یەکێتی سۆڤیەت بەدوور بگرێت و لەبری ئەوە داوای پشتیوانی لە ئەمریکا دەکات. بەنیازە پەیامێک بۆ حکومەتی ئەمریکا بنێرێت و سەردانێکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخستووە بۆ بەرگریکردن لە دۆسیەکەی.

٦.تێوەگلانی ئێران (ساواک):

سەرۆکی ئەرکانی دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی ئێران (ساواک)پەیوەندی بە تاکێکەوە دەکات کە ناوی نەهێنراوە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری سەبارەت بەو سوودانەی کە عێراق دەتوانێت لە ژێر فۆرمێکی جیاواز لە نامەی سۆڤیەت وەریبگرێت. ساواک باس لەگوشارەکانی سۆفیەت بۆ سەر بارزانی وپێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی عێراق دەکات.

٧.پشتیوانی ئەمریکا بۆ عێراق دژی سۆفیەت:

بەڵگەنامەکە ئەوە دەردەخات کە ئەو بەرپرسەی ساڤاک پرسیاری ئەوەی کردووە کە ئایا ئەمریکا ئامادەیە پاڵپشتی دارایی وسەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی سۆفیەت لەعێراقدا بکات. ئەم پاڵپشتیە هاوکاریکردنی عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات لەیەکلاکردنەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکان لەخۆدەگرێت.

٨.پێکهێنانی حکومەتێکی جوداخواز :

باس لەئەگەری پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی جوداخواز دەکرێت، هاوشێوەی هەوڵەکانی بارزانی.

بە کورتی، بەڵگەنامەکە باس لەبارودۆخی سەختی بارزانی ودوودڵی لەهاوئاهەنگی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت وخواستی پشتیوانی لەئەمریکا دەکات. هەروەها دەست دەخاتە سەر ڕۆڵی ئێران ودەزگای هەواڵگرییەکەی، ساواک، لەداوای پشتیوانی ئەمریکا لەدژی سۆفیەت ویارمەتییە ئەگەرییەکان بۆ عێراق.

بەڵگەنامەکە تێڕوانینێک بۆ دیمەنی جیۆپۆلەتیکی ئاڵۆزی ناوچەکە لەو ماوەیەدا دەخاتە ڕوو.

بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠١

واشنتۆن، 27ی مارسی 1972

بابەت: پشتیوانیکردن لە یاخیبوونی کوردان

پێدەچێت ئەم بەڵگەنامەیە باس لەتێڕوانینەکانی ئەمریکا بکات سەبارەت بەپشتیوانی لەپێشمەرگەکانی کورد لەعێراق دەکات لە ساڵی ١٩٧٢، بە گرنگیدان بە مەترسییە ئەگەرییەکانی پێکهێنانی حکومەتێکی بەرەی نیشتمانی کە کۆمۆنیست وناسری وکوردەکانی سەر بە پارتی بەعسی عێراقی لەخۆ بگرێت. هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەڕۆڵی ئەکتەرە دەرەکییەکانی وەک ئێران، ئیسرائیل و یەکێتی سۆڤیەت دەکات.

١ .نیگەرانییەکانی ساواک:

دەزگای هەواڵگریی ئێران، ساواک، نیگەرانی خۆی لە پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی لەعێراق دەربڕی کە توخمە کۆمۆنیستەکانی لەخۆ بگرێت. ساواک ئەمە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر هەردوو بەرژەوەندی ئێران و ئەمریکا دەزانێت.

٢ .ڕێبەری کورد وتێوەگلانی ئێران:

ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ئێران دەستی هەیە لە پشتیوانیکردنی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کورد دژی پارتی بەعسی عێراق. بەڵام ئەمریکا وریایە لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕەنگە ئێران و ئیسرائیل لە ئێستاوە هاوکاری پێویست پێشکەش بکەن.

هاوکارییەکانی ئیسرائیل و ئێران:

لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕەنگە ئیسرائیلییەکان مانگانە هاوکاری دارایی بەرچاو پێشکەش بە بارزانی بکەن. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە مەرج نییە ئێران و ئیسرائیل پێویستیان بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا هەبێت بەڵام ڕەنگە بیانەوێت بەشداریی ئەمەریکا بکەن.

١ .کاریگەری سۆڤیەت:

ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر هاندانی سۆڤیەت بۆ بارزانی و کورد بۆ پەیوەستبوون بە حکومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق. ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی چانسی چەسپاندنی سۆڤیەت لە عێراقدا سەیر دەکرێت.

٢.هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و سی ئای ئەی:

وەزارەتی دەرەوە و سی ئای ئەی مەیلیان بۆ خۆبەدوورگرتن لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ، بە ئاماژەدان بەو باوەڕە کە ئێران و ئیسرائیل دەتوانن بە شێوەیەکی پێویست پشتیوانی بارزانی بکەن. جگە لەوەش ئەگەری سەرکەوتنی کورد بە کەم دادەنرێت.

٣.پەیمانی سۆڤیەت لەگەڵ عێراق:

لە بەڵگەنامەکەدا باس لە پەیمانی سۆڤیەت لەگەڵ عێراق کراوە کە هاوشێوەی پەیمانی سۆڤیەت و میسریە و پێشنیاری ئەوە دەکات کە تێوەگلانی ئەمریکا لەم قۆناغەدا دەکرێت وەک هەنگاوێک لە دژی سۆڤیەت سەیر بکرێت.

پێشنیار:

لە کۆتاییدا بەڵگەنامەکە بە ڕاسپاردەیەک بۆ پشتگیریکردن لە بڕیارەکەی سی ئای ئەی کە ڕاستەوخۆ بەشداری نەکات. مەنتقیەکە ئەوەیە کە خۆمان لە هەنگاوێک بەدوور بگرین کە دەتوانرێت وەک دژ بە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت هەست پێبکرێت و لە هەمان کاتدا دان بەوەدا بنرێت کە ئێران و ئیسرائیل دەتوانن هاوکاری پێویست پێشکەش بکەن.

بۆچوونەکانی ئێران سەبارەت بە حکومەتی ئەمریکا:

ڕاپۆرتی هاوپێچ لە کۆتاییەکانی تشرینی دووەمی ١٩٧١، پێشبینیی هەواڵگریی ئێران بۆ حکومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق و دواتر داوای هاوکاریی ئەمریکا لە دژی پارتی بەعس دەخاتە ڕوو. جەخت لەسەر پۆتانسێلی پێکهێنانی حکومەتێک دەکاتەوە کە زۆرینەی کۆمۆنیستی هەبێت.

شیکاری گشتی:

بەڵگەنامەکە ڕەنگدانەوەی دۆخێکی ناسکی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەیە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە چەندین ئەکتەر کێبڕکێیان لەسەر کاریگەریی لە عێراقدا

کردووه. پێدەچێت ئەمریکا وریا بێت لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ، بە لەبەرچاوگرتنی پشتگیرییەکانی ئێستای ئێران و ئیسرائیل، لە هەمان کاتدا ئاگاداری کاردانەوەی ئەگەری سۆڤیەت دەبێت. تیشک دەخرێتە سەر ڕێگریکردن لە پێکهێنانی حکومەتێک کە توخمە کۆمۆنیستەکانی لە عێراقدا هەبێت، هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە هەستپێکراوەکانی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا.

پێدەچێت ئەو دەقە دابینکراوە زانیاری لەبارەی پێشبینی و نیگەرانییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئێرانی ساواک سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق، هاوکات لەگەڵ پەیوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری کورد. دەقەکە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویانداوە، بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢.

پێشبینییەکانی ساواک (کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٧١):

_ساواک پێشبینی دامەزرانی حکوومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق لە ماوەی "سێ بۆ چوار مانگ" کرد.

_حکومەت کۆمۆنیست و ناسریەکان و کوردەکانی هاوپەیمانی پارتی بەعسی عێراقی لەخۆدەگرێت، ئەمەش مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دروست دەکات.

ڕاسپاردە و کارەکانی ساواک (سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٧٢):

_ساڤاک پێشنیاری ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە پارتی بەعسی عێراقی کرد لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کورد.

_ساڤاک نیگەرانی خۆی لە دەستێوەردانی سۆڤیەت و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت و فشارە هاوبەشەکانی عێراق و سۆڤیەت بۆ سەر بارزانی دەربڕی.

ساڤاک داوای هاوکاری ئەمریکای کرد دژی پارتی بەعس لە عێراق و پشتیوانی سیاسی بۆ بارزانی.

داواکاری بارزانی بۆ ئەمریکا (١٥ی ئازاری ١٩٧١):

بارزانی و ساڤاک داوایان لە حکومەتی ئەمریکا کرد پشتیوانی بارزانی بکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق بکات.

هۆشدارییەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەبێ هاوکاری ئەمریکا، ڕەنگە دۆخی عێراق لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەت بچێت.

پەیوەندی سۆڤیەت لەگەڵ بارزانی (شوباتی ١٩٧٢):

دوای سەردانەکەی سەدام بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ساڵی 1972، حکومەتی بەعسی عێراق پێشنیاری "پەیمانی نیشتمانی"ی بۆ سەرکردایەتی کورد کرد.شاندێکی سۆڤیەت، کە ڕۆمانیتسێڤ لە وەزارەتی ناوەراستیشی تێدابوو، ڕۆژی 28ی شوباتی 1972 سەردانی بارەگای بارزانییان کرد.

بۆ پشتیوانی ئەمریکا (٢٠ی ئازاری ١٩٧٢):

پێدەچێت ڕاپۆرتی هاوپێچکراوی واشنتۆن لە ٢٠ی ئازاری ١٩٧٢دا زانیاری زیاتری تێدابێت سەبارەت بە پەیوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ بارزانی و داواکارییەکەی ساڤاک بۆ پشتیوانی ئەمریکا.

زانیارییەکانی نێو ئەو بەڵگە نامەیە ئاماژە بە دۆخێکی جیۆپۆلەتیکی ئاڵۆز دەکەن کە ئێران وئەمریکا ویەکێتی سۆڤیەت بەشدارن لەداینامیکی سیاسەتی عێراقدا.

نیگەرانی لەحکومەتێکی ئەگەری زۆرینەی کۆمۆنیست لەعێراق وخواستی هاوکاری ئەمریکا ڕەنگدانەوەی چوارچێوەی جەنگی ساردە.

سەردانە چاوەڕوان نەکراوەکەی شاندی سۆڤیەت بۆ بارزانی پرسیار لەبارەی هاوپەیمانی وپەیوەندییە پەرەسەندووەکانی ناوچەکە دەوروژێنێت.

## بەڵگەی ٣٢١

## واشنتۆن، ٢٨ی تەمووزی ١٩٧٢

دەقی بەڵگەننامەکە پێشکەشکراو پوختەیەک یان بەشێکی یاداشتێک بێت کە باس لە پێشنیارێکی پەیوەست بە کێشەی کورد دەکات. لێرەدا لێکدانەوەیەک بۆ خاڵە سەرەکییەکانی ئەو دیکۆمێنتە دەخەینەڕوو:

١ .بەڵگەنامەکە بەرواری ٢٨ی تەمموزی ١٩٧٢ و گفتوگۆی نێوان هێلمز، کێنێدی و نوێنەرانی کورد لەخۆدەگرێت.

٢ .ئەو پێشنیازە دوو جۆر هاوکاری بۆ بارزانی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش هاوکاری دارایی وهاوپەیمانی سەربازییە.

٣.لەڕووی داراییەوە ئەم پێشنیازە بارهەڵگری ئێرانی لەخۆدەگرێت وئەمەریکا ساڵانە سێ ملیۆن دۆلار بەشداری دەکات. شای ئێران وبارزانی ئاگاداری ئەو هاوکارییەن.

٤.هاوکارییە سەربازییەکان بریتین لە دابینکردنی نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار کەلوپەل (بەبێ تێچووی گواستنەوە) بۆ ئەوەی ڕادەستی ئێران بکرێن بۆ گەیاندنی بە کورد.

٥.هێلمز وکێنێدی هەردووکیان پشتیوانی بۆ بارزانی دەردەبڕن وجەخت لەسەر زیادبوونی گرنگی پرسی کورد دەکەنەوە بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی میسر وئەگەری بەرزبوونەوەی هەوڵەکانی سۆڤیەت لەعێراق.

٦.دوو بژاردەی ڕێکارەکان خراونەتەڕوو: لادان لە لیژنەی ٤٠ و ڕاستەوخۆ چوونە لای سەرۆک بە یاداشتێک، یان بەشداریکردنی لیژنەکە و ئاگادارکردنەوەی سەرۆک جۆنسۆن.

٧.نووسەر بژاردەی دووەم پێشنیار دەکات، کە کۆمیتەکە بەشدار بێت وسەرۆک جۆنسۆن ئاگادار بکاتەوە بەبێ ئەوەی

هیچ کاغەزێک بهێنێت. ئەمەش لە حاڵەتی ڕووداوی ناخۆشدا پێشنیار دەکرێت و نووسەر جەخت لەسەر گرنگی پەیڕەوکردنی ڕێکارە دروستەکان دەکاتەوە.

٨.نیگەرانییەکانی نهێنی: باس لەوە دەکرێت کە نابێ ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە کەناڵە فەرمییەکان دەرنەکەوێت. ئەمەش پێویستی بە نهێنی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا دەگەیەنێت.

٩ .ستراتیژی پەیوەندی: نووسەر پێشنیاری ئەوە دەکات بڕیارەکەی سەرۆک تەنیا بە کارگێڕان بگەیەنرێت، لەگەڵ سی ئای ئەی و فەرمانگەی بەڕێوەبردن و بودجە (OMB) کاردەکات بۆ جێبەجێکردنی.

١٠ .پێشنیاری کۆتایی: دەقەکە بە پێشنیارێک بۆ بەردەوامبوون لەبژاردەی دووەمی ڕێکارەکان لەکۆتاییدا وجەخت لەسەر پێویستی نهێنی لەئۆپەراسیۆنەکەدا دەکاتەوە.

بە گشتی دەقەکە باس لە پێشنیارێکی هەستیار دەکات کە پەیوەندی بە هاوکاری کوردەوە هەیە، تیشک دەخاتە سەر ڕەچاوکردنی جیۆپۆلەتیکی و ئەگەری بەشداریکردنی سۆڤیەت و گرنگی پاراستنی نهێنی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

## بەڵگەی ٣٢٢

## واشنتۆن، بی بەروارە

یاداشتێکی یاریدەدەری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی، هێنری کیسینجەر  کە باس لەپشتیوانی  مەلا مستەفا بارزانی وشۆڕشی ئەیلول دەکات لەشەڕیان دژی ڕژێمی بەعسی عێراق. لەیاداشتەکەدا کردەوەی تایبەت دیاری کراوە، لەوانە هاوکاری دارایی و دابینکردنی کەرەستەی سەربازی. با زیاتری  شی بکەینەوە:

١.یاداشتەکە ئاڕاستەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی وجێگری وەزیری بەرگری وسوپاسالاری هاوبەش وبەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکییە.

٢.ئامانجی سەرەکی یاداشتەکە خستنەڕووی ئەو کارانەیە کە دەبێ بکرێنە پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی وکوردانی باشوور لەخەباتیان دژی ڕژێمی بەعسی عێراق.

٣.هاوکاریی دارایی:ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٣ ملیۆن دۆلار وەک هاوکاری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دابین دەکات.

٤.هاوکارییەکان لەڕێگەی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە دەگەیەنرێن وبەڕێوەبەری هێلمز بەرپرسیارە لە دابەشکردنی.

٥.پشتیوانی سەربازی: نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار بۆ هاوپەیمانی و ئامێرە سەربازییەکان تەرخان دەکرێت. بەڵام تێچووی گواستنەوە لەم بڕە پارەیە ناگرێتەوە. کەلوپەلی سەربازی لەڕێگەی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە دەنێردرێت.

٦. نهێنی:وردەکارییە تایبەتەکانی ئەو یارمەتییانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش دەکرێن وەک نهێنی دیاریکراون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێویستی نهێنی لەم ئۆپەراسیۆنانەدا.

٧.کاتی کارکردن:لەیاداشتەکەدا کاتێکی دیاریکراو بۆ هاوکارییەکان دیاری نەکراوە بەڵام وەک ماوەی ساڵێک بۆ هاوکارییە داراییە ٣ ملیۆن دۆلارییەکان باسکراوە.

٨.کەناڵەکانی کارکردن: کەناڵەکانی سی ئای ئەی بە ڕوونی وەک ئەو ئامرازانە باس دەکرێن کە لە ڕێگەیانەوە هەم یارمەتی دارایی و هەم پێداویستییە سەربازییەکان دەگەیەنرێن.

٩.پاریزانە سەرەکییەکان:بەڕێوەبەر هێلمز وەک ئەو کەسە ناسراوە کە بەرپرسیارە لەگەیاندنی هاوکارییەکان لەڕێگەی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە.

١٠.ئامانجی هاوکاری:هاوکاری وپاڵپشتییەکان بۆ هاوکاریکردنی مەلا مستەفا بارزانی وشۆڕشی ئەیلول لەشەڕیان دژ بە ڕژێمی بەعسی عێراق.

بە گشتی لە یاداشتەکەدا پلانێکی ستراتیجی بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق دەجەنگن، جەخت لەسەر نهێنی تێوەگلانی دەزگای هەواڵگری ناوەندی لە گەیاندنی هاوکارییەکاندا خراوەتەڕوو.

## بەڵگەی ٣٢٢

## واشنتۆن، بی بەروارە

## یاداشتی یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی ( کیسینجەر).

پێدەچێت پارچە دەقێکتان دابین کردبێت کە پەیوەندی بە یاداشتێکی هێنری ئەی کیسینجەر، یاریدەدەری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە، کە باس لە پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و کوردەکانی عێراق

دەکات لە شەڕی دژی ڕژێمی بەعس لە ساڵی... عێراق.
لێرەدا دابەشکردن و شیکاری زانیارییەکانتان بۆ دەخەینەڕوو:

١.ئامانجی یاداشتەکە: لەیاداشتەکەدا بڕیاری پشتیوانیکردنی مەلا مستەفا بارزانی وکوردانی باشووری کوردستان لە خەباتیان لەدژی ڕژێمی بەعسی عێراق خراوەتەڕوو.

٢ .هاوکاریی دارایی: ئەمریکا سێ ملیۆن دۆلار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هاوکاری کوردانی عێراق تەرخان دەکات.وردەکارییەکان سەبارەت بە چوارچێوەی کاتیی ئەم پارمەتییە داراییە نەخراوەتەڕوو، بەڵام بڕە پارەیەکی بەرچاوە کە ئاماژەیە بۆ پشتگیرییەکی بەرچاو.

٣ .گەیاندنی هاوکاری:بەڕێوەبەر هێلمز وەک ئەو کەسە باس دەکرێت کە بەرپرسیارە لە گەیاندنی هاوکارییەکان لە ڕێگەی کەناڵە گونجاوەکانەوە. ئەمەش پێشنیاری شێوازێکی شاراوە یان وریایە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری.

٤.پشتگیری سەربازی زیادە:هەروەها ئەمریکا نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار بۆ هاوپەیمانییەکان و ئامێرە سەربازییەکان دابین دەکات. بەڵام تێچووی گواستنەوە لەم پارەدا نییە.

٥ .کەناڵەکانی سی ئای ئەی بۆ پێداویستییە سەربازییەکان: پێداویستییە سەربازییەکان بەبێ تێچووی گواستنەوە، لە ڕێگەی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە دەنێردرێت. ئەمەش واتای ڕێبازێکی شاراوە و ستراتیژییە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە کوردییەکان لە عێراقدا.

٦.سروشتی نهێنی:دەقەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک زانیاری بە نهێنی دەهێڵرێتەوە، بەتایبەتی وردەکارییەکان سەبارەت بە کردار و پلانەکانی ئەمریکا. ئەمەش جەخت لەسەر سروشتی هەستیاری ئەو پشتگیرییە دەکاتەوە کە پێشکەش دەکرێت.

٧.واژۆکار:یاداشتەکە لەلایەن هێنری ئەی کیسینجەرەوە واژۆ کراوە، کە ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنی ئاستی باڵا لەپرۆسەی بڕیاردان.

٨. ڕەچاوکردنی کۆنتێکست:بەڵگەنامەکە زەمینەی فراوانتری دۆخی جیۆپۆلەتیکی ئەو سەردەمە، ئەو تەحەدایە تایبەتانەی کە کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە، یان ستراتیژی گشتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ناخاتەڕوو.

بە کورتی ئەم یاداشتە پلانێکی شاراوەی بۆ پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی و کوردەکانی باشووری کوردستان لەشەڕی دژ بە ڕژێمی بەعسدا دەخاتە ڕوو. یارمەتییە داراییەکان وپشتیوانییە سەربازییەکان زۆرن وبەکارهێنانی کەناڵەکانی سی ئای ئەی پێشنیاری ڕێبازێکی ستراتیژی و وریایە. سروشتی نهێنی هەندێک زانیاری جەخت لەسەر ڕەچاوکردنی هەستیاری دیپلۆماسی و جیۆپۆلەتیکی دەکاتەوە کە لەم پشتیوانییەدا بەشدارن.

بەڵگەی ٣٢٥

واشنتۆن ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٢

بابەت: ڕاپۆرتی پێشەوەچوونی ئۆپراسیۆنی پشتیوانیکردنی کوردان.

هێلمس لە یاداشتەکەیدا ، پاڵپشتی دەزگای هەواڵگری ناوەندی بۆ بزووتنەوەی خۆڕاگری کورد بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی بخاتەڕوو. ئەو پاڵپشتییە یارمەتییە داراییەکان وگەیاندنی چەک لەڕێگەی کەناڵەکانی ئێرانەوە دەگرێتەوە. خاڵە سەرەکییەکانی یاداشتەکە بریتین لە:

١.پاڵپشتی دارایی وماددی: سی ئای ئەی بە دابینکردنی پارە و چەک پاڵپشتی خۆی بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەردەبڕێت. ئاژانسەکە باس لەوە دەکات کە پێشتر پارە وچەک ڕادەست کراوە و زیاتریش بە ڕێگەیەوە.

٢.هاوکاری لەگەڵ ئێرانییەکان: لە یاداشتەکەدا هاتووە کە پارە وچەک لەڕێگەی کەناڵە ئێرانییەکانەوە بەبێ بەربەست ڕادەستی بارزانی کراوە. هەروەها باس لە ناردنی زیاتری چەک و تەقەمەنی لە ڕێگەی هاوکاریی ئێرانەوە دەکات.

٣.پارەی نەختینە: بارزانی خەرجی دوو مانگی یەکەمی بە کاش وەرگرتووە، لەگەڵ وردەکارییە تایبەتەکان بە نهێنی هێڵراوەتەوە. پارەی مانگانە لە مانگەکانی تەمموز، ئاب، ئەیلول و تشرینی یەکەمدا پلانی بۆ دانراوە.

٤.ناردنی چەک: یەکەم بارکردن بریتی بوو لە 10 تۆن چەک وتەقەمەنی، وەک 500 کلاشینکۆف ودۆشکەیەکی ڕووسی و 200 هەزار فیشەک. پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی مانگی

ئۆکتۆبەردا بارێکی دیکەی 101 تۆن چەک وتەقەمەنی لەیەدەگی سی ئای ئەی و 66.5 تۆن سەرچاوەی نهێنی بێت.

٥.هاوکاری شا: بەڕێوەبەر هێلمس دان بە هاوکارییە زۆر باشەکەی شا (ڕەنگە ئاماژە بە شای ئێران) دەکات، ئەمەش پێشنیاری پشتیوانی حکومەتی ئێران دەکات.

٦.نیگەرانییەکانی ڕژێمی بەغدا و سۆڤیەت: یاداشتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەم ڕژێمی بەغدا و هەم سۆڤیەت نیگەرانن لە بەدواداچوونی بارزانی بۆ ڕێبازێکی سەربەخۆ. دۆخی ڕژێمی بەعس زۆر باش نییە و کەمبوونەوەی داهاتی نەوت دەبێتە هۆی قەیرانی دارایی. بوونی بارزانی لە بارەگایەکی پارێزراو بە سنووردارکردنی سوپای عێراق و بێبەشکردنی بەعسییەکان لە بنکەیەکی پارێزراو سەیر دەکرێت.

٧ .ستراتیژی دژ بە ئێران: لە یاداشتەکەدا پێشنیاری بەکارهێنانی بارەگا ئەمنییەکانی بارزانی وەک مۆڵگەیەک بۆ سنووردارکردنی سوپای عێراق و بڵاوەپێکردنی تیمی وێرانکاری و کوشتن لە دژی ئێران کراوە.

بەکورتی یاداشتەکە بەشداری چالاکانەی سی ئای ئەی ئاشکرا دەکات لەپاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی خۆڕاگری کورد بەتایبەت لەسەردەمی سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی بە هاوکاری دارایی وناردنی چەک لە ڕێگەی کەناڵەکانی ئێرانەوە. هەروەها لەیاداشتەکەدا تیشک خراوەتە سەر ڕەچاوکردنی جیۆپۆلەتیکی، لەوانە نیگەرانییەکانی ڕژێمی بەغدا وسۆڤیەت وبەکارهێنانی

ستراتیژی بارەگا ئەمنییەکانی بارزانی لەئۆپەراسیۆنە ئەگەرییەکان دژی ئێران.

Document 49

**Foreign Relations of the United States, 1961–1963, Volume XVIII, Near East, 1962–1963**

**49. Telegram From the Embassy in Iraq to the Department of State0**

Baghdad, September 20, 1962, noon.

150. Kurdistan Democratic Party officer, known to be responsible for Baghdad, following instruction from Mulla Mustafa called on Embassy officer privately September 18. Kurd made strong plea for US support of revolution movement. Said it needs money now and possibly arms later. Claimed most Communists have been eliminated from KDP and remainder will be removed soon.

In return for support, Mulla Mustafa would promise (1) purge movement of any persons we consider suspect, (2) cooperate with conservative Arab Iraqi elements and bring Iraq back into Baghdad Pact if we wish, (3) give us immediately full information on internal political or military developments in Kurdistan or Arab Iraq. KDP official claimed Kurdish intelligence extensive and accurate. Said this offer would be binding on Kurds in Syria and Iran as well as Iraq.

Kurd said that KDP maintains "close and friendly" contact Iranians both in Baghdad and Tehran. Iranians have agreed not interfere with border crossings or to stop aid given revolt by Iranian Kurds. Mulla Mustafa pleased but also wants material support from Iran. KDP official said Mulla Mustafa believes proposal bring Kurdistan into Iran as "autonomous republic" is attractive to Shah.

[Page 117]

The Kurds also maintain regular contact with the UAR, which is "friendly but unhelpful", and USSR Embassy Baghdad. He said Kurds were not willing "burn all bridges to Russia" unless they have assurances USG will support their movement. He said that he personally is given ID 1,000 per month by Soviet Embassy for certain Communist sympathizers in KDP but money goes into KDP coffers. Mulla Mustafa does not consider this small sum as assistance to movement.

Kurds have asked Kuwait for assistance but Kuwait refused. British Embassy Baghdad confirms this. Said British have advised Kuwait give no money to rebels.

Israel has offered assistance to Kurds in Europe but this refused—not because Kurds are anti-Israel but because they fear Israel might purposely reveal information and "movement" would be harmed throughout Arab countries.

KDP official said that Mulla Mustafa knows that after downfall Qasim, which he believes imminent, USSR will be anxious help them with money and arms. Kurd said Mulla Mustafa prefers cooperate with West rather than with USSR, “which he does not trust.” However, “all Kurds are nationalists” and must win autonomy now or be prepared for racial extinction. Before Kurds will permit this they would take help from USSR or from “devil himself”.

KDP official was clearly told that USG policy toward Kurdish rebellion has not changed.1 He replied that if it does he should be contacted and message can be transmitted immediately to Mulla Mustafa.

Melbourne

1. Source: Department of State, Central Files, 787.00/9-2062. Secret; Limit Distribution; No Foreign Eyes. Repeated to Ankara, Damascus, London, Paris, and Tehran.↩

1. A September 11 memorandum from Strong to Talbot describes the public U.S. position on Iraq’s Kurdish problem as follows: “The United States considers the Kurdish problem in Iraq an internal matter which should be resolved internally. Our Government does not support Kurdish activities against the Government of Iraq in any way and hopes an early peaceful solution will be possible. It is our understanding that some of the Kurdish demands include requests for the

reinstitution of certain constitutional guarantees. While the United States' position is clear on the desirability of democratic constitutional life, any comment on these demands in Iraq would be an intrusion into that country's internal affairs. We believe the future well-being of Kurds in Iraq, as well as those in Iran and Turkey, is inseparably tied to the well-being of the countries in which they reside. We know Turkey and Iran share this view, and believe the Iraq Government feels the same way." (Ibid., 787.00/9-1162)↩

# Foreign Relations of the United States, 1961–1963, Volume XVII, Near East, 1961–1962

# 305. Telegram From the Department of State to the Embassy in Iraq 0

Washington, June 22, 1962, 9:17 p.m.

383. Kamaran Badrkhan, well known Syrian Kurd and Jamal Abdullah, Iraqi Kurd employed at Michigan State University called Department June 20, following talk with Justice Douglas.1 Stated they representing Mulla

Mustafa al-Barzani, tribal leader now fighting GOI army.

Kurds stated they aim arouse general international interest in their claims for local autonomy and hope for UN hearing. Asked for US "moral support" on humanitarian grounds suffering Kurdish people caused by Iraqi attacks. US could not actively take sides or espouse Kurdish movement for autonomy. Asked US not be "hostile" if question broached in UN debate.

[Page 747]

Department officer expressed US view Kurds must through own endeavors reach agreement with GOI and that for US to indicate sympathy or interest, let alone support, would merely accentuate their problems with GOI.

Visitors departed chastened but friendly and apparently still convinced Kurdish situation Iraq has now reached point deserving UN consideration.

Department notifying Iraq Embassy and suggests Embassy inform Foreign Office, avoiding naming Iraqi representative.2

Ball

1. Source: Department of State, Central Files, 787.00/6–2262. Confidential. Drafted by Dinsmore (NEA/NE), cleared by Strong, and

approved by Talbot. Repeated to Ankara, Damascus, London, Paris, Tehran, Tabriz, and USUN.↩

1. The memorandum of conversation by Dinsmore is ibid., 787.00/6–2062.↩

2. This final sentence of the telegram has a line drawn through it, but evidently was included in the outgoing telegram. The Embassy in Baghdad responded in telegram 594, June 27, with the following report: "Information conveyed orally to Foreign Office Director Western Department June 26." (Ibid., 787.00/6–2762)↩

# Foreign Relations of the United States, 1964–1968, Volume XXI, Near East Region; Arabian Peninsula

## 172. Telegram From the Embassy in Iran to the Department of State 1

Tehran, April 12, 1965, 1500Z.

1128. Man who identified himself as Shamsuddin Mofti and his colleague as Masoud Barzani appeared at Emb today with letter of introduction from Mollah Mustafa Barzani and oral message from him. It was essentially a strong plea for direct US assistance. He said Iraqi Kurds

need financial and military assistance, especially heavy weapons, and would be willing receive American officials in their area and wanted be regarded as "another state of the union." He also said Barzani considers oil resources should be handled by an American firm in direct arrangement with the Iraqi Kurds.

We of course gave him no encouragement whatsoever. Mofti stated Barzani asked that his message be sent to Washington and that USG henceforth use Tehran as point of contact with Barzani. Baghdad, he said, had become too difficult for Barzani to use because of recent Iraqi Army movements. He also said Barzani would like to have direct [Page 348] channel of communication with US rather than through Iranians whom he did not trust to report his views accurately.

EmbOff pointed out steadfast US policy toward Iraqi-Kurdish dispute along lines CA-9411 of March 2, 1963.[2] Said message would be transmitted to Washington, but said could give no commitment regarding a response nor place any response might be given. Nevertheless, Mofti said he would wait in Tehran. Mofti and Barzani said Iranian authorities are unaware of their presence here.[3]

Herz

1. Source: National Archives and Records Administration, RG 59, Central Files 1964-66, POL 23-9 IRAQ. Confidential. Repeated to Baghdad, Ankara, and Cairo.↩

2. CA-9411 stated that the United States should continue to regard the Kurdish revolt as strictly an internal Iraqi matter in which there was no role for the United States either directly or indirectly. ( Foreign Relations, 1961–1963, vol. XVIII, Document 174)↩

3. Telegram 938 to Tehran, April 14, instructed the Embassy to continue courteously to refuse to enter into a dialogue with "self-styled Barzani representatives," emphasizing that the U.S. policy of non-involvement in the Iraq-Kurdish dispute was unchanged. It added that through appropriate channels, SAVAK should be informed promptly of the visit and of the reply given. (National Archives and Records Administration, RG 59, Central Files 1964-66, POL 23-9 IRAQ)↩

# Foreign Relations of the United States, 1969–1976, Volume E–4, Documents on Iran and Iraq, 1969–1972

## 267. Central Intelligence Agency Information Cable TDCS DB–315/01044–70[1] [2]

Washington, March 9, 1970
[Page 1]

**Country**

- Iran/Iraq/Israel

**DOI**

- 4–7 March 1970

**Subject**

- Israeli Aid to Kurdish Rebels

**ACQ**

- (7 March 1970)

**Source**

- [text not declassified]

1.

Idriss Barzani, son of Kurdish rebel leader Mullah Mustafa [Page 2] Barzani, arrived in Tehran, Iran, on 4 March in response to a request from the Iranian national security and intelligence organization (Savak) that he come for discussions concerning the future of the Kurdish revolution. On 4 and 5 March Barzani, Sami Sanjari, and Anir Qasimi met with representatives of the Goverment of Israel. The Israelis pushed hard for resumption of hostilities in northern Iraq and promised the Kurds that they

would supply anti-aircraft weapons and light artillery (sic). Idriss Barzani requested assistance in the form of armored cars and armored personnel carriers. The Israelis also agreed to supply this type of equipment. In subsequent discussions, the Israelis said that Mullah Mustafa Barzani should make an effort to capture at least two Iraqi tanks. Using this capture as cover, the Israelis promised that they would supply, via Iran, additional tanks with crews. Idriss Barzani said that he preferred to have all Kurdish crews for any tanks and requested that Kurds be trained in the operation of tanks. The Israelis readily consented to this request.

2.

On 6 March Barzani met with General Nematollah Nasseri, Chief of Savak. Nasseri discussed Iranian plans for further aid to Mullah Mustafa Barzani and Iranian concern over Barzani's negotiations with the Iraqi regime. Nasseri said that Iran was fully behind the Israeli plan to renew the fighting in northern Iraq, and Idriss should carefully note what the Israelis were suggesting. Idriss Barzani was to meet with [Page 3] Nasseri again on 7 March to discuss further the Israeli proposals.

3.

During the past month Iranian and Israeli financial assistance to Barzani has been 1,200,000 Iraqi dinars (U.S. dollars 3,360,000).

4.

[text not declassified] Dissem: none [text not declassified]

1. Source: National Archives, Nixon Presidential Materials, NSC Files, Box 601, Country Files, Middle East, Iran and Iraq, TDCS DC–315/01044–70. Secret; No Foreign Dissem; Controlled Dissem; No Dissem Abroad; Background Use Only.↩

2. Israeli Government officials, meeting with Kurdish Democratic Party Leader Barzani’s representatives in Tehran, pledged assistance if hostilities were resumed.↩

# دیپلۆماسیەت لەسایەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەدا

هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە دوای ڕێککەوتنامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، کاریگەری زۆری کردە سەر ڕەوشی سیاسی کوردستانی، بەعس دەستی زیاتر واڵا بوو بۆ ئەوەی سیاسەتە نەژادپەرستییەکەی بەبێ پەردە بەجێ بگەیەنێ، ئیتر کوردستان کەوتە بارودۆخێکی دژوار هەبوونی بکەوێتە بەر هەڕەشەی مان ونەمان. پەیوەندییەکانی ڕژێمی بەعسی سەدام لەگەڵ هەردوو بلۆکی شەڕی ساردا لە ئەوپەڕی فرەوانیدا بوو، کوردی شۆڕش تێک شکای، چۆن دەتوانێ بینای پەیوەندییەکی دیپلۆماسی بەڕێوە ببا کە بتوانێ باری کسری خۆی پێ ڕاست بکاتەوە، لە دەورانێکدا کە بەرژەوەندی لە پێش دادگەری و ڕەوایی دۆزدا بێ. ئەوەی لەو دەمەدا کورد لەدەستی دابوو ڕەوایی دۆزەکەی ونەیارانی سیاسی ودژبەرانی سەدام حوسێن بوو کە دەستی پێ بگرێ بۆ ئەوەی پێ بێتەوە سەر گۆڕەپانەکەدا. لە ڕاستیدا هێز تەحکوم بە هەبوون ورەوایی دەکا، دونیا بیر لەخێرخوازی ناکاتەوەو بەزەیدا نایەتەوە. لەو ماوەیەدا هاتنەوە مەیدان بۆ شۆڕش لەو بارودۆخە هەرێمی نێودەوڵەتی لە خۆ بایی بوونی ڕژێمی بەعسی عێراق کارێکی هاسان نەبوو، دەبوایە کورد تەحدای ئەو قسەی سەدامی بکردایە کە گوتی"ڕەنگە دارخورما لەسەرم شین ببێ بەڵام جارێکی دیکە پێشمەرگە لەچیاکانی کوردستان نابینرێتەوە"، کەچی ساڵ نەسوڕایەوەو کورد ئەو دارخورمایەی لەسەر تەپڵی سەری سەدام چەقاند ومەحاڵەکەی سەدامی هەڵوەشاندەوەو شۆڕش بە ستایلێکی دیکە هاتەوە مەیدان وپێشمەرگە بە ئیسراحاتەوە لە قەندیل سوڕایەوە. لێرەدا خۆ ڕێکخستنەوەی سیاسی هاسان بوو، بەڵام دۆست پەیداکردن بۆ بەزاندنی بەعس وسوپا زەبەلاحەکەی کارێکی هاسان نەبوو. لە خۆبایی بوونی سەدام لەدوای ڕێککەوتنی لەگەڵ شای ئێران وروخانی شای ئێران لە ١٩٧٩دا. دەرگای بۆ سەدامی پێ لەبەرخۆ چووی کرایەوە کە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵوەشێنێتەوە ولەپڕێکدا هێرش بکاتە سەر ئەو

وڵاتە لە٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا، بەم گەمژەییەی ولەخۆ باییەی سەدام، زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لەهەندێ ناوەندو لایەنی سیاسی نزیک بکەوتەوە. دەرگایەکی پەیوەندی سیاسی بۆ بکرێتەوە وشۆڕشی لە چیاکاندا بەرفراوان ببێ وناوچەی رزگارکراوی هێنایە دی. هەر لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی ئێران وعێراق ودەسبەتاڵ بوونی سەدام لەو مەترسیانەی شۆڕشی ئیسلامی شیعەگەرایی لە ئێران، تەواوی ئەو هێزانەی عێراقی شارەزا لە بواری شەڕداو پڕ چەکدا، هەرژانە سەر ناوچە ئازادکراو ناوچە رزگارکراوەکان چەندین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگیان ئەنجامدا (ئەنفال، کیمیاباران، گوند تێکدان). ئەو هێرشە نامرۆڤانەیە نابەرابەریەی هێز، وای کرد کە شەڕی پێشمەرگایەتی قورس ببێ وزۆر لەسەرکردەکان هەوڵی دیپلۆماسیەت لەدەرەوە بدەن. زۆریش لەوانەی لێپرسراوی حکومی بوون لە ئەوروپا دۆستایەتی لەوەو پێشیان لەگەڵ کورد هەبوو، کەوتنە جولە لەوانە "دانیال میتران ومادام میتران، برنارد دوران، بیتر گالبریت، کەندال نەزان. لەراستیدا تورکیا لە دوای لۆزانەوە زۆر ناڕازی دەبوو بە هەر کۆبونەوەیەک کە کورد لەگەڵ هەر دەوڵەتێک ئەنجامی بدایە ئەوەتا جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەحوزەیرانی ١٩٨٨ لەگەڵ لێپرسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی دانیشتنێکی نافەرمیان کردبوو لەسەر سکاڵایەکی جەلال تاڵەبانی لەسەر تاوانەکانی سەدام حوسێن لە ئەنفال و کیمیاباران ئەوا لەرێگەی مێدیاکان ئەو دانیشتنە بڵاو بۆوە، لە بری ئەوەی حکومەتی عێراقی ناڕەزایەتی دەرببڕێ ئەوا تورکیاو بە تایبەت لەو کاتانەدا سەرۆکی تورکیا(کەنعان ئیڤیرین) لە سەردانێکیدا بوو بۆ واشنتۆن ،یەکسەر بە توندی ناڕەزایەتی داوەتە ئەمریکەو وەزیری دەرەوەی ئەمریکە جۆرج ب . شۆڵتز زۆر توڕە بووە لەو هەڵوێستەی وەزارەتەکەی و "ناڕەزایەتی دەربڕی بوو کە چۆن دەوڵەتێکی ناتۆ نیگەران دەکەن وئەوەی ئەو لێپراسراوە ئەنجامی داوە بە کارێکی نابەجێی لەقەڵەم دا"{جوناثان راندال (١٩٩٧) / امة في شقاق ودروب في كردستان كما سلكتها/ ترجمة فادي حمود/

**دار النهار للنشر - بيروت، ص ١٢١}. بەم شێوەیە ئەو دانیشتنە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی بەسەر ڕەوشەکەدا دڕووست کردو ئەوە بوولە ئابی هەمان ساڵ هانی سەدامی دا جارێکی دیکە گازی کیمیایی بەکاربهێنێتەوە لە کوردستاندا "{جوناثان راندال (١٩٩٧) هەمان سەرچاوە، ص١٢١}، ئیتر ئەو جۆرە یەکتر دیتن وپەیوەندیکردنەش لێکتر ترازا، بەهۆی لاوازی هەڵوێستی ئەمریکی لەبەرامبەر ناڕەزایەتی تورکیا. ئەو لاوازیەی بەردەوام بوو تاوەکوو سەروبەندی جەنگی کەنداو کاتی ئۆزال ئەو بەستەڵەکەی شکاند بە هەڵوێستەکەی بە راگرتنی نەوتی بۆڕی لە جیهان لەگەڵ هێرشەکەی سەدام بۆسەر کوێت ودەرگا کردنەوەی بۆ هێزە ئاسمانییەکانی ناتۆ لە ئەنجەرلیک وجولاندنی هێزی سوپای سەر سنووری سۆڤیەت بۆسەر سنووری عێراق وبەشداری سوپای تورکی لەهاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی کوێت وداواکردنی بۆ روخانی رژێمی سەدام. ئیتر ئۆزال ئێستا کاری بە پەیوەندیکردنە لەگەڵ کورد هەیە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک کەبەسەر عێراق دادێت بە تایبەتی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق ٣٣١کم هەمووشی لەگەڵ باشووری کوردستانە، ئیتر پێش حەفتەیەک لە رزگارکردنی کوێت ئۆزال لەگەڵ رۆژنامەکانی کەوتە بانگەشەکردنی دیدار لەگەڵ سەرانی باشووری کوردستان وەک ئۆزال گۆتبووی" پێویستە تورکیا لە دوای جەنگی کەنداو، هەندێک لە میراتی مستەفا کەمال هەیە رزگار ببین"{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە ص ١٢٤} ئەوەبوو "لە رێگەی پەیوەندییەکانی رۆژنامەوان کامەران قەرەداخییەوە لەگەڵ کایا تۆپری وتەبێژی ئۆزال، توانی لە ٨_٩ مانگی ئاداری ١٩٩١، مام جەلال وموحسین دزەیی ببینرێن لە لایەن جێگری سەرۆک کۆمار (تۆنگای ئۆزکیری) لە شوێنی میوانداری دەزگای هەوڵگری میت"{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە ، ص ١٢٧}، هەر دوای چەند هەفتەیەک لەو دیدارەی سەرانی کورد لەگەڵ جێگری ئۆزال، ئۆزال بە ئاشکرا مام جەلال وکاک مەسعودی پێشوازی کرد"{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە ، ص**

١٢٨}، وئیتر دوایی باڵیۆزخانەی ئەمریکە لەئەنقەرە (ئەبروموڤیتز) وڵاتەکەی لێ ئاگادارکردەوە ئیتر دیداری ئەمریکی لەگەڵ وەفدی کوردی بە ئاشکرایی کەوتە بارێکی دیکە وهیچ ئاستەنگ ورێگریەک نەما لەبەردەم ئەو پەیوەندییە. لە دوای راگرتنی شەڕ لە ٣ی ئادار کاتێ لە خێمەی سەفوان عێراق رێککەوتننامەی خۆبەدەستەوەدانی لەگەڵ ئەمریکە لە لایەن شوارزکۆڤ و سولتان هاشم واژۆ کرد تاوەکوو سەرەتای مانگی نیسان و رەوشی عێراقیان بە هەند هەڵنەدەگرت ، تا ئەو کاتەی کۆڕەو لە شارەکانی باشووری کوردستان رویداو رای گشتی دونیای هەژاند ،سیاسەتی ئەمریکە بەرامبەر ئەو روداوە دەستی تێک ئاڵاو پەشۆکاو بوو، سیاسەتێکی روون و ئاشکرایان نەبوو بەرامبەر وەڵامدانەوەی " بۆشی باوک سەرۆکی ئەمریکی ، هانی خەڵکی عێراقی دا کە راپەڕن بەرامبەر سەدام حوسێن، کاتی راپەڕین پشتی تێکردون بێ هەڵوێست مایەوە ئەو ئیدارەیە" . لە حەفتەی سێیەمی ئاداری ١٩٩١، سعودییەکان هوشیار زێباریان بانگهێشتی ریاز کرد بۆ گفتوگۆ لەسەر هاوکاری هاوبەشی ئۆپزسیۆنی عێراقی وسعودیە، لەهەمان کاتدا برنەت سکوکروفت راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکیش گەیشتە سعودیەو ئیتر سعودییەکان لە پەیامەکە گەیشتن وداوایان لە هوشیار زێباری کرد رێوڕێ بگەڕیتەوە لەندەن و وڵات بەجێ بێڵی" {جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٣٣}. تەنانەت لە ٢٦ی ئاداری ١٩٩١ لە دانیشتنێکی حەفت قۆڵی لێپرسراوانی ئەمریکی لەگەڵ بۆشی باوکدا، رایگەیاندبوو کە راپەڕینەکەی کوردانیش شکستی هێناوە "{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٣٣}. لە راستیدا بە ئاشکرا راگەیاندنەکانی ئەمرێکی بە شان وباڵی سوپای عێراقیان هەڵدەداو بەبەرچاویان هەلیکۆپتەرەکانی عێراق هەڵدەستاو کە لە دەرەوەی رێککەوتنی شەڕ راگرتن بوو ئەو بەکارهێنانە، بۆردومانی خەڵکی سڤیلی کوردستانی دەکردوو ئەمریکەش لێی بێ دەنگ بوو، لە نێو ئەو رەوشەدا، وتەبێژەکانی ئەمریکی دەیان گۆت خستنە خوارەوەی چەند هەلیکۆپتەرێک دەبێتە کارێکی رەمزی بێ فایدە"{جوناثان راندال

(١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٣٤}. لە کۆتایی ئەو دانیشتنە یەکێ لە بەشداربووان بێ ئەوەی ناوی خۆی بڵێ بە ئاشکرا رایگەیاند "هیچ بەڵێنەکمان بە کوردان وهیچ لەبەرژەوەندیمان دا نییە کارە سەربازییەکانمان بەردەوام بێ'{جوناثان راندال (١٩٩٧). / هەمان سەرچاوە، ص ١٣٤}. دوای چەند هەفتەیەک لە دوای روداوەکان، (لەسەر زاری شوارسکۆف) ئەوەیان دەرخستووە کە" ئەمریکە لە دانیشتنەکەی سەفواندا وا رێککەوتن لەگەڵ سولتان هاشم کە فڕۆکەی جەنگی جگە لە هەلیکۆپتەر بەکار نەهێنێ "{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٣٥}.

لە مانگی نیسان ودوای ئەوەی کۆڕەوی کوردستان لە مەزەندەکانی لەدەزگە تایبەتە فەرمییەکانی ئەمریکەدا کە تەنیا ١٥٠ هەزار کەس ئاوارە دەبن، مەزەندە ئەو ژمارە زۆرەیان نەکردبوو کە خەڵکی شاریش باوەڕیان بە سەدام نەماوەو دەترسن کە سەدام بە گازی کیمیاوی سزایان بدات. هەر بۆیە سەرۆکی فەڕەنسی دانیال میتران بە پەلە لە ٣ی نیسان برنارد کۆشنێر وەزیری کاری مرۆیی فەڕەنسی ناردە ئەنکەرەو کە هەردولا رێککەون لەسەر بنەمای یاسایی ئەو بڕیارەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیازە دەریخات بۆ پاراستنی کوردان لە عێراقدا.

لەراستیدا برنارد کۆشنەر کاری مرۆیی زۆری کردبوو شارەزاش بوو لەکێشەی کورد، قەت نەدەوەستا لەسەر شاشەی تەلەفزۆنیەکاندا دەربارەی هەر پرسیارێک کە ئاراستەی دەکرا. خۆشی کۆشنەر خاوەنی بیرۆکەی مافی دەستوەردان لە پێناو مەبەستە مرۆییەکان بوو لە نێو چوارچێوەی سنووری سیاسی دەوڵەتانی دونیادا، هەر چەندە لەوەو پێش تورکیا بەوەی ناوی دەرکردووە کە بەتوندی بە گژ ئەوانە دەچێتەوە کە گرنگی بە مەسەلەی کورد دەدەن، کەچی حکومەتەی تورکی زوو پشتیوانی بۆ ئەو هەوڵەی فەڕەنسی دەربڕی ئەگەر لەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر بدرێ بەو کەرەستەیەی کە هەڕەشە لەئاشتی جیهانی دەکات. هەر بۆیە بە هاوبەشی فەڕەنساو تورکیا پرۆژەیەکیان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ خستە بەردەستی ئەنجوومەنی

ئاسایشی نێودەوڵەتی ودەنگی لەسەر درا، لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بە بڕیاری ٦٨٨ ناسراوە، کە جێگەی سەرسوڕمانی زۆربەی دیپلۆماسییە کۆنەکان وشارەزایانی ئەو بوارە بوو، کەیەکێتی سۆڤیەت وچینی میللی ڤیتۆی لەبەرامبەر بەکار نەهێنا. بەم شێوەیە دوای پتر لە حەفتا ساڵەوە کورد لە دیکۆمێنتەکەی فەرمی ناوی کەوتە نێو ناوان وبووە جێگەی سەرسوڕمانی ئەمریکییەکان کە پێی زۆر خۆشحاڵ نەبوون، لەبەر ئەوەی ئەرکی سوپای ئەمریکی دەبێ بۆ پارستنەکە لە کاتێکدا ئەو ئیدارەیە خوازیار بوو بە زووترین کات بگەڕێنەوە وڵاتەکەی"{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ٩٠}. کە بریتی بوو لە زووترین کات هاوکاری مرۆیی بۆ کوردان بچێت، وەک عیسمەت شەریف وانلی گوتویەتی " ئەگەر سەردانەکەی مام جەلال ومەسعود بارزانی نەبوایە لە بۆ بەغداو ماچکردنی سەدامی لە شاشەکانی تەلەفزیۆندا بڵاو نەکرایەوە ئەوا دەبووە بڕیاریکی سیاسی ئەوکات لە بری هێلی ٣٦ ئەوا خۆی دەبووە قەوارەیەکی سەربەخۆ". لە کۆڕەودا ورەی سەرانی کورد زۆر لاواز ببوو، هەستیان دەکرد کە ئەمریکەو هاوپەیمانەکان درۆیان لەگەڵ کردوون، وەک ئەوەی ئەوان بۆ ئەوان کردویانە. بۆیە پێش راپەڕین وپێش کۆڕەویش، بەرەی کوردستانی بە تایبەتی هەردوو حزبە سەرەکییەکە، پارتی ویەکێتی لە دانوستان دابوون لەگەڵ رژێم، تەنانەت کاتێ لە سلێمانیش هێزەکانی حکومەت هاتبوونە ناو شار هێزی پێشمەرگە لە گۆیژە بوو، شاندی بەرە لە بەغدا گەڕابوونەوە، لێپرسراوی بەرەی ئەو ناوچەیە، خۆی لەسەرۆکی شاندەکە توڕە کردبوو، گوتبووی بڕۆ بەکوێ داهاتی بەوێدا بگەڕێوە. بۆیە بەرەی کوردستانی بەرچاو رونیان نەبووە لە کاتی راپەڕین ولە دوای راپەڕین. ئەگەر زۆر ئاگادار بونایە، ئەوا لە پێش هێرشی کوێت دەستیان بە راپەڕین دەکرد، راستە خوێنی زۆر دەڕژا بەڵام ئەو کات سوارزکۆف دەهاتە دەنگ ووەک کوێت هێزەکانی سەدامی لە کوردستان دەکوتاو رەوشی کوردستان دەچووە قۆناخێکی دیکە. بۆیە ئەو پشت گوێ خستنەی ئەمریکە لە بۆشایی نەبوو، زۆر لە لێپرسراوەکان وایان

مەزەندە دەكرد كە كورد كە داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی لە ئەمریكە فریو دەدەن بە ئەنقەست وئەوەش ڕەنگدانەوەی نەفامی وباوەڕ خراپیە. {جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٠٢}. لەوانەش كە هەڵگری ئەو بیرۆكەیە (ترس لە تێوەگلان)، لەلای زانایەكی سیاسی ومامۆستا لە زانكۆی بەرگری نیشتیمانی (فیبی مار)، كەزۆر دژایەتی كوردستانی سەربەخۆی دەكرد، "سەربازانی ئەمریكی نابێ تووشی شەڕێک بكەین كە گەلەكەی ئەو لایەنە دوژمنداریمان بكات {جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە، ص ١٠١}. ئەو وای بۆ چوو كە ئەمریكە بەشەڕێكی لاوەكی پێویست ناكا سەرقاڵ ببن وتووشی شەڕی عارەبە سونەكان ببن لەسەر كورد وگۆڕینی سەدام. هەر بۆیە كاتێ خەڵكی عێراق وكوردستان لەسەدام ڕاپەڕین، ئیدارەی ئەمریكی گرنگی بەو راپەڕینە نەدا، دەرچوو پێچەوانەی رای فیبی راسترە وئەو بێ ئاگایە لە رەوشی عێراق. بۆیە لەناوەڕۆكدا ئەو هەڵوێستانەی ئەمریكە سەرچاوەی لە شكستەكانی ئەمریكا لە ڤێتنام ولاوس گرتبوو دوو دڵ بوون لە بەشداری وپشتیوانی لەو جۆرە كردارانە. كاتێ باڵیۆزخانەی فەڕەنسی لە ئەنكەرە (ئەریک ئارلو) كە دۆستێكی دێرینی كورد بووە، راوێژی دا بە باڵیۆزی ئەمریكی مورتون ا. ئەبروموفیتز لەسەر لایەنە شراوەكانی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وپێكهاتەی كۆمەڵگەی عێراق، ئەو باڵیۆزخانەی ئەمریكە بڕووسكە بارانی وڵاتەكەی دەكرد و زانیاری نوێی زۆری دا بە ئیدارەكەی بوش وجەختی دەكردەوە كە دەبێ بوش ببینێ، راشی وابوو ئەو رەوشە پێویستی بە "جولەی خێرا هەیەو هەموو تواناكانی بەردەست بەكار بهێنرێ لەبەر ئەوەی هەست بە رەوشی خراپتر لەوەی ئێستا دەكەم "{جوناثان راندال (١٩٩٧) / هەمان سەرچاوە ، ص ٩١}. ئەو باڵیۆزخانەە زەنگی زۆری بۆ ئیدارەكەی لێ دەداو سەرۆكی توركی ئۆزال بەردەوام لە پەیوەندی دابوو لەگەڵ بۆش كە كاریگەری زۆری كردبووە سەری وهەروەها برنت سكوكروفت راوێژكاری سەرۆكی ئەمریكی ئەوسا بۆ كاروباری ئەمنی قەومی پشتیوانی زۆربەی بڕووسكەكانی باڵیۆزخانەكەی لە ئەنكەرە

دەکرد، هەر لەژێر رۆشنای ئەو هەولانەی باڵیۆزخانە بوو وەزیری دەرەوەی ئەمریکە جیمس بیکەر سەردانی خێمەکانی پەناهەندەکانی (چوکورچا) لە تورکیا بۆ ماوەی ١٥ دەقیقە کرد کە دەنگدانەوەیەکیی زۆری لێ کەوتەوە بەسەر هەولی هاوکاری ئەمریکی بۆ ئەو هاوڵاتیانە. بیکەر کە گەیشتەوە دیاربەکر یەکسەر چووە ئیسرائیل ولەوێ کارەساتەکەی کە دیتبووی لەو شوێنە، پەیوەندی بە وەزیری بەرگری دیک چینی وبوشی باوک وئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان خافیر بیریز دۆکویار، بەم شێوەیە سەرۆکی ئەمریکی ناچار بوو کە دەست لە منجڕیەکەی هەڵگرێ ومامەڵە لەگەڵ کارەساتەکانی کوردستان بکات بە ئەرێنی. هەروەها ئۆڕوپییەکانیش لە ٦ی نیسان پشتیوانیان لە سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا جۆن مێجەر لە لۆکسمبۆرگ کرد لە دامەزراندنی ناوچەی ئارام بۆ کوردەکان. ئەو هەوڵانە هێلی ٣٦ وناوچەی ئارامی بەدەست هێناو بڕیاری ٦٨٨ بەدەست هێنا. بێ ئاگای کورد لەو هەوڵانە.

## دانوستانی پەکەکە و تورکیا یان سەرقاڵکردنیان بۆ لێکترازاندن

هەر لەگەڵ دروستبوونی تورکیا لەهەرێنامەی لۆزانەوە ٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٣، جاڕی جەنگێکی ناڕەوای بە پاڵپشتی وڵاتانی گەورەی کەپیتالیزم، بەسەر گەلی کوردستاندا داوە، ئەو جەنگە تا ئێستاش بەردەوامە، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سیستەمی نێو دەوڵەتی داهاتووە. بە تایبەتی لە شەڕی ساردی یەکەمدا(دوو جەمسەریدا)، کوردستان بە پێی گرنگی جیوپۆڵەتیکیەوە،"بووە ناوچەیەکی تامپۆنی لە

نێوان هەر دوو جەمسەردا"{د. کامەران مەنتک(٢٠٢٢)/ کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا.....، بەرگی یەکەم، ل ١١}. کە لە ئاکامی ئەو شەڕەدا دەرهاوێشتەی مەترسیداری لەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بەجێ هێشت.لە ململانێی شەڕی ساردی دووەمدا(فرە جەمسەریدا_ ململانێی جیوپۆلەتیکیدا)، ئەوا کوردستان بە پێی ئەوەی بەشێکە لەو پردەی نێوان ئاسیا و ئەورووپادا و کلیلی دەروازەکانی ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستە وخۆشی لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە، ئەوا "بایەخە جیوپۆلەتیکیەی لەنێو قەوارەی ئەو دەوڵەتانە شار دراوەتەوە... کوردستان کلیلی بەشە ئاسایییەکەی ئۆ ڕا سییە "{د. کامەران مەنتک(٢٠٢٢)/ کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا .....، بەرگی دووەم ، ل ١٥}. بۆیە نابێت بە جۆری کلاسیکی، سەیری دۆزی کوردستانی ئێستا بکەین، کە لەوە و پێش تەنیا خەباتی کوردستانی بەهۆی ئەو بایەخە جیوپۆلەتیکە، لە"بە کارت کردنی خەبات بۆ مەبەستی ئامانجەکانی ململانێیە هەرێمی و ئەجێندای نێودەوڵەتییەکانی کە لە ناوچەکە دەگوزەرێن. "{د. کامەران مەنتک(٢٠٢٢)/ کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا .....، بەرگی دووەم ، ل ١٧}، بە و لاوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ نە ماوەتەوە و ئێستاش لە گەڕێکی دیکەی ململانێدا، هەڵدەدرێت بۆ ئەو تورکیا وڵاتیکی گرنگە بۆ ئۆڕپییەکان .ئامانجە ئاراستە بکرێت ئۆراسییەکان، شۆڕشی چەکداری بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانیش بەرەنگاری ئەو دەوڵەتە فاشیستەی بووەتەوە، کە

گەورەترین ئاڵنگەرایی لە سەدەی بیستی ڕابردوودا ، چیان بۆ کرا ئەنجامیان دا. وەک ئۆردوگان لە تەمموزی ٢٠٠٥ بە دە ڕۆشنبیرانی تورکی ڕاگەیاندبوو کە ئۆرهان دۆغانیشی تێدا بووە "پرسی کورد پرسی هەموو تورکیایە".{ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ هەمان سەرچاوە، ل٤٣}،بەڵام ئەردۆغان نەیتوانی ڕاستییەکان بشارێتەوە، ئەوەتا لە ساڵی ٢٠٠٦بە جەنگیز چان داری گوتبوو " هەڵەم کرد نەدەبوو ئەو وتارە بدەم" { ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ ٢٠٠٥- ٢٠١٥دیدارەکانی تورکیا–پەکەکە(ئۆپەراسیۆندژ بە چارەسەری پرسی کورد، ل ٤٥}، جارێکی دیکە وەک خۆی گۆ تەنی ، هەڵەکانی دەوڵەتی تورکیای دووبارە کردووە. بەڵام ئەجێندای تاوانەکانی هەوڵی پاکتاوکردن، گەلی کوردیان پێ بەرجەستە نەکرا، بە پێچەوانەوە،یەکەم فیشەکی ڕاگەیانی شۆڕشی ١٤ی ئاب(جاڕدانی شۆڕش لەباکووری کوردستان) نەک بە تەنیا ئاراستە سوپای داگیرکەری تورکیاو دەوڵەت کرایەوە، بەڵکوو، ئاراستە هزرو ئامانجەکانی لۆزان چییەکان لەکاتێکدا زیهنیەتی فاشیستی تورک بە هاوکاری ناتۆ، .بوو هەموو هیوایەکی بۆ بەیەکەوە ژیانی لەتورکیا لەناوبردوو. لەگەڵ ئەوەش دەوڵەتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا هەر لەژێر فشار دا بوو، بۆ ئەوەی شەڕی نەرمیش(سۆفت پاوەر)یش بەکار بهێنێ وەک ئۆپەراسیۆنێک بۆ هەمان مەبەستی لۆزانچیەت، کە سەرکردایەتی پەکەکەی بە هۆشیارییەوە دەستی بۆ بردو ئەو ئۆپەراسیۆنەشی بە هەمان جۆری چەکی بەکارهاتووی لۆزانچییەکان (سۆفت پاوەر) بەرەنگار بووەوە. تورکیا بەناوی چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کوردستان، لە ١٩٩٣ تاوەکوو

**٢٠١٥ سەرانی پەکەکەی ڕاکێشاوەتە ناو ئەو پرۆسەیە، کە لەلایەنی تورکی ئۆپراسیونەکی سیاسی ئەمنی بووە بۆ سەرقاڵکردن وپاکتاوکردنی جووڵانەوەیت کوردایەتی بووە و لەلای پەکەکەکەش بۆ چارەسەری ئاشتیانە ئەنجام دەدرا لەراستیدا ئەو هەنگاوەی تورکیا بۆ هەر مەبەستێک بێت، ئەوا . دوو ڕوویی ئەو دەوڵەتە نیشان دەدات،دان نانە بەو ڕاستییەی کە دۆزی کوردستان نەک هەر بوونی هەیە لە باکووری کوردستان، هەر بۆیە تورکیا، پێ داگری کردووە لەسەر نهێنی بەڕێوە چوونی لەبەر ئەوەی پەکەکەی بە تیرۆر دەزانی، لە هەمان کاتدا** دەچێت دانوستان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لەگەڵیدا دەکا. ئەوجا لە ڕاگەیاندنەکانیدا مۆبایلەزەکردنی(تعبئة) جەماوەری تورک دەکرد کە تا دوا نەفەریان شەڕی (تیرۆر) دەکەن"{ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ ٢٠٠٥ ــ ٢٠١٥-دیدارەکانی تورکیاــپەکەکە -(ئۆپەراسیۆنی دژ بە چارەسەری پرسی کورد، ل١٥}. جگە لە لایەنی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا ، ئەوا لایەنی سێیەمی دیار، کە هەندێکیان سەرۆک وەزیرانی پێشووی وڵاتی نەرویج و فینلاند و ئەندامانی بەرلەمانی ئینگلیز و سەرۆک کۆماری عێراق(جەلال تاڵەبانی بوون. ئەوجا لەدوای هەوڵەکانی تورکوت ئۆزالی سەرۆک کۆماری تورکیای ئەوسای.

لەسەرەتای ١٩٩٣ یەکەم هەوڵ درا لەلایەن تورکت ئۆزالی سەرۆک کۆماری ئەوسای تورکیا، بەڵام لەفەزای شۆڤینیەتی تورکیای فەرمی وملليدا، نەک تورکت ئۆزال هەنگاوی ئەوتۆی

بۆ ئاشتیی پێ نەهاوێژرا ، بەڵکوو سەری خۆی لەسەر ئەو سەرکێشەیەی لۆزانچییەکان دانا. پاشان پۆلاند ئەجەوید سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەپایزی ١٩٩٧ چەند گەڕێک لەو دانوستانانەی ئەنجام دا لەزیندانەکەی بۆرسای تورکیا لەڕێگەی سەبری ئۆک وموزەفەر ئایاتا، کە یەکێ لەزیندانییەکانی ئەو زیندانە بوون بە بیست ساڵ سزا درابوو، کە " هەردووکیان ئەندامی لەبەڕێوەبەرانی پەکەکەن و لەهەمان کاتدا بەرپرسیار و وتەبێژی هەموو زیندانیانی پەکەکەن لەزیندانەکانی تورکیادا. دیدارەکان سەرەتا لەڕێی پارێزەرێکەوەیە وبە ناوەڕۆکێکی سیاسی دیدارەکە و پەیامەکە بۆ پەکەکە نێردراوەو لەلایەن شاندێکی دەوڵەتی تورکیا کە تیادا هاتبوو "ئێوە ناتوانن شکست بە سوپای تورکیا بهێنن ولێرە دەرمان پەڕینن، ئێمەش ناتوانیین شکست بە هێزەکانی پەکەکە بێنین. ئەو خاڵەی کە پێیێ گەیشتین ئەوەیە، کە مەسەلەکان بە رێگەی دانوستان بە رێبازی سیاسیی و دیموکراتیانە چارەسەری ئاشتیانە بدۆزینەوە"{ ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢}. سەرەتای ١٩٩٣ یەکەم هەوڵ لە لایەن تورکت ئۆزالی سەرۆک کۆماری ئەوسای تورکیا، درا، بەڵام لە فەزای شۆڤینیەتی تورکیای فەرمی و میللیدا، نەک تورکت ئۆزال هەنگاوی ئەوتۆی بۆ ئاشتیی پێ نەهاوێژرا بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکوو سەری خۆشی لەسەر ئەو سەرکێشەیەی لۆزان چییەکدان دانا. پاشان پۆلاند ئەجەوید سەرۆک وەزیرانی تورکیای ئەوسا، لەپاییزی ١٩٩٧ چەند گەڕێک لەو دانوستانانەی ئەنجام دا لەرێگەی زیندانەکەی

بۆرسای تورکیا لەڕێگەی سەبری ئۆک موزەفەر ئایاتا، کە دوو کەس لەزیندانییەکانی ئەودەوڵەتە بەبیست ساڵ سزا درابوون، کە "هەردووکیان ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی پەکەکە بوون و لەهەمان کاتدا، گوتەبێژی هەموو زیندانیانییەکانی پەکەکەن لەزیندانەکانی تورکیادا. دیدارەکان سەرەتا لەڕێی پارێزەرێکەیەوە و بە ناوەڕۆکێکی سیاسی دیدارەکە و پەیامەکەی بۆ بەڕێوەبەرانی پەکەکە نێر دراو لەلایەن شاندێکی دەوڵەتی تورکیا کە تێدا هاتبوو " ئێوە ناتوانن شکست بە سوپای تورکیا بهێنن و لێرە( کوردستان) دەرمان پەڕێنن، ئێمەش ناتوانیین شکست بە هێزەکانی پەکەکە بهێنین بە رێگەی هێزەوە . ئەو خاڵەی کە پێی گەیشتین ئەوەیە، کە"مەسەلەکان بەڕێگەی دانوستان بەڕێبازی سیاسیی ودیموکراتیانە چارەسەری ئاشتیانە دەدۆزێتەوە"{ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢}. ئەوەی دوای چەند جار لە دیدار گەیشتنە رێککەوتن، " سەرەتا لێبوردنێکی گشتی دەردەکەن وزیندانییە نەخۆشەکان ئازاد دەکەن ودان بە هەندێ مافی کەلتووری دەنێن و پاشان گفتوگۆ لەسەر داوا سیاسییەکان دەکەین".{ئامەد د یجلە(٢٠٢٢)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤}. ئەو دیدارانە بەردەوام بوو (یەکی ئەیلول کە رۆژی ئاشتی جیهانییە ساڵی ١٩٩٨ ئەو دیدارانە حەوت جار ئەنجامدران، ئاگربەست لەلایەن پەکەکە راگەیەنرا، هەر دوای ئەو ئاگربەستە پەیوەندی ودیدارەکان راگیران و سوپاسالاری تورکیای ئەوسا(١٩٩٨) ئاتێال ئاتەش، لە ١٦ی ئەیلول ئەو ساڵەدا، واتە تەنیا ١٥ رۆژ دوای

ئاگربەستی راگەینراوی پەکەکە، هەروەها سلێمان دیمرێلی سەرۆک کۆماری ئەوسای تورکیا رایانگەیاند " دەبێ ئۆجەلان لە سوریا دەرکرێ، ئەگەر نا شەڕ دژی سوریا رادەگەیەنرێ."{ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٧٦}. دوای چل رۆژ لەو لێدوانەدا (نۆی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨) ئۆجەلان سوریای بەجێ هێشت تا لە ١٥شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە کینیا دیل کرا ، برایە ئیمرالی.

پەکەکە لەماوەی ١٩٩٣ تاوەکوو ئەیلولی ١٩٩٨، لەزۆر لێدوان و بۆنەدا ئامادەیی خۆی نیشان دابوو بۆ ئاگربەست و دیالۆک لەپێناو چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کوردستان، بەڵام دەوڵەت هەر هەوڵەکانی پاکتاوکردنی گرتبووە بەرو ئەوەندەی بە ناو دانوستانیشی دەکرد، هەر مەبەستی سەرقاڵکردنی پەکەکە بوو بۆ لەناوبردنیان . بە گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان تاوەکوو یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٤ ، کە دەکاتە ٥ ساڵ، پەکەکە ئاگربەستی یەکلایەنەی پەیڕەو کردوو ، لەسەر داخوازی ئۆجەلان هەوڵیان دا گەریلاکان ببنە دەرەوەی باکووری کوردستانو تورکیا. دەوڵەتیش هەموو تواناکانی دەخستە گەڕ بۆ گورزوەشاندن لەو هێزە سیاسی وچەکداریەی ئەو حزبە.هەموو دەم ئەوەی پرنسیپەی پەیڕەو کردووە " ئەگەر شەڕ نەبێ دۆزەکە نییە"، لە کاتی توانایشیدا تەنیا زمانی چەک چارەیە و وەک سوپای تورک دەڵی "تا دوا کەسمان شەڕیان دەکەین"

لەیەکی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەست بە خەباتی چەکداری کرایەوە،کە پەکەکە بە دووەم جاڕدانی شەڕ دەناسێنێ(دوای ١٤ی تەباخ) ، ئەو جاڕدانە سەرلە نوێیە هەندێ ناوەندی تورکی ترساند و هەر زوو هەوڵی سەرلەنودانوستانیان کرد ، کە بەشێکی لە ناوخۆی تورکیا بوو ( لە رێگەی سەبری ئۆک و رۆشنبیرانی تورک و لێپرسراوانی کادەک – کۆنگرەی ئازادی ودیموکراتی کوردستان بەشدار بوون ). بەڵام هەر وەک ساڵانی نەوەتەکان بەبێ ئاکام مایەوە . ئەو جارە لە ٢٠٠٥ _ ٢٠١٥ ، چەندین دانیشتن لە دەرەوەش ئەنجام دراو. هەرکە ئەکەپە لە ساڵی ٢٠٠٢ هاتە دەسەڵات هەوڵی دا دانوستان بەکار بهێنێ بۆ جێ پێقایمکردنی دەسەڵاتی خۆیی و ئۆپراسیون کردن بە ناوە دژ بە پەکەکە، بەکاری هێنا وەک دەگوترێ"دانیشتن لە پێناو چارەسەری بۆ قوڵکردنەوەی ناچارەسەرییەکان"، ننیشاندانی تورکیا کە دەوڵەتێکی هەم دیموکراسیەو هەمیش بەدوای چارەسەری پرسی کورد دەگەڕێ. ئەوەتا لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ و لەجنێڤی سویسرا کە لە لایەن یەکێتی ئەورپاو نەتەوە یەکگرتووەکان وئەمریکەو بوریتانیا پشتیوانی لێ دەکرا، چەندین کەسایەتی پایەبڵندی ئۆرپی و باڵادەستی پەکەکە ،کە لە قەندیلەوە هاتنە ئۆرپای لەگەڵ شاندی تورکی پایەبەرز دانیشتن و هەر دەرئەنجامەکەی وەک جاران مایەوە. دەرفەتی گەورە هاتە پێش و جموجۆلی زۆر ئەنجام درا، بێ ئەوەی پەکەکە هیچ ئیستفزازێکی تورک بکا. تەنیا سەرقالکردنی دامودەزگاکانی تورک و هێزەکانی پەکەکە بوو. ئەردوگان لە لە ٢٠٠٧،

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە پێش بوو، لە ٢٠١٤ بە هەمان شێوە هەلبژاردن و هەموارکردنی دەستوری لە بەرلەمانییەوە بۆ سەرۆک کۆماری لە پێش بوو. هەوڵی بەکار هێنانی دانوستانی دا بۆ مەرامەکانی دەوڵەتی تورکیا. تاوەکوو لەپێنجی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، بۆشی کوڕو ئەردوگان بە یەکەوە لە واشنتۆن دانیشتن ودەستی ئۆردوگانی کردە لە لێدانی هێزەکانی پەکەکە وشەوی ١٦ی ک١ ٢٠٠٧ ، دەیان فرۆکەی ئیف ١٦بۆردومانی قەندیلیان کرد . "ئەمریکەش پشتیوانی تورکیای بۆ بەهاری عارەبی پێویست بوو "{ ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٤}. هەتا ئێستاش ئەو رێککەوتنە لە نێوانیان، بەردەوامە.

سەرکردایەتی پەکەکەش بەهوشیارییەوە ئەو هەوڵانەی تورکیان وەر گرتووە، ئومێدی نەبووە بەچارەسەریکردنی دەولەت ودەیویست ئەوە نیشان بدات کە پەکەکە نیاز باشی هەیە بۆ چارەسەری سیاسی ودیموکراتیک، کاتێ ئەمرە تانەر، راوێژکاری میت، بەدەنگی بەرز بە سەبری ئۆکی گووتی وەک باگوردان لەسەر سنورەکان پانتان دەکەینەوە ، شاندی پەکەکە لەوە گەیشت لەو نزیکانە ئۆپراسۆنەکی سەربازی تورکی بەڕێوەدەچێ. ئامادەباشی خۆیان بۆ وەرگرت، یان یاشار بویوک بایت سوپا سالاری تورک رایگەیاند پەکەکە دەکەینە ژورێکی بی بی گی (یانی هەمووی دەکەینە کامیرای چاودێری) " لە هەمان کاتدا بۆ دونیایان سەلمان کە بەدوای ئاشتی و گفتو گۆی سیاسی و دیالۆک دەگەڕین وعاشقی چەک نین. ئەوەی

چارەسەری ناخوازێ دەوڵەتی تورکە نەک پەکەکە. پەکەکە ئاگربەست رادەگەیەنی دەوڵەت نایکاتە بناغەیەکی چارەسەری.

## سەرچاوەکان:

_ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١) / رەخنە لە عەقڵی سیاسی کوردی – خەیاڵدان وقەڵەمڕەوی خێڵ/چاپی یەکەم – چاپخانەی کارۆ.

_ دیڤید مەکداول (٢٠٠٥) / مێژووی هاوچەرخی کورد / ئەبوبەکر خۆشناو کردویەتی بە کوردی /چاپی دووەم/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولیر.

_وریا رەحمانی (٢٠٠٩) / کوردستان وکورد لەروانگەی نەخشەوانیەوە/ چاپی یەکەم / چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر. _ پارێزەر سامی مامەسێنی (٢٠٢٣) / دیپلۆماسیەتی کورد – شیکردنەوەیەکی مێژووی، سیاسی، یاساییە/ نوسینگەی تەفسیر/ چاپی یەکەم – هەولێر.

_ محمد هاوار رسول (٢٠٠٦) / کوردو باکووری کوردستان – لە سەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی / بەرگی یەکەم – هەتا کۆتایی شەڕی یەکەم-چاپی دووەم – ناوەندی چاپەمەنی وراگەیاندنی خاک.

_ نەوشێروان مەستەفا ئەمین (٢٠٠٥). کوردو عەجەم – مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران/سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان / سلێمانی.

_ کۆتایی سایکس پیکۆ (٢٠١٤) /هزری بونیاتنان – کتێبی دووەم لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان چاپی یەکەم – چاپخانەی موکری / هەولێر.

_شێرزاد نەجاڕ (٢٠٢١) / چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە/ چاپی یەکەم / زنجیرە کتێبی گۆڤاری گوڵان ١٩ .

_ برهان أبابكر ياسين (٢٠٠٢) / كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧/ ت. هوراس – الطبعة الاولى – مطبعة هاوار – كوردستان – دهوك.

_ كريس كۆچرا (٢٠٠٣) / مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا / وەرگێرانی حەمە کریم عارف/ چاپی یەکەم – هەولێر

_ روبرت اولسن (٢٠٠١) /المسألة الكردية في العلاقات التركية _الايرانية _ ترجمة د محمد أحسان / الطبعة الاولى _ دار ئاراس – أربيل.

_ م.س. لازاريف (٢٠١٣) / المسألة الكردية ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د. عبدي حاجي الطبعة الثانية/ دار ئاراس للطباعة والنشر/ أربيل.

_ مێهڤان محمد حسين رشيد البامەرنی (٢٠٠٨) /سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان العراق١٩٤٥_١٩٦٨- دراسة تاريخية تحليلية/ مطبعة خانی – دهوک/ مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر.

_ نەوشيروان مصطفى (٢٠٠٠) / عصر القلم والمراجعات – ١٩٢٨_/١٩٣١

ترجمة / حمه صالح گلالی/ الطبعة الاولى – مطبعة خاک- سليمانية.

_ كريس كۆچرا/ (٢٠٠٣) / مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا / وەرگێرانی حەمە کریم عارف/ چاپی یەکەم – هەولێر.

_ دکتۆر ئەفراسیا هەورامی- وەرگێران وئامادەکردنی / (٢٠٠٦) / کورد لەئەرشیفی رووسیاو سۆڤیەت دا/ پێداچوونەوەی کوردییەکەی: مستەفا غەفوور/ چاپی یەکەم- چاپخانەیی پەروەردە / دەزگای تۆژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریان. هەولێر.

_ کەمال نوری مەعروف () مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بەکەمالییەکانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی تورکییەکاندا / بەرگی دووەم.

_ جليل جليلی والاخرون (١٩٩٢) / الحركة الكردية في عصر الحديث/ بيروت دار الرازي.

_ حسین مەدەنی (نییە) کوردستان وستراتیژیەتی دەوڵەتان/ بەرگی دووەم – لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات / هەولێر.

_ رشيد كريم خان عقراوى (٢٠٠٥) / الطريق الى دولة كردية – دراسة تحليلية نقدية آراء – محاولات - تحديات_ افاق / مطبعة زانا- دهۆک.

**_ برهان أبابكر ياسين (٢٠٠٢) / كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧/ ت. هوراس – الطبعة الاولى – مطبعة هاوار – كوردستان – دهوک ...... ص ٦٢}،**

**_ كريس كۆچرا (٢٠٠٣) / مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا / وەرگێرانی حەمە کریم عارف/ چاپی یەکەم – هەولێر**

**_ روبرت اولسن (٢٠٠١) /المسألة الكردية في العلاقات التركية _الايرانية _ ترجمة د محمد أحسان / الطبعة الاولى _ دار ئاراس – أربيل.**

**_ م.س. لازاريف (٢٠١٣) / المسألة الكردية ١٩١٧_١٩٢٣ / ترجمة د. عبدي حاجي الطبعة الثانية/ دار ئاراس للطباعة والنشر/ أربيل.**

**_ مێهڤان محمد حسين رشيد البامەرنی (٢٠٠٨) /سياسة الاتحاد السوڤيتى تجاه الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان العراق١٩٤٥_١٩٦٨- دراسة تاريخية تحليلية/ مطبعة خانى – دهوک/ مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر.**

**_ نەوشيروان مصطفى (٢٠٠٠) / عصر القلم والمراجعات ١٩٢٨_١٩٣١/ ترجمة محمد صالح گلالي/ طبعة الاولى / مطبعة خاک- سليمانية.**

**_ دکتۆر ئەفراسیا هەورامی- وەرگێران وئامادەکردنی / (٢٠٠٦) / کورد لەئەرشیفی رووسیاو سۆڤیەت دا/ پێداچوونەوەی کوردییەکەی: مستەفا غەفوور/ چاپی یەکەم- چاپخانەیی پەروەردە / دەزگای تۆژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریان. هەولێر.**

_ کەمال نوری مەعروف () مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بەکەمالییەکانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی تورکییەکاندا / بەرگی دووەم.

_ ئامەد دیجلە(٢٠٢٢)/ ٢٠٠٥- ٢٠١٥دیدارەکانی تورکیا– پەکەکە(ئۆپەراسیۆندژ بە چارەسەری پرسی کورد.

_ جليل جليلي والاخرون (١٩٩٢) / الحركة الكردية في عصر الحديث/ بيروت دار الرازي.

_ حسین مەدەنی () کوردستان وستراتیژیەتی دەوڵەتان/ بەرگی دووەم – لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر.

_ رشيد كريم خان عقراوى (٢٠٠٥) / الطريق الى دولة كردية – دراسة تحليلية نقدية آراء – محاولات - تحديات_ افاق / مطبعة زانا- دهۆک.

_ ميهڤان محمد حسين رشيد البامرني (٢٠٠٨) / سياسة الاتحاد السوڤيتي تجاه الحركة الكردية التحررية

_کەمال نوری مەعروف () مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بەکەمالییەکانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی تورکییەکاندا / بەرگی دووەم..ل١١٢_١١٣+ یاداشتەکانی شێخ لەتیف ی حەفید : لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید

_ د. عوسمان عەلی میران بەگ (٢٠٠٩) / کوردو سیستەمی نێودەوڵەتی/

_ محمد سألح ئاکرەیی (٢٠٠٧) / کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

_ د. وليد حاميد (١٩٩١) / الكورد وكوردستان في الوثائق اللبريطانية ....

**_ د. کەماڵ مەزهەر ئەحمەد (٢٠٠٩) (کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی/بەرگی یەکەم چاپی دووەم/ ئامادەکردنی عەبدولا زەنگەنە وشەهلا حەیدری.**

_ ویکیپیدیا **بە عەرەببی**

**جۆرج کیریک (١٩٩٠) / الشرق الأوسط في اعقاب الحرب العالمية الثانية/ ت. سليم طه التكريتى وبرهان عبد التكريتي /الطبحة الاولى / الجزءالاول**

**_ رۆبرت اولسن (٢٠٠١) / المسألة الكردية في العلاقات التركية الايرانية – ت / محمد احسان**

**_ د. عومەر نورەدینی (٢٠٠٣). سیستەمی نوێی جیهانی ودۆزی کوردستان ......_**

**_ د. کۆنیتەر دیشنەر (١٩٩٩) / کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراوی / وەرگێرانی – حەمە کەریم عارف / هەولێر**

**/ چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.**

**_ د. ممدوح مصطفى (١٩٩٧) / سياسات التحالف الدولي _مكتبه المدبلولى / القاهرة**

**_ د. محمد منذر (٢٠٠٢) / مباديء في علم العلاقات الدولية من النظريات الى العولمة / الطبعة الاولى_ بيروت.**

**_ د. کامەران مەنتک (٢٠٢٢) / کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا – کوردستان لە پرۆژەی ئۆراسیادا / بەرگی دووەم /چاپی یەکەم – چاپخانەی کارۆ- سلێمانی**

_ __فرست مرعي (٢٠٢٠) / الامير كاميران بەدرخان مهندس العلاقات الكردية _اليهودية / جزء الثاني / حوار المتمدن العدد ٥٦٦١_ ١٢/٥/ ٢٠٢٠}

_ فرست مرعي (٢٠٢٠) / الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية/ ج ٧ / الحوار المتمدن - ٦٥٧٢/ ٢٤/٥/٢٠٢٠

_ فرست مرعي (٢٠٢٠) / الامير كاميران بدرخان مهندس العلاقات الكردية اليهودية/ ج٨/الحوار المتمدن - ٦٥٧٣/ ٢٤/٥/٢٠٢٠

_ جۆناسان ڕاندال (١٩٩٧) / امة في الشقاق / ت- بدر العقيلي

_ أحمد سعيد نوفل (١٩٩٥) / اسرائيل وتفتيت الوطن العربي

_ ڕۆژنامەی داڤاری ئیسرائیلی لە٢٩ی ئۆكتۆبەری ١٩٧٥

_عبدالله الحسن (١٩٩٥) / الاقليات في الواقح الحربي – الاندماج اوتجزئة / دار مشرق المغربي / مغرب

__ أيوب بارزانى /الحركة التحررية الكردية و ........ / ت٤/جزء ١/

_ شلۆمۆ كديمون (١٩٩٧) / الموساد في العراق والدول المجاورة / ترجمه بدر العقيلي/ دارالجليل

## بەشی شەشەم:

_پێشەکی

_مانای دیپلۆماسیەتی پارادیپلۆماسی و
_پرۆتۆدیبلۆماسی.مەرامەکانی کە ئەو دوو جۆرە شێوازە
دیپلۆماسیەتە لەسەری بەڕێوەدەچێ.

_گەشەکردن و برەدانی دیپلۆماسیەت لەسەر ئاستی دنیا.

_کاریگەری دەستوور ویاسا بۆ ئەنجامدانی پاراو پرۆ
دیپلۆماسی.

# پێشەکی

دیاردەی دیپلۆماسیەتی هاوتەریب (Para diplomacy) و دیپلۆماسیەتی بیناکردنی دەوڵەت (Proto diplomacy)، دوو چەمکن تەواوکەرو هەماهەنگ وهاوتەریبی دیپلۆماسیەتی فەرمی دەوڵەتن لەبواری کاروباری دەرەوەدا لە ئەدەبیاتی زانستی دیپلۆماسیەت و سیاسەتی دەرەوەدا، تازە بابەتە، بەتایبەتی لەساڵی ١٩٦١ یەکەم کەس ئەو ناوەو چەمکەی بەکارهێنا مێژوونووسی بەریتانی رۆهان باتلەر Rohan Butler بوو ، بەڵام سەرەتا وەک " توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بە بەشداری حکومەتەکانی بێ دەوڵەت "لەسیاساتی دەرەوەدا لەلایەن Ronald Atkey (1971) Levy و لەدوای ناوەڕاستی هەشتاکانی(1984) Thomas Levy (1973 ) سەدەی رابردوو بەو ستایلەیە سەریهەڵدا، کاتێ ( IVO D. Duchachek)"، {إيناس عبد السادة علي (٢٠٢٠) البارادبلوماسي: لمحة تعريفية موجزة"/ رسالة دكتوراه من جامعة بغداد ،ص٧} دیراسەتی سیستەمی فیدرالیەت وسیاسەتی بەراوردکردی دەکرد بۆ هەرێمەکانی کەنداو ئەمریکای باکوور "بۆ وەسفکردنی چالاکییە دەرەکییەکانی ئەو هەرێمانە وئەو حکومەتانەی لەئەمریکای باکوور بەڕێوە دەچوو. وشەی( Para)ی بۆ( Diplomacy) زیاد کرد" {Stephaney Piquing(2020)/ Para diplomacy,page1} بۆ "گوزارشتکردن لەو چالاکییانەی حکومەتە فیدرالییەکان لاوەکی کە لەئاست و بواری جودا بەڕێوە دەچوو لەگەڵ چالاکییەکانی وڵاتانی بیانیدا" (Ibid., p1. ، هەر لەدوای کۆتایهاتنی شەڕی ساردو خۆشبوونی رۆڵی سیستەمی فیدرالیزم لەجیهاندا، تیوری پارادیپلۆماسی بە دینامیکیەتی خێرا لەزۆر رووی جودا، لەوانە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتە و برەو دان بە بەشداری حکومەتە لامەرکەزییەکان لەگۆڕەپانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و گۆڕینی شکڵبەندی فیدرالیزمی کۆن بە هی تازەو، گەشەی کردوو ڕەوشی دەرەکی

لەگۆڕینی چەمکی سەروەری وئەرکەکانی دەوڵەت و جیهانگەرایی و لیبرالیزمی تازە وسیستەمی فیدرالیزم و لامەرکەزیەت وهەرێمە بچوکەکان Micro-Regionalism،بەشداریان لەپەیوەندییە گشتی و نێودەوڵەتییەکان بە زەخمێکی تازە، لەدونیادا گەشەی کرد .پانیاتۆس سۆلدات Panayiotis Seldates، کە یەکەم پێناسەی بۆ ئەو چەمکە تازەیە دارشت بەو شێوەیە "چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی کە کاراکتەرەکانی ئەو حکومەتە لامەرکەزیانەی بەڕێوەی دەبەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەدەرەوەی ئەو دەوڵاتانەی کە لەگەڵیان دەژین "{ایناس عبد السادة علي(٢٠٢٠) / اطروحة دکتوراه /" البارادبلوماسي: لمحة تعريفية موجزة" ,ص٨} نۆی کۆرناگۆ( Corn ago Noe)بەشداری حکومەتە لامەرکەزیەکان لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان لەرێگەی پەیوەندی راستەوخۆ وناڕاستەوخۆی بەردەوام و کاتی لەگەڵ گەلان ودەوڵەتانی بیانی بۆ ئامانجی سیسیۆلۆژی وئیکۆنۆمی ورۆشنبیری و یاخۆد هەر رەهەندێکی دیکەی دەرەکی " {Ibid ……P8} کە ئێستا ٤٠٪ دانیشتوانی دونیا ئەو سیستەمە بەکار دەهێنن، کاتێ بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی،لەگەشکردن و برەودان دایە، مەزەندە دەکرێ رۆژ بەدوای رۆژ ئەو وەرچەرخانە لەدیپلۆماسیەتی هاوتەریب (سەرەتا) بۆ دیپلۆماسیەتی بیناکردنی دەوڵەت، کشت ترو بەگوڕتر بەڕێوە دەچێ لەلایەن ئەو قەوارە سیاسیانەی کە نیمچە دەوڵەتن Sub state وەک" کوردستان ، کەتەلۆنیا، باسک ، کیوبیک، فلاندرز، فەلەستین، ئوسسکتلاندا، ئیرلاندا ......"، چاودێران لەو بوارەدا مەزەندەی ئەوەی دەکەن هەم ئەم وەرچەرخانەو هەم ئەو هەموارکردنە لەلایەن وڵاتانی سەربەخۆی دونیا پتر لەئامێز بگیرێ، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتی و تەبایی لەدونیا بەتایبەت بۆ ئەو کێشانەی کە رەهەندی نەتەوەیی بەخۆ دەگرێ و ململانێ ئەتنییەکان بەڕێوە دەبا ، دۆزی کوردستانیش یەکێکە لەو دۆزانەی هەم نەتەوەییە و هەمیش هۆگری سەربەخۆیی وڵاتی خۆیانن، دوای ئەوەی لەسایەی گۆڕانکارییەکانەی کەبەسەر دونیا وهەرێمی رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا داهاتووە، دۆزی کوردستانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاوی تازەی هەڵهێناوە وتەکانی نوێی بەخۆداوە وجولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی لەرووی چەندایەتی وچۆنایەتی گەشەو نشونمای زۆرتری بەخۆیە دیوەو ئۆقرەی لەداگیرکەرانی کوردستان هەڵگرتووە، پێداویستی ئەوەی بۆ هاتۆتە پێش، کە لە"دیپلۆماسیەتی هاوتەریبی Para diplomacy"لە نێو چوارچێوەی سنووری سیاسی سەپێنراوەکانی سەری، راتەکاندنی سەرلەنویَ بەخۆ بدەن بۆ بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەتی سەربەخۆخوازی(بیناکردنی دەوڵەت) proto diplomacy ، کەچی عەقڵی سیاسی زاڵی ناو ئەو جولانەوەیە، بەهۆی دواکەوتنی لەبواری کۆمەڵایەتی و خراپ خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ ئەو ئەجیندا و ئەو روداوانەی کە لە ناوچەکە دەگوزەرێن و بە کوردستانیش تێپەڕ دەبن، لە ئاکامی زاڵبوونی سیاسی زهنیەتی فیودالیستی وباوەڕبوون بە سیستەمی حزبایەتی تەسک وەک فێرژنێکی بەرهەمهێنراوی تازەی خێڵەکی، موتربەکراو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەندێ لە داگیرکەران و وڵاتانی دەسترۆیشتووی دونیا، لەو بارە هەستیارە و پێویستەی رۆژگار، ئەو جولانەوەیە رزگاریخوازییە لەو بوارە دواکەوتووە، ئەوەندەی بەڕێوەشی دەبا، لەئاستی پێویست ئەنجامی ناداو، بە قەد قەوارەو بارستایی دۆزەکە لەخۆ ناگرێ، کە زۆر جار نەک هەر خراپ بەسەر خۆدی حزبایەتی، بەڵکوو بەسەر تەواوی دۆزەکە شکاوەتەوەو دەشکێتەوە و نەیارانی سەربەخۆخوازی کوردستانیش ئەو مومارەساتە دواکەوتووە نەگونجاوە لەگەڵ جولانەوەی مێژووکردی بابەتیانەی کوردستان کە بە جۆری خۆی هێشتێتەوە، دەقۆزنەوەو دەیکەنە بەشێک لەقەبوڵ نەبوونی وبارگرانی بەسەر دۆزەکە لەسەر ئاستی دونیا، نەک لەروانگەی ماهیەتی رابەرایەتیکردن و پێکهاتە وبونیادی جولانەکەوە، لێکی بدەنەوە، لەگەڵ ئەوەش، بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە و ئامادەیی دیپلۆماسیەتی Sub state نیمچە دەوڵەتییەکانی دیکەی دونیا Micro_Rgionalism، گرنگیدان بەو دۆزانەی کە رەهەندی

ناوخۆیی هەیە لەدونیادا **Intermestic Issues** و زیادبوونی ئاراستەی لامەرکەزیەت **Decentralization** بە هەستی نەتەوەیی لەنێو جولانەوەی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی کە باراستایی و ئەکتیڤی خۆی هەیە لەدونیادا، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانی بواری چارەی خۆنوسین و دژایەتی ئەتنیکی و کۆلۆنیالیزمی و جاڕدانی مافی مرۆڤ ، کە دەرفەت دەدەن ئەو دیپلۆماسیەتە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوانەی دەخوازن دیپلۆماسیەتی بیناکردنی قەوارەی کوردستانی" **Proto diplomacy**" بەڕێوە دەبەن، کەلەنی دەرگایان لە جاران پتر بە سەر پشتدا واڵا دەکەنەوە. هێندەی پرۆسەی دیپلۆماسیەتی کوردستانی بەڕێوە چووە لەچوارچێوەی "دیپلۆماسیەتی تەریبی **Para diplomacy**" نێو ئەو قەوارە سیاسیانەی کە بە زۆر کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بەفلتەری فەلسەفەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا دا ڕەت بووە یاخۆد سنووری ئەو فەلسەفەیان نەبەزاندوە، وەک کەمە نەتەوەییەکی نێو ئەو چوارچێوە سیاسیانەدا بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی تەسک وماڵباتیدا ئەنجامدراوە، بێ ئەوەی درک بە پێداویستی بەڕێوەبردنی بکەن ،لەهەمان کاتدا بۆ دیپلۆماسیەتی نیشتیمانی کوردستانی، بۆ ناساندنی دۆزەکە وەک نیشتیمانێکی داگیرودابەشکراوی خاوەن پرۆژەیەکی رزگاریخوازی نیشتیمانی ودیموکراسی وئاشتیخوازیدا.

## مانای دیپلۆماسیەتی پارادیپلۆماسی و پرۆتۆدیپلۆماسی

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەم جۆرە دیپلۆماسیەتە ،رەوایی زۆری پەیدا کردوە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پشتی بەستووە بە بانگەشەکانی سیستەمی جیهانی نوێ لە بڕیارەکانی نێودەوڵەتی لە بواری مافی چارەی خۆنوسین و ئازادییەکان ومافی مرۆڤ ، برەوی پێ

دراو ،ئەگەر چی ٤٠ ساڵ بەسەر باو بوونی ئەو دیپلۆماسیەتە دا رەت دەبێ، هێشتا ئەکادیمیست وزانایانی بواری دیپلۆماسی وسیاسەتی دەرەوە ،" لەسەر پێناسەیەکی دیارکراو لەسەر ئەو دوو دیپلۆماسیەتە یەکانگیر نین"{ Stéphane Paquin(2020)/Paradiplomacy …….P1 } و هەندێک بە دیپلۆماسیەتی سەربەخۆ وهەندێکیش وای بۆ دەچن کە ناکرێ بە دابەشکراوەیی سەیر بکرێ لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی خوار نیشتیمانی Subnationalکە لەناو یەک چوارچێوەی سیاسیدان "{P5..Ibid….. …/2020 Stéphane Paquin} بە تێکەڵاو و هاوبەشی دادەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆی ئەو پێناسەو تاریفانەدا،"باس لەو چاڵاکییە دەرەکیانەی حکومەتەکانی لکێندراو و لاوەکی دەکەن کە جودا لەو دەوڵەتە مەرکەزیانە چاڵاکی دەرەکی بەڕێوە دەبەن لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کە بەدوای ئامانج وبەرژەوەندیەکانی میللەتەکەیاندا دەگەڕێن لە بوارە جیاجیاکاندا"{ Paradiplomacy: Scope, Opportunities and Challenges/ Stefan Wolff, University of Nottingham, p1} ، سەیرکردنی ئەو چالاکیانە وەک تەواوکەری سیاسەتی وڵات نەک جودایی وهەڕەشە ئامێز بۆ جودابوونەوە لەوڵات، هەروەها "ئەو چاڵاکییە دەرەکیانەی کە حکومەتەکانی ئاست دوو دوای حکومەتە سەربەخۆکان کە پێکرا لە ناو یەک قەوارەی سیاسی سەربەخۆن بەڕێوە دەبا بۆ هەڵسوڕاندنی بەرژەوەندە ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵاتی و سیاسییەکاندا بە رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی" {Dr. Yasin Mahmood Ababakar(2020) Iraqi Kurdistan Region: from paradiplomacy to protodiplomacy /.p3}

هەروەها سوڵداتش دەڵێ" ئەو چاڵاکییە سیاسیانەی کە نیمچە دەوڵەتەکان بە هەماهەنگی یاخۆد وەک تەواوکەر یان راستکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە دەوڵەتی مەرکەزی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

بەڕێوەی دەبا " {Dr. Yasin Mahmood Ababakr(2020)….Ibid…..P.4} ، هەندێکیش وای بۆ دەچن کە" ئەو چاڵاکییە دەرەکیانەی حکومەتە هەرێمییەکان بەڕێوە دەچن کە لەچوارچێوەی دەستوورو یاساکانی حکومەتی فیدراڵی دایە" { Dr. Yasin Mahmood Ababakr (2020)……Ibid….P.7}، " حکوماتی فەرعی کە لەچوارچێوەی نێودەوڵەتی چاڵاکی بەڕێوە دەبا بۆ ڕێکخستنەوەی بوارەکانی ئابووری وسیاسی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی وەک کاراکتەرێکی نێودەوڵەتی، کە بەپەرەگرتنێکی دیپلۆماسی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەژمێردرێ"{اندريه لوكور(٢٠٢٠)/المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية:دروس من العالم المتقدم ../ السياسة الدولية العدد ٤١مايس ٢٠٢٠،ص١٠٠} .دیپلۆماسیەتی هاوتەریب(پارادیپلۆماسی)، چاودێری ئەو چاڵاکییە نێودەوڵەتیانەی کە هەرێمەکان(نیمچە دەوڵەتەکان) پێویستیانە بەشێوەی کاتی یاخۆد بەردەوامی بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکانیان لەبواری سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی ، ......، لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا ، وەک ئەدائێکی وەزیفی و سیاسی ،یاخۆد "گوزارشتکردنە لە تواناکانی نیمچە دەوڵەتییەکان لەمومارەسەکردنی سیاسەتی دەرەکیدا لەبواری نێودەوڵەتی ،وەک مافێکی سروشتی و یاسایی ئەو سیاسەتانە ڕاستەوخۆ یاخۆد ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەچێ کە دەکرێ یەکانگیربێ یاخۆد تەواوکەری سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە هاوبەشانە بێ کە لەگەڵیان دەژین یاخۆد دژ بە سیاسەتە نزم و باڵاکانیان بێ "{ د.أيمن الدسوقي(٢٠٢١) / الدبلوماسية التاسيسية لاقاليم الساعية لانفصال..../السياسة الدولية –العدد٢٢٣-يناير - ٢٠٢١/ مجلد٥٦، ص٣٩} ، کە ئامانجی دابینکردنی مەرامە وەزیفی و سیاسییەکانیەتی ، یاخۆد مەبەست لەو دیپلۆماسیەتییە ئەوە دەگەیەنێ "ئیدارەکردنی کاروباری نێودەوڵەتی ئەو هەرێمە لەلایەن حکومەتێکی خۆجێی کە ئامانجی سیاسی و وەزیفی هەیە" { د.أيمن الدسوقي(٢٠٢١) / هەمان سەرچاوە ، ص٣٩ } و لەزۆربەشیان داخوازی سەربەخۆیی نیشتیمانیان

هەیە، ئەو کاتە ئەو جۆرە چاڵاکییە دیپلۆماسیانە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەکار دەبرێ بۆ ئەوەی ببێتە کاراکتەرێکی نێو دەوڵەتی لە داهاتوودا، وەک لە سۆماڵ لاندو باشووری سودان وکۆسۆڤۆ وتەیموری رۆژهەلات، ئەبخازیا وئەسیتیا/ لەجۆرجیا، فلاندرز/ بەلژیک /باڤاریا/ ئەڵمانیا وناکۆرنۆکەرەباغ لەئازەربایجان وبیابانی رۆژئاوا لەمەغریب ....... بەڕێوە چوو، یاخۆد ئەو چاڵاکییە ئەنجام دەدەری بۆ ئەوەی هەناسەیەک بێ لە دوورکەوتنەوە لەجوداخوازی وەک ئەوەی ڕووسیا لەگەڵ تەتەرستان وشیشانی بەڕێوەبرد بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها چینی میللی ئەنجامی دا و دەرفەتی دایە هەرێمی سینکیانجی چینی میللی کە زۆربەیان خۆ بەتورک زانی ئیۆگۆری دەزانن، هەندێک جار ناتوانێ پشتیوانی گەل بە تەواوی پەیدا کا و یاخۆد ئەوەی لەناوەخۆدا رێکی خستەوە ناتوانێ لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا گوزارشتی لێ بکا ، وەک کیوبیک و ئوسکتلەندا و کانیسکت _کالیفۆڕنیاو جولانەوەی تێکسیت_ تکساس،.....، { د.ایمن الدسوقي (۲۰۲۱) / الدبلوماسية التأسيسية للاقاليم الساعية للانفصال ، ص۳۹}.پارادیپلۆماسی زۆر جار رەهەندی نەتەوەیی خوازی هەیە وجەخت لەسەر تایبەتمەندییە نەتەوەیی زمان وکەلتوری نەتەوەیی دەکاتەوە، بێ ئەوەی داخوازی سەربەخۆیی هەبێ وەک "نمونەی ترانسنیستریا لەمۆلْداڤیا کە لەرێگەی پارادیپلۆماسیەتییەوە دەیەوێ دەسکەوت و مافی نەتەوەییەکانی فراوانتر بێ لەو وڵاتەدا"{ د. ایمن دسوقي(۲۰۲۱) / هەمان سەرچاوە ، ص٤٠}، هەر بۆیە هەندێک وای بۆ دەچن کە پارادیپلۆماسییە لەپێناو ناسنامە( Identity) کە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییە، لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ئەو دیپلۆماسیەتە هاوتەریبییە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا، کە لەپرۆتۆدیپلۆماسی جودایە، لەبەر ئەوەی خوازیاری سەربەخۆییی وجودابوونەوە نییە لەنێو ئەو چوارچێوە سیاسییەی کە تیادا دەژیت .

پرۆتۆدیپلۆماسی ( دیپلۆماسیەتی بیناکردنی دەوڵەت)، ئەمیش قۆناخێکە لە دیپلۆماسیەتی پارادیپلۆماسی،" خاوەن سەروەرییە Sovereign Para diplomacy ، لەساڵانی پێش جاڕدانی سەربەخۆیی پەیڕەو دەکرێ و تەفاعولاتی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی بۆ داننانی نێونەتەوەیی وپشتەوانی سیاسی بۆ دەوڵەتە خوار نەتەوەییە بەکار دەهێنێ بۆ بەقەوارە سیاسییەکەی بنرێ وسەربەخۆیی لێ بکەوێتەوە"{د.أيمن الدسوقي(٢٠٢١)/ الدبلوماسية التاسيسية للاقليم الساعية للانفصال ،ص ٣٩} و کە رەهەندی نەتەوەیی هەیەو خوازیاریەتی لە رێگەی چالاکیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کە بە ناوی پارادیپلۆماسی بەڕێوەی دەبا، پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خواستەکانی پەیدا بکاو تفاعول لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکا و ئەو تێکەڵی و پەیوەندی و هاوپەیمانانەی کە لە پێش جاڕدانی سەربەخۆی ئەنجامی داوە تەوزیفی بکا بۆ دوای سەربەخۆیی، داننان بەو سەربەخۆییە، ئەو پەیوەندی ومامەڵەکردنە بۆ خۆ سەلماندنە کە دەخوازێ پەیام بدا بۆ سەربەخۆی لەو وڵاتەی کەلەگەڵیدا دەژی بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی کە کاراکتەرێکی نێودەوڵەتی ئەکتیڤی جودا دەخوازێ وەک وڵاتێکی سەربەخۆ خاوەن سەروەری کە لە داهاتودا دەخوازێ رۆڵ ببینێ و بژیت.

## مەرامەکانی کە ئەو دوو جۆرە شێوازە دیپلۆماسیانەی لەسەری بەڕێوە دەچێ

ئەو دیپلۆماسیانەی کە لەو ئاست وبوارانەی کە گرنگی پێ دەدرێ جۆراو جۆرن ، فرە رەهەند و بەرفراوانن، لەسەرووی هەموویانیش ، کە زۆر جار داینەمۆکەییەتی ئەویش جولانەوەی نەتەوەیی ونیشتیمانی وناسنامەی جودای میللەتێکە لەوەی حکومەتی مەرکەزی دەریدەبڕی، کە هەوڵ دەدا کەسایەتی سیاسی پەرەپێدا، یانی ئیعتیباراتی سیاسی ئەو گرنگیانە هەڵدەسوڕێنێ، وەک هەرێمی باسکی فەڕەنسی و ئیسپانی سەر بە نەتەوەی ئۆسکادی( Euskadi) و کاتالۆنیای ئیسپانی و کیوبکی

ژێر دەستەی کەنداو فلاندرزی بەلژیکی و هەر چوارپارچەی کوردستان و تامیلی هیندستانی خواروو سریلانکا و هەردوو کشمیری هیندستان و پاکستان نەخشەڤان و ناکۆرنۆکەرەباغی ئازربێجان و بیابانی رۆژئاوا و سۆمالییەکانی ئەسیوبیاو جیبۆتی و کینیا و......، "هەر بۆیە هەوڵی بێ هودە دەدەن لەخۆشکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکییەکانیان و نێوان خۆیان بۆ ئەوەی لەکاتی جاڕدانی سەربەخۆیی وڵات پشتیوانی سیاسیان لێ بکەن و بە فەرمی بیان ناسن" {اندريه لوكور(٢٠٢٠) / المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية .../ ترجمة محمد كاظم الصالح و ايناس عبد السادة علي، ص ١٠١} ، ئەوەتا" کیوبیک گەورەترین نوێنەرایەتی لە پاریس هەیە لەگەڵ ٣٢ نوێنەری سیاسی لە ١٨ دەوڵەتدا تا ساڵی ٢٠١٩، کەتالۆنیا ٤ نوێنەرایەتی لە فەڕەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیاو بەلژیک هەیە ، کیوبیک ٧٥١ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی مۆرکردوە کە ٣٨٥ هێشتا بەردەوامە ٨٠٪ ئەو ڕێککەوتنانە لەگەڵ وڵاتانی سەربەخۆن ",{Ibid…….P.57} هەیە لەگەڵ وەک دەوڵەتێکی تازەی سەربەخۆ بۆ نیشان بدەن، هەر چەندە رای گشتی وڵاتان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەردا هاتووە لەگەڵ ئەوەش لەوڵاتانی پێشکەوتی رۆژئاوا، زۆربەی بە هاوکاری رێز لێکگرتن وبەپێی یاساو دەستوور بەڕێوەی دەبەن و بەڕێوە دەچێ، بەڵام لەوڵاتانی رۆژهەڵات وتازە پێگەیشتوو، بە ململانێ وتوندوتیژی زۆربەی دەکرێ وەک لە ئەریتریاو خوارووی سودان وتیگرای ئەسیوبیاو کوردستان وکشمیرو تامیل و .... وەک کیوبک و کاتالۆنیاو باسک و فلاندرزو ... ، نییە ، کە زۆر جار لەدەرەوەی هاوبەشی دەردەچی ودەچێتە ستایلی مشوارکردن و پرسە خەسوانە بە یەکتر، بەڵام لە رۆژهەڵات، باڵانسی هێز رۆڵ دەبینێ و خۆی فەرز دەکا لەو نێوەدەدا، هەموو دەمیش هێز وزەبرو زەنگ و توندوتیژی کە هاتە گۆڕێ ،عەقڵ و مەنتیق دەکوژێتەو، کارەسات و مەرگەساتی لێ دەکەوێتەوە.

مەرامێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دیپلۆماسیەتە، بواری ئابووری و هەوڵدان بۆ نشونماکردنە، باشکردنی پێگەی هەرێمەکەیان لە بواری ئابووری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وبەستنەوەی هەرێمەکەیان بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سەربەخۆی دونیا، لەو بوارەدا حکومەتە(هەرێمییەکان و ویلایەت وشارەکان)هەوڵی راکێشانی وەبەرهێننان و کۆمپانیای بێگانەکان بۆ ئەو ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی نیمچە دەوڵەتیانەدا، یاخۆد بازاڕ دۆزینەوە بۆهەناردەکردنی کەڵوپەلەکانی هەرێمەکانیان دەکەن، ئەو مەرامە مەبەستی سەرەکی رکابەری ئابوورییە، بێ ئەوەی مەرامەکانی دیکە لەبیر بکا، ویلایەتەکانی ئەمریکا، ئوستڕالیا، کەندا، هەندێ لۆندەراتی ئەڵمانیا، بەشێک لە هەرێمە نیمچە سەربەخۆکانی ئەوروپا کە هەوڵی جدی دەدەن بۆ پەیداکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، ئەوەتا "حەفت هەرێم کە نیمچە سەربەخۆن لە چوار کیشوەری جودا دەژین ( باڤاریا ، وسترن کیب، ولایەتی جۆرجیا ، کیوبیک، ساو پالۆ چاندونگ و نەمسای خواروو) ، تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان ١٨٠ ملیۆن کەسەو دوو هەزار ملیار یۆرۆ بەهای بەرهەمی لۆکاڵییەکانە" {stephane paquin(2020)/ paradiplomacy .....P.50}، ئەوانە هەوڵی خۆشکردنی باری ئابووری خۆیان دەدەن لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، "فلاندز/ بەلژیک سەد ئۆفیسی بازرگانی لەدونیا دایە ، کاتالۆنیا ٣٢ ئۆفیسی بازرگانی، لۆندەراتی ئەڵمانیا ٣٤ ئۆفیسی و ویلایەتەکانی ئەمریکا ساڵی ٢٠٠٨ ، ٤٢ ئۆفیسی هەبوو لەگەڵ ٢٤٥ نوێنەرایەتی لە ٣٠ وڵاتی دونیادا" { stephane paquin (2020)/ Ibid....... P.53}. هەروەها هاوکاری تەنمیەی نێودەوڵەتی رەوایی دەبەخشێتە هەرێمەکان و ئەوەتا "کیوبیک یەکێ لەو پێنج وڵاتانی فرانکفۆرتیەیە بەرنامەیەکی هاوکاریکردنی هەیە بۆ ئەو وڵاتانە کە لە ئەفریقاو کاریبی و ئەمریکای لاتین ملیۆن یۆرۆی بۆ، فلاندرز ساڵی ٢٠١٩ بە ٥١،٠٦ملیۆن یۆرۆی ناردووە بۆ وڵاتانی ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، سکۆتلاندا سەندوقێکی تایبەتی بە ١٠ ملیۆن یۆرۆ داناوە

بۆ هاوکاری مالاوی رواندا‌و زامبیا"{د،ایمن دسوقي(٢٠٢٠) الدبلوماسية التاسيسية للاقاليم الساعية للانفصال ،ص٤٣}.یەکێ لەمەرامەکانی دیکەی کە ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتە پێ بەڕێوەدەچێ ،هاوکاری کەلتووری و پەروەردەو هونەری و تەکنیکی و تەکنەلۆژیایە لەنێوان وڵاتانی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆدا یاخۆد لەنێوان ویلایەت وهەرێم و لۆندەرو پارێزگاو شاری نیمچە سەربەخۆدا، "هەندێ لۆندەر لەئەڵمانیا وەک بادن فۆرتمبیرگ Baden wurtteemberg ، هەرێمی رون ئەلب Rohen Alpes، کە پەیوەندیان لەو بارەوە لەگەڵ هەندێ لە کانتۆنەکانی سویسرا هەیە ( جنێڤ، ڤود Vaud، ڤالیە Valais، هەرێمی رون ئەلب پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ چەند یەکەیەکی نیمچە سەربەخۆی ئەفریکی بەهێزکردووە ( مالی ، سەنیگال ، تونس) لە ئاسیادا لەگەڵ ڤێتنام و لەئەوڕوپای رۆژهەڵات پۆلاندا، کیوبکی کەندا پەیوەندی لەگەڵ رواندا، تۆگو ، سەنیگال ، سۆماڵ و لوبنان ، ڤێتنام و کەمبۆدیا"،{ اندریە لوکور(٢٠٢٠)/ المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية ، ص ١٠١} ، ئەم جۆرە پەیوەندیانە ئەگەر چی لەنێوان دەوڵەتانی نیمچە سەربەخۆیە بەڵام لە نێو پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان دەژمێردرێت. مێوانداریی چاڵاکییە نێودەوڵەتییەکان لەپێشانگاو کۆنگرەو ئۆلۆمپیات، خۆی لەخۆیدا نیشانەی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەتی دامەزراندندا، "میوانداری بەرشلۆنە وەرزشیانەی کەتەلۆنیا ساڵی ١٩٩١. لە پایتەختی خۆی بۆ ئەو مەبەستەیە"{د.أيمن دسوقي(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوە ،ص٤٣}.هەرچەندە پارادیپلۆماسیەت مەرام ورەهەندو مەیدانی جوداو فروانی هەیە، بەڵام لەوڵاتانی ئەوڕوپاو رۆژئاوای پیشەسازی تەنمیەکردن وباشکردنی باری ئابووری گرنگی زیاتری پێ دەدەن، بێ ئەوەی مەرامەکانی سیاسی و کەلتوری و تەکنیکی و پەروەردەیی لە بیر بکەن ، ئەو هاوکاریانە لەهاوکاری بۆ پێشخستنی پەروەردەیی و دڕووستکردنی خوێندنگەو زانکۆو سەنتەری رۆشەنبیری تەنمیەی لێ دەکەوێتەوەو تۆڕی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو بەهێز

دەبێ و  پێگەی کەسایەتی دەوڵەتداری ئەو هەرێمانەی پێ پێش دەکەوێ.
لەوڵاتانی رۆژهەڵات وتازە پێگەیشتوو هەموو بوارەکان بەڕێوە دەچی و زۆربەشی لەسەر بیناکردنی دەوڵەت دەسوڕێتەوە کە داننان بە ئیرادەی یەکتر لاوازترە لەوەی ئەورووپاو وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا، ئاراستە بوون لەرۆژهەڵات  بۆ دەرەوەی سنووری فەرمی، مەبەست پێگە بەهێزکردنی ئەو قەوارە نیمچە سەربەخۆیەیە  کە لەستراتیژیەتدایە و خۆی بۆ ئامادە دەکات.

## گەشەکردن و برەودانی دیپلۆماسیەت لەسەر  ئاستی دونیا

لە هەڵسەنگاندنی واقعی رەفتارەکانی ئەو وڵاتانەی کە نیمچە سەربەخۆن و هێشتا نەگەیشتون بە دەوڵەتی سەربەخۆی  تەواو، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو "ویلایەت و هەرێم ولۆندەرو شارانە..."، بەشداریەکی ئەکتیڤ و فراوان و فرە رەهەندیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی سەربەخۆ ، توانیویانە پانتایەکی گەورە لەنێو دیپلۆماسیەتی دونیا داگیر بکەن و پەیوەندیەکانیان بە نێودەوڵەتیکردن بکەن،ئەوەتا لەدوای نەمانی شەڕی ساردو باوبوونی بانگەشەکانی سیستەمی جیهانی نوێ و گلۆبالیزم و باوبوونی لیبرایەت و بانگەشەی مافی چارەیخۆنوسیین و ئازادییە سیاسییەکان ، چاڵاکی ئەو نیمچە دەوڵەتانە گەشەی کردوەو بە خێرایی پەرەی گرتووەو ئیستا تەدویلبوونی خۆی راگەیاندووە ،کە هەندێکی سنووری سەلاحیاتی دەستووری کردووە. ئەوەتا "حکومەتی فلاندرز بەشدارە لە٥٨٤ هەرێنامەو  رێککەوتنامەو یاداشتی لێک تێگەیەشتن و دوقۆلی و چەند قۆلی مۆرکردوە لەگەڵ چەند وڵات ورێکخراوی نێودەوڵەتی وەک  یەکێتی ئەوڕووپاو رێکخراوی نێودەوڵەتی ویۆنسکۆ ورێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی وئەنجومەنی ئەوڕوپی"{د.أيمن الدسوقي(٢٠٢٠)/ ... هەمان سەرچاوە، ص٤٤} و چەندینی دیکەشی لەگەڵ حکومەتە هەرێمییەکان کەتەلۆنیاو کیوبک وساو پاولۆی بەرازیل و هۆنگ کۆنگ ....، "کیوبیک لە( ١٩٦٢_٢٠١٩ )، ٧٨١رێککەوتنی نێودەوڵەتی ئەنجام داوە  ٤١٣ی تا ئێستا هەر بەردەوامە، هەروەها هۆنگ کۆنگ

**به دەیان رێککەوتنی نێودەوڵەتی دووقۆڵی و چەند قۆڵی مۆرکردوەو کە لە ٣٩ رێکخراوی نێو دەوڵەتی بەشداره وەک گروپی ٢٠ و وەکالەتی نێو دەوڵەتی بۆ ئەتۆم و فاو ..." ( د.أيمن الدسوقي(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوە ص ٤٥) و هەروەها کاتەلۆنیا لەگەڵ ئۆرگوای و ئەرژەنتین و ئیسرائیل ولەگەڵ کیوبک و کەتەلۆنیاو یونسکۆ مۆرکردوە، چەندە بەشداریکردن لە هاوپەیمانەتی ورێکخراوی نێودەوڵەتی پەیوەندی دووقۆڵی چەندە لەزیاد بوون بێ هێمای زۆری رێککەوتنی نێو دەوڵەتی هەبێ ، زۆری خواستی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی وجودابوونەوە نیشان دەدات چەندە زیاتر نیمچە دەوڵەتانە تەفاعولات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات، مسۆگەری داننان بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە زیاد دەکات لە کاتی جاڕدانی دا. جیهانگەرایی کاریگەری ئیجابیانەی زۆری بۆ ئەو پەیوەندیانەی کە حکومەتە نیمچە سەربەخۆکان لەگەڵ وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان ئەنجامی دەدەن بە هۆی زۆری لەسەر لاوازکردنی وەزیفە ومیکانیزمەکانی دەوڵەت کردووە وهەروەها پیرۆزی سنوور وسەروەری وەک جاران نەماوەو جێگیر نییە وەک جاران و پشتیوانی وڵاتانی زلهێز لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاو ڕووسیا بووەتە هاندەر بۆ ئەو وڵاتانەی کە خوازیاری جودا بوونەوەو سەربەخۆی خۆیانن ، بە هاسانی داننان بەدەست بهێنن ، لێرەدا دەکری بگوترێ لە ماوەی "( ١٩٩٠_٢٠٠٧) ٢٥ وڵات دونیا سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیان پێنراوە "{ د.أيمن الدسوقي(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوە ، ص٤٨}، وەک ئەریتریا و خواروی سودان و تەیموری رۆژهەڵات و کرواتیاو سلۆڤینیاو کۆسۆفۆ هەروەها وڵاتانی جیا بۆوە لە سۆڤیەتی جاران ..... ، چەندین وڵاتیش نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، ئەوەندەی بەدەست هات رەنگ بوو مەحاڵ بێ لەسایەی ئەو سیستەمەی کە لەکاتی شەڕی ساردا بەڕێوە دەچوو بە تایبەتی هەستی نەتەوەیی و شکۆمەندکردنی پێناسەی رەسەن دوور لەپێناسەی سەپێنراو بووە مایەی قەبوڵکردن وخۆشحاڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسایەی**

پرنسیپەکانی سیستەمی جیهانی نوێدا،هەروەها شوێنەواری قەیرانە ئابوورییەکان و ڤایرۆسی کۆرۆنا کە دونیای گرتەوە، هانی دەمارگیری نەتەوەیی ومەیلخوازی سەربەخۆیی لەلایەن ئەو نەتەوانە زیادکرد کە هێشتا نیمچە دەوڵەتن یاخۆد ئازادیان بە خۆوە نەبینییوە، ئەوەتا ئوسکۆتلەندییەکان مەزەندەی ئەوەیان لا پەیدا بوو کە حکومەتی هەرێمیەکەیان لەبەریتانییەکان سەرکەوتوو تر بوون لەبەرانگژبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) و بەم شێوەیە "رێژەی سەربەخوازی لەو هەرێمە گەیشتە ٥٣٪ کە لە ٢٠١٤ زۆرینەی خەڵکی هەرێمەکە رەتی سەربەخۆییان کردبۆوە"( د.أیمن الدسوقی(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوە،ص٤٨}، هەروەها باڵانسی هێز لەناوچەکە و تێگەیشتنیان لەخواستی گەلان، بۆیە ئەو مەسەلەیە بە دڵفراوانی لەلای ئەورپییەکان وەرگیراوەو رێزی لێ گیراوەو ئەوەتا ئوسکۆتلەندییەکان دژ بە دەرچوونی بەریتانیا لەیەکێتی ئەورۆپا (برێکست) ٦٣٪ بوو و دانایی سەرکردە لە هەڵبژاردنی کات زۆر گرنگە، کەچی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو داخوازیە تەنیا هێز دەیهێنێتە دونیای واقیعی، هیچ شتێک پێوەر نابێ تەنیا خۆ فەرزکردن بەزەبری هێز نەبێ، مەنهەجیەتی تەفازل بەسەر تەکامولی ناوچەکەدا زاڵە ئەگەرچی سەربەخۆیی مافێکی یاسایی و ئەخلاقییە بەڵام بڕیارێکی سیاسی گەرەکە، ئەویش کاتی گونجاوی دەوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو پڕۆسەیە چارەنوسسازییە .

## کاریگەری دەستووروو یاسا بۆ ئەنجامدانی پارا و پرۆدیپلۆماسی

وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، کەسایەتی یاسایی هەر دەوڵەتیک بە سنوورو سەروەرییەکانی دەستنیشان دەکرێ کە بەشێک لەو وڵاتانە سیستەمی فیدڕاڵی وکانتۆن ولۆندەرو ناوچەی ئۆتۆمی .. تێدایە کە دەستورو لەرێگەی یاسا رێک دەخرێ لە ئەرک و مافەکانی لەگەڵ دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، کە تیادا ئیرادەی زاتی وچۆنیەتی مومارەسەکردنی ئەو ئیرادەیە بەپێی دەستورو یاسا دەستنیشان دەکرێن، "توانای قەوارەیەک لە بەڕێوەبردنی ئەرک و مافەکانی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی" {أ.م. د. اومید رفیق فتاح ، م. زانا کریم نجم (٢٠١٧)/ مكانة اقليم كوردستان العراق في السياسات العالمية/ جامعة جيهان – مجمع السليمانية –العراق،ص١٠}،ئەوەی ئەو کەساتییە سیاسییە دەستنیشانکراوە دیاریکراوادا( legal international modified personality) رێک دەخا ، دەستوورو سیستەمی یاسایی نیشتیمانییە کە کاریگەرییەکی زۆریی هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیەتی هاوتەریب و دامەزراندن و ئەو چالاکیانەی کە لەدەرەوەدا ئەنجامی دەدات، کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە یاساییە ، بەتایبەتی لە رێگەی پشکنینی لەدەستووری نیشتیمانی و یاسای هەرێم و لۆندەرو پاریزگاکانی (نیمچە دەوڵەتەکان )، لەرێگەی ئەو رێککەوتنە نێودەوڵەتیانەو بڕیارەکانی دادگاو .... لەلایەن زاناکانی بواری یاسایی بۆ زانینی دەسەڵاتەکانی مەرکەز و هەرێم لە نێو ئەو سیستەمە یاساییەی کە لەوە پێش لەسەری رێککەوتوون لە سیستەمە فدراڵییەکەی نێوانیان بۆ دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی هەریەک لەو دوو لایەنەی پێک گرێدرا و رادەی هەبوونی مامەلەکردنی هەردوو لا لەگەڵ یەکداو دیاریکراوەکاندا (محددات) و گۆڕانکارییەی کە ئەگەری روودانی هەیە بەتایبەت بۆ لایەنی لامەرکەزی ئەگەر خواستی سەربەخۆیی هەبێ زۆر گرنگە ، کە بەردەوام ئەو دەستوورە نیشتیمانی و فیدڕاڵییە هانی دەسەڵاتی حکومەتە

لامەرکەزییەکان نادا  فراوان بێ بۆئەوەی بتوانێ سەربەخۆیی جاڕ دا و هەتا بۆی بکرێ لەژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆی دەهێلێتەوە، هەرچەندە ئەو بۆچوونەیە لە هەندێ حاڵەتدا  رێژەییە،  ئەوەتا دەستووری فیدرالی کەنەدی  هیچ رێگریەک لە ئەکتیڤ بوونی دیپلۆماسیەتی ناوچە فیدڕالەکانی ناکات ، بۆیە هەرێمەکانی سیستەمی فیدڕالّی کەنەدی  هەم ئەکتیڤن لە سیاسەتی دەرەوەو  هەمیش گیانی نەتەوەییان پێشکەوتووە ،( ترۆنە .جی) لێکۆڵینەوەی   بواری نێودەوڵەتی و دەستوورە نیشتیمانییەکانی هەر یەک لەئوسترالیا و کەنداو ئەمریکاو جەرمانستانی کردبوو لەرێگەی پشکنینی بەشداریکردنی هەرێمەکان لەسیاسەت وپەیوەندییەکانی دەرەوەدا، گەیشتبووە ئەو بۆچوونەی " ئاستی رێگەی دان بە هەرێمەکان لەبەشداریکردنی لەپرۆتۆکۆلات ورێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا کە لەگەڵ وڵاتانی بیانی ئەنجامی دەداو هەروەها هەلی یاسایی حکومەتە هەرێمەکان لەناو ئەو دەستورانەدا بۆ ئەو سیاسەتە فرە رەهەندو ئاڵۆزە ".

(2020)/ Iraqi {Yasin Mahmood Ababakr Kurdistan Region: from paradiplomacy to protodiplomacy, P.7}.رێژەو رادەی سەربەخۆی هەرێم لەگەڵ مەرکەزو ئاستی ململانێ نێوان حکومەتی مەرکەزو هەرێمەکان کاریگەری زۆری دەبێ لە ئەنجامدانی ئەو دیپلۆماسیەتانە،  بەتایبەتی لەلێکدانەوە شرۆڤەکردنی ماددەو بڕگەکانی کە دەسەڵات و مافی هەر یەکێک لەو دوو حکومەتانەی لەسەر ئەوی تر پێ دەدات، هەروەها لەچەندەو چۆنی ئەدائی  دامودەزگاکانی کە لەسەر دەستوورو یاسا بینا کراوە، کە دەبێتە هێمای گۆڕینی پارادیپلۆماسی بۆ پرۆدیپلۆماسی ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

## هاوبەشی (ئالیکاری) و ململانێ لە نێو پاراو پرۆدیپلۆماسی

پەیوەندییەکانی کە حکومەتە لامەرکزییەکان لەگەڵ ناوەندە جیهانییەکان بەڕێوەی دەبەن ئێستا بووەتە بەشێک لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەشێکی لەگەڵ حکومەتە مەرکەزییەکان بەڕێوەی دەبا کە لەهەندێ حاڵەت ئەو پەیوەندییە تەنیا تایبەت بە مەرکەزەوە، بەڵام پانتاییەکی فراوانی ئەو پەیوەندیانە تایبەت بەحکومەتە لامەرکەزییەکانە، پرۆتۆدیپلۆماسیەت ئاڵۆزەو تێکەڵە ، زۆر جار پێویستی بەپرس وڕا زیاتر دەبێ لەگەڵ ناوەند لەسەر ئالیەت و کەناڵە جوداکانی ئەو مەسەلەیە، ئا لێرەدا هاوبەشی Partnership و هاوکاری Cooperation و دژ بە یەک و ململانێکان Conflictual دروست دەبێ ، ئەوەتا لەحاڵەتی کیوبیک دەستکراوەیە ئەو هەرێمە و بەشداری چەندین بوار دەکات کە کەنەدا یاخۆت گرنگی پێ نادا یاخۆد لەگەڵ نییە، بەتایبەتی لەبواری(ژینگە، کشتوکاڵ، هاتووچۆ، گەشەپێدان، ئابووری، خزمەتگوزاری ......، هەروەها لەمەسەلەی بریکست کاتێ حکومەتی بەریتانییە بڕیاری دا لەیەکێتی ئەوروپا دەرچێ، " ٦٠٪ ئێرلەندییەکانی باکوور بە نەرێنی دەنگیان دا وحکومەتە لۆکاڵییەکەی ئێرلەندا رەتی دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپاو ئەو بڕیارەی بەریتانیای کردەوە رایگەیاند ئەوان لەپەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەردەوام دەبن "{د.أيمن الدسوقي( ٢٠٢٠) / الديبلوماسية التأسيسية لأقاليم الساعية للانفصال،ص٤٤}، هەر بۆیەن پارتی شین فینی( Sinn Fein)ی نەتەوەیی کەسووورە لەسەر سەربەخۆیی ئێرلەندییەکان و رزگاربوون لەداگیرکاری بەریتانییەکان، "لە شوباتی ٢٠٢٠ داوای ریفراندۆمێکی لە هەرێمەکە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیرلەندەی خواروو یەک بگرن و ببنە ئەندام لەیەکێتی ئەوڕوپا"{د.أيمن الدسوقي(٢٠٢٠)/الدبلوماسية التاسيسية لاقاليم الساعية لاستقلال، ص٤٥}، بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی بەریتانیا جولانەوە،"، هەروەها سکۆتلەندییەکان هەوڵیاندا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هۆنگ کۆنگ

وکیوبک و کەتەلۆنیا خۆشتر بکەن کەچی بەریتانیا سەرگردان بوون بەو هەوڵانە"{د.ایمن دسوقي(٢٠٢٠)/ الديبلوماسية التاسيسية للاقاليم الساعية للانفصال،ص ٤٤}، ئەو جوداییانە زیاتر گوڕ دەداتە جودابوونەو بیانوو دەداتە ناسیونالیستەکان کە لەلایەک هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێن و لەلای دیکە ئەو هەستە لەلایەن دڕووست ببێ کە دەوڵەتی مەرکەزی بەزەبر و دوور لەخواستیان سیاسەت بەڕێوە دەبا بۆ بەرژەوەندی دەستبژێرێ"{اندریه لۆکور(٢٠٢٠)/ المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية ،ص١٠١} بەلژیکا لەو بارەوە هەنگاوی کراوەی ناوە بۆ بەجێ گەیاندنی دەستوورێکی لامەرکەزیەت لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان"، مانەوەی یەکێتی کەنەدا پەیوەستە بەبرەودان بە چەسپاندنی لامەرکەزیەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا"{اندریه لۆکور(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٠٥}. لە کەتەلۆنیا و باسک ئەو هاوکاری و هاریکاری وپرسڕاکردنە لاوازترە و گومان لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی هەرێمی و ناوەند زۆرترەو کەچی باسک و کەتەلۆنەکان وا مەزەندە دەکەن کە ئیسپانییەکان ناتوانن گوزارشت لەبەرژەوەندی خواستەکانیان بکەنەوە، ئیسپانییەکانیش هەر هەنگاوێکی کراوە بۆ لامەرکەزیەت بە هەوڵی سەربەخۆیی و هەڕەشەکردن لە یەکێتی خاکی ئیسپانیا دادەنێن ، ئەم ململانییە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٨٠ ی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە ، کاتێ باسک ویستی ئۆفیسێکی لە برۆکسل لەنێو یەکێتی ئەوروپا بکاتەوەو ئیسپانییەکان ئەم هەوڵەی باسکەکانیان بە نا دەستووری زانی و لە دادگای دەستووری ودادگای ئەورووپی شکاتیان لەسەر تۆمارکردن ، بەڵام "لە ساڵی ١٩٩٤ دادگای دەستووری بە مافی باسکییەکانی زانی بە فەرمی ئۆفیسی خۆیان لە برۆکسل بکەنەوە" ( اندریه لۆکور(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٠٦}.بەشداری هەرێمی کوردستان لەکۆڕبەندی داڤۆسی ئابووری لەساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠و ٢٠٢١و "میونخی ئەمنی لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ کە بەشداربووی سەرەکی دەوڵەتانی سەربەخۆن بە شێوەی جیا

له شاندی حکومەتی عێراق به شدار بوون  بەهۆی رۆڵی حکومەتی هەرێم له دژایەتی تیرۆرستانی داعشدا"{د. ایمن الدسوقي(٢٠٢٠)/ الدبلوماسيه التاسيسية للاقاليم الساعية لانفصال ،ص٤٤}، دەستووری ٢٠٠٥ی ئەو وڵاته پەیڕەو ناکا هەندەی  حکومەتی عێراقی به زهنیەتی ناوەند مامەڵه لەگەڵ ئەو  هەرێمه دەکا.هۆنکۆنگییەکان لەرووی یاساییەوه سەر به چینن و ژمارەیان ٨ ملیۆن کەسه که بەزمانی کانتۆنی قسه دەکەن که جودایه لەگەڵ زمانی ماندارین که چینیەکانی میللی قسەی پێ دەکەن خۆیان به هەرێمەکەیان هەڵدەکێشن نەک به وڵاتی چین(د. ایمن الدسوقي(٢٠٢٠) / هەمان سەرچاوه ، ص٤٥}، لێرەدا دەردەکەوێت چەنده بوار برەخسێ بۆ  هەرێمەکانی که خوازیاری سەربەخۆین ئەو بوارانه دەبێته هاندەر بۆ سەربەخۆیی زیاد بوونی ژمارەی ئۆفیسەکانی کەتەلۆنیا بەهۆی یاسا بنەڕەتییەکانی وڵات له ٢٠٠٦ له(  ٢٠١٤و ٢٠١٧) و  هۆنک کۆگ دوای شۆڕشی پەرەشوتەکان   ٢٠١٤ و وەک نارەزایەتیبوون له بەرامبەر یاسایی ئاسایشی نەتەوەیی چینی ٢٠٢٠ هەوڵی هەڵبژاردنی دا وسکۆتلاندا دوای دامەزراندنی پەرلەمانی ئەو هەرێمه ١٩٩١ هەوڵی ریفراندۆمیان دا له ٢٠١٤`)و کوردستان دوای شەڕی کەنداوی دووەم ١٩٩١ و لەکوردستان دوای تەواوبوونی شەڕی داعشی ٢٠١٤ و خۆ دزینەوەی حکومەتی عێراق لەبەرامبەر ئەرکه دەستووریەکانی بەرامبەر کوردستان و  که بووه هۆی بێ ئومێد بوون لەهاوبەشی. له ٢٠١٧ هەوڵی ریفراندۆمی دا کیوبیک له ١٩٨٠ و ١٩٩٥ هەوڵی ریفراندۆمیان دا. گومان نییه چەنده دەرفەت برەخسێ و حکومەته مەرکەزییەکان لەبەرامبەر مافه دەستورییەکان هەرخۆ بدزنەوه ئەوا گیانی سەربەخۆیی زیاد دەکاو گرژی ئاڵۆزی له نێوان حکومەته لۆکاڵی وناوەندەکان زیاد دەکات {د. ایمن الدسوقي(٢٠٢٠) / هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ص ٤٧} ، ئەو پەیوەندییه هاوبەش و هاوکارییانه کێشەی تێ دەکەوێ ململانێکان زیاد دەکەن .

# دیپلۆماسیەتی کوردستانی لە پارادیپلۆماسیەتەوە بۆ پرۆتۆدیپلۆماسیەوە.

دیپلۆماسی کوردستان" بە گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵ وستراتیژییە دیپلۆماسیانەی کەلە قەوارەی سیاسین و ئیدارەی دوو هەرێمی کوردستان دەکەن ( هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرێمی باکوورو رۆژهەڵاتی سوریا)، نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسی وناوچەییەکانیدائەنجامی دەدەن . کورد کە گرووپێکی نەتەوەیی وخاوەن کولتوور وزمانێکی جیاوازە، لە پەیماننامەی لۆزنی ١٩٢٣دا لە لایەن چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، داگیرو دابەشکراوە،(عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) بێ ویستی گەلی کوردستان ومامەڵەییەکی کۆلۆنیالیستانەی کلاسیکی لەگەڵدا دەکرێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەبنکەکەی لەهەولێرەو حکومەتی باکوورو لەقامشلۆیە، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان رۆژهەڵاتی سوریا لەداگیرکراوی دابەشکراویدا وداکۆکیکردن لەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان وپەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە وڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سەرقاڵی چالاکیی دیپلۆماسی بووە. زۆرجار ئەم هەوڵە دیپلۆماسیانە بریتی بووە لەدانوستان وگفتوگۆ وهاوکاری لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی سیاسی وئابووری وئەمنی کە پەیوەندییان بە گەلی کوردستان هەیە.

بەگشتی دیمەنی دیپلۆماسی بۆ کوردستان دینامیک و لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە ناوچەیی وجیهانییەکاندایە. بریتییە لەگەشتکردن بەپەیوەندییە ئاڵۆزەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وهاوسەنگکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەچوارچێوەی بەرفراوانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەکوردستان، دوو قەوارەی سیاسی هەیە، یەکیان لە باشووری کوردستانە (حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق)، ئەویتریشیان لەرۆژئاوای کوردستانە،بەناوی(هەرێمی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا). لە باشووری کوردستان دوای مایسی ١٩٩٢، قەوارەیەکی فیدرالی راگەینراو پاشان حکومەت و بەرلەمانیش دامەزران . ئەو حکومەتە بەشێک لەچالاکییەکانی بۆ کاری دیپلۆماسی وپەیوەندییەکانی دەرەوە تەرخان کرد، وەک دەگوترێ"ئەو توانایەی کە نیمچە دەوڵەت(Sub-state)کە سیاسەتی دەرەوەی بەڕێوە دەبات،بەشداریکردنی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی، بەشێوی راستەوخۆ وناڕاستەوخۆ، گرنگ لەسیاسەتی حکومەتی ناوەند لا نەدات"{د، ايمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية و تطبيقية / السياسة الدولية العدد ٢٢٣ يناير ٢٠٢١ / المجلد ٥٦، ص ٣٨} بە دیپلۆماسیەتی هاوتەریب بناسرێ کە بۆ کە سەرەتا بەناوی ئۆفیسی پەیوەندییەکان ولەکۆتایدا بوو بە "ناوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کرایەوە، بەپیی برگە چوار لە ماددەی ١٢١ لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دا هەیە"{نهيل صادق مصطفى وارجان اسماعيل دادفەر(٢٠٢٢)/الدبلوماسية الموازية لاقليم كردستان العراق أثناء حرب داعش( ٢٠١٤_٢٠١٧) / ص ٩٣٠}.

هەر بۆیە ئەو پەیوەندی ولینکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری بەوڵاتانی دەرەوە ئەنجامی دەدا، بەدیپلۆماسیەتی هاوتەریب ناوزەد دەکرێت. یاخۆد ئیدارەدانی کاروباری نێودەوڵەتی، لەدەرەوەی حکومەتی ناوەندی(نیمچە دەوڵەتێک)، کەپەیامە بۆ ئەوەی لەئاییندە ببێتە دەوڵەت".

{Tomasz Kamiński/ **(2018)/** Paradiplomacy – Discourse Analysis and Research Conceptualization,P.17}

**. یاخۆد ئەو پەیوەندیانەی بەکاردەهێنا بۆ بەهێزکردنی کارلێکی لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی بۆ مەبەستی دامەزراندن دەوڵەتی سەربەخۆ. "لە ساڵی ٢٠٠٨ وە ئێران و بەریتانیاو فەرەنساو روسیا لە هەولێر کونسلخانەیان کردەوە، لە کۆیدا ئێستا ٢٣ کونسلخانەی وڵاتانی رۆژئاواو عارەبی و ئەفریکی لە هەولێر بوونیان هەیە لەگەڵ ١٨کونسلخانەی فەخری، هەریمی کوردستانیش ١٣ نوێنەرایەتی(ممثل) لە دونیادا هەیە لەگەڵ یەک نوێنەرایەتی(بعثة) لەیەکیتی ئۆرپا "{نـهیل صادق مصطفی و ارجان اسماعیل دادفەر(٢٠٢٢) /الدبلوماسیة الموازیة لاقلیم کردستان العراق أثناء حرب داعش( ٢٠١٤_٢٠١٧) / ص ٩٣٠}.هەروەها" گەورەترین بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەولێردایە کە ٣٠_٣٠ تاقمی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێ لە رێکخراوە جیهانییەکان _ فاو/یونسکۆ/ رێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی ...."{سکاڵا حسین حمەأمین و ئاریان رؤوف عزیز (٢٠١٧)/ پارادبلوسیة اقلیم کردستان العراق بین ثابت والمتغیّر / مجلة جامعة گرمیان ، ٤٤٠ص }.**

**هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا(رۆژئاوای کوردستان)، لەدوای ٢٠١١ وکشانەوەی هێزەکانی بەشار ئەلئەسەد، ئەو ناوچانە کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پەیەدەو سێ کانتۆنیان تیا دروستکرد( عەفرین و فورات و جەزیرە) ، دواتر لە ١٧ی مارسی ٢٠١٦ جاڕی فیدرالیەتیان دا، ئەوەبوو لە٨ی مانگی کانوونی یەکەم لەراگەیاندنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی،جاڕی ئەو هەرێمەیان دا، ١٨ وڵات و چەندین رێخراوی نێو دەوڵەتی مەدەنی لە پەیوەندیدان وئۆفیسیان لەو هەرێمە هەیەو هەر لەیەکەم ساتی راگەیاندنی خۆسەری دیموکراسی، ئەو چاڵاکیانەی کە**

**پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی دەرەوەو  نێودەوڵەتی پێی هەڵسان، توانیان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکەو فەرەنسا و ئەوروپا خۆش بکەن.**

**لەهەردوو حاڵەتدا، هەر وەک چۆن شیشانی وکیوبک، کەتەلۆنی وسکۆتلەندییەکان، ویلز، تەتەرستان ، ئەبخازیا، بیابانی رۆژئاوا، ناکۆرنۆکەرەباغ،.....، خواستی نەتەوەیی وناسنامەی نیشتیمانی وسەربەخۆیی وڵاتی خۆیان گەرەگەکە، ئەو دوو هەرێمەش، هەمان خواستییان هەیە. یانی ئەو چالاکیانەی کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی کە بۆ سیاسەتە بەرزو نزمەکان بەڕێوەی دەبەن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە وەزیفی وسیاسییەکان،بەڕێوە دەچێ. ئەویش لەکۆتادا نزیکبوونەوە لەپرۆژەی نەتەوەیی ودروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. یانی دیبلۆماسیەتی لەپێناو بوون بە دەوڵەت فەرمی دان پێدانراوی نێودەوڵەتی، دیبلۆماسیەتیی پێس بوون بە دەوڵەتی فەرمی، ئێستا ئەو وەزیفەیە بەڕێوە دەبن. ئەوەندەی لەسایەی ئەو دوو هەرێمە(نیمچە دەوڵەتە)، ئەنجامی دەدەن کەپێی دەگوترێ دیپلۆماسیەتی پارادیپلۆماسی، هەوڵدەدرێ بکرێتە دیپلۆماسیەتی پرۆتۆدیبلۆماسی. یانی لە دەورانێکدایە بۆ وەرچەرخاندنی بارودۆخەکە بۆ بیناکردن ودامەزراندنی دەوڵەت وجاڕدانی سەربەخۆیی. قۆستنەوەی ئەو کارلێکانە وەک رێگایەک بۆ بەدەستهێنانی رای گشتی زەمینەخۆشکردنی دانبێداهێنانی دۆستانی نێودەوڵەتی وبەو دوو هەرێمە بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ. ئەو دیاردەیەو رێگەیەش، جیهانگەرایی، ئاڵنەگەرایی لەبەردەم کەم کردووە، کە جاران بە رێگەیەکی ناڕەوا دادەنراو بە تێکدانی سەقامگیری وئۆقرەیی هەرێمی دەژمێردرایەی نەهێشت ، کە "لەپێش دەورانی شەڕی ساردی یەکەمدا لێکدەدرایەوە"{د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية / السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص ٣٩}. وەک**

"کالیکسێت وتێکسیت(دەرچوونی هەر دوو ویلایەتی کالیفۆڕنیاو تێکساس لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)" { French, D., (2020). Divided We Fall: America's Secession Threat and How to Restore Our Nation. New York: St Martin's Press}. بە (کوردکسێت) دەرچوونی کورد لە نێو ئەو دوو چوارچێوە سیاسییە سەپێنراوەنەدا (عێراق و سوریا) ،دادەنرێت.

لەراستیدا لەهەردوو هەرێمەکەی کوردستاندا، هەردوو جۆری دیپلۆماسییەکان تێکەڵ بوون و لەکارلێککردندا بۆ ئامانجەکە، هەر وەک کیوبک وباسک وکەتەلۆنیا وسکۆتلاندو...، کە ئەوانیش هەردوو جۆرە چاڵاکییەکان بەڕێوە دەبەن بەبێ ئەوەی سنووری دەسەڵاتی یەک و دوو لەگەڵ ناوەندەکانیان ببڕن. ئەوەی لەکوردستان هەیە، هێشتا ئەو دەسەڵاتانەی کە حاکمی ئەو ناوەندان، لەرووی پەرەسەندن وپێشکەوتنی ئابووری ئەو کۆمەڵگەیە، ناتوانن لەو ئاستە دابن دان بە مافی گەلانی غەیری خۆیان دابنێن وهەر بە فەلسەفەی دەوڵەتی یەک نەتەوە، راهاتتیانە لەیەک دەوڵەتدا و وڵات بە یەک رەنگ دەبین وبیرکردنەوە لەجیابوونەوە، بە تێکدان وهەڕەشە بۆ سەر خاک وئاسایشی نەتەوەیی دەزانن.

لەراستیشدا کوردستان قەت بەشێک نەبووە لەو وڵاتانەی کە ئێستا پێوە لکاوەو خاکیان داگیرکردوەو مافی نەتەوەی و نیشتیمانیان لێ زەوتکردوون، تا جیا بێتەوە، بەڵکوو خاکی گەلێکە، لەوەو پێش ئەوەی بەو وڵاتانەش بلکێندرێ، هەر خەباتی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ رزگاری وسەربەخۆیی و دوای لکاندنی بە زەبری هێز، هەر ئەو خەباتە بەردەوام بووە. یانی خەباتی رزگاری لەداگیرکەر یێک بۆ داگیرکەرێکی دیکە گۆڕایە، دەنا خەبات هەر بەدەوامە، بۆ ئەوەی کوردستان، جووڵانەوەی رزگاری نیشتیمانییە، نەک جیا بوونەوە لەو وڵاتانە.

خەباتی ئەو نیمچە دەوڵەتانە، هەندێکی سەرکەوتوو بوو، وەک سلۆڤاکیا، ئەریتیریا، کۆسۆڤۆ، تەیموری رۆژهەڵات، خوارووی سودان. هەندێکیشی سەرنەکەوتوو بوو، وەک کیوبک وکەتەلۆنیاو سکۆتلاندو شیشان وهەرێمی کوردستان- عێراق.

لە هەرێمی کوردستان-عێراق، توانایەکی مرۆیی ئامادە کراوی پێویست نییە، بۆ مەبەستی سەربەخۆیی، ئەوەش پێویستی بە هەیکەلی رێکخستنی دامودەزگای ئەو دیپلۆماسیەتەی پێویستەو لەگەڵ توانا ماددی ومرۆییەکانی گەرەکە. ئەوەتا لەکیوبیک وەزارەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، یان وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەلای کەتەلۆنییەکان، یان کاروباری دەرەوە لەلای فلاندروز. کەچی لەلای هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو فشارە راگەیانەی کە دەیکەن، بۆ ئەو هیکەل دروستکردنی بەڕێوەبردنی ئەو دیپلۆماسیەتە هێشتا دروست نەکراوە، هەر لەژێر ناوێکی شەرمنانە بەڕێوە دەچێ کە ئۆفیسی پەیوەندییە دەرەکییەکان سوڕ دەخواتەوە.

ئەوەی کەڕێی بۆ دیپلۆماسیەتی بیناکردن خۆشکرد، ئەو گۆڕانکارانەی دونیا بوو کەدوای شەڕی سارد بەڕێوە چوو ، ئەوەتا لە ١٩٩١_ ٢٠٠٧ ، نیمچە دەوڵەت بوون سەربەخۆ و ئەو رەوتەش بەشداریەکی چالاکانەیان کرد لەدیپلۆماسیەتی نێو دەوڵەتی ، بە تایبەتی کە

جیهانگەرایی و ململانێی جیوپۆلەتیکی دوای ساڵانی ٢٠١٥،سنووری هێننده بە پیرۆز نەهێشت ومیکانیزمی بازاڕو دەوڵەتی گۆڕی وگرنگی بەهەرێمەکان درا، ئەو جۆرە دیپلۆماسیەتیەش برەوی زۆری بەخۆیەوە گەرت . پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش رێگەیەکە بۆ داننان بە ناسنامەی سیاسی ئەو چوارچێوە سیاسیەی ئەو هەرێمانە و رەوایی دان بەو داخوازیانە ئەوەتا "سکۆتلاندا ٦٠ کۆنسلخانەی و کیوبک ٣٣ وهۆنگ کۆنگ ٦٢ و کەتەۆنیا ١٨ و کوردستان ١٥ و فلاندروز ١٢کونسلخانەی

هەیە" { د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية / السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص٤٨}، بە تایبەتی کاتێ بەرژەوەندی وڵاتە دەستڕۆیەکان لەو هەرێمانە بەرجەستەو پێویست دەبێ ، بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان ، وزە کاریگەریەکی زۆری هەیە کە زۆر جار وڵاتانی ئەوروپی پەلە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدەن لەبەر خاتری نەوت و گازەکەی. هەر بۆیە لەسەر ئەو هەرێمەش ئەوە هەیە بیقۆزێتەوە بە دیسکۆرسێکی باش ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە بقۆزێتەوەو بەکاری بهێنێ بۆ مەرامە نەتەوەیی نیشتیمانییەکان. کە تیادا ئەولەویاتی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بێت . ریزبەدیشی تێیا بێت .ئەوەتا کەتەلۆنیا بە چوار بازنە پەیوەندییەکانی خۆی فراوان کردوە لەگەڵ وڵاتانی دونیا( وڵاتانی دراوسێ ، ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندی هاوبەشی پێویستیان هەیەو وڵاتانی ئەمریکەی لاتین و وڵاتانی کە ئابووری بەرزیان هەیە "{ د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية/ السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص ٤٩}، ئەوجا ئەو هێزەی خوازیارە کە دەوڵەت دروست بکات ، دەبێ گرنگی بە یەکریزی مالی کوردستانی بدات و زۆرترین خەڵک بەدەوری خۆیدا کۆ بکاتەوەو خەڵکی بەو مافانەی لەروی وێژدانی و یاسایی تەعبئە بکات. ئەوجا بەشداریکردن لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی وەک "هونگ کۆنگ کە بەشدارە لە ٣٩ رێکخراودا وڵاتانی بیست و ئاژانسی وزەی جیهانی و فاو ، رێکخراوی کاری نیودەوڵەتی و... ، هەروەها بەشدارە لە ٥٤ رێکخراوی دەوڵەتی وەک ئۆپک و رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی .... " { د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية / السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص ٤٩}. هەرێمی کوردستان و هەرێمی باکورو رۆژهەلاتی سوریا ، لەبەردەم ئەزموونێکی گەورەدان کە بتوانن

**ئەو عەقلیەتەی کە لە پەیوەندی دەوڵەت و مەترسیەکانی وڵاتانی هەرێم و نیودەوڵەتی بڕوێنەوەو بێ ئەوەی سازش لەسەر بەرژەوەندیە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی کوردستانی بکەن . کە لەراستیدا گۆڕانکارییەکی گەورەی ناوچەی دەبێ و لە تەکامولکردنی وڵاتانی هەرێمی لێکترمان نێزیکتر دەکاتەوەو هەر ئەوەشە بەرژەوەندی مرۆیی و سەقامگیری ئاشتەوایی لە دونیادا.**

**لەدونیادا زۆر قەیرانی ئابووری وسیاسیی و هەندێک جاریش تەندروستی روو دەدەن ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە، ریفۆرمخوازی دیتە پێش و بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەو ریفۆرمە باری گشتی ئەو هەرێمانەش دەگرێتەوە کە کێشەی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری تێدایە . ئەوەتا لەکاتی قەیرانی کۆرۆنا ٢٠٢٠، رویدا ، "جودای کەوتە نێوان حکومەتی سکۆتلاند و بەریتانییەکان ، کە بووە هۆی زیادبوونی هۆگری بۆ سەربەخۆخوازانی ئەو هەرێمە بە ٥٣٪ لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٤ زۆرینەی سکۆتلەندییەکان رەتی سەربەخۆیان کردەوە" ،{ د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية/ السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص ٤٨}. هەروەها لەکوییبک، لە سەر ژینگە ناکۆکیان لەگەڵ حکومەتی کەندا دروست بوو، "زانایانە بەکاری هێنا بۆ بەرژەوەندی بەهێزکردنی ئاراستەی سەربەخۆخوازی هەرێمەکەی کاتێ کەندا بڕیاری دا لە پرۆتۆکۆلی کیوتۆ ٢٠١٠ بکشیتەوە ، ٤٦ رێککەوتنی نێودەوڵەتی لەگەڵ ولاتان واژۆ کرد بۆ بواری ژینگە "{د، ایمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية وتطبيقية/ السياسة الدولية_ العدد ٢٢٣ يناير٢٠٢١/المجلد ٥٦، ص ٤٨}. کە زۆر جار وەک دوو دەوڵەت جودا لەگەڵ یەک رەفتاریان دەکرد لەو بوارەوە.**

له هەرێمی کوردستان، لەسەر مەسەلەی نەوت و بودجە و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان کێشە کەوتە نێوان حکومەتی کوردستان و ئەوە بوو ریفرانۆمی ٢٠١٧ ی لێ کەوتەوەو پاشان بە پیلانێکی هەرێمی کە زۆر وڵاتی هەرێمی و نێودەوڵەتی تیادا بەشدار بوون ئەو ریفراندۆمە خاوەنداری نەکراو هەڵوەشایەوە.

## _ سەرچاوەکان

١_ د. يوسف نواف التميمي (٢٠١٧) تأثير الدبلوماسية الموازية لدول عربية في الإعلام الغربي/ دراسة اعلامية / مركز الجزيرة للدراسات.

٢ د. ايمن الدسوقي (٢٠٢١) الدبلوماسية التاسيسية للأقاليم الساعية للانفصال ......دراسة نظرية وتطبيقية / السياسة الدولية – العدد ٢٢٣- المجلد ٥٦

٣_ جوزيف ام سيراكوسا (٢٠١٥) / الدبلوماسية مقدمة قصيرة جدا/ ترجمة كوثر محمود محمد / مراجعة علا عبد الفتاح يس / الطبعة الاولى / مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة / مصر - قاهرة

٤_ زناتي مصطفى (٢٠١٨) / محاضرات في العلاقات الدبلوماسية/ جامعة محمد بوضياف_ مسيلة_ كلية الحقوق والعلوم السياسة الدولية.

٥_ د. محمود خلف (٢٠١٢) /أساليب ومناهج البحث العلمي في العلاقات الدولية والدراسات الدبلوماسية / جامعةالبلقاء التطبيقية/ أردن

٦_ مركز الامارات للدراسات والابؤا {الستراتيجية /هل يستخدم الاكراد علاقاتهم الخارجية لانفصال عن العراق؟ /١٩ سبتيمبر ٢٠١٠.
٧_ اندريه لوكور(٢٠٢٠) / المناحي السياسية للدبلوماسية الموازية .../ ترجمة محمد كاظم الصالح و ايناس عبد السادة علي
٨_ د، ايمن الدسوقي (٢٠٢١) / الدبلومسية للاقاليم الساعية للانفصال.... دراسة نظرية و تطبيقية / السياسة الدولية العدد ٢٢٣ يناير ٢٠٢١ / المجلد ٥٦.
٩_ نهيل صادق مصطفى وارجان اسماعيل دادفەر(٢٠٢٢)/الدبلوماسية الموازية لاقليم كردستان العراق أثناء حرب داعش( ٢٠١٤_٢٠١٧).

10 _{Yasin Mahmood Ababakr (2020)/ Iraqi Kurdistan Region: from paradiplomacy to proto-diplomacy

11_ stephane paquin (2020)/ paradiplomacy ….

12_ Para diplomacy: Scope, Opportunities and Challenges/ Stefan Wolff, University of Nottingham ….

**13_** Tomasz Kamiński/ **(2018)/** Paradiplomacy – Discourse Analysis and Research Conceptualization,P.17}

**14_French, D., (2020). Divided We Fall: America's Secession Threat and How to Restore Our Nation. New York: St Martin's .Press**

# Transform

# Proto_diplomacy to para-diplomacy

# To

# Create a Kurdistan state

**Kawa Nader Qader**

**2023**